مۆساد

نووسینی: صلاح الأمام
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: شێرزاد هەیری
ستۆکهۆلم 2009

مۆسادی ناو عەرەب
نووسینی: صلاح الأمام
وەرگێرانی: شێرزاد هەیری
پیتچنین: نووسەر
دیزاینی بەرگ: موعین
دیزاینی ناوەوە: خەلیل هیدایت مام شێخ
لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر لەهەولێر ژمارە 36
نرخ 5000 دینار
شوێنی چاپ: چاپخانەی رۆژهەڵات هەولێر
لەبەرێوەبەرایەتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردن 285 ساڵی 2009 پێدراوە.

ناوەڕۆک

1. جاڵجالۆکە بەغدا گەمارۆ دەدات.
2. لەناو بەندەرەکە ئەسکەندریە.
3. فڕاندنی فڕۆکەیەکی مێک 21 لە موسڵەوە.
4. ژنە جاسووسێکی مۆساد شفرەکانی لە ناو لاپە ڕەکانی قورئانێک دەشاردەوە.
5. ئەو جاسووسە میسرییەی کە لە یەکەمین نامەوە گیرا.
6. بنەماڵەیەکی خۆفرۆش لە میسر.
7. ئیلی کۆهین ترسناکترین جاسووس لە مێژووی ئیسرائیل.
8. رآفت الهجان، ئەوەی ئیسرائیلی هەڵەخەڵەتاند.
9. لیون تۆماس جاسووسێکی ناو کۆشکی کۆماری.
10. عیزراو ژنەکەی بەغدا هەراسان کردبوو.
11. ئەو جاسووسەی ناو کۆشکی کۆماری میسری سەرۆکی دەشێلا.
12. خمیس بیومی، ئەوەی سەفارەتی عێراقی لە بەیروت تەقاندەوە.
13. ئەو جاسووسەی بەرنامە مووشەکانی میسری لەناوبرد.
14. نبیل النحاس، نێچیرە ئاسانەکە.

پێناسە:

ئەو کتێبە کۆششێکە بۆ ناسینی جیهانی جاسووسیەت،
ئەو جیهانە ی لەهەموو کە س دوورو شاراوە و نادیارە و لەهەموو کەسێکیش نزیکە،
سێکس و پارەو دڵسۆزی و لاوازی ئینتیماو
دەسەڵاتدارەکان، فاکتەری دانانە وەو بەرنامەرێژی ئە و تۆڕانەبوون.
بوونی ئەو بابەتەم بەگرینگ و بەپێویست زانی،
تا وڵاتپارێزبین و گومانیشمان هەبێت،
دڵسۆزبین و ترسیشمان گەورەبێت،
تا وڵاتەکەمان گەشەدارو ئارام و خاوێن بێت.

شێرزاد هەینی
ستۆکهۆلم
ینایری 2009

جاڵجاڵۆکە بەغدا گەمارۆ دەدات.

جاڵجاڵۆکە بەغدا گەمارۆ دەدات.

یاقوب نهێنییەکانی کۆگای ژمارە 3ی سەربازی ئاشکرا دەکات!

لەرۆژی کودە تایە سەربازییەکی 14ی گەلاوێژی ساڵی 1958ەوە دەسەڵات و سەرکردایەتی عێراق تا رۆژی روودانی ئەو چالاکییە لەدەست دەستەیەکی ئەفسەری کودەتاچی دابووە، بەردەوام سوپاکە کودەتای کردەوەو سەرکردایەتی گۆڕیوەو ئەفسەری نوێ هاتوونەتە سەرکارو سەرحوکم، ئەوانەش هەرگیز پابەندی بەرنامەو ستراتیژییەکی روون و دیارنەدەبوون، لەبەرئەوەی ئەمریکا لە ساڵی 1949ەوە بەهەبوونی سەربازی خۆی بە رژەوەندییەکانی لە کەنداوی عەرەبی پاراستووە، بۆیەش ئەو گۆڕان و کودەتایە سەربازیانە ئەمریکای نیگەران دەکرد چونکە هێزەکانی بەشێکیش بوون لە بنکەیەکی گەورەی ئەستپلەکانی لەزەریای هیندی، لەودەمانەش بوونی سەربازی بریتانی بەرەو لاوازی دەچوو، ئەمریکا هەستی بەوەدەکرد بوونی سەربازی سۆڤیەتیش لە زەریای ئارام بەرەو زۆربوون و هێزدەچێت، دەبووایە ئەمریکا پارسەنگەکە بەهێز بکاتەوە، چونکە نیوەی ئەو پترۆڵەی لە خۆرئاوای ئەوروپا بەکاردێت سەرچاوەکەی ناوچەی کەنداوی عەرەبییە، هێزەکانی ئەمریکیش لە ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیاو هێزەکانی پەیمانی ئەتلەسییش سوتەمەنیەکانیان لە پترۆڵی کەنداوەوە بۆ دابیندەکرا. هەردوو زلهێزەکە بۆ زۆرترین پێگەو دەسەڵات لەناوچەکە کەوتنە ململانێیەکی دژوار، بەئاراستەی سەربازی و سیاسی کەوتنەکار، سۆڤیەتییەکان وڵاتی عێراقیان تەژی چەکی پێشکەوتووکردبوو، چەندین پسپۆرو شارەزای چەکە سۆڤیەتییەکان لەشێوەی نمایشی دووردرێژ لەوڵاتەکە دەخولانەوە، غواسەکانیان لەناوچەکە بەتایبەتی لەبەنداوەکانی (آم قصر)ی خوارووی عێراقی تەنیشت کوێت بوون و جەولەیان هەبوو، دەریاوانی سۆڤیەتی بووە جێگەی گومان و مەترسی لەناوچەکە، ئیسرائیل لەوناوەدا بەوردی چاودێری رەوشەکەی دەکرد، لەکۆکردنەوەی

زۆری چە کە سۆڤیەتیەکان لە ناوچەکە ترسی لێنیشتبوو . لەودەمانەدا ئێران لە سەردەمی شاهەنشای ئێران دە رگای وڵاتە کەی و سنوورە کانی بۆ بە کرێگیراوانی ئیسرائیلی خستبووە سەرپشت، ئەوانە ئازادانە لەناو عێراق دە سووڕانەوەو چالاکانە بەرنامەکانیان جێبەجێ دە کردو پلانیان دژ بە وڵاتەکە دەچنی.

لەرۆژێکی مانگی ینایری ساڵی 1966 لەیەکێک لە خاڵە سنوورەکانی پە ڕینەوەی سنووری عێراقی ـ ئێر انی ئە فسەرێکی عێراقی وە ک پشکنەرێکی ورد لە ئاکاری مرۆڤانێکی سەرسنوورەکەیان رادە مینێت، هە ستدەکات کابرا شپرزە یە، کە پرسی پسولەی سە فەری لێدەکات دەزانی کابرا ئاسایی نییە، بۆیە زۆرتر لەکابرا بەگومان دەبێت و باشتر دەیپشکنێت، کە زۆر لە جانتاکانی دەکۆڵێتەوە، لەناکاو گیرفانی شاراوەو لاچەپ لەناو جانتاکەی دەدۆزێتەوە، لەناو گیرفانەکانیدا چەند نەخشەی سەربازی و راپۆرتی نهێنی و زانیاری سەربازی گرینگی پەیوەست بەلایەنی سەربازی و ئابووری دە دۆزێتەوە، بەوەیان کەسە بەکرێگیراوەکە یەکسەر دادەوەشێت، زوو بە زمانی فارسی هاواری لێهەڵدەستێت و دەڵێت:

من هیچ نیم، من تە نها پە یامبەرێکم، من تە نها ئەوانەم هە ڵگرتووەو دە یانگەینمە دەستی دووەم، من نەمزانیوە ئەو جانتایە ئەو شتانەی تێدا شاردراوەتەوە، من نەمزانیوە!

لەبارەگای موخابەراتی عێراقی و لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا ئینکاری کردبوو کەوا کەسی دووەم بناسێت، ئەو وتبووی:

(من هەموو جارێ ئە و کە سەم لە گۆشەیەکی شە قامی (الرشید) دیوەو هە ر لە وێ پەیامەکەم پێگەیاندووە، بۆیەش من ئەو ناناسم و زانیاری تەواوی لەسەر ئەو کەسە نییەو شوێن و ناوەکەیان پێنەوتووم.!).

دیارە کەوا موخابە رات بڕوایان بە و قسە یەی ئە و نە کردووە، بۆیە سووربوون لەسەرئەوەی ئە شکەنجەی بدە ن، ئەوان دەتوانن بە شێوەی کاری تایبە تی خۆیان مامەلەی لەگەڵدا بکە ن، تا وایان لە کابرا کردبوو دان بە راستی پلانە کەی دابنێت، کە وا ئە و بۆ بەرژەوەندی موخابەراتی ئیسرائیلی (مۆساد) کاریکردووە، کاری ئەو ئەوەیە لەناو عێراقدا چاوی بە جاسووسە ئیسرائیلیەکان بکە وێت، بە ردەوام بە ناو ئێراندا ئە و کارە ی کردووە، نۆ جار بۆ گەیاندنی بەڵگەنامەو پێویستییەکان بە رێگای ئێرانەوە ئەوانەی گە یاندووتە ناو بە غدا، بەڵام تا ئەو رۆژەی لەناو زیندانە تاکە کەسییەکەدا پێیان راگە یاند کەوا بە یانی ئیعدام دە کرێت، ناوی بەکرێگیراوەکەی نەدابووە بەرپرسانی ئەمنی عێراقی، بەڵام پاش ئە و هە ڕەشەیە، گیراوە کە کە ناوی (فجر عبدالله)ی لەخۆی نابوو وتبووی:

(من تەنها ناوی یەکەمی ئەو کەسە دەزانم کە من پەیوەندییم پێوەی هەیە، دەزانم پیاوەکە ناوی یعقوبە، جارێکیان لە گەڵ ئەو پیاوە لەچایخانەیەک لە شەقامی هارون الرشید دیمانەمان بووە، لەوێ گوێم لێبوو کابرایەک هاتەلامان و بەو ناوە بانگی ئەوی کردو زەرفێکی دایە دەست، بۆیەش دەزانم پیاوەکە ناوی یعقوبە.!).

کە ناوەکەی بە بەرپرسانی زیندانەکە وتبوو، دەرگایان لەسەر کردیتەوەو گواستراوەتەوە ژوورێکی باشترو مامەڵەی باشیان لەگەڵدا کردبوو، خواردنی باشیان لەپێش دانابوو و بە رەوشتی بەرز رفتاریان لەگەڵدا کردبوو، هەمووش بۆ ئەوەبوو تا ئەو یارمەتیان بدات، کە سەکەیان بۆ دەستنیشان بکات، ئەوانیش بەهاوکاری دەزگاکانی تۆماری کەسایەتی هەرچی ناو یعقوب لە و شارە هەبوو وێنەیان پەیداکردبوو، هەزارەها وێنەی ناو یعقوبیان بۆی بردوو لە ناو ژوورەکەو داوایان لێکردبوو یعقوبەکەی خۆی بناسێتەوە، پاش چەند رۆژێک لە سەیرکردنی وێنەکان لە رۆژی حەوتەمدا توانی (یعقوب یوسف جاسم)ی تەمەن 34 ساڵیان بۆ دەستنیشان بکات.

****

یعقوبی جاسووسی مۆساد فەرمانبەربوو لە یەکێک لە ویستگەکانی کارەبای بەغدا، پاش ئەوەی وێنەی تری کابرایان بەشێوەی تر نیشاندابوو، ئەو دڵنیابوو کەوا ئەو کەسە خۆیەتی کە ئەو ناسیوویەتی، بۆیە کارمەندانی موخابەرات لە هێرشێکی کتوپڕدا لە ماڵەکەی خۆی دەریانهێنابوو، لەناو پسولەکانی ماڵەوە، بۆیان دەرکەوت کە ئەو پیاوە دەیان جار سەفەری ئێرانی کردووە، ئەوانیش لەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا پرسی سەفەرەکانیان لێکردبوو، ئەویش وتبووی:

(من ژنم ئێرانییەو بۆیە سەردانی زۆری ناو ئێرانم کردووە).

بەڵام کە پۆلیس و موخابەرات زۆرتر لەماڵەکەی و لە ناو کەلوپەلەکانی پشکنینی وردیان کردبوو چەند بەڵگەنامەیەکی سەربازییان لە ناو یەکێک لە لوولەپێیە مسەکانی چوارپایەکەی نووستنی دەدۆزنەوە، ئەو بەڵگەنامەکانی بە داوێک بۆ بنەوەی لوولەی پێی چوارپایەکەی شۆڕکردبۆوە، لوولەکە سەرێکی هەبووە، بەڵام ئەو لە بیری کردبوو سەرەکەی لەسەر دابنێتەوە، بۆیە گومانیان لەو لوولەپێیە کردبوو، کە سەرە داوەکەیان راکێشابووە دەرەوە، چەند بەڵگەنامەی شاراوەیان دەرهێنابوو، کە ئەوەیان دۆزیوەتەوە، دەستەیەکی پسپۆر لەدۆزینەوەو ئاشکراکردنی شتی نهێنی لە ماڵەکەی گەڕابوون، لەناو بەرگی دووەمی دیوانێکی شیعری (معروف الرصافي)دا نامەیان بە زمانی فارسی دۆزیوەتەوە، نامەکان کە لەئەفسەرێکی ئیسرائیلی لە بەندەری (عبادان)ەوە بۆی هاتبوو، تێدا داواکاربووە نەخشەو راپۆرتی لەسەر چەکە سۆڤیەتییە نوێیەکانی ناو سوپای عێراقی بۆ سازبکات، هەروەها زانیاریان لە سەر ئەو

غواسانەی کە لەبن ئاوی کەنارەکانی بەندەری آم قصری عێراقی سەرسنووری کوێت مۆڵدراون بۆ پەیدابکات، کار بۆ ئەوە بکات مولگەکانی فرۆکەی (توبولوف 22)یان بۆ دەسنیشان بکات، ژمارەیان بزاندرێت تا لەکاتی گونجاودا هێرشیان بکرێتە سەر، پێویستیان بە زانیاری زۆر لەسەر فرۆکەکانی مێک 21 و ژمارەی فرۆکەوانەکان و شوێنی فرۆکە خانەکانیان هەیە، داوایان لێکردبوو راپۆرتیان لەسەر پسپۆرە سۆڤیەتیەکانی ناو سوپای عێراقی و ناو فرۆکە خانەکان بۆ بنوسێت.

****

یعقوب جاسم وەک هەر گەنجێکی تری ناوچەکە خەونی بەگوزەرانی خۆش و شکۆیی دەبینی، ئەو لە خوێندن نەیتوانیبوو بڕوانامەیەکی باش بەدەست بخات، بۆیە بەهەزار کۆشش و ئەوملاوئەولا توانیبووی لە وێستگەیەکی کارەبای ناوشاری بەغدا کارێکی مامناوەندی بدۆزێتەوە، لەگەڵ ژانی رۆژانەی کارو ژیان هەستی بەشکان و رووخان دەکرد، چاوی هەر لەوەبوو دەستێک بەرەو زۆرترین رابواردن و خۆشگوزەرانی ببات. ئەو لەرۆژێکی مانگی سپتەمبەری ساڵی 1963 جانتاکەی دەپێچێتەوەو بە رەو ئێران سنوور دە بڕێت، دوو هەفتە لەسەر کەنارە جوانەکانی دەریای قەزوین بە سەردەبات. ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان چیاکانی بورزو دەریا، کە هاوینەکەی زۆر خۆشە و بارانی جوانی تێدا دەبارێت، سەفەری کردبوو تا لەسەر کەنارەکانی ئەستاراو رامرو بەندەر پەهلەوی و بابلرو نوشهر ماوەیەک هەناسەی خۆشی هەڵمژێت، لەوێ لەسەر کەناری رامر زۆر کیژی ناسکی بینیبوو، لە دیار ئەو دیمەنە نازدارانە گریانی هاتبوو، جوانی دیمەنەکان سەرسامیانکردبوو، هەستی بەوە کردبوو ئەو وەک گەنجێک چەند لەخۆشییەکانی جوانی ژیان بێبەشە، چەند لەخۆشی دوورە.

لەودەمانەداو لەو هەوارە خۆشەدا، پیاوێک بەزمانی فارسی سڵاوی لێکردبوو، بەڵام ئەو وتبووی:

(من کەسێکی عێراقیم و زمانی فارسی بەڵەد نیم).

بەڵام ئەو بەزمانی عەرەبی پێیوتبوو:

(منیش لوبنانیم و ناوم (مازن)ەو لەتاران دەژیم و کاری بازرگانی دەکەم).

کە مازن ناوەکە لەو دوور دەکەوێتەوە، (ژالە)ی سکرتێرە شۆخەکەی خۆی پێدەناسێنێت، کە نازداری ئەو دەبینێت زۆر سەرسام دەبێت، لەسەر خوانەکەی ئێوارەیان ژالەو کوکوشی دەستە خوشکەکەی دانیشتنەکە زۆر ئەفسوناوی دەکەن، جوانی کوکوش زۆر مەستی دەکات، بۆیە یعقوب بەرگەی نازەکەی ناگرێت، دەیەوێ هەڵسێت و بچێتەوە هوتێلەکەی، بەڵام

مازن تە کلیفی مانە وەی لێدە کات، لە ژوورێکی سە رەوەیان لە گەڵ کوکوش دە مینێتەوە، لەخوارەوەش لەژوورەکەی مازنەوەو بەکامیرای تایبەتیەوە، مازن لەگەڵ دوو ئەفسەری مۆساد ژووانەکەی کابرا دەبینن. بەو جۆرە دانیشتنەکان دووبارە دەبێتەوەو درێژە دەکێشێت، تا مۆساد داوای لێدە کات لە کۆمپانیاکەی مازن کا ربکات، بە وەش عێراقییە گەشتیارەکەی سە ردەریای قەزوین سەرسام دەبێت، دەپرسی کارم لەو کۆمپانیایە چی دەبێت، ئەوانیش پێیدەڵێن:

ئێمە بڕیارمانداوە لقێکمان لە شاری بەغدا بکەینەوە، لقە کەمان کار بۆ ئە وە بکات زانیاری لەسەر رەوشی ئابووری عێراقمان بۆ کۆبکاتە وە، دەستنووسی نادروستی چەند لایەنێکی ئابووریشی پێ نیشاندە دەن، گە شتیارەکەش بڕوایان پێدە کات و زوو و بە دڵشادییەوە وەک بەڕێوەبەری لقی بەغدا رازی دەبێت.

****

کوکوش بەرنامەکەی تەواوبوو، ئەو گەڕاوەتەوە تاران، کوڕەکەش ماوەی گەشتەکەی تەواوبوو و گەڕاوەتەوە بەغدا، بەڵام لەبەرگی کەسێکی خاوەنکارو پیاوی بازار، لەناو جانتاکەشی 1200 دیناری عێراقی تێدایە، ئەوەش پێشینەی سێ مانگی مووچەکەی بوو، رۆژانە دەرکەوت ئەو پیاوە بۆ مازنی مامۆستاو خاوەن کارەکەی بەوەفابوو، لەلای کەسیش باسی کارەکەی خۆی نەکردبوو، سە ربردەی سە ردەریای قە زوینی بۆ کە س نە گێراوەتەوە، بە پەرۆشی کە وتبووە ناو باس و سۆراخی بازارو کڕین و فرۆشتنی بازار.

پاش 5 مانگ دووبارە یعقوب سەفەری تارانی کرد یەوە، بەڵام ئەمجارە راپۆرتی ئابووری و زانیاری لە سەر بازارەکانی بەغدای کردبووە راپۆرتێک و هیوای زۆربوو، ئە و ببێتە کەسێکی سەرمایەدارو خاوەنکاری ناودار لە بەغدا. لەو سەفەریدا مازن ئەوی بەکەسێکی ئێرانی بەناوی (عبد نابلون)ی ناساندبوو، بە یەکەوە چوونەتە هوتێلێکی گە ورە لەشەقامی ورزش لەباکووری پارکشهر لە تاران. لەوێ یعقوب باسی بە رنامەکەو رەوشی ئابووری بە غداو پلان و پێشنیارەکانی بۆ بازار ەکە بۆ کردبوو، بە ڵام کابرای ئێرانی بابە تەکەی بە رەو سیاسە ت و چەکداریی و کاروباری سە ربازی بردبوو، بەڵام ئە و بابە تەکانی ئە وی بە بێبایە خ وە رگرتبوو، خۆی لە باسەکانی نابلور دوورخستبووەوە، کابراش زانی بابە تەکە زۆر دەخاتێت و پێویست بەکات بەفیڕۆدان ناکات، بۆیە یەکسەر کاکلی مەبەست و داواکەی خۆیانیان تێگەیاندبوو، کەوا ئەوان مەبەستیان ئابووری و بازارنییە، ئەویان بۆ نووسینگەی ئابووری و نوێنەری بازار گەرەک نییە، ئە وان ئە ویان وە ک کە سێکی بە کرێگیراو بۆ مۆساد مە بەستە، دە یانەوێت کاریان بە و ئاراستەیە لەگەڵدا بکات، هە موو کارێکیش هە رچەندە کەم و سادە ش بێت ئەوان دەیکرن، بەروونی پێیدەڵێن، ئێمە کەپارەشی پێدەدەین دەمانەوێت.

بەبیستنی ئەو داوایە کابرا دەمی کلیلدرابوو، هەموو جەستەی هەژابوو، تێگەیشتبوو تازە ئەو کەوتووەتە ناو تۆڕی مۆسادەوە، لە ناو تەونی جاڵجاڵۆکە کە دەربازبوونی زەحمەتە، لەولاشەوە نابلۆن دەیزانی کابرا تا رادەی تاعەت و تەسلیمبوون رۆیشتووە، باش تێگەیشتبوو، وێنە رووتەکانی کە بۆیان گرتبوو، راپۆرتەکان بە دەستخەتی خۆی، لەوانە چۆن دەربازی دەبێت، ئەوانە دەمی دادەخەن، ئەگەر گوێڕایەڵ نەبێت، ئەگەر ئەوانە لە بەغدا ئاشکرابکرێت، لەوێش ئیعدامکردنەکەی مسۆگەرە، لەو رەوشەدا کیژێک بە ناوی (فروزندە وثوقی) گەیشتبووە سەر سەری، ئەو رەنگە بتوانێ ترس و رووخانەکانی ئاسایی بکاتەوە، تارماییەکە لەسەرسینگی سووک بکات، زۆر بەیەکەوە قسەیانکردبوو، کیژەکە پێیووتبوو:

(من رازییم شووت پێبکەم).

ئەو کیژەش بە یارمەتی مۆساد هاتووەتە تەنیشتی و خەونێکی جوانی بۆ سازاندبوو، کیژەکە وتبووی:

(من ئامادەم لەگەڵتا بگەڕێمەوە ناو عێراق).

****

لەو رۆژەوە کابرا ئازادانە و زۆریش سەردانی وڵاتی ئێرانی کردووە، بەو پرۆسەیە مۆساد توانی زۆرترین زانیاری لە و پیاوە دەستەبەر بکات، فرزوندە ژنیەتی و مامۆستایەتی و مەشقی پێدەکات، ئەو باشی دەزانی چۆن بۆ بە رژەوەندی مۆساد راپیە ڕێبکات. کە گەڕاوەتەوە بەغدا جاسووسی ناو تەونەکە کەوتووەتە کارکردن، کاری بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی چەکەکانی سوپای عێراقی دەکرد، لەجۆرو شێوەو ژمارەی چەکەکانی دەکۆڵیەوە، ئەو چەکانە چۆن دەگەنە ناو عەمانی ئوردن، سەرەتا کارەکانی باش و سەرکەوتوو نەبوو، بەئاسانی زانیاری بە سوودی دەست نەدەکەوت، تا پیاوێکی عەریفی بەناوی (نوری سوار) ناسی، بەپارە هەڵڕشتن و دیارییە زۆرەکانی، توانی عەریفەکە قایل بکات، زانیاری سەبارەت بە ژمارەی ئەو چەکانەی رەوانەی ئوردن کراوە، بۆیان پەیدا بکات.

یعقوب و ژنەکەی لەدۆزینەوەی عەمباری چەکی کۆگای ژمارە 3ی سەربازی کاریان دەکرد، دەیانویست نهێنییەکانی ئەو کۆگایە لەبەغدا باش تێبگەن. مۆساد زۆر جاریتر کاری بۆ نهێنیەکانی ئەو کۆگایە کردبوو، بەڵام هیچی دەسنەکەوتبوو، تا رۆژێکیان ژنەکە بەرێکەوت لەناو شەقامەکانی بە غدا رووبە رووی ئە فسەرێک دە بێتەوە، لە ئەفسەرەکە دەچێتە پێشەوە، بەعەرەبیەکی شڕ، پرسیاری شوێنێکی لێدە کات، بۆیە ش ئە فسەرەکە ناچار دەبێت وەڵامی بداتەوەو رێگای نیشانبدات، لەوماوەیەدا قسەی لەگەڵ دەکات، هەربەڕێوە ئەفسەرەکە کە پلەی

نەقیبی هەبوو، دەکەونە دەمەتەقێ، زۆریش بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەرنامەکەیان وادەبێت هەتا پێش دەرگاکەیان لەگەڵیدا دەڕوات، لەپێش دەرگا مێردەکە ژنەکەی خۆی لەگەڵ ئەودا دەبینێت، پیاوەکەش بەرێزەوە سوپاسی نەقیبەکە دەکات، کەوا ئەرکی کێشاوەو ماندووبووە، بۆیە ژن و مێردەکە داوای لێدەکەن، لە ماڵەکەیان لابدات و ئیسراحەتێ بکات، ئەویش بەڵێندەدات ئەگەر مەجالی هەبوو سەردانیان دەکات، پاش چەند رۆژێک کابرای ئەفسەر لەدەرگایان دەداتەوە، ژنەکەش بە تەنها لە ماڵەوە دەبێت، دەڵێ مێردەکەم سەفەری موسڵی کردووەو چەند رۆژێک دەمینێتەوە، بۆیە ئەفسەرەکە کە دەزانی پیاوەکەی لەماڵ نییە دەیەوێت بڕوات، بەڵام ژنەکە میوانەکە ئیزن نادات، هەر لەو سەردانەدا بۆی رووتدەبێتەوە، کە تامی خۆشی جەستەی ژنەکە دەکات، دوو سەردانی تریشی بۆ دەکات، بەو شێوەیە ئەفسەرەکە دەکەوێتە داوی تۆڕەکە، بەو جۆرە تەواوی نهێنییەکانی کۆگای 3ی سەربازی تەسلیم بە ژنەکە دەکات، لەبەرامبەر ئەو کارەش یعقوب 2500 دینارو ژنەکەی خەڵاتی ئەفسەرەکە دەکات.

لەو رۆژەوە (آحمد رافع) دووچاری خەمۆکی و پەشیمانی دەبێتەوە، هەستدەکات خیانەت و ناپاکییەکی گەورەی دەرحەق بە وڵاتەکەی کردووە، سەردانی فرزندە ناکاتەوەو لەو دووردەکەوێتەوە، بۆیەش مۆساد هەست بەگومان و ترس دەکات. کەدەزانن کابرای ئەفسەر رەوشی دەروونی بەرەو خراپی و لاوازی دەڕوات ژن و مێردەکە لەترسی پەتی سێدارەو ئاشکرابوونیان بیر لە لەناوبردنی ئەو دەکەنەوە، یعقوب بۆ جێبەجێکردنی پلانێک سەردانی دەکات، رافعی ئەفسەر بە لالووتەوە پێشوازی دەکات، پاش مانەوەی و خەریککردنی نێچیرەکەی ژەهری سیانیدی بۆ لە گلاسێکی شەربەت دەکات، کە هەستیکردووە، ژەهرەکە کاریکردووە، کابرای ژەهرکراو لەگەڵ ژانی مردنەکەی جێدەهێڵێت و دەڕوات بۆ بەیانی بۆ ناشتنی تەرمەکەی لە گۆڕستان بەشداردەبێت. لەدەستچوونی ئەو ئەفسەرە بۆ ئەوان زیانێکی گەورەبوو، بۆیە ناچارن لەدوای یەکێکیتر بگەڕێن، بەڵام ئەمجارە لەئەفسەرێکی پلەدار دەگەڕێن تا زۆرترین نهێنییان بۆ ئاشکرا بکات.

****

رۆژێکیان عەقیدێک بەناوی (جاسر عبدالراضی) لەناو ئوتومبێلە پەککەوتووەکەی دانیشتبوو، چاوەڕوانی شوفێرەکەی دەکرد، ئوتومبێلێکی بۆ بدۆزێتەوە تا رایانکێشێت، لەودەمانەدا ژنێکی شۆخی نازدار بەرەو رووی دەچێت، بەڵام ژنەکە چاو بەگریان و خەمگین دیاربوو، بە عەرەبیەکی شڕ لەئەفسەرە عەقیدەکە دەپاڕێتەوە، بەدڵسوتاوییەوە بەئەفسەرەکە دەڵێت:

(مێردە عێراقییەکەم دەمکوژێت، من ژنێکی ئێرانی بێکەسم لێرە!).

ژنەکە لەکابرا دەپاڕێتەوە یارمەتی بدات تا بگەڕێتەوە ماڵی باوکی لە ئێران و لە دەست مێردەکەی رزگاری بێت، ئەفسەرەکە دڵی دەداتەوەو پێیدەڵێت:

(من لەگەڵتا دێمەوە ماڵەوەو مێردەکەت رازی دەکەم، مامەلەی باشت لەگەڵدا بکات و رفتارە چەوتەکانی راست بکاتەوە).

ژنەکە بەسۆزەوە بە ئەفسەرەکە وەدەنووسێت، لەوەدەمانەشدا هەمووی گیانی دەلەرزێت، بەو شێوەیە ژنەکە ئەفسەرەکە دەهێنێتەوە ماڵەکەی خۆیان ، لەوێش یعقوبی مێردی زۆر رێز لە میوانەکە دەگرێت و بە گەرمی بەخێرهاتنی دەکات، بەسەرهاتی خۆی و ژنە کەی بەشێوەیەکیتر بۆ دە گێڕێتەوە، بۆ ئە و مە سەلەیە چاک خۆی سازکردبوو، بە ڵام ئە فسەرەکە دەڵێت:

(ئەگەر تۆ بەردەوام بیت لەسەر ئەو رفتارە نامرۆیانە، من یارمەتی ئەو ژنە بێگانەیە دەدەم بگەڕێتەوە ماڵەوەیان لە ئێران، ئەوانە میوانی ئێمەن، بێگانەن، دەبێ رێزیان بگرین).

پاش چەند رۆژێک ئە فسەرەکە بۆ سە ردانیان و بۆ تێگە یشتن لە وەزعی ژن و مێردەکە لەدەرگایان دەداتەوە، لێرەو لەوەدەمانە ژنە بەرنامەی خۆی جێبەجێ دەکات، مێردەکەی ناردووتە دەرەوە، خۆی تە نهایەو ئامادەیە هەنگاوێکیتر لە بەرنامەکەی بەرجەستەبکات، لەوێ زۆر سوپاسی کابرا دە کات کە لەدەست جە وری مێردە عێراقییەکەی رزگاریکردووە، باسی جوامێری و پیاوە تی ئەویش دەکات، بەو قسانە ژنە زۆرزانەکە تێدەگات ئەو باش رۆیشتووە، پاش چەند سە ردانێک دڵی سوتاوو عە شقی بێسنووری خۆی بۆ پیاوە کە دەکاتەوە، بەئاشکرا پێیدەڵێت:

(من ئەڤینت بووم، من بۆت سوتاوم، دەبێ بەیەک بگەین).

ئەفسەرەکە بەراستی عاشقی ژنە کە ببوو، وای بۆ سووتا هە موو نهێنییە کان بە و دەفرۆشت، کە رامەتی پیشە کەی، پیرۆزی وڵاتە کەی بە و بە خشی، ئە و نهێنییە کانی فڕۆکە ی سۆڤیەتی توبولیف 22 دابوو بە ئیسرائیلییەکان، ئەو فڕۆکەیەی لە فڕۆکە ب ـ 52 ی ئەمریکی نوێتربوو، چە ند بە ڵگەنامەی بە بایەخی لە سەر ئە و فڕۆکە یە رادەستی دوژمنە کانی کرد بوو، زانیاری زۆری لە سەر گە نجینەکانی لەدەست مۆساد دەکرد، زانیاری لە سەر دەبابەکانی ت ـ 62 ی بۆ کۆکردنەوەو هەموویان لەدەستی دانان، سە رژمێری تفەنگە برنۆیە شیکییەکان دانێ، بوونی رەشاشە دۆشکەکانی بۆ ئاشکراکردن، بە نەیارەکانی سوپای عێراقی راگە یاند کەوا چەند تفەنگی کلاشینکۆفیان هەیە، چەند رەشاشی (سینا)ی چینییان هەیە.

عقید (جاسر عبدالراضی) لەبنەماڵەیەکی دێرینی سە ربازی بوو، زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان پلە و پۆستی دیاری سە ربازییان هە بووە، شانازی زۆری بە وە دەکرد کە وا ئە و زانیاری زۆری لە سەر سوپاکەیان هە یە، نهێنی زۆری ئە و سوپایە دەزانێت، خزمە کانی، برادەرەکانی ئەفسەرەکانی کە هاتوچۆیان دە کرد، زۆریان بۆ هە ڵدەڕشت، بە ڵگەنامەی باشیان لەبەردەستی دادەنا، زۆری لەبەر خاتری چاوی ئەو ژنە دانا، پێکهاتەکانی سوپاکەیان، یەکەکانی چەندن، سستەمی کاریان چۆنە، بنکە ئاسمانییە ستراتیژییەکانی هەموو بۆی سازدە کرد، ژنەکە دەیزانی ئەو پیاوە زۆر شانازی بە روتبەکەی دەکات، شۆخی بە پلە سەربازییەکەی لە یەکەی ئاسمانی دەکات، چاکیشی دەزانی ئەو زۆر شەیدا مێبازییە، هەموو مووچەو دەستکەوتەکانی لەو کارانە سەرفدەکات، بە ردەوام پارە ێێن بۆ قە رزدەکات، لە دەست قە رزارەکانی رادە کات، خۆی لەوان دەشارێتەوە، باشی دە زانی ئەو ئەفسەرە زۆر لە ژیانی خۆی بێزاربوو، زۆریش لە عێراق بێزاربوو، هیچ ئینتیمای بۆ وڵاتە کەی نە بوو، بە ردەوام رە خنەی هە بوو، زۆریش سە رکۆنەی سەرکردەکان و بەرپرسەکانی دەکرد.

****

یعقوب بۆ سەردان و سەفەرەکانی ناو ئێرانی ترسی نەبوو، چونکە ژنەکەی ئێرانی بوو، لەو سە فەرەنەدا چەند بە ڵگەنامەو سە رچاوەی سە ربازی گرینگی دە گەیاندە ناو ئێران، بەڵگەنامەکانی تریشی کابرایەکی بەکرێگیراوی تر بەناوی (عزاوی الجبوری) بۆی پەیدا دەکرد. بەو شێوە یەو بە هاوکاری ژنە کەی کاری دە کرد، سوودی زۆری بە مۆساد دەگەیاندو ترسی نەبوو، بیری لە دوارۆژە رەشەکان نە دەکردەوە، تا لە ینایری ساڵی 1966 لەگەڵ ئە ندامانی تۆڕێکی نۆ کەسی گیرا، تا لە بەیانی رۆژی 2ی فبرایری ساڵی 1966 بەناکامی لەگەڵ ژنەکەی چاوەروانی چارەنووسە نادیارەکەی دەکرد، لەژووری نووستنەکەی خۆیان بوون، فروزندەو یعقوب لەناو باوە شی یە کدابوون، گوێیان لە ترپەی پێی دە یان کە س بوو، هە ستیانکرد ماڵە کەیان گەمارۆدراوە، ژنە کە ویستی بەرەو قاندرمە یەک رابکات، دە یان چەکدار پیاوی لێیان بە ژووریێ کەوتن، لەودەمانەدا ژنە کە زوو دەمی پڕکرد لە و ژەهرەی لە ناو لوولە یە ک کە لێ نزیک بوو، بەڵام یعقوب دەستەکانی لەناو زەنجیری ئاسنی گران دۆزیەوە، دەست بەزنجیرەوە پەلاواژبوونی ژنە کەی بینی، چۆن چاوە کان کزبوون، جە ستەی بەرەو زەوی لاردەبێتەوە، ئە و خۆی بە دەستی خۆی لەسێدارەدا، بەڵام یعقوب لە دیسەمبەری ساڵی 1966 پاش دادگاکردنێک کە ماوەی دە مانگی خایاند لە بەندیخانەی مەرکزی بەغدا لەسێدارەدرا، عزاوی الجبوریش لەئوردن گیرا، ئەو لەسێدارەدانی مامۆستاکەی بەچاوانی خۆی بینی، بە ڵام مە رگی فروزندەی نە بینی، عەقیدەکەش بە دەمانچەیەکی میری لە ماڵەکەی خۆی خۆی دەکوژێت، بە ڵام فجر عبدالله بەزیندانی هەتامردن و کاری قورسەوە دادگاییکرابوو.

لەرۆژنامەی (الجریدة)ی کوێتی لە12 09 2008 وەرگیراوە.

لەناو بەندەرەکەدا.

لەناو بەندەرەکەدا.

هەموومان رووداوو ناوه ڕۆکی فیلمی (بئر الخيانة)ی هونەرمەند (نور الشريف)یمان لەبیره کەباسی کوڕێکی میسری ده کرد، کە چۆن خۆی دابووه دەست موخابەراتی ئیسرائیلی، چۆن نووسینگەیەکی دەریاوانی لەبەنداوی ئەسکەندریه دانابوو، بەئارەزووی خۆی له شۆستەکان و کۆگاکان ئازادانه دەسووڕایەوە، ده یتوانی بچێته ناو شۆسته سەربازییەکانیش، به لام پاشان موخابەراتی میسری هه ستی پێکردو گیرا، له و فیلمه دا هونه رمەند (عزت العلايلي) رۆلەکەی بینیبوو، کە تێدا ئەو لەوێ بەخائینی ژیاو بەکافریش مرد.

رووداوی فیلمەکە لەچیرۆکێکی راستەقینەی دۆسیەکانی موخابەراتی گشتی میسرییەوە وەرگیرابوو، پاڵە وانه راستیەکەش کوڕێکی ئه سکەندەرانی بوو، ناوی راستی خۆی (رجب عبدالمعطي)بوو، ئه و له 1ی ئوکتۆبه ری ساڵی 1937 لەگەڕەکی (القباري) لەئەسکەندریه لەدایکبووە، رووداوه کە لەگەڵ پاراستنی لایه نی ئاسایشی نەتەوەییەوە وەک خۆی نمایشکراوه . لەبەر خۆشی ژیان و بەردەوام خەریکبوونی ئەو بەرابواردن، ئەو نەیتوانیبوو خوێندنی دواناوەندی تەواوبکات، بۆیه لەنووسینگەکەی باوکی له دەریاوانی وه ک فه رمانبەرێکی ژمێریاری له ئەسکەندریه کاریکردووە، پا ش سێ ساڵ کارکردن ئاره زووی یاخیبوون و دوورکه وتنەوەی کەوتووتە خەیاڵ، ئارەزووی سەفەری کەنارەکانی یونانی لەکەللەی داوه، ئەو زۆری لەلا ئاسایی

بوو بەمەلەوانیش بێت بپەڕێتەوەو بچێتە یونان، بەڵام باوکی هانی نەداوە ئەو سەفەرەبکات، بەڵام کوڕەکەی لەدژی بۆچوونەکانی باوکی سووربوو لەسەر سەفەرکردن و یاخیبوونەکانی.

رجب لە هوتێلێکی سادەو هەرزان لە شاری (بیریە)ی یۆنانی دادەبەزێت، پێش ئەوەی پارەکەی تەواوبێت، لەگەڵ کۆنە ناسیاوێکیان یەکتریان ناسیوەتەوە، بۆیە بەدزی و بەفێڵ بڕێک پارەی لێ وەردەگرێت و رادەکات و دەچێتە ئەسینا، یەک مانگ لەو شارە بێ کاروکاسبی وەک سەدان گەنجی بێکارو بێ بەرنامەی میسری وەک خۆی نائومێد دەسووڕایەوە، زۆر بیری لەوە کردیتەوە کارێک بدۆزێتەوە لەکەسایەتی و زانینی ئەو بەوەشێتەوە، چاوەروان بوو ئەو فرسەتەی بۆ هەڵکەوێت. تارۆژێکیان لەشەقامەکانی ئەسینا دەسووڕایەوە رووبەرووی گەنجێکی (صعیدی) میسری دەبێتەوە، داوای لێدەکات لەگەڵ ئەو لەکارگەیەکی شەربەت کاربکات، بەڵام ئەو دەڵێ من ئەو کارانانە ناکەم، ئەوەیان لە من ناوەشێتەوە، بۆیە گەنجە صعیدیەکە ئامۆژگاری دەکات بگەڕێتەوە میسر، ئەگەر بەو شێوەیە بێ بەرنامەو بێکار بسووڕێتەوە رۆژێ دادێ دەکەوێتە داوی تۆڕێکی جاسووسی مۆسادی ئیسرائیلی، ئەوانە لە راوکردنی گەنجانی میسری زیرەکن و بەپارەو سێکس و مێبازی هەڵیاندەخەڵەتێنن، دژ بەوڵات و بەنەتەوەکەیان بەکاریاندەهێنن، بۆیە واباشە هەرچەندی زووە بگەڕێوە وڵات!.

ئەو رۆژە رجب بەنائومیدی گەڕاوەتەوە هوتێلە هەرزانەکەی و بەبیری هاتووەتەوە کەوا جۆن باوکی و ماڵەوەیان گاڵتەیان بەو هاتووەو پێیانووتوە تۆ خۆت پێناژیت و دەبی بەنائومێدی و شەرمەزاری بگەڕێیتەوە، لەودەمانە خاوەن هوتێلەکە لەدەرگای دابوو، داوای پارە ی نووستن و مەسرەفەکانی لێکردبوو. لەبەرئەوەی گیرفانی بەتاڵ بوو، بڕیاریشیدابوو نەگەڕێتەوە ماڵەوەو بۆیە لەودەمانەدا قسەی کابرا صعیدییەکەی بەبیردێتەوە کە پێیوتبوو، زۆرن ئەو گەنجانە لەئەنجامی نەژیان و بیکاری خۆیان دە فرۆشنە مۆساد، لەودەمانەدا قوورگی دەگیرایێت، چونکە خاوەن هوتێلەکەش تەنگی پێهەڵچنیبوو، بەکابرا دەڵێ تا بەیانی لەسەرم راوەستا، بۆیە ئەویش یەکسەر بڕیارێکی شێتانە دەدات و نامەیەک بۆ سەفارەتی ئیسرائیلی لە ئەسینا دەنووسێت، کە ئەوەش دەقەکەیەتی:

بەرێز گەورەم سەفیری دەوڵەتی ئیسرائیل لە ئەسینا..

من فەرمانبەرێکی میسرییم و لە هوتێلی (زفیروس)دا دابەزیوم، دونیام لێرە و لە شارەکەی خۆم ئەسکەندریە لێ گیراوەو هیوام بەهیچ شتێک نەماوە، من زانیوومە ئێوە یارمەتی هەر کەسێک دەدەن ئەگەر هانای بۆتان هێنابێت، ئێوەش دوا نوای منن، تکایە دەکەم دڵتان بە من بسوێت و چاوەروانی سۆزو دلۆڤانیتان دەبم).

رجب عبدالمعطي
ئەسینا 27 / 12 / 1967.

****

هەر ئەو رۆژە رجب دەچێتە سەفارەتەکەو نامەکەی دەداتە فەرمانبەرە ئەمنەکەی پێشوازی و پاش سێ رۆژ نوێنەری سەفارەتی ئیسرائیلی لە ئەسینا دەگاتە هوتێلەکە، کابرای داماو دەباتە سەفارەت، لەوێ پاسپۆرتەکەی لێوەردەگرن و بلانکێتێکی دەدەنێ و داوای لێدەکەن بۆیان پڕبکاتەوە، ناوی تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی‌و هاوڕێیەکانی و کارو پیشەکانیان تێدا بنووسێت، داوادەکەن ژیاننامەی خۆی بەوردی بۆیان بنووسێتەوە، زانیاری زۆر لەسەر بەنداوی ئەسکەندەرییەی میسریان بۆ بنووسێت، باسی لێهاتوویی خۆی لە و کارەیان بۆ بکات، چە جۆرە پیشەو کارێک دە زانێت. ئەویش هەموولایەنێکی ژیانی خۆی بە وردی و بە جوانی بۆیان تۆماردەکات، پیاوانی سەفارەت بەدیتنی ئەو زانیاریانە خەنی دەبن، وادەزانن گەنجینەیەکیان دەستکەوتووە، بۆیە قەرزەکانی ناو هوتێلەکەی بۆ دەدەن، لەوێ دەریدەهێنن، ئەو دەچێتە هوتێلێکی پلەداری بەرزو پارەی زۆری بۆ ژیان و رابواردنەکانی دەدەنێ، پیاوانی مۆساد بەردەوام دۆلاری لەپێش رووەکەن، بەبێ ئەوەی باسی کارو بەرنامەی پێشینەی لێبکەن، ئەو ماوەیەش لەژێر چاودێری تاقیکردنەوە دەبێت. پاش چەند رۆژێک پیاوێک بەناوی (آبو آبراهیم) لەهوتێل دەچێتە سەردانی، ئەو ئەفسەرێکی مۆسادبوو، ناوەکەشی ناوی کارکردنی بووە لەو دەزگایەدا، ئەو پیاوە دەبێتە بەرپرسی ئەوو پێیدەڵێت:

(تۆ لەو رۆژانەدا سەفەری تەلئەبیب دەکەیت. بۆیەش داوات لێدەکەم، لەسەفارەت بەیانی زوو سەردانمان بکە، وا باشە خۆشت باش سازبکە).

پێش ئەوەی کابرا بڕوات و ئەو جێبهێڵێت 400 دۆلاریشی لە گیرفانی بۆ دادەنێت.!

****

رائید لە سوپای ئیسرائیل

هەر کە رجب لەفڕۆکە ئیسرائیلییەکە دادەبەزێت، سێ پیاو بە ئوتومبێلێکی رەش چاوەروانیان دەکردو م ێانەکەیان وەردەگرن و بە دەرگایەکی تایبەتی دەکەینە دەرەوە، رجب دەبەنە یەکێک لەو شوقانەی کە مۆساد جاسووسە نوێیەکانی تێدا مەشق دەکات، لەوێ کیژێکی عەرەبی زمان چاوەروانی دەکات، کیژەکەی پێدەناسێنن و پێیدەڵێن:

(ئەوە کیژە ناوی (زهرة)یە تا تۆ لە تەلئەبیب دەمینییتەوە، ئەو لە خزمتت دەبێت).

پاش ئەو پێشوازی و بەڕێکردن و ناسینە، بۆ پشوودان تەنها جێیدەهێلن، پاش چەند سەعاتێک دێنەوە شوێنی و دەیبەنە دەزگای مۆسادو لەوێ بەرەو مەشقی دۆزینەوەی درۆی دەکەنەوە، دووبارە هەموو زانیارەکانی کە لەسەر ئەسکەندریە تۆماری کردبوو، لێیدە پرسنەوە، ئەو زیرەکانە لەو ئەزموونە دەردەچێت، بەو بۆنەیەوە لە هۆلێکی دەزگاکە ئاهەنگی دەرچوونی بۆ سازدەکەن، لەوێ پلەی رائیدی لە سوپای بەرگری ئیسرائیلی پێدە بەخشن، بۆیەش مەشقی زۆرو بەرنامەی هەمەجۆری بۆ قۆناخی نوێ و دەستبەکاربوونی بۆ دەکەن. رجب لەوێ کۆرسەکانی راهێنانەکانی بەباشی بڕیبوو، بۆیە ئەوان بڕیاردەدەن رەوانەی شاری ئەسکەندریە بکرێتەوە، تا لەوێ یارمەتی باوکی بدات بۆ بوژانەوەی کۆمپانیا ئیفلاسبووەکەی باوکی، بۆ ئەو مەبەستەش ئیسرائیل پارەی پێویستی بۆ رەوانەبکات، بەلام پێش سەفەرەکەی بۆ شارەکەی خۆی، تا کەس گومانی لێنەکات، دەچێتەوە ئەسیناو ماوەیەک لەوێ دەمینێتەوەو تا خۆی وا نیشانبدات کەوا ئەو لە ئەسینا کاریکردووەو لەوێ دەوڵەمەندبووە، رجب لەگەڵ زهرة دەچێتەوە ئەسیناو بەرنامەشی ئەوەیە ئیسرائیل لە دوژمنەکانی بپارێزێت و دژایەتی عەرەبە تاوانبارەکان بکات.

مۆساد لەگەڕەکێکی هێمن لە ئەسینا شوقەیەکی گچکەیان بۆ بەکرێ گرتبوو، هەموو پێویستیەکانی ژیانێکی خۆشیان بۆ دابینکردبوو، چاکیان راهێنابوو کە چۆن مامەلە لەگەڵ میسرییەکانی ناو ئەسینا بکات، چۆن یارمەتیان بدات، چۆن زانیاری ترسناک و گرینگیان لێدەربهێنێت، لەبەررۆشنایی ئەو بەرنامەیەوە دۆستایەتی زۆری لەگەڵ میسرییەکانی ناو ئەسینا پەیدادەکات، ناوو کارە باشەکانی لەناو میسرییەکان بلاودەبێتەوەو ناوی گەیشتووتە ئەسکەندریە، لە ماڵەوەیان و هاوسێیەکانی هەواڵی سەرکەوتنی کوڕەکەیان پێگەیشت، زانیان کوڕەکەیان بوویتە براگەورەی هەموو میسرییەکانی ئەوێندەرێ و یارمەتی زۆریان دەدات چاکەو دەستی بەخێری دەگاتە زۆریان. بەو جۆرە یەک ساڵ لە ئەسینا ماوەتەوە، تا آبو آبراهیم بڕیاریدا رجب بگەڕێتەوە ئەسکەندریەو کۆمپانیای باوکی بژێنێتەوەو لەبواری دەریاوانی بکەوێتەوە کارکردن.

*****

رجب گەڕاوەتەوە شارەکەی وەک کەسێکی سەرکەوتوو دەوری خۆی دەبینی، کە ماوەیەک لەدەرەوە چاکەی زۆری لەگەڵ هاوولاتیانی کردووە، وا لە شارەکەی خۆشی لەسەر هەمان بەرنامەو چاکە دەستبەکاردەبێتەوە، یەکەم کاری ئەوەبوو کۆمپانیاکەی باوکی نۆژەنکردیتەوەو کەرەستەو کەلوپەلی نوێ و گرانبەهای لە نووسینگەکە ریزکردووە.

لەسەرەتای ساڵی 1971 رجب بارەگای کۆمپانیاکەو کارەکانی سازبوون بۆ ئیشکردن، بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکی گەورەی سازکردبوو، لەگەڵ هاوڕێیەکان و ئەندامانی خێزانەکەی چەند بەرپرسێکیشی داوە تکردبوو، ئە و هە واڵەشی لە دەزگاکانی راگە یاندن بڵاوکردیتە وە، بە یارمەتی دەزگای مۆسادە وە کراوە بە نمایندەی چە ند کۆمپانیای ناوداری جیهانی . کۆمپانیاکەی گەشەیکردو فە رمانبەرو کارمە ندەکانی ژمارە یان زۆر دەبێت، لە هەموولایەک و بە هۆی ناسیارەکانی کارو راسپاردە ی زۆر دە بوو، ناوبانگی دە رکردبوو، لە بەرداوی ئە سکەندریە وەک کەسێکی رە سمی و بە ئارەزووی خۆی دە سووڕایەوە، پە یوەندیشی لە گەڵ چە ندین بە رپرسی گەورەو ناسراو بە ستا، کە سیش گومانی لە و نە دەکرد، بۆیە بەئارەزووی خۆشی لە بەشە سەربازییەکەی شۆستە کەش هاتوچۆی دە کرد، لەماوەی سێ مانگدا کارە کانی زۆر گە شەیکرد، بۆ مۆسادیش کاری زۆر دە کرد، بۆیە ئامێرێکی لاسلکیی باشی بە شوفرەیان بۆ ناردبوو، لە و دەمانەشدا عەرەب سە رقاڵی ئاهە نگی سە رکەوتنەکانی شە ڕی ئوکتۆبە ربوون، لەولاشەوە رجب بۆ دۆستە جوولەکەکانی شێوەن و پرسە داربوو، بۆیە ش مۆساد زۆرتر فشاریان خستبووە سەر رجب تا چالاکی و هەڵسوکەوتی پاپۆرە سۆڤیەتیەکان باش سۆراخ بکات، دەقە دەقە چاودێریان بکات، بزانی رۆژانە باری چی دە هێنن، بۆیە ش لە ودەمانە گومان لە جولەو چالاکی و پەیوەندییەکانی رجب لە بەنداوو لە شۆستەکەکرا، کە سۆراخی پۆستی ئە ورووپایان کرد، موخابەراتی میسری شوفرەیەکەیان لە نامەکانی دە رەوەیان دۆزیە وە، هە موو جولە و هەڵسوکەوتەکانیان سۆراخکردو بۆیان روون بۆوە کەوا ئەو بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل کاردەکات.

بەیانی رۆژی 13 ی ینایری ساڵی 1975 ئەو گیرا، باشترین بەڵگەش ئەوەبوو کەوا موخابەراتی میسری لە نووسینگەکەی رجب خە ریکی پشکنین بوون لە ئەورووپاوە پۆستێکی بۆ هات، کە پۆستەکەیان کردیتەوە، بە شوفرەکان نامە کەیان خوێندیتەوەو بۆیان دەرکەوت کەوا مۆساد داواکارە لە 1ی مارس ئەو سەفەری ئە سینا بکات، کە لە باڵەخانەی موخابە راتی گشتییەوە لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا دە کرد، لە وێ دانی بە زۆر بابە تی گرینگ دانابوو، بۆیە ش رەوانەی دادگایە کی سەربازییانکردبوو، دەرکەوت کەوا ئەو زانیاری زۆری سە ربازی و ئابووری بە دوژمن داوەو زیانی لە بەرژەوەندی دەوڵەتداوە، رازی بووە ناوێکی جوولەکە لە خۆی بنێت و پاسپۆرتێکی جوولە کەش وە رگرێت و پلە یەکی سە ربازی جوولە کەش لە سەرشان بکات، بۆیە دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی بۆی دە رکردووە، لە و ماوەیەی چاوەروانی رۆژی سزاکە ی دە کرد، زۆر هە ستی بە شەرمەزاری کردووەو زیندانیە کانیش زۆر سە رکۆنەیان کردووە، بۆیە بەرگەی چاوەروانی نە کردووە، تا رۆژێکیان بە جامی چاویلکە کەی دە مارەکانی دە ستی بڕیبوو بە خوین پرژان لە کونجی زیندانەوە گیانی دەرچووبوو.

لەرۆژنامەی (الجریدة)ی کوێتی رۆژی 27ی سپتەمبەری ساڵی 2008 بڵاوکراوەتەوە.

فڕاندنی فڕۆکەیەکی مێک 21 لە موسڵەوە.

فڕاندنی فڕۆکەیەکی مێک 21 لە موسڵەوە.

لەسەرەتای شێستەکانی سەدەی رابردوو کە شەڕی ساردی نێوان هەردوو زلهێزەکەی دونیا گەرم و دژواربوو، لەودەمانەدا یەکێتی سۆڤیەت فڕۆکەیەکی شەڕکەری نوێی جۆری مێک 21ی داهێنابوو، ئه و فڕۆکه یه له پێکهاتەکانیدا لایه نی شاراوه ی زۆری له خۆگرتبوو، ولاتانی ئەندام لە پەیمانی ئەتلەسی، زۆر نهێنییەکانی ئەو فڕۆکەیان نه دەزانی، بۆیان ئاشکرا نه دەبوو، بەڵام زانرابوو کە ئەو فڕۆکەیە خێراییەکەی زۆرەو ئەو فڕۆکەیە لەیەک سەعاتداو لەبازنەیەکی داخراوی درێژی 500 کم، دە توانێت 2062 کم ببڕێت، هه ر ئه و فڕۆکه یه لەبازنەیەکی کراوەیی درێژی 100کم دە توانێت خێراییه کەی بگاته 2375 کم له یه ک سه عاتدا، ئه و خێراییەش دە گاته دوو ئه وەندەی خێرایی فڕۆکه ی سکای هۆک، فڕۆکه ی ڤانتۆمیش خێراییەکەی تە نها 1400کم بوو لە سەعاتێکدا، فڕۆکه ی میراجیش خێراییه کەی تە نها 1500کم بوو لە سەعاتێکدا، ئەو فڕۆکە نوێیە سۆڤیەتیەش دەزگا سەربازییە فڕۆکەوانیەکانی وڵاتانی ئە تلەسی سه رسام کردبوو، ئه و فڕۆکه یه پانی باڵه کانی تە نها 760 سم دە بوو، جەستەکەشی 16.75 مەتر درێژبوو، ئەوەشیان لە فڕۆکەکانی وڵاتانی ئە مریکاو فە رەنساو ئینگلترا نەبوون. بۆیە فڕۆکەکە بۆ ئەو وڵاتانە ببووە کابوسێکی ترسێنەرو دیزاین و نە خشەکەی

گرێیەک بوو هە موویانی هە راسان و پە رۆش کردبوو، ئامادە بوون هە موو شتێ بکە ن تا لەنهێنیەکەی ئەو فڕۆکە تازەیە سۆڤیەتیە تێبگەن، لەهەمووشیان ترسناکتر ئەوەبوو فڕۆکەکە لەوڵاتانی عەرەبی وەک میسرو سوریاو عێراق کەوتبووە بەردەستی فڕۆکەوانی عەرەب، ئەوەش بۆ ئیسرائیل ببووە جێگەی گومان و ترس، بۆیە ش هە موولایەک پە رۆشی نهێنیەکانی ئەو فڕۆکەیەبوون، دەزگا پە یوەندیدارەکانی ئەمریکی و ئیسرائیل ئامادەبوون هەموو شتێ بکەن و بیدەن تا دانەیەکی ئەو فڕۆکەیان دەستکەوێت و لەنهێنی دیزاینەکەی تێبگەن.

****

بۆ کۆششی هێنانی فڕۆکەکە، ئیسرائیل کۆششیکردو لەکۆتایی ساڵی 1961 حکومەتی میسری جاسووسێکی میسری بە نەژاد ئەرمەنیان بەناوی (جان لیون تۆماس) گرتبوو، ئەویش لەرۆژانی لێکۆڵینەوەکانیدا دانی بە کارە جاسووسییەکەی خۆی نابوو، کە لەبەرامبەر پارەیەکی زۆری خەیاڵی، فڕۆکەوانێکی میسری رازی کردووە بەیەک ملیۆن دۆلار فڕۆکەیەکی مێکی 21 ی میسری بفرێنێتە ناو خاکی ئیسرائیل، بە ڵام کارەکەی سە ری نە گرتووەو جاسووسەکەش لەسێدارەدرا، بۆیە کارەکەو گەیاندن و هێنانی فڕۆکە کە زەحمەتتربوو، جێبەجێکردنەکەی کارو بەرنامەی وردو باشتری دەویست.

دەزگاکانی ئیستخباراتی ئیسرائیلی بۆ هێنان و پە یداکردنی ئە و فڕۆکە یە بیریان لەوەش کردە وە، فڕۆکە یەکی میسری یان سوری ناچاربکە ن لە ئیسرائیل بنیشێتە وە، بەڵام بیرۆکەکە پەسندنەکرا، چونکە ئیسرائیل فڕۆکەی خێراتر لەو فڕۆکە مێکانە نەبوو، بۆیە نەدەکرا ئەو چالاکییە ئەنجام بدەن، بۆیە بەناچاری بیریان لەوە کردەوە کەسێکی بەکرێگیراو بدۆزنەوە، ئەو لەناو فڕۆکەخانەکان کاریان بۆ بکات و زانیارییان لە سەر فڕۆکەکە بۆ پەیدا بکات، بەڵام وتیان چاندنی کەسێکی بەکرێگیراوو چاوەروانکردنی ئەوو کۆکردنەوەو ناردنی زانیارییەکان کاتی زۆری دە وێت، بۆیە بڕیاریاندا فڕ ۆکەوانێکی عە رەب لە ناو وڵاتانی عە رەبی بدۆزنە وە تا فڕۆکەیەکی میک 21 یان بۆ بفرێنێتە ناو ئیسرائیل، ئە وەیان رێژەی سە رکەوتنی دە گەیشتە 25% ئەو رێژەیەش باش و مقبوول بوو، بۆیەش هەموولایەکیان کەوتنەخۆ بۆ دۆزینەوەی پلان و بە رنامەیەک بەهۆی جاسووسە کانی ناو وڵاتانی عە رەبیان، دە ستکرا بە دانانی پلانە شەیتانییەکەیان.

****

شەوە وەنەوشەییەکەی پاریس

لەشەوێکی بە جۆشی هاوینە یی کۆتایی ساڵی 1964، گە شتیارێکی عێراقی لە دیسکۆیەکی ناو پاریس دابەزیبوو، مەستی نیگاو سەماو شەوەکەببوو، لەوڵاتی رافیدین بۆ خۆشی و پشوودان گەیشتبووە پاریس، لەوشەوەدا ئەو پیاوە عێراقییە کە چاوی بەکیژێکی نازداری زۆر ئازاد دە کەوێت، لە نجەو نیگاو مە ستییەکەی سە رنجی رادە کێشێت، کە سەیری بە ژن و جەستەی دەکات، مەست و شێتی دەبێت، ئەودەمانەش هەر کەسێکی ئیسرائیلی ئەگەر تووشی عەرەبێکی بهوایە نەیدەووت من ئیسرائیلیم، واتە رەگەزنامە ئیسرائیلییەکەیان لای عە رەبەکان نەدەدرکاند، کیژەکە خۆی وەک هاووڵاتیەکی فەرەنسی بە پیاوە عێراقییەکە ناساندبوو، پێیووتبوو من بۆ کات بەسەربردن و ژووانێ هاتوومە تە ئێرە، پاش دە مەتەقێ و قسە کردنی زۆرتر بەگەرمی باسی پۆلیتیکیان کردبوو، کابرای عێراقی دڵی خۆی کردبووە وتبووی:

(ئێمەی عێراقی زۆر لە رژێمەکەو حکومە تەکەمان بێزاین، هە موومان دڵمان پڕە، زۆر لەحزبی بەعسی دەسەڵاتدار پڕین، بەڵام چارەمان نییە.!).

کیژە ئیسرائیلییەکە بەنازەوە وتبووی:

(تۆش زۆر تۆختکرد، بڕواناکەم وا بێزاربن، واش نییە..!).

بۆیە گەشتیارە عێراقییەکە وەک قونبەلەیەک بتەقێنێتەوە، وتبووی:

(چۆن بێزارنین، کە سی وامان لە و بە غدایە هەیە برادەری خۆمە، ئامادە یە فڕۆکەی میکی 21 رادەستی ئیسرائیلییەکان بکات، ئامادەیە ئەو فڕۆکە سۆڤیەتییە بگەیێنێتە ناو ئیسرائیل، ئەو خۆی لای من وتوویەتی، ئەو فڕۆکەوانە ئامادەیە ئەوە بکات).

کیژەکە بەسەرسامی و بەجۆشەوە بە عێراقییەکە دەبێژێت:

(ئەوە معقولە، تۆ چۆن قسەی وادەکەیت، ئەوە چۆن روودەدات.!).

بەڵام گە شتیارەکە بەدڵنیاییەوە بەنازدارەکە دەڵێت خۆی چە ندجار وتوویە تی و جنێوشی داوە، لەلای من وتوویەتی:

(هەردەمێک بۆم بگونجێت بەشانازییەوە ئەو کارە دەکەم).

کە کیژەکە ئەو قسەیە لەکابرا دەبیسێت، بەنەرمییەوە دەڵێت:

(دەزانی من زۆر حە زم لە سەفەری عێراقە، من لە گەڵ کیژێکی هاوڕێم زۆرجار بیرمان لە وە کردیتەوە سەردانی ئە و وڵاتە بکەین، من هە وای خۆرهەڵاتم لا خۆشە، ئای کە خۆش دەبوو من و ئەو کیژە میوانی تۆو برادەرەکەت دەبووین، هەر چوارمان خۆشمان رادەبوارد،

چەند خۆش دە بوو دوو سێ هە فتە لە بەغدای زێدو وڵاتی عە لادین و چرا سیحراوییە کەی دەبووین، ئای کە خەونێکی خۆش دەبوو...!).

ئەویش بەخۆشییەوە بە کیژەکە دەڵێت:

(بەچاوان هە ر کە هاتیت بۆ بە غدا زووتر لە پاریس ئاگادارم بکە رەوە، من لە خزمەتیان دە بم، من لە دەرەوەی شاری بە غدا دە ژیم، بەڵام ژمارەی تە لەفۆنی برادە رەکەمت دەدەمێ، ئەو هەموو پێویستیەکانت بۆ ئاسان دەکات، بەخێربێن).

میوانە عێراقیەکە هەو ئەو شەوە ژمارەی تەلەفۆنی برادەرەکەی بەناوی (جوزیف)ی دابووە کیژەکە، بۆیە کە کیژەکە ژمارەی تەلەفۆنەکەی وەرگرتبوو، تا کابرا هەست بەهیچ نەکات کیژەکە زوو بابە تەکەی گۆڕیبوو، بۆ بە یانی کیژە ئیسرائیلییەکە بەو هە واڵە نوێیە خۆشەو یەکسەر دە چێتەوە شوێنی کارە کەی لە باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە پاریس، لە وێ دیمانە ی نوێنەری مۆساددە کات، وردو درشتی قسە کانی بۆ دە گێڕێتەوە، ئە ویش داوای لێدە کات پەیوەندە کە پتەوبکات، بەڵام کە پەیوەندی بە هوتێلەکە دەکاتەوە، دەڵێن میوانەکەمان سەفەری کردووە، بەیانی زوو دەرچووە، بەوەیان کیژەکە پەست و خەمگین دەبێت، بۆیە دەپرسێ دەبێ لە پاریس مابێت یان گە ڕاوەتەوە بەغدا، لە ودەمانەدا نوێنە رەکەی مۆساد زوو هە واڵەکە دەکاتە راپۆرتێک و دەیگەێنێتە سەرکردایەتی خۆی لە تەلئەبیب.

****

گیانبازییەکە

لە تەلئەبیب سەرۆکی مۆساد مائیر ئامیت (عامیت)، راپۆرتێکی ئاسایی دە چێتە پێش کە وشەی میک 21 ی دەوکەوێتە بەرچاوان سەرسام دەبێت، ئەو فڕۆکەیەی ئەوان خەونیان پێوە دەبینی، بەردەوام کاریان بۆی دە کرد، راپۆرتێک باس لە و فڕۆکە سۆڤیەتیە بکات، زۆر دڵشاددەبێت، ئە و کە لە 25ی مارسی ساڵی 1963 ئەو پۆستە ی لە و دە زگایە وەرگرتووە نێچیری وای نە هاتووتە پێش. ئەو لە وماوەیەی لە و پۆستە بووە زۆرجار لە گەڵ وە زیرە پەیوەندەیدارەکان کۆبوویتەوە، زۆرجار باس لە دەسکەوتی ئە و فڕۆکە یان کردووە، نهێنی ئە و فڕۆکەیان مە بەست بووە ، کە لەگەڵ سە رۆکی فڕۆکە وانی سە ربازییان کۆبوویتەوە، ئە و زۆر جەختی لە سەر ئە و فڕۆکە یە کردیتەوە، مە بەستیان بووە نهێنی ئە و فڕۆکە نوێیەی دە ست عەرەبەکان بدۆزنەوە.

سۆڤیەتییەکان بەدڵناییەوە فڕۆکە نوێیەکەیان فرۆشتووتە هاوپەیمانەکانیان لە وڵاتانی پەیمانی وارشو، بەڵام گیانبازی دەویست ئەگەر ئەو فڕۆکە نوێیان بدەنە دەست عەرەبەکان، کە بڕیاریشیان داوە فڕۆکەکان بفرۆشنە عەرەبەکان، داوای زەمانەتی زۆریان لەپاراستنی نهێنیەکانی فڕۆکەکە کردووە، پاش ئەوەی بەڵێنیان لە عەرەبەکان وەردەگرن کەوا ئەو فڕۆکانە نادرێتە فڕۆکەوانی نەفسنزم و گەندەڵ و لەرزۆک، فڕۆکەکان نادەنە کەسانی هەڵەپاس و زۆربلێ و زۆر کڕاوە، فڕۆکە بدەنە ئەو کەسانەی لەپێش ژن و سکێس لاواز نە بن!. کە ناوی مێکەکە لە راپۆرتەکەی مۆساد لە پاریس هاتبوو، سەرۆکی مۆساد هەستی بەلێدانی زەنگێکی ترسناک و بفەکردبوو، ئەگەرچی گومانی ئەوەش دەکرا رەنگە قسەکانی گەشتیارە عێراقییەکە تەنها گفت و قسەیەک بووبێت، یان تەنها سەرەداوێک بێت بۆ دۆزینەوەی تۆڕێکی مۆساد، یان فێڵێک بیت، بەڵام مۆساد ئە و نێچیرە ی بە چەورو گرینگ ناساند، ئە وان ئامادە بوون پارە یەکی زۆرو بەرنامەی زۆریش بۆ ئەو دەستکەوتە تەرخان بکەن، وا بەئاسانی فڕۆکەکە دێتە بەر دەستیان، بۆیە لە خۆشییاندا بڕوای نەدەکرد. بەڵام بە موستحیلیان دەزانی.

****

سەرۆکی مۆساد لە ماوەی 24 سەعات داوای راپۆرتێکی کردبوو، ویستی بزانی ئە و (جوزیف)ە بناسێت، ویستی بەهۆی کەسە نهێنییەکانی ناو عێراقیان ئەو پیاوە بدۆزنەوە، ژمارەی تەلەفۆنەکەی بزانن، ئە گەر یە کێک لە پیاوەکانی بچێتە دەزگاکانی تەلەفۆنی بەغدا لە ناوو ژمارەی تەلەفۆنەکەی پرسیار بکات، ئە وەیە چەند مە ترسی هە یە، ئەو کارە چەند مە ترسی دەخاتە سەر کەسەکانی خۆیان لەناو بەغدا، دەبێ ئەوەیان داو نەبێت، بۆ ئاشکرابوونی کەسەکانی ناو بە غدایان. هەموولایەک کۆک بوون لە سەرئەوەی بە رنامەیەک دابرێژن مۆساد بەکرێگیراوێک رەوانەی ناو بەغدا بکەن، ئەو کەسە شیاوو لێوەشاوەی ئەو کارە بێت، بتوانی بە چوستی لەناو بەغدا بسووڕێتەوە، ئەو کەسەش زانیاری لە سەر شانەکانی مۆساد لە ناو بەغدا نەبێت، ئە گەر گیرا هیچی نە بێت لە لای حکومە تی عێراق بیدرکێنێت، سە رۆکی بە شی چالاکییەکان لە مۆساد وتبووی:

(ئەگەری ئە وە زۆرە ئەوەی دەچێتە بەغدا ئەو کارە ی پێرادەسپێردرێت بکوژرێت، ئەگەری ئاشکرابوون و گیرانی زۆرترە لە سەرکەوتنی لەو چالاکییەدا).

بۆیەش ئامیت وەڵامی داوەتەوەو وتوویەتی:

(دۆزینەوەی نهێنییەکانی فڕۆکە ی مێک 21 لە گیانی یە ک یان سە د کەسیش گرینگترە، با ئەو کەسە بکوژرێت).

پاش لێکۆڵینەوەو دەراسەتی زۆر، بڕیاردرابوو کە سێک بەنهێنی ڕەوانەی بەغدا بکەن، ئەویش ناوی یوسف منصور (منشو)بوو، ئەو پیاوە جوولەکەیەکی ئیسرائیلی بەنەژاد عەرەب بوو، لەسەر پەرەشووتی فڕۆکەوانی مەشقی کردبوو، لە زانکۆی قدس بڕوانامەی لە دەراساتی عەرەبی وەرگرتبوو، لەبەر زمانەکەی و نەژادەکەی ئەو بۆ ئەو چالاکییە شیاوو گونجاوبوو، ئەوەشی باش بوو ئەو هیچ زانیاریشی لە سەر دەزگاکانی مۆساد نەبوو، واتە ئەگەر ئەو گیراش هیچ زانیاری گرینگی پێنەبوو، بۆیە مەترسی لەسەرنەبوو.

لە شوێنێکی دوور لە دەزگای مۆساد لەگەڵ یوسف دانیشتن، ئەو لەگەڵ ئامیت کۆبووە، لەو دانیشتنەدا سەرۆکی مۆساد وردەکاری چالاکییەکی بۆ باسکردبوو، پێیوتبوو ئەو کەسەی تۆ دەیبینیت، عێراقییەکی زۆر دژە حکومەتە، بۆیەش ئێمە لەو چالاکییە ترسمان هەیە، بۆیە مامەلە لەگەڵ کەسێکی لەو شێوە یە مەترسییەکەشی دژوارو ترسناکە ، ڕە نگە بەیەک تە لەفۆنکردن هەموو شتەکان و بەرنامەکە ئاشکرابێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو جۆرە کەسانە خۆیان تەلەفۆن بۆ دەزگاکانی ئەمن بکەن و شکایەتت لێبکەن و بەگرتنت بدات. زۆریش ترسی ناوێت ئێمە هەموو ئاسانکاریتان بۆ دە کەین، خەمی هیچت نە بێت. سەرۆکی مۆساد هە موو ئەگەری ترسناک و پێشهاتەکانی لەپێش کابرا دانابوو، بەڵام پێیان وتبوو، ئێمە هەموو بوارو دەروازەکانی ئاشکرابوون و فە شەڵبوون وەرناگرین و ناخ ە ینە پێشمان، چونکە ئەگەر ئە و بگیرێت تۆڕێک ئەندامی مۆسادی ناو عێراقمان ئاشکرادەبێت، بەوەش زیانێکی کوشندەمان لێدەکەوێت. بۆیەش لەودەمانەش بیری لە ئەگەرو بواری تریش دەکەینەوە.

****

چەند ساڵێک بوو دەزگای مۆساد لە ئەوروپا کۆمپانیایەکی بۆ دروستکردن و فرۆشتنی کەرەستەی کارە بایی و تە ندروستی دروستکردبوو، مە بەست لە و کۆمپانیایە ش پە یداکردنی چەندین گرێبە ست و بازارو کڕێن و فرۆشتن بوو لە گەڵ چە ند وڵاتێکی عە رەبی، ساڵانە ش سەرمایەو قازانجی باشیشی هە بوو، ئە و پارە یەش بە شی مە سرەفی جاسووسە کانی موخابە راتی ئیسرائیلی دە کرد، کە ئیسرائیل بەناوی کەسایەتی بریتانی و ئە ڵمانی و فە رەنسی ڕەوانەی ناو وڵاتانی عە رەبی دە کردن، هە مووشیان ڕە گەزنامەی ئە و وڵاتانەشیان هە بوو. لەوێ دە بوونە نوێنەری ئە و کۆمپانیایانە . لەژێر پەردەی ئە و کارانە و لە گەڵ کاری کۆمپانیاکە کاری جاسووسیان بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل دەکرد.

ئامیت ئە وەی چاک دە زانی ئە گەر کە سایەتی راستە قینەی یوسف منصور ئاشکرابووایە زیانی زۆر بە تۆڕەکەی ئەوان لەو وڵاتە دەگەیشت، بەڵام سە رکەوتنی ئە ویش ماناو سوودی زۆری بۆ ئیسرائیل هە بوو، بەو پلانە دەگەیشتنە نهێنیەکانی فڕۆکەی مێک 21،

ئەوەش بۆ سوپاو دەوڵەتی ئیسرائیل ماناو لێکدانەوەی زۆری دەبوو، بۆیەش ئاسایی بوو ئەگەر ئیسرائیل مغامرەو گیانبازییەک بۆ ئە و دەسکەوتەش بکات. یوسف منصور بۆ ماوەی چوار هەفتە مەشقی زۆری لەسەر کەرەستەی تیشکی ئێکس کرد، چونکە ئەو بەناوی کارمەندی شارەزای ئینگلیزی لە و کەرەستانە سەردانی ئەو وڵاتە دەکات، پاش ئەوەی باش تێگەیشتن کەوا ئەو باش رۆلەکەی دەبینی وەک کارمەندێکی ئەو بوارە سەردانی عێراقی کرد.

یوسف منصور گەیشتە بەغداو لە هوتێلی (بغداد)ی ناودار لە شەقامی (السعدون) دابەزیبوو، لەماوەی یەک هەفتە لە نەخۆشخانەکانی بەغدا سەردانی ئامێرەکانی تیشکی ئێکسی کردبوو، لەگەڵ کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی عێراقی دیمانەی کردبوو، ئەویان وەک شارەزایەکی کەرەستەی تەندروستی ناسیبوو، لە و ماوەیەشدا چاوەروانی کردنی تەلەفۆنە گرینگەکەبوو، کە بڕیاربوو بۆ کەسێکی نەناسراو بەناوی جۆزیف بیکات. یوسف رۆژێکیان دوو بەرپرسی وەزارەتی تەندروستی عێراقی بۆ نانخواردنی نیوەرۆ لە رێستورانتی هوتێلێکی گەورەی بەغدا داوەتکردبوو، ئەوەش بۆ ئەوەبوو کەس گومانی هیچی لێنەکات و لەپەنا ئەوەشەوە خۆی چاک بشارێتەوە، لە دانێستنەدا داوای یارمەتی لە مێوانە عێراقییەکانی کردبوو کە وا بۆ کارێکی تایبەت بە بەرنامەی کارەکەی تەلەفۆنێک بۆ ناو بەغدا دەکات، لە ناو رێستورانتەکە یوسف ژمارەی تەلەفۆنە مەترسیدارەکەی لێدابوو، بەڵام لەکاتی تەلەفۆنکردنەکە دەستی دەلەرزی، تەلەفۆنەکە وەڵام درایەوەو ئەویش پرسیبووی، تۆ (جورزیف)یت، کابرای سەر تەلەفۆنەکە وتبووی:

(نەخێر ... من جوزیف نیم... کێ دەیەوێت...؟).

لە وەڵامدا یوسف وتبووی:

(من برادەرێکی ئەوم لە دەرەوەی وڵاتا هاتووم).

کابرا وتبووی:

(کەواتە من جوزیفم... ئەدی تۆ کێیت...؟).

لە وەڵامدا یوسف وتبووی:

(من ئەو کەسەم کارێکی گەورەمان بەیەکەوە دەبێت، ئەگەر لەگەڵ هاوڕێیەکەت بەیەکەوە دیمانەمان هەبێت، ئەگەر هەرسێکمان بەیەکەوەبووین، ئەوا باس لە بابەتەکە دەکەین).

جوزیف وەڵامی داوەتەوەو وتبووی: (کەواتە تۆ ئەو جنتلمانەی کە هاوڕێیەکەمت

دیبوو).

بەو قسەیە یوسف زۆرتر شلەژابوو، ئەویش وتبووی:

(بەڵێ من ئەو کەسەم).

لە قسەکانی ناو تەلەفۆنەکە بەزووترین کات جوزیف پێشنیارەکەی قبوول کردبوو، کە بەیەکەوە نیوەرۆی بەیانی لە چایخانەیەکی بەغدا دانیشن.

****

لەناو چایخانەکەدا

بۆ بەیانی یوسف لە چایخانەکە دانیشتبوو، لە وێ لە سەر ئاوو ئاگربوو چاوەڕوانی جوزیفی دەکرد، ئەو داوایکردبوو لەو چایخانە یەکتری ببینن، ئەویش داوای لێکردبوو چ جۆرە جلوبەرگێک لەبەربکات، تا لەناو خەڵکەکەی ناو چایخانەکە ئەو میوانە بێگانەیە بناسێتەوە، کابرا تەمەنی 60 ساڵێک دەبوو، بە قژە سپییەکەو دەموچاوە داکەوتووەکەی دیاربوو، یوسف ئەوەی لەسەربوو هەموو فەرمانەکانی ئەو وەک خۆی جێبەجێ بکات، ئەویش پێش ئەو و زوتر بچێتە ناو چایخانەکە، ئای ئەوەیان کە لەکاری جاسووسیدا کارێکی چەند ترسناک و هەلەیە، لەو دەمانەدا پاڵەوانەکە جوزیفەو خۆی کردیتە پشیلەو یوسفیش تەنها مشکێکە لەناو فاقی چایخانەیەک گیربووە. جاسووسە ئیسرائیلییەکە لەناو چایخانەیەکی بەغدا بەترسەوە دانیشتووەو وادەزانی هەموو چاوە کانی ناو چایخانە کە سەیری ئەو دەکەن، بیری لەوە دەکردەوە ئەو چرکەیەش نەگیرێت، چرکەیەکی تر قۆڵبەستی دەکەن، کە هەستیکرد وا دەستێک لەسەر شانیەتی هەستیکرد دەبووریتەوە، پیاوەکە کورسییەکی راکێشایە تەنیشتی و دانیشت، خۆی بەو ناساندو وتبووی، منم جۆزیف!

کابرا کە لەتەنیشتی دانیشتبوو وتبووی:

(شتێکی جوان بوو تۆ هاتوویتە ئەو شوێنە).

ئەو قسەیە بە دڵی یوسف خۆش بوو، هەستی بەوەکرد ئەو پیاوە پیاوی ئەمن و مەترسیدار نییە، بۆیە بە میوانەکەی وتبوو:

(ئێمە زۆر بەبایەخ بە کالاکەی لای تۆ دەدین).

جۆزیفیش لە وەڵامدا وتبووی:

(دیارە مەبەستت فرۆکە مێکەکەیە...!).

لەو قسە یە یوسف هە ستی کردبوو دە ترسێت، بە ڵام جوزیف زۆر سە ربەستانە کەوتبووە قسەکردن و وتبووی:

(دەزانن ئەو کالایە زۆر گران لە سەرتان دەوەستێت، پارەیەکی زۆری دە وێت، کاتی زۆری دەوێت! من دڵنیام لەکۆتاییدا سەردەکەوین).

لەودەمانەدا جوزیف ئازایەتی داوەتە بەرخۆی و وەڵامی داوەتەوەو وتوویەتی:

(هاوڕێیەکانم ئەوە نازانن تۆ چۆن بە و چالاکییە هەڵدەستیت، ئەو کارەی پێشتر بە زۆر کەسی تر نە کراوە، تۆ چۆن ئە نجامی دەدەیت، خۆت دەزانی ... داواکارم بەراشکاوییەکەم دڵتەنگ و بێزار نەبیت).

جوزیف بەپێکەنینەوە داوای دیدارێکی تری لە و کردووە، لەوێ بوار باش دە سازێت زۆرتر قسەبکەین، بۆ رۆژی پاشتر لە ناو باخچەیەکی گشتی ناو بە غدا دیمانەیان بوو، دوور لە قەرەباڵغی خەڵکەکە دانیشتن، لەوێ جوزیف سە ربردەی خۆی بۆ یوسفی ئیسرائیلی جاسووس گێراوەتەوە.

جوزیف وتبووی:

(سەرەتا باش بزانە من کە سێکی جوولە کەم، لە ماڵباتێکی دە ستکورتی جوولە کە لەدایکبووم، ئە وە راستیەش ناسیا رەکانیشم نایزانن، لە ناو خێزانێکی کریستیانی دە وڵەمەندو لەتەمەنی دە ساڵییەوە وەک خزمە تکار ژیاوم ، لە و ماوە یەدا وە ک خزمە تکارێک لە گەڵ نهێنیەکەی ناخی خۆی ژیاوم، لە و رۆژەی دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە من ئاگادارو چاودێری بووم، من رقی زۆرم لە عەرەبە، بۆیە هیوادارم کارێک بکەم گورزێکی کوشندە لەوان بەوەشێنم، چاوەروانی هە لێکی وابووم، تۆڵە ی خۆم لە وانە بکەمەوە، بە ردەوام چاوە روان بووم ئیسرائیل بەسەریاندا سە رکەوێت، بە ڵام من بە ردەوام خۆم وە ک عێراقییە کی دڵسۆز بۆ وڵاتە کەم نیشانداوە، هەرگیز ئە وان هە ستیان نە کردووە من نە یاری ئە وانم. لەبەر رە وشە کۆمەڵایەتییەکەی خۆم نە متوانیوە خوێندن تە واوبکەم، بۆیە ش خوێندەوارییەکەم باش نە بوو، بەردەوام بەدزی لەگەڵ خێزانە جوولەکەکان دیمانەمان بووە، لەناو بەغدا باسی دەوڵەتەکەمان کردووەو شانازیمان بە گەشەو نماکردنە کەی هاتووە ، بە یەکەوە پەیمانمانداوە هاوکاری

بەردەوامی بین).

(منیر رضا) کوڕی گەورەی ماڵێکی کریستیانی مارونی بوو، لە قوتابخانەکانی عێراق خوێندنی تەواوکردبوو، کەس هەستی نەکردووە ئەو کوڕە کریستیانە، ئەو کوڕە لەگەڵ هاوڕێیە موسلمانەکانی هیچ جیاوازییەکی نەبووە، خۆی لەوان جیانەکردیتەوە، بۆیەش توانیویەتی پلەی ئەفسەری فڕۆکەوانیش وەرگرێت، لە کارەکەشی سەرکەوتوو و یەکەمیش بێت، تا کراوە بە جێگری یەکێک لە دەستەی میکی 21، کە لەو نزیکانەدا دەوڵەتی عێراق لە یەکێتی سۆڤیەتی پەیدایکردبوون، کە باشترین و خێراترین فڕۆکەی شەڕکەربوون لە جیهاندا. ئەو بەردەوام لە ماڵەوەش باسی نوێکاری و سیستەمی فڕۆکەکەی دەکرد، بۆیە هەموولایەکیان هەتا کوڕە خزمەتکارەکەشیان ئەوەی باش دەزانی کە ئەو شارەزای هەموو لایەنێکی ئەو فڕۆکەیەو ئامادەشە بە پارەیەکی باش و بە دابینکردنی ژیانی ماڵەوەو دایکوباوکە پیرەکەی فڕۆکەیەک بفرێنێتە ناو ئیسرائیل و هەموو نهێینیەکانی رادەستی ئیسرائیلییەکان بکات، بەوەش خەونە گەورەکەی ئیسرائیلییەکان بهێنێتە دی، چونکە ئەو چاک دەیزانی ماڵەوەیان بە سامانە زۆرەکەیان زۆر خۆش دەژین.

ئەگەرچی جۆزیف کەسێکی نەخوێندەواربوو، بەلام زیرەک بوو لە دۆزینەوەی چارەسەری بۆ هەر گرفتێک کە بێتە پێشی، گرێیە توندەکانی باش دەکردەوە، پێش ئەوەی سەفەری پاریس بکات، لەلای برادەرێکی جوولەکە کە بەنهێنی دیمانەیان دەبوو، وتبووی، هەر بگەمە پاریس یەکسەر دەچمە باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە پاریس، بۆیە ئەوەشی کردو هەواڵەکەی گەیاندە ئیسرائیلییەکان و چاوەروانی وەلام و بەرنامە لەسەرخۆییەکەی ئەوان بوو، بەلام دڵنیابوو کە وا ئیسرائیلیەکان ئەگەر سەرەداوێکیان کەوتەدەست، هەتا کۆتایی لەگەڵ داوەکە دەمێننەوەو داوەکە بەرنادەن. لەوێ یوسف منصور پرسیاری لێکردبوو:

(چی دڵنیامان دەکات کەوا ئەو خێزانە لەگەڵمان راستگۆن و هەتاسەر لەگەڵماندا دەبن).

جوزیف وەلامی دابۆوەو وتبووی:

(ئەو خێزانە هیچ جۆرە ئینتمایەکیان بۆ ئەو وڵاتەی خۆیان نییە، ئەوانە وا راهاتوون، ئەوانە رێزو گوێرایەلییان تەنها بۆ سامان و پارە هەیەو بەس، بۆ نمونە ئەگەر باسی بەخشینی نیو ملیۆن پاوەندی ئیسترلینیان لەگەڵدا بکەی، بەو پارەیە کارەکە دەکەن و زۆریش ممنون دەبن، سەبارەت بە منیش گەیشتنم بە ئیسرائیل هەموو هیواو داواکاریمە، ئەو تەمەنەی ماومە دەمەوێ لە ئیسرائیل بەسەربەرم، ئەوانیش لەوێ باشترین خەڵاتی شیاوم دەکەن).

****

پلانێکی دارێژراو

پاش هەفتەیەک مانەوەی لە بەغدا، یوسف منصور گەڕاوەتەوە ئەوروپا، لەوێشەوە بەرەو تەلئەبیب سەفەری کردبوو، کە راستەوخۆ سەرۆکی مۆساد مائیر ئامیت خۆی پێشوازیکردبوو، هەموو زانیارییەکانی کە لەبەغدا کۆیکردبوونەوە پێراگەیاندبوو، بە دڵنیاییەوە پێیوتبوو:

(من گەیشتوومەتە قەناعەت کەوا بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی مارۆنی لە بەغدا هەیە، کوڕە گەورەکەیان فڕۆکەوانی مێک 21ە).

پاش دوومانگ یوسف منصور گەڕاوەتەوە بەغدا، دیمانەی لەگەڵ جۆزیف کردووە، داوای لێکردبوو ماڵباتە مارۆنەکە با یەکێکیان بەزووترین کات بە ناوی چارەسەری نەخۆشی رەوانەی سویسرا بکات، لەوێ نوێنەری مۆساد پێشەکی پارەکەیان دەداتێ، لەکۆتایی کارەکەش ئەوان دڵنیادەکاتەوە کەوا نیو ملیۆن پاوندە کەی بە لێنیان پێدراوە وەردەگرن، کە جوزیف لەپێشەکی پارەکە پرسیاری کردبوو یوسف پێیوتبوو، پێشە کییەکە چارەکە ملیۆن پاوندێکە، جوزیف بە یوسفی وتبوو، ئەوەی من دەزانم منیر بە فڕۆکەوە ناچیتە ئیسرائیل هەتا دڵنیانەبێت دایکوباوکی لەوڵات دەرنەچن، باوکیشیان ئەوە ناکات تا پارەیەکی باشی دەسنەکەوێت.

لەبارەگای موخابەراتی ئیسرائیلی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە کۆبوونەوەکان بەردەوام بوو، پارەکەیان بە پارەیەکی زۆر دەزانی، بەڵام کالاکەی بە رامبەریشی شتێکی گەورەو فرە گرینگبوو، دیارە کەوا موخابەراتی ئەمریکیش فڕۆکەکەیان دەویست، بۆیە ئەگەری ئەوە هەبوو ئەوانیش بڕێک لە و پارەیە بدەن، بۆ ئەو مەسەلەیەو بەردەوامی بەرنامەکە، (ئامیت) دیمانەی (ئیسحاق رابین)ی کردبوو، کە ئەوکات سوپاسالاری ئیسرائیل بوو، پاشان هەردووکیان سەرۆک وەزیران (لیڤی ئاشکۆل)یان بینیبوو، ئەویش لە کۆبوونەوەی ناتەواوی

ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی وەرگرتبوو کە بەرنامەکە جێبەجێ بکەن و کارەکە ڕەزامەندی وەرگیراوە، لەو دیمانەدا باسی دووخاڵی زۆر گرینگ و بەیەخداری کردبوو، کە ئەمانەبوون:

یەکەم:

ئەگەر مۆساد توانی فڕۆکەیەکی مێک 21 لە وڵاتێکی عەرەبی بدزێت، ئەوا دەزگای موخابەراتی ئەمریکی و ئەوروپی شکۆو ڕێزی زۆری بۆ موخابە راتی ئیسرائیلی دەبێت، بەوەش کۆمەک و پشتیوانییەکانیان لە داهاتوودا زۆرترو گەورەتردەبێت، هاوکارییان بۆ هەموو تۆڕەکانی زۆرتردەبێت.

دووەم:

ئیسرائیل دە بێ کۆشش بکات سوودو ڕێنمایی پێویست لە دەزگاکانی موخابە راتی ئەمریکی وەرگرێت، چونکە ئەوان تۆڕو بەرنامەی زۆریان لەوڵاتانی عەرەبی و عێراقیش هەیە. دەزگای موخابەرات بەهەموو هێزو تواناوە کەوتەکارکردن، کارەکەو بەرنامەکەیان وا داڕشت کە ئەگەری نسکۆو فە شەلی تێدا نە بێت، کاری زۆریان بۆ سە رکەوتنی چالاکییەکە سازکرد، بۆیەش پێنج دەستەیان بۆ ئەو کارە سازکرد.

دەستەی یەکەمیان پێکهاتبوو لە (یوسف منصور)و شارەزایەکی لاسلکی، دە بووایەو ئەو دەستەیە بەبیانۆی کارکردن لە بەغدا بمێننەوە، بەردەوامیش پەیوەندییان بە بنەماڵەکەی جۆزیفەوە هەبێت.

دەستەیەی دووەمیش چوار کە س دە بوون، دە بوایە ئەوانیش لە بەغدابن، ئەوانە بەنهێنی چاودێری و پاراستنی دە ستەی یە کەم دە کەن، بە بێ ئە وەی یوسف منصوریش ئاگاداربێت، دە زگای موخابە راتی ئیسرائیل بۆکسی پۆستە یەکی لە بەغدا بۆ یوسف منصور دابینکردبوو، کە بەو بۆکسە پەیوەندییەکەی بەدەستەی دووەم دەبێت.

دەستەی سێیەمیش سێ کە س بوون، ئاودیوی بە غدا کرابوون، کارو بە رنامەیان ئەوەبوو بەئامێری گوێگرتن و چاودێری ئەلکترۆنی چاودێری ماڵە مارۆنییەکە بکەن، ئیسرائیل ئەو دەزگایەی لە موخابەراتی ئەمریکیەوە بۆ سازکرابوو.

دەستەی چوارەمیش شەش کەس بوون، ئەندامی موخابە راتی سەربازیی بوون، ئەوانە بەهاوکاری موخابەراتی ئێرانی ساڤاک لە کوردستان مانەوە، ئەوەدەمانەی سەردەمی شاەنشای لە عەرەش لادراوبوو، ئە و پە یوەندی بە ئەمریکاو ئیسرائیل زۆر پتە وو ستراتیژی بوو، ئە و دەستەیە دەبووایە لەگەڵ کوردەکان هاوکاربن بۆ دەرچوواندنی بنەماڵە مارۆنییەکە لە عێراق،

دەستەی پێنجەم و دەستەی شەشەمیش بارەگایان لە ئەهوازی ناو ئێران بوو، ئەوانیش کاریان ئەوەبوو بنەماڵەی فڕۆکەوانەکە (منیر رضا) لە ئێرانەوە بگەیێنە دەرەوەی ئێران.

هەر بۆ ئەو مەبەستەش تیمێکی دبلۆماسی رەوانەی ئەمریکاو تورکیاش کران، کارو بەرنامەکەشیان ئەوەبوو، ئەوان هاوکارو ئامادە بن ئەگەر فڕۆکەکە پێویستی بە نیشتنەوەی لەناکاوبوو، ئەوان مشووری راپەراندن و دابینکردنی پێویستییەکانی بۆ بخۆن. لەبەرئەوەی فڕۆکەکە بۆ گەیشتنی بە ناو خاکی ئیسرائیل بەسەر خاکی نەیاراندا دادەهات، بۆیەش هەموو پلانێکیان بۆ سەرکەوتن و بە سەلامەتی گەیشتنی فڕۆکەکە دانابوو. بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەو سەرکەوتنی مسۆگەری چەندلایەنی هەستیارو دەسرۆیشتوو لە ئیسرائیل و ئەمریکاو ئێران و تورکیا بەشدارو هاوکاربوون، لەوەدەمانەدا شای ئێران سەرپەرشتی هەموو بەرنامەکەی دەکرد، سووربوو لە سەرئەوەی یارمەتی و پشتیوانی ئیسرائیل بکات دژ بە ولاتانی عەرەبی، لەناو بنتاگۆنەوەش وەزیری بەرگری ئەمریکیش یەک بە یەک و بە وردییەوە چاودێری بەرنامەو پلانەکەی دەکرد.

*****

سەردانێکی بەنهێنی

کارەکان هەموو لەناو بەغدا نەبوو، راستە جوزیف چوار مانگ خەریکی رازیکردنی ماڵی باوکی فڕۆکەوانەکەبوو، بۆیە هەستیکردبوو کاری هەمەلایەن و زۆرتری دەوێت،کاتی زۆرتری دەوێت، لەولاشەوە موخابەراتی ئیسرائیلی و ئەمریکی بۆنی بەرهەمەکەیان کردبوو، دەیانزانی نیچیرەکە زۆر چەورەو لیکاویان بۆی دەهاتە خوارێ، بۆیەش زۆر سەرقاڵ بوون، سەرۆکی موخابەراتی ئیسرائیلی (مائیر ئامیت) لەسەرداواو پێشنیاری سەرۆک وەزیران، سەردانی واشنتۆنی کردبوو، لە وێ لەگەڵ سەرۆکی موخابەراتی ئەمریکی لەسەر سەرکەوتنی بەرنامەو پلانەکەیان دیمانەیان کردبوو، مێوانەکە داوای زۆرتر پشتیوانی و زەمانەتیان کردبوو. لەسەر ئەو داوایە فەرمان بە دبلۆماسێکی گەورەی سەفارەتی ئەمریکی لە بەغدا درابوو بەنهێنی لەگەڵ فڕۆکەوانە عێراقییەکە کۆببێتەوەو پشتیوانی خۆیانی بۆ دووپات بکاتەوەو لەترس و دڵەراوکێ دووریبخاتەوە، دبلۆماسە ئەمریکییەکە فڕۆکەوانەکەی دڵنیاکردبۆوەکەوا پلانەکەی سەردەوکەوێت و خێزانەکەشی بەسەلامەتی لە عێراق دەردەچێت، پاش تەواوبونی دیمانەکە کە زۆر بەنهێنی و لە شوێنێکی زۆر دەراسەتکراودا کرابوو، دبلۆماتە ئەمریکییەکەی ناو بەغدا گەڕایەوە واشنتۆن نەوەک بزاندرێت و ئاشکرابێت، ئەو لەگەڵ ئەو کەسە دیمانەی بووە.

بۆ تەواوکردنی بەرنامەکەو دارشتنی باشترین پلان، (منیر رضا)ی فڕۆکەوان لەگەڵ ژنێکی نازداری ئەمریکی گەیشتە پاریس، گوایە ئەو کیژە عاشقی بووەو وەک دۆستێک سەفەر دەکەن، لەشەوێکی مەستی و رابواردندا فڕۆکەوانەکە ئاگای لەخۆ نامینێت و بە ناهوشیارییەوە گەیاندرابووە ئیسرائیل، لەوێ دیمانەیان لەگەڵ (موردخای)ی سەرۆکی سوپای فڕۆکەوانی بۆ سازکردبوو، ئەوەش بۆ ئەوەبوو کە فشاری توند بخەنە سەر فڕۆکەوانەکە کە نەتوانێ لە فڕاندنی فڕۆکەکە پەشیمان بێتەوە، هەر لەو سەفەرەدا وێنەیان گرتبوو بە ناهوشیارییەوە لە شوێنی ناشیاودا، وێنەیان لەگەڵ گەورە ئەفسەرانی ئیسرائیلی پێگرتبوو، وێنەکان هەموو بەڵگەو هەڕەشەی توندبوون ئەگەر کابرا پەشیمان ببێتەوە چارەنووسەکەی دیارە دەگاتە کێندەرێ و پاشەرۆژی چی دە بێت، ئەگەر ئەو بەڵگانە بگاتە دەسەڵاتداری حکومەتی عێراقی دیارە فڕۆکەوانەکە بەتومەتی خیانەتی مەزن بێگومان لەسێدارە دەدرێت.

لەودەمانەدا فڕۆکەوانەکە لە رەوشێکدابوو کەس ئێرەیی پێنەدەهات، ئەگەر داواکەیان قبوول نەکات، ئەوە یەکسەر لە عێراق رووبەرووی پەتی سێدارە دەبێتەوە، بۆیە بەئاسانی کەوتە ناو باوەشی ئیسرائیل، بڕیاریدا چالاکییە کە بکات، پاش چەند مانگێک بەرنامەکە هاتە واری جێبەجێکردن، یەکێک لە خزمەکانی بەناوی چارە سەری پزیشکی گەیشتە سویسرا، بۆ فڕۆکەوانە مارۆنییەکە توانرا راپۆرتێکی پزیشکی لە نەخۆشخانەیەکی ناو بەغدای بۆ سازبکەن، کەوا دەبێ بۆ نەشتەرگەرییەک بگاتە لەندەن، بۆیەش دەبێ دایکی لەگەڵ کوڕەکەی وەک یاوەر سەفەربکات، دایکەکەش گەیشتە لەندەن.

ئەندامانی خێزانەکەش ئاسایی بوو بۆ پشودانی کۆتایی هەفتە سەردانی کوردستان بکەن، بە کرێگیراوانی مۆساد توانیان ئەوانیش بگەیێنە ئەهوازی ناو ئێران، لەوێش هیلکۆپتەرێکی ئیسرائیلی چاوەروانی دەکردن، رۆژی 15ی ئوگسستی ساڵی 1966 دەستکرا بە جێبەجێکردنی فراندنی فڕۆکەکە، فڕۆکەوانەکە لە بەیانییەکی زووی ئەو رۆژە لە دەرچوونێکی ئاساییدابوو، فڕۆکەیەکی مێک 21 ی لە ئاسمانی باکووری عێراق لەبندابوو، منیر لە بنکەی ئاسمانی شاری موسڵدا ئەو بە فڕۆکەکەی هەڵسا، هەر ئەوەندەی بەس بوو کە گەیشتە ئاسمان، لەوێ بەبێ ئاگاداری دەزگ‌روسیە چاودێرەکانی ناوچەکە، بەرەو سنووری تورکیان سووڕایەوە، لەوێ دەستەیەک فڕۆکەی ڤانتۆمی ئەمریکی لە پێشوازییدابوون، لە بنکەیەکی نهێنی سەر بە موخابەراتی ئەمریکی نیشتەوە، لەوێ سوتەمەنی پێویستی وەرگرتووە، لەگەڵ دەستەیەکی ڤانتۆمی ئەمریکی دووبارە فڕیوەتەوە، بەسەر دەریای ناوەراستدا بەرەو شوێنە دیارکراوەکەی ناو ئیسرائیل رۆیشتووە.

لەو رۆژەوە دەزگاكانی موخابەراتی ئیسرائیلی و ئە مریكی لەهەموو نهێنیەكانی ئەو فڕۆكە سۆڤیەتیە تێگەیشتن، ئەو نهێنیانەی ماوەیەكی زۆر ببووە مەترسی و جێگەی گومانی هەردوولا، بۆیەش ئیسرائیل لە شەڕەكانی داهاتووی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا لە 5 ی یونیۆی ساڵی 1967 واتە پاش دە مانگ، گورزی كوشندەیان لە مصرو سوریاو ئوردن وەشاند.

لەرۆژانی 2و 3ی سپتەمبەری ساڵی 2008 لە رۆژنامەی (الجریدة)ی كویتی بڵاوكراوەتەوە.

ژنە جاسووسێکی مۆساد
شفرەکانی لەناو لاپەڕەکانی قورئانێک دەشاردەوە.

ژنە جاسووسێکی مۆساد
شفرەکانی لەناو لاپەڕەکانی قورئانێک دەشاردەوە.

ئامینە داود المفتی لە عەمان لە ساڵی 1939 لەخانەوادەیەکی شرکسی موسلمان لەدایکبووە، ئە و خێزانە ماوەیەکی زۆربوو کۆچی ئوردنیان کردبوو و لە وێ دە ژیان، باوکی زێرینگرێکی دە وڵەمەندبوو، مامی پلە ی لیوای لە بەلاتی پاشایە تیدا هەبوو، دایکی ژنێکی رۆشنبیربوو، بەچەند زمانی بێگانە قسەیدەکرد، پەیوەندی و هاموشۆی بە ژنە ئورستقراتییەکانی ئوردن گەرم بوو. ئامینە کیژی گچکەی ماڵەوەیان بوو، لەهەموویان زیرەکتربوو، لەبەر زیرەکی و لێهاتووییەکەی ئارە زووی زۆری هە بوو، ئە گەرچی هە موویان لە ماڵەوە زۆر بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی باوی چواردە ورەیان بە سترابوونەوە، بە ڵام ئە و حە زی بە کولتووری خۆرهە ڵاتی نەدەکرد، حەزی لەئازادی و کرانەوەو بەرەڵایی دەکرد.

لەساڵی 1957 بۆ خوێندن ئامینە المفتي دەچێتە ڤیینا لەخانووی ژمارە 56 لەشەقامی (یۆهان شتراوس) چەند هە فتەیەک دە مینێتەوە، کە بەشی ناوخۆی بۆ کێژە خوێندکارەکانی لایدەو بێگانە دەکرێتەوە، لەو شوقەیە دەگوازێتەوە. لەبەشی ناوخۆدا لەگەڵ کیژێکی جوهانسبرگ بەناوی (جولی پاتریک) کە زۆر لە ژیانی ئە وروپادا شارە زادەبێت، د ەکەوێتە یەک ژوورە وە، جولی فێری جگەرە کێشانی دەکات، لە مامەلەکردن لەگەڵ کوڕانا هوشیارو ئاگاداری دەکاتەوە، باسی ئاووسبوون و منالّ لە بەرچواندانیشی بۆ دەکات، بۆیە لەکیژانی نزیکدەکاتەوە، تا دووربێت لە ئاژاوەو سە رئێشە لەگەڵ مێینە کانا هە وەس دە کات، بە وەش ئەو کیژە زۆرتر دەچێتەوە ناو کاری ناپەسندو بە درەفتارییەوە، لەو قۆناخەدا لە کۆت و پە یوەندییەکانی خۆرهەڵات دەربازی دەبێت، ماوەیەکی زۆر لە زانکۆی ڤیینا دەمینێتەوە. لەبواری دەروونناسی تەندروستی بەکالۆریس وەردەگرێت و بە نادڵی و بە بێزارییەوە دەگەڕێتەوە عەمان، بەڵام ئەمجارە رەفتارو هەڵسوکەوتی جیاوازەو بیری بۆ زۆر لایە ن دەفرێت، ژانەکانی ئاوارەیی و کۆتەکان و چاودێرییەکان، بەردەوام دەبێتە مەسەلەی بیرکردنە وەکانی، لە ودەمانەداو لە و رە وشە نامۆییەدا کۆنە دۆست و یە کەم خەونی کوڕە فەڵەستینیەکەی (بسام)ی بە بیردێتەوە، کە ماوەیەک لە گەڵ یە کدا بە ڵێنیان بەیەکدابوو، بە ڵام کە دەزانێت کوڕە کە ژنی هێناوە و ئە وەی لە بەرنامەدا نە ماوە، هە ست بە رووخان دە کات، لە ناو دەریای خە مدا دە تلێتەوە، بۆیە هیچ چارە ی نامینێت و بڕیاردە دات دووبارە بگەڕێتەوە وڵاتی نە مسا، بە بیانوی تە واوکردنی خوێندن و وە رگرتنی دکتۆرا سە فەری ئەوروپا دەکاتەوەو بە و هیوایە ی هە رگیز جارێکی تر نە گەڕێتەوە خۆرهەڵات. لەتەمەنی 23 ساڵییدا دەگەڕێتەوە نەمساو دەچێتە سەر ئاینی جوولەکە، بەژیانی ئەوروپاو ئازادییەکانی مەست و دڵشادە، بۆ ئەوەش کارکردن و خۆژیاندن دەبێتە بەرنامەی رۆژانەی، دیارە کەوا بایەخ نادات بەو پارە یەی کە مانگانە لە ماڵەوە بۆی دە هات، لە کارگەیەکی دروستکردنی یاری منالان کاردەکات، بە رێکەوت کیژێکی جوولە کە بەناوی (سارا بیراد) دەناسێت، بە یەکەوە ژیاون و

کاریانکردوە، هە ر بە یەکەوە هەوەسی سێکسیشیانکردووە ، لە گەڵ ئامینە هاوجووت بوون، بەیەکەوەش خولیای گرووپی هاپیزبوون کە لەودەمانە لە ئەوروپا زۆر باووبە رچاوبوو، کە لە خۆرهەڵات ئەو دیاردەیە بە (خنافس) دەناسرا.

رۆژێکیان ئەو لەگەڵ دەستەخوشکە جوولەکەکەی دەچێتە ماڵی باوکی کیژەکە، لەوێ چاوی بە (موشیە)ی برای گەورەی سارا دەکەوێت، خۆی پێراناگیرێت، سیحری نیگای، چوستی جولانەوەو ئاکارە سەرنجراکێشەکەی بەندی دەکات و ئامانی لەبەردەبڕێت. کوڕەکە ئەفسەرێکی فڕۆکەوان بوو بە پلەی نە قیب، حە وت ساڵ لە و گە ورەتربوو، پیاوێکی هە ست شاعیرانە بوو، شەیدای (موتسارت)و (بیزیە)بوو، حەزی بە قژرەشەکان بوو، پێیوتبوو من بۆ جوانی شۆخە کانی خۆرهەڵات دەسوتێم، لەیەکەم ژوواندا لەئامێزی ئەو پیاوە، تامی راستەقینەی زۆری بینیبوو، لەو رۆژەوە هەستیکردبوو تازە تێگەیشتووە هەوەس لە گەڵ رە گەزی مێینە دا تامی نیە ، بۆیە وتوویەتی، وا تێگەیشتم پیاوان چە ئارەزوو و خۆشییەکم دەدەنێ. ئەو لەناو گێژاوی ئەڤین چاک نقووم ببوو، بایە خی بەوە نەدابوو ئەو ژنێکی موسلمانەو ئەویش پیاوێکی جوولەکەیە، ئەو تام و خۆشییەکانی دە ویست. دیمانەو ژووانە حەرامەکانی زۆربوون، لە ئامێزی ئە و پیاوە دڵشادو سەرفرازبوو ، هیچی بە بیردا نە دەهات، تە نها رە حەتبوون و خۆشییەکانی ژیان، بۆ وا نە کات کەوتووتە ناو کۆمەڵگەیەک بایەخ بە پاکیزەیی و خاوێنی نادەن.

ئامینە بەو جۆرە 5 ساڵ دە مینێتەوە، لە بیری چووبوو بۆ چی هاتووتە ڤیینا، کە لە خوێندنا سە رنەکەوت موشیە ی دۆستی بڕوانامە یەکی دکتۆرای ساختە ی لە نەخۆشییەکانی دەروونناسی بۆ دروستکردبوو، ئەوەش لقێکە لە دەروونناسی تە ندروستی، بە و بڕوانامە یە لە سپتەمبەری ساڵی 1966 گەڕاوەتەوە عەمانی ئوردن، لەوێ هەموولایەک بەگەرمی پێشوازییان لێکردبوو، داوایانکردبوو شوو بە ئامۆزایەکی بکات، بەڵام ئەو داوای کردبوو، لە سەرم بوەستن تا نەخۆشخانەیەکی تایبە تی لە عەمان دە کەمەوە، جارێ ئە وەیان گرینگترە، بۆ وە رگرتنی مۆڵە تی کلینکە پزیشکییەکەی لەگەڵ وەکیلی وەزارەتی تایبەت بەو مۆڵەتانە کێشەیان لێ پەیدابوو، بۆیە لەلای وەزیری تەندروستی شکایە تی لە وەکیلەکەی کردبوو، ئە ویش بایە خی بەداواکەی دابوو، بڕیاریدابوو بە زووترین کات لە داواو گازاندە کەی بپێچنە وەو لێکۆڵینە وەی شیاوی بۆ بکە ن، لەسەرداوای وە زیرەکە لیژنە یەکی یاسایی بۆ پە سندکردنی بڕوانامە کەی ئامینە پێکهێنرابوو، لیژنەکە داواکاربوو با بڕوانامەکەی لە ڤیینا دووبارە مۆرو پەسند بکاتەوە، ئامینەش چاکی دەزانی بڕوانامەکەی ساختەیەو چاکی دە زانی ئەوەی لە ڤیینا لا مە یسەر نابێت، ئە گەر مە سەلەکەشی ئاشکرابێت خراپ و ناشیرین لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی دەکەوێتەوە، بۆیە بەرق و نارەزاییەوە، دیسان بەرەو ڤیینا سەر هەڵدەگرێتەوە، دووبارە بۆ نازو ئارامی دە گەڕێتەوە ناو باوەشی موشیەی کۆنە دۆستەکەی.

****

کە سوپا عەرەبییەکان لە ساڵی 1967 لەشەڕەکە دەشکێن و دووچاری نسکۆیەکی شەرمەزاری دەبن وە، ئەو زۆرتر رقی لە و رەگەزو نەتەوەی خۆی دە بێتەوە، بەشەرمەوە باسی عەرەببوونی خۆی دەکات، پەشیمانی خۆی لە هەموو شتێک بە عەرەبی گرێبدات رادەگەیێنێت، لەژووانی پڕ لە خۆشی و تاوانە وەدا، موشیە داوای دە کات شووی پێبکات، بێ دوودڵی و بەخۆشییەوە رازی دەبێت، ناوەکەی خۆشی دەگۆڕێت بەناوی (ئانی موشیە بیراد).

لەهاوینی ساڵی 1972 ئامینە بانگەوازێکی سەیر لە رۆژنامەیەک دەخوێنێتەوە، لە بانگەوازەکەدا هاتووە، کەوا ئیسرائیل داواکارە جوولەکەکانی ئەوروپا بۆ هاتنە ناو سوپای بەرگری ئیسرائیل بجولێنە وە، هەر لە بانگەوازەکەشدا ئاماژە بەوەدرابوو کەوا پلە و مووچەی شیاوو بەرزیان دەدەنێ، ئامینە بە خوێندنەوەی ئەو بانگەوازەو خاڵە هاندەرەکانی زۆر دڵشاددەبێت، زۆر بەگەرمی داوا لە موشیەی مێردی دەکات رازی بێت و بچێتە ئیسرائیل و لە سوپای بەرگرییدا بەشداری بکات، بە مێردەکەی وتبوو:

(دەسکەوتەکان بێجگە لە پارە، پاسپۆرتی ئیسرائیلی و خانوومان لەوێ دەدرێتێ).

ئەو وایدەزانی ئەگەر بەیەکەوە ئەو سەفەرەبکەن، ئەوە بەیەکجاری پشتی دەکاتەوەو ترسی نامینێت، بەڵام مێردەکەی چاوی لەوەبوو لەیەکێک لەکۆمپانیایەکانی فڕۆکەوانی مەدەنی کارێک بدۆزێتەوەو لەوێ وەزیفەیەک پەیدا بکات، بۆیە ئەو وتبووی:

(من چۆن بێمە ئیسرائیل لەوەدەمانەی وڵاتانی عەرەبی گەرمن لەشەڕکردنی ئەو وڵاتە، خۆیان چە کدارکردووە، خاکێک داگیرکراوە و عەرەبیش سوورن لە سەر وەرگرتنەوەی خاکە داگیراوەکەیان).

بەڵام ژنەکە بەرۆکی مێردەکەی بەرنادات و شەوو رۆژ لەبەری دەخوێنێت، پیاوەکە بەناچاری دەچێتە سەفارەتی ئیسرائیل و داوای رە زامەندییەکان دەکات، لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی 1972 بەیەکەوە بەفڕۆکەیەکی کۆمپانیای (العال)ی ئیسرائیلی دەفڕن، ئامینە کە ئێستا ناوەکەی بوویتە ئانی موشیە لە فڕۆکەخانی (اللد) بەشانازی و بەشکۆوە پێشوازییان لێکردبوو، مێردەکەی بەو پێشوازییە گەرمە لە ژنەکەی زۆر سەرسام دەبێت، دەڵێ دەبێ ژنەکەم یان ستارێکی سینەمایی ئیسرائیلە، یان لە بنەماڵەیەکی دیارو ناسراوی ئوردنە. پاش چەند رۆژێک ئامینە لەلایەن دەزگایەکی ئەمنییەوە داوەتکرا، لەوێ سەدان پرسیاریان لەسەر ژیان و رۆژانەو ماڵەوەیان لە ئوردن لێکردبوو، ناوی خزمەکانی، ناسیارەکانی، چۆن ئەو کوڕە جوولەکەی لە ڤیینا ناسیوە، ئەویش هەمووی بەدرێژی بۆ روون کردبوونەوە، لێیان پرسیبوو، ئێستا ئیسرائیل لەناو ویژدانی تۆ چی دەگەیێنێت، هەستی بەرامبەرو ئوردن و فەڵەستینیەکان چۆنە، لەوێ پێیوتبوون:

(من رقم لە ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستین و هەموو ڕێکخراوە فەڵەستینیەکانیترە، مەلیک حسین لە کاتی خۆی هە لەیەکی زۆر گە ورەی کردبوو لە ئوردن ە ە مووی نە کوشتن، ئەوانە رقیان لە کەمینە شرکسییەکانی ناو ئوردنە ، خانووەکانیان لێ دە ڕماندن، سامانەکانیان دەفەوتاندن، وایاندە زانی مامم کە لەکۆشکی پاشایەتی پلەی لیوای هە بوو، دەستی هەبوو لە کۆمەڵکوژییەکەی ئەیلولی ڕەشی ساڵی 1971، کە دەرحەق بە فەڵەستینیەکان لە ئوردنکرا).

****

موشیە کە پلەی رائیدی فڕۆکە وانی لە سوپای ئاسمانی ئیسرائیلی پێدرا، مە شقی ئاسمانی زۆرین پێکرد، لە دەرچوونە ئاسمانییە شەڕکەرەکان چاک شارەزابوو، لەکۆتایی ینایری ساڵی 1973 بە فڕۆکەیەکی سکای هۆک بەرەو بەرەی سوری فڕیبوو، لەیەکەم دەرچوونی زانیاری کۆکردنەوە فڕۆکەشکێنەکانی سوریا فڕۆکە کەیان خستبووە خوارەوە، لەورۆژەوە ناوی وەک ئەفسەرێکی گومبوو تۆمارکرا، چونکە سوریا وەک ئەفسەرێکی دیل ناوی ئەویان نەهێناو تەرمەکەشی نە دۆزرایەوە، ئەوان رایانگە یاند کە وا فڕۆکە کە بەفڕۆکەوانەکەوە لەئاسمانەوە سووتاوە. بەڵام ئامینەی ژنی بە قسەی سورییەکان بڕوای نە کردبوو، چەند رۆژێک بوو هاوارو فیغانە شێتانەی تە واو نە دەبوو، دووچاری هیستریابووبوو، لە کلینکی دکتۆر (کوبات حولیم هستدروت) دەنگیان لێبڕی، لەو رۆژەوە دەنگی نەماو هێمن بوو، پاش مانگ و نیوێک دە نگی کرایەوە، کەوتەوە قسەکردن، یەکەم قسە وتبووی:

(من گومانم لە بەیانی سورییەکان هەیە، من هە ستدەکەم و دڵنیام کە وا موشیەی مێردم ماوە و نە مردووە، لە ناو پووش و پە ڵاش خۆی شاردیتە وە، لە ئەشکەوتەکان خۆی ماتکردووە، ئەو فڕۆکەوانێکی بەتوانابوو، دەتوانی خۆی دەربازبکات، موشیە نەمردووە.!).

ژنەکە بێدەنگ نەبوو، بۆ دۆزینەوەی مێردە فڕۆکەوانەکە تەسلیمی واقیع نەبوو، داوای لە دەزگا بەرپرسەکان کردبوو سەردانی لوبنان بکات، لەوێش ئەو دەچێتە دمشق، دەبێ سۆراخی مێردەکەی بکات، پاش چە ندرۆژێک بە پاسپۆرتە ئیسرائیلییەکەی بە رەو ڤیینا فڕیبوو، لە وێ چاوی بە خانەوادەی مێردە جەرگسووتاوەکەی کە وبتوو، چە ندرۆژێک بۆ هە ڵمژینی بۆنی پیاوەکەو ئارامبوونەوە لەلای ئەوان مایەوە، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ موشیە لە قەراخ ڤیینا بەیەکەوە ژیابوون، سەردانی کۆنە هەوارەکەشی کردبوو، بۆنی پێڵاوو کتێبە کانی کردبوو، قەوانەکان و جلەکانی بۆنکردبوو، سارای کۆنە هاوڕێ و خوشکی مێردەکەی بەزەحمەت توانی رازی بکات لەو شوقە لاچەپە بێتە دەرەوە، بڕیاریدا شوقەکە چۆڵ بکات و بڕوات، بەڵام بۆ ڤیینا نا، بڕیاریدا جانتاکانی ببێچێتە وەو بە رەو فڕۆکە خانەو لە وێشەوە دووبارە بفڕێتەوە، پاسپۆرتە

ئوردنییەکەی دەرهێنایەوەو سەفەریکردووە، یەکەم هەواری لە فرۆکەخانەی بەیروت دابەزیبوو، لەیەکێک لە هوتێلەکانی بەیروت دادەبەزێت، لەکاتی سووڕانەوەکانیدا ژنێکی لوبنانی بە رەگەز ئوردنی بە ناوی (خدیجە زهران)ی لە بوتیکێکی جلوبەرگ فرۆشتن دە ناسێت، لە وێ چەند پارچەیەکی بە نرخی گران لێکڕیبوو، بە و شێوەیە سەرنجی بەڕێوەبەری ئەو بوتیکەی بۆ لای خۆی راکێشابوو.

خدیجە لەوێ شوقەیەکی لە گەڕەکی (عين الرمانة) بۆ ئامینە دەستنیشانکردبوو، لەو شوقەوە ئامینە دەستیکردبوو بە سۆراخی مێردە بێسەروشوێنەکەی، چەند سەفەری نێوان دمشق و بەیروتی کردبوو، ، بەڵام هیچی دەست نەکەوتبوو، لەکۆششەکانی فەشەلی هێنابوو، کە زانیبوو بەرهەمی نابێت، دەستبەتاڵ و دڵبەخەم و بەژانەوە گەڕاوەتەوە ڤیینا.

لە ژوورەکەی خۆی لە ڤیینا کەوتبووە داوی جاسووسیەت، بەیانیەکیان بە زەنگی تەلەفۆنیک بەئاگایان هێنابوو، لە تەلئەبیبەوە تەلەفۆنیان بۆ کردبوو، بۆ بەیانی سێ پیاو بە ناوی ئەفسەری ئیسرائیل میوانی ببوون، پێیانوتبوو، دەبێ تۆ بگەڕێتەوە ئیسرائیل سۆراخی میراتی پیاوە کوژراوەکەت بکەیت، تا لەگەڵ خانەوادەی مێردەکەوت و دەزگا رەسمییەکان لە ڤیینا یان لە ئیسرائیل کێشەت بۆ دروست نە بێت، دەبێ خۆت راستە وخۆ سەرپەرشتی ئەو مەسەلەیە بکەیت، چونکە میراتەکەو پارەی قەرەبوویەکەی دەگاتە نزیکەی نیو ملیۆن دۆلارو شوقەیەکی باش و چەند زەمانەتێکی پاراستنی زۆر باڵاو چاودێریشی لەگەڵدایە، بۆیە داواکاردەبن ئانی یان ئامینە هاوکاریان بکات تا کارەکانی بۆ راپەڕێنن، ئەویش بێ دوودڵی و گومان رازی دەبێت، ئەو ژنە بەپێوانەی موخابەرات ئەو لە جۆری نایاب و پلەی پێشەوە دەژمێردرا، بەپارەو سامان هەڵنەدەسەنگێندرا، ئەو ژنە عەرەبە نیشتیمان و مێردی لە کیسچووە، رەوشی دەروونی ئاڵۆزو پەشێوکاوەو دڵی مشت ترس و دڵە راوکێیە، لە ناو ئیسرائیل نە بێ هیچ نە واو هەوارێک نادۆزێتەوە، کە مۆکردن و دەستەمۆکردنی زۆر پێویستە ، تەنها بەچاندنی کەمێ رق دژ بە عەرەب کە مێردیان کوشتووە، ئەو پیاوەی بۆ ئەو ئارامی و ژیان بوو، دەتوانن دەستەمۆی بکەن، هەر بەوەشە کە دەتوانێت لەپاش مێردەکەی ئەو بژیتەوە.

ئیسرائیل دەستنیشانکردنەکەی راست دەرچوو، ئەو ژنە سێ رەگەزنامەی هەبوو، پاسپۆرتی ئوردنی و نەمساوی و ئیسرائیلی هەبوو، بۆیە زۆر بەرنامەو سازکردن و شاردنەوەو گۆڕینی کەسایەتی بۆیان کورت کردبۆوە، بەو شێوەیە دەتوانن ئەو بەئاسانی دژی نەتەوەکەیو وڵاتەکەی بەکاریبهێنن. ئەو ژنە داکەوتبوو، شلەژابوو، لاوازو بێهیوابوو، ئەو ئاینی و وڵاتەکەی هەرزانفرۆش کردبوو، شەرەفیشی نەمابوو، جلی داپۆشراوی شەرەف و حەرەمی داکەنیبوو، بۆیەش بۆ سێ ئەفسەرە میوانەکەی کە لە مۆسادەوە میوانی بوون، ئاسان و سانابوو رازی بکەن، دەیانتوانی لە ژێی لاوازییەکەی و رقی زۆری بۆ عەرەب و فەلەستینییەکان کام ئاوازیان بویت پێی بەژەنن، چونکە ئەوەی لە دەزگایەکی موخابەرات کاربکات پێویستی بە سۆزو دڵسوتان و ویژدان ناکات، کەسی دڵرەقیان دەوێت، کەسی لاوازو رووخاویان مەبەستە.

لەو رەوشەوە ئامینە تەسلیمی سێ ئەفسەرەکەبوو، سوکانی ئاراستەکردنی خۆی داوەتە دەست سێ ئەفسەرەکە، لە شوقەکەی خۆیدا لە ڤیینا مانگێک و چوار رۆژ مە شقیان پێکردبوو، زۆر کارە سەرەتاییەکانی جاسووسیان فێرکرد بوو، فێری وێنە گرتن و شوفرە و وە رگرتنی هەواڵەکان و چۆنیە تی رێزگرتنی هە ستی ئە منی و ناسینی جۆرە کانی چە ک و تە قەمەنییان کردبوو، فێری شووشتنەوەی فیلمی وێنەگرتنیانکردبوو، دوورکەوتنەوەو خۆشاردنەوە لە چاودێری و بە کارهێنانی تەقاندنی دەمانچەیان فێرکردبوو، لە ئیسرائیلەوە شارەزاییەکیان لە بەهێزکردنی بیرەوەری و هە ڵگرتنی زانیاری و کۆکردنە وەو لە بەرکردنی ژمارەو وتنە وەیان بۆ هێنابوو . لەو مەشقانەدا فیلمی سینە مایان نیشاندابوو، پاشان پرسیاری وردو چاوە رواننەکراویان لێکردبوو، وەک لێیان پرسیبوو، لە سەر مێزی خوانە کە چەند قاپ ر یزکرابوو، رە نگی پەردەکانی ژوورەکە چی بوو، لە ژوورەکەدا چەند لەمپا بەئاسمانەوە شۆڕکرابوونەوە، ئەو قاڵدرمە یەی لە ساڵۆنەکە سەردەکەوت چە ند پایە بوو. ئانی موشیە لەو خولە دا سە ردەکەوت و قۆناخە کەی بە جوانی و بەزیرەکی بڕیبوو، لە و رۆژەوە ئەو ژنە ئامادەبوو، دەیتوانی رووبەرووی دوژمنەکەی ببێتەوەو بۆ تۆڵەکردنەوە سازو ئامادەبوو، ئامادەبوو موستحیل بکات بۆ تۆڵە ی مێردە کەی، ئەوەی لە نزیک جۆلان و خوارووی لوبنان بێسەروشوێن بوو، ئەو ژنە کەوتە کارکردن، مۆساد بەرنامەیان بۆ دانا سۆراخی سەرکردایەتی بزاڤی رزگاریخوازی فەڵەستینیەکان بکات، ئەوانەی شەوورۆژ کۆمەڵگای ئیسرائیلیان هە راسانکردووە، بە ردەوام چالاکی گیانفیداییان ئە نجامدەدا، تە قینەوەو هێرشی کوشندەو زیان بە مۆلگەو شارە کانیان دە گەیێنن، دە بووایە بەدوای بوارو رێگای د ەربازبوونی فەڵەستینیەکان بۆ ناو خاکی ئیسرائیل بگە ڕێت، دە روازەکان بدۆزێتە وە، خاڵە چاودێرییەکان دەسنیشان بکات، بزانێت ئە و فیدائیانە لەکێ مە شق دە کەن، چە کە کانیان چە جۆرە، ژمارەیان چەندە، چە ند بە رگەی بە رهەڵستی و پاشقۆڵ لێگرت دە کەن، کۆگاکانی چە ک و تە قەمەنی و ئازووخەیان لەکێ دەشارنەوە.

****

ئامینە یان (ئانی موشیە) لەجوانترین گەڕەکی بەیروت لە یەکێک لە باڵەخانەکانی (الروشة) شوقەیەکی بەکرێگرتبوو، لە باڵکۆنی شوقەکەیەوە ئاسۆی پانی دەریای لێوە دیاربوو، ماڵەکەی ئەو لە قاوەخانە ناودارەکەی بەیروت (الدولشی فیتا) نزیک بوو، ئەو قاوەخانەیە شوێنی بەقەدەرو بەرچاوی هونەرمەندان و رووناکبیران و گەشتیاران و جاسووسان بوو. ئامینە رۆژانە لە پچرانی هێڵی تەلەفۆنەکەی زۆر بێزاربوو، بۆیە سەردانی هاورێیەکەی (خدیجة زهران)ی کردبوو تا چارەسەرییەکی بۆ تە لەفۆنەکەی بۆ بدۆزێتە وە. خدیجەش یەکسەر تەلەفۆنی بۆ (مانویک عساف)ی کارمەند لە دائیرەی تەلەفۆنەکان کردبوو، ئەویش بۆ بەیانی هەر زوو سەردانی شوقەکەی ئامینەی کردبوو، پێیو تبوو، ئەو ناوچەیە هەروایە بەردەوام تۆڕی تەلەفۆنەکانیان دەپسێت و پەکیان دەوکەوێت، بۆیەش کاری نوێکردنەوەیان لەسەرەو چارەسەریان دەکەن، منیش کۆششدەکەم بەهەموو جۆرێک چاومان لە تۆ بیت، ئامینەش بە ناوی بەخشیش و خەمخواردن لە کێشەکەی 50 لیرەی دەداتێ، ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ئەو لەگەڵیشی دەنووێت و جەستەشی دەداتێ، ئەو ژنە جاسووسە هەستیکردبوو نێچیرەکە خۆی بەئاسانی هاتووتە ناو دەستی، دە توانی بە هۆی ئەو ژمارەی تەلەفۆنی سەرکردەکانی فەلەستینی وەرگرێت، ناونیشانەکانیان بدۆزێتەوە.

دیارە کەوا پیاوەکەش لەبەرامبەر ئەو ژنە جوانەو ئەو جەستە پڕ شەهوەتە هەموو شتێکی بۆ دەکات، کابرا بەیەکجاری لەپێش ژنەکە چۆکی شکاو هۆشی نەماو گەرمارۆدراو بۆی نەکرا لەدەستی دەربازی بێت، یان بیر لە هەڵاتن بکاتەوە، تازە زەحمەتە دەست لەو مێینە نازدارە بەربدات، لەولاشەوە ژنەکە وەک جاسووسێکی کارامە و لێزان هەڵسوکەوتی کردووە، لەگەڵ رووخان و رووچونەکانیدا ژنەکە لە ئامێزی پیاوەکە تاوایەوە، کاری ژنە جاسووسەکان وایە، خۆی وا نیشاندەدات، ئەو زۆر رەحەتە، زۆر شەیدایەو خۆشییەکی بێسنوور وەردەگرێت، دیارە لەلای ئەوان سێکس کالایەکە بۆ وەسیلە نەک بۆ مەبەست، بەڵام ئامینە تووشی شۆک هاتبوو کە تێگەیشتبوو پیاوە دۆستەکەی ئەوانەی ئەو دەیەوێت دەستی بکەوێت بەو چارەسەر ناکرێن، ئەو مەرامەکانی ناپێکێت، ئەو فەرمانبەرێکی گچکەیەو بڕیاری پێنادرێت، بۆیە هەستی بەشەرمەزاری و نسکۆکردبوو، بەڵام دڵی خۆی داوەتەوەو خۆی ئیقناعکردووە کەوا ئەوەیان یەکەم ئەزموونیەتی، با لە و ئەزموونە سەرکەوتوونەبێت، گرینگ نییە، کابرا دە یویست لەبەرامبەر ژنە ئاگرینەکە بەوەفابێت، ئەوەی لەدەستی بێت بۆی بکات، بەڵام کارەکان هەموو لەبن دەستی (مارون الحایک)ی بەرپرسەکەی بوو، بۆیەش ئەو بەراستی داواکەی پێراگەیاندبوو، بەیەکەوە لەشوقەکەی خۆی سەردانی ئامینەیان کردبوو.

الحایک کابرایەکی مێبازو کەیفچی بوو، بەردەوام خەریکی تێرکردنی هەوەسەکانی بوو، بەردەوام گوێی لە تەلەفۆنی ژنانی شارەکە دەگرت و سۆراخی هەواڵەکانی دەکردن، وێڵی ژنی هەوەسبازو نوێ بوو، ئامینە کە ئەو پیاوەی بینیبوو، زانی هەموو زانیارییەکان بەو کەسە بەئاسانی پەیدادەکات، زوو جەستەی تەسلیمی ئەو پیاوەکردو لەگەڵی نووست، الحایک وا بۆی شێت و شەیدابیوو هەموو پرسیارەکانی وەڵام دەدایەوە، توانی ژمارەی تەلەفۆنی هەموو سەرکردە فەڵەستینیەکانی لە بەیروت بۆ بپەیدابکات، ناونیشانی هەمووانی لە گەڕەکی (الريحانة) کەوتە بن دەست، بەهۆی پۆستی تایبەتی مۆسادەوە ئامینە راپۆرتی بە زانیاری زۆرەوە لە بەیروتەوە رەوانەی مۆسادی دەکرد، لەبەرڕۆشنایی ئەو راپۆرتانەوە مۆساد رێنمایی و داوای تری مەبەست بوو، دەیویست ناونیشان و ئاکاری شێوەو ژمارەی تەلەفۆنی نوێنەرە فەڵەستینییەکان لە ئەورووپا وەرگرێت، دیارە ئەوەشی تەنها لە نووسینگەی تایبەتی یاسر عەرەفاتەوە دەست دەکەوت، یان بەهۆی سەرۆکی دەزگای موخابەراتەکەیان (علي حسن سلامة)ەوە دەبێت، ئەوەی (گۆڵدا مائیر) ناوی نابوو، ئەمیرە سوورەکە، چونکە ئەو پاڵەوانی کوشتنی 11 ئیسرائیلییەکەبوو کە لە شاری میونشینی ئەڵمانیا روویدابوو.

****

علي حسن سلامة

لەمانگی یونیوی ساڵی 1973 ژیان لە بەیروت زۆر خۆش بوو ، لە رۆژانی کۆتایی هەفتەدا کیژە جوانەکان بە ناو هوتێلە گەشتیارەکان وە ردەبوون، ئە و نازدارانە لە یانەکان سەربەستانە دەسووڕانەوە، لە گەرماوەکان و مە لەوانگاکان خۆیان جوانترو ناسکتر دە نوواند، بەخۆشییەوە لەو گۆڕەپانانەدا یاری گۆلفیان دەکردو بە یاری تنس سەرقاڵ و کامەران دەبوون، شەوانە تا بە یانی لە دیسکۆکان سە مایان دە کرد، لە پێشبرکێیەکانی بە حوشتر ژنی شۆخ بەرچاودەکەوتن، لە ناو ئە و رە وشە جوانەو مە ستانەدا (علي حسن سلامة)ش جاروباریش بە یاوەری (فتحي عرفات)ی برای (یاسر عرفات)و سەرۆکی کۆمەڵەی مانگی سووری فە لەستینی بەشداردەبوو، کە (جۆرجینا رزق) بە شاهی جوانی لوبنان و جیهان هە ڵبژێردرا، سلامة لە رووداوو دەنگۆیەکی مەزن ئەو کیژە جوانەی بۆ خۆی فڕاندو مارەیکردو بووە هاوسەری، بۆیەش کیژانی ناو لوبنان زۆر شەیدای بوون، بە ڵام ئە و لە جوانی تێربوو، جوانترین کیژی لوبنانی هەڵبژاردبوو، بۆیە پێویستی بە نازو جوانی تر نە مابوو. دیارە ئەو پیاوە لەلایەن موخابە راتی ئیسرائیلییەوە چاودێری وردی دە کرا، بەڵام شێوەیان نە دەزانی، وێنەی ئەویان نە بوو، بۆیە ش زۆرجار کۆشش بۆ کوشتنی سلامة فەشەلی دەهێناو نەیاندەتوانی بیپێکن.

ئەوەی لە مۆسادە وە لە ئامینە داواکرابوو ئەو بگاتە بنکەو حە شارگەکەی ئە و، لە وێ زانیاری لە سەر زۆرترین ئە ندامانی سە رکردایەتی و نمایندە کانی موخابە راتی فە لەستینی لە ئەوروپایان بۆ وە رگرێت، بۆیە ش (سلامة) کەسێک و نێچیرێکی زۆر گرینگ بوو، چونکە ئەو کەسی دە ستەراستی (یاسر عرفات)بوو، بە رپرسی پاسە وانەکانی بوو، پاشان کرابووە سەرۆکی ئەمن و موخابە راتی سە ر بە رێکخراوی (الفتح)و هێزە کانی پاسە وانی ناوخۆ، کە ناوەکەیان گۆڕیبوو بە هێزی 17، ئەوە هێزەیە کە عرفات بەناوی قەیسەری رۆمای کۆنی کردبوون.

گەیشتن بە لیستی ناوە کانی سە رکردایەتی فە لەستینی و ئە ندامە دیارەکانی رێکخراوەکەیان لە ئەوروپا کارو چالاکییە کی گرینگ بوو، پێویستیان بە وە هەبوو، تا بـتوانن پەیوەندییەکانیان لە ناو بە یروت لە یە ک بپچرێنن، لە یەکتریان داببڕن، لە ئەوروپاو جیهانیان بکەنەوە. لێرە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لە جیاتی کوشتنیان، دە یانەوێت دەست بە سەر دۆسیەو بەڵگەنامەکانیان دابگرن؟ کارو راسپاردەکەی ئامینە لە بەیروت ئەستەم و زەحمەت بوو، ئەگەر ئەوەی پێ جێبە جێکرا ئە وە دەبێ ئیسرائیل چە ند پە یکەری رێزو شکۆی بۆ دابنێت . لە

دیمانەیەکی بە سۆزدا لە گەڵ (الحایک) لەشوقەکەی خۆی، ئامینە پرسیاری (عرفات)و (آبو آیاد)و کەسانی تری لێکردبوو ، ئەویش لە وەڵامی ئامینەدا الحایک وتبووی:

(من، ئەوانە کەسیان ناناسم!).

پاش ئە و رۆژە ش بە ردەوام الحایک تامی شیرینی لە جەستەی سۆزداری ئامینە وەردەگرت، بەڵام ئەو کە زانیبووی الحایک، کەسێکی وەک سلامة دەناسێت و دەزانی دەچێتە کام هوتێلیش، پارە ی بۆ هەڵدەرێژێت و مە سرەفی زۆری لێدە کات، بۆیە بەیەکەوە چەندجار دەچنە هوتێلی (کۆرال بیتش) تا پیاوە سامناکەکەی موخابەراتی فەڵەستینی بناسێت و رووبەروو ببینێت، ئەوەش ماوەیەکی زۆری خایاند، کابرا شە وانە لەگەڵ ئەو ژنە جاسووسە دەنووێت و پارەی دە خوات بە بێ ئە وەی سلامة ببینن، ژنە کە هەست بە نسکۆو شکان دە کات، بۆیە بیردەکاتەوە بە نائومێدی بەیروت جێبهێڵێت بە رەو ئیسرائیل سە فەربکات، بە لام لە ناکاو بیرۆکەیەکی بۆ هاتبوو، دە بووایە ئە وەشیان زۆر خێرا جێبە جێی بکات، بۆیە شوقەکەی بۆ (کورنیش المزرعة) گواستووتەوە شوێنکی ناو گەڕەکێکی میللی، کە خەڵکی ئوردوگاکانی فەڵەستینی لە بەیروت زۆر رووی تێدە کەن، زوو لە وێ پە رستیارێکی فە لەستینی بە ناوی (شمیسة) دەناسێت، کە لە کلینکی تەندروستی (صامد) لە خیوەتگای (صبرا) کاریدەکرد، بەو نێچیرە زۆر دڵی خۆش بوو، شمیسة بە بەرێوەبەری کلینکەکەی ناساندبوو، لەوێ بەرێوەبەرەکە وتبووی:

(ئێمە دکتۆری بێگانە مان زۆرە کە بەخۆرایی کارو خزمە تگوزاری بە و ئاوارە فەڵەستینیانە دەکەن).

بۆیە داواش لە و دە کات لە لای ئەوان کاربکات، ئە ویش رە زامەندییان پێدە لێت، بڕوانامە ساختەکەیان دە داتێ، ئە ویش پێیدە لێت، چاوە روان بکە تا لە سەرووی خۆمە وە رەزامەندیم بۆ دێتە وە، لە کۆتاییدا ژنە جاسووسەکە دەگاتە خەونەکەی خۆی و دە ستی لە فەڵەستینییەکان گیردە بێت و ئاسان دە چێتە ناویان، لە وێیەوە قۆناخی فراوان و گرینگی جاسووسییەکەی دەست پێدەکات.

****

لە رۆژی 22 ی یولیوی ساڵی 1973 ئامینە لە شوقەکەی خۆیدابوو، مارون الحایک تەلەفۆنی بۆ کردبوو، پاش ئە وەی چە ند وشە یەکی بە گوێیدا چرپاندبوو سە ماعەکەی داخستبۆوەو یەکسەر تەلەفزیۆنەکەی پێکردبوو، بێژەرەکە هەواڵی گرتنی گرۆپیکی شەش کەسی

ئەندام لە مۆسادی لە ئۆسلۆ بەتومەتی کوشتنی (گرسۆن)ێکی مەغریبی بە گوللە بڵاودەکردەوە، کە یەکێکیان ژن بوو، الحایک و ئامینە وایانزانیبوو، ئەوانە ئەندامی تیمێکن بە ناوی (الرمح ــ تیر) کە لە ئیسرائیلەوە بۆ کوشتنی علي حسن سلامة رۆیشتوون، بۆیە بەو هە واڵە زۆر شپرزەببوون، ئەو بیری لە وە کردەوە، ئەوان چۆن پلان بۆ کوشتنی ئەو دەکەن، لەولاشەوە من رادەسپێرن سۆراخی بکە م، کە واتە سۆراخەکەی منیان بۆ چییە ، هە ستی کرد گە مەکە لە بیرکردنەوەی ئە و گە ورەترو دژوارترە ، پرۆسە کانی موخابە رات و سیاسییە کان زۆر ئاڵۆزو فرەرەهەندن ، ئەو لەپاش کوژرانی مێردەکەی یەکەمجاربوو هەستی بە خۆشی ژیان کردبوو، بۆ بەیانی لە گەڵ مارۆن الحا یک چوونە هوتێلی کۆرال بیتش، بە کلۆفەوە شەیدای دۆزینە وەی سلامةبوو، لەناکاو الحایک رووی ئامینەی وەرگێرایە لای ئەستێلەکەی مەلەوانی و پێیووتبوو:

(ها ... ها ئەوەیە علي حسن سلامة، سەیری کە ئەوە خۆیەتی!).

بەوە دیمەنە ئامینە دووچاری شۆک و سە رسوورمان هاتبوو. لەودەمانە تەمەنی سلامة تەنها 33 ساڵ بوو، وە ک کەسێکی سپۆرت و قۆز دیاربوو، تازە شاهی جوانانی جیهان جورجینا رزقی ناسیبوو، کیژە کەش تە مەنی 21 ساڵ بوو، لە خانەوادەی ماڵی کریستیانە کانی بەیروت بوو، دایکی هەنگاری و باوکی لوبنانی بوو، لە تەمەنی 16 ساڵیدا وەک شاهی جوانانی لوبنان هەڵبژێردرابوو، پاش دوو ساڵ جوانییەکەی لەسەر ئاستی هە موو جیهان دە نگی دایەوەو بە شاهی جیهانیش هەڵبژێردرا، ئەو تاقە کیژی وڵاتانی عەرەبی بوو بەشداری پێشبڕکێی (میامی بیتش) کردبوو، بەوەش خاتوو رزق بووە ، خاتوونێکی ناسراو لە هەموو جیهان، هە موو پیاوێک خەونی پێوە دەبینی، کیژەکە بە قژە رەشە درێژەکەو بەژنە زراڤەکەو دوو چاوە کەسکەکانی و جەستە سیحراوییەکەی و جوانیە کەی، هەموولایەکی سەرسامکردبوو. ئەو دەمانە (جیمی کارتر) حاکمی وڵایە تی جورجینابوو، پێش ئە وەی ببێتە سەرۆکی وڵایە تە یەکگرتووەکانی ئە مریکا، شانازی بەوەکردبوو کە لەگەڵ ئەودا بە فستانە رەشەکەی وە ک شاهی جوانانی جیهان وێنە ی دەربچێت، ئە و نازدارە ی جیهان، بە ماسولکەکانی گە نجێکی وە رزشوانی وە ک سلامة سە رسام ببوو، ئەویش دڵی بۆی لێدەدا.

ئامینە لەدوورەوە چاودێری سلامةی لەحەوزەکانی مەلەوانی دەکرد، وێنەی ئەو کارەی لە خەیاڵی خۆیدا رە سمکردبوو. سەردانی بۆ هوتیلی کۆرال بانیتش زۆرترکردبوو، هە فتانەو بەردەوام دووجار دەچووە ئەو هوتێلە، لەوێش سلامة ئە وی دەبینی، بەبزەو جوانیە ئاساییەکەی مەست ببوو. تا رۆژێکیان کە گەیشتووتە ناو هوتێلەکە لەجیاتی ئەوەی بچێتە ژوورەکەی خۆی، لەسەر خوانەکەی ئامینە لای دابوو، دەستی لەسەر کورسییەکی بەرامبەری دانابوو، کەمێ پشتی نەوی کردبوو، هە ر بە پێوە چەند پرسیارێکی لێکردبوو، کە مێک بە پێوە وەستابوو، بەڵام پاشان کورسیەکەی راکێشابوو، لە بەرامبەری بۆ ماوە ی نیو سە عاتێک دانیشتبوو، بەو دانیشتنە هەموو دەرگا داخراوەکان بۆ ئامینە کرانەوەو بووە جێگەی سوای فە ڵەستینیەکان، پە یوەندی بەهەموو

سەرکردە فەڵەستینیەکان پە یداکرد، تا گە یشتە یاسر عرفاتیش، تا وای لێهات گە یشتە ناو ریزەکانی ڕێکخراوە کانی فە ڵەستینی، ئە و برینە کانی سارێژدە کردن و ورە ی بە رزدەکردنەوەو هانای دە دان بۆ خە باتی بە ردەوام، بە ردەوام سە ردانی خیوە تگەی فەڵەستینیەکانی لە باشووردەکرد، لە گەڵ تیمە خۆبەختکەرەکان کاریدە کرد، بواری درابوو بچێتە ناوچە سنووردارەکانیش، چاوەکانی کردبوو کامیرا، چە ندین وێنەی دە گرت و هە مووی هەڵدەگرتن، گوێیەکانی هەموو دەنگەکانی وەردەگرت، هوش و بیری وە ک هێزو ئامێرێکی مە زنی لێهاتبوو، بەرگەی زۆرترین زانیاری دە گرت، وا راهاتبوو دە یتوانی هە موو دیمە ن و زانیارییە کان کۆبکاتەوە، هەمووشیان بکاتە نەخشەو بەوردی دووبارە دروستیان بکاتەوە، لەناو لەبەرکردن و ناسینەوەی شوێنە کان نمونە ی نە بوو، بە ئاسانی جۆرو ناوی چە کەکان فێربوو، دە یزانی چۆن مەشقدەکەن و بە کام چە ک مە شقدەکەن، کۆششی بە ردەوام بوو هە موو زانیارییە پێویست و گرینگەکان بۆ ئیسرائیلیەکان لە ناو لوبنان کۆبکاتە وە، لە نووسینگەی خۆیدا سێجار سەردانی یاسر عرفاتی کردبوو، لە وێ باسی کە موکوڕی و گە ندەڵی و گرفتە کانی باشوری لوبنانی بۆ کردبوو، سەرۆک عرفاتیش بایەخی بە پێشنیارو راسپاردەکانی دابوو، بەوردی گوێ لە قسەکانی شلکردبوو، لە سەر داواو پێشنیارە کانیشی زۆر گۆڕان و فە رمانیشی دە رکردبوو، هە لەکانی هێزەکانی بە رگری لە باشووری بۆ باسکردبوو، بۆیە ش نووسینگە کەی سە رۆک بۆ ئامینە لەسەرپشت بوو، بەردەوام دەیتوانی سەردانی بکات.

****

رۆژێکیان ئامینە لە قاوەخانەی (الدولشی فیتا) لەسەر کە ناری (الروشة)ی کە پێچەکانی زۆر سیحراوین دانیشتبوو، قاوە ی دە خواردەوە، لە بەردەم ئە و جێبێکی سە ربازی راوەستاو سێ سە رباز بەپەلە لە ئوتومبێلەکە دابەزین، سێ پیاوە کە فەڵەستینی بوون، بە خێرایی هاتنە لای ئامینە، داوایان لیکرد لەگەڵیان بێتە خیوەتگەی (شاتیلا)ی ئاوارەکانی فەڵەستین، لەوێ تیماری چەند برینداریکی فەڵەستینیان بۆ بکات، کە لەئەنجامی بۆمبابارانی فرۆکەکانی ئیسرائیل برینداربیوون. کە لەنەخۆشخانەکە تەواوبوو، بۆ سە فەرکردنی بۆ ڤیینا داوایکرد بواری بدە ن بڕوات، پێیوتبوون، سەفەردەکەم بۆ ناو تۆمارکردنە لە یەکێک لە کۆمەڵەکانی منالپارێزی دەوڵی! لەوێ ئامینە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە سادەترین پرنسیپی نهێنی پاراستنی جاسووسیەت، بەئاشکرا دەیووت، من تۆڵەی کوشتنی موشیەی مێردەکەم لەو فەڵەستینیانە دەکەمەوە، رۆژانەو بێرەحمانە تۆڵەی خۆم لەو بکوژانە دەکەمەوە، زۆر باسی پرۆسەی کارەکانی خۆی لە بەیروت بۆ کردبوون، بە پاسپۆرتە ئیسرائیلییەکەی لەگەڵ کۆلێ خەمەوە سەفەری تەلئەبیبی کردبوو، ئەو لە ئیسرائیل برادەرو هاورێی نەبوو، تەنها لەناو مۆسادا چەند کەسێکی دەناسی، بەسەرسامییەوە هەستیان بەو ژنە کرد کە هیلاکە، داوایان لێکرد کە مێ لە شوقەکەی خۆییدا پشووێ بدات، لە و رەوشەدا

دکتۆرێکی جووله کەی بە رەگەز عێراقی کە ناوی (زهیرة)بوو بۆ رێنمایی تە ندروستی لە شوقەکەی لە گەڵیدا مایە وە، بە دکتۆرەکەیان وتبوو، باسی کۆتایی هێنانی کارە کەی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵدا ناکەیت. دکتۆرەکە تەنها بۆ ئە وە دانرابوو خەمۆکییەکی بەرەوێتێتەوەو دڵی بداتەوەو بۆ ئە وەش بوو تا ماوە یەک ببێتە هاودەمێکی ناسک . دکتۆرەکە باسی کۆمە ڵگەی جوولەکەی عەرەبی بۆ بکات، کە لەچەندین وڵاتانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو ئیسرائیل، ئەوانە چۆن لە و ژینگە یە راهاتوون، چۆن لە گەڵ کولتووره جیاوازەکان راهاتوون، ژنە کە باسی ئە و خێزانە کریستیانە عەرەبانەی بۆ دە کرد کە لە وڵاتانی عەرەبییەوە بۆ ئارامی دووردە کەونەوە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، بۆیەش هاتوونەتە ئیسرائیل و ژیانی ئێرەیان هەڵبژاردووە، لەوانە نەقیبی فرۆکەوانی کریستیانی عێراقی (منیر رضا) کە فڕۆکەیەکی مێکی 21 ی شەڕکەری سۆڤیەتی لە عێراقەوە فڕاندبووە ئیسرائیل، کە دکتۆرەکە بەسەرەاتی ئە و فڕۆکەوانەی بۆ ئامینە گێڕاوەتەوە، ئامینە بە (زهیرة)ی وتبوو، حە زدەکەم ئە و کە سە ببینم، ئەویش داوای لە کەسانی بە رپرس کردبوو، کەوا ئە و ژنە داواکارە فڕۆکەوانەکە ببینێت، کە وتبوویان ئاساییەو دە توانی بیبینێت، بەرەزامەندییەکە زۆر سەرسام بوو، زۆریشی لا سەیربوو، کە داوای دیمانەی کردبوو لەبەر ئەوە نەبوو کەوا ئەو کەسێکی عەرەبەو دەیەوێت پیاوێکی عەرەب بناسێت، ئەو داواکاربوو بەسەرهات و رۆژانەی چالاکییەکی ئەو باش ببیستێت. رۆژی دیمانەکەیان دیارکراو کە لەدەرگای ماڵەکەی ئەوانی دابوو، منیرو ژنە کەی بەبزەیەکی خۆشەوە دەرگایان لە ئامینەکردیتەوە، لەودەمانە منیر تەمەنی 38 ساڵان بوو، قژی سە ری زۆری هە ڵوەریبوو، لە ماڵەکەو لە خاوەن ماڵە کەش دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیان پێوەدیاربوو، منیر پێیوتبوو:

(سەرەتا بە قۆناخێکی ناخۆش و تە نگدا ژیانمان بە ڕێکرد، زمانی عبریمان نە دەزانی، برادەرو هاوڕێمان نە بوو، بێ کارو بێ بە رنامەبووین، بەردەوام پیاوێکی ئاسایش وە ک سێبە ری خۆی بە دواوەمانەوە بوو. ماوەیەکی کورتیش لە سوپای بە رگری کارم کردووە، ئێستاش وەکالەتێکی پرۆپاگە ندەی شیاوو گە ورەی رووناکیم بە ناوی خۆم هە یە، ژنە کەشم وە ک بەرێوەبەرو بەرپرسی پەیوەندییەکان کارم لەگەڵدا دەکات.!).

ئامینە ئەو دیمانە یەی بە هەڵزانیبوو پرسیاری ئە وە لەو فڕۆکەوانەکە بکات، کەی و چۆن فڕۆکەوان لە دەربازبوون بە پەڕەشووت لە ئاسمانەوە فەشەڵ دەهێنێت و رزگاری نابێت، بۆ فڕۆکەوانی بەئەزموون ئەوەی پێناکرێت، پرسیبووی، دەکرێ فڕۆکەی سکای هۆکی ئەمریکی ببێتە گۆڕی مردن بۆ فڕۆکەوانەکە، نابێ دەربازی بیت...؟

ئەویش بەوردی باسی فڕۆکە ی سکای هۆکی بۆ دە کات، ئامینە چاک حالی دە کات، کەوا ئەو جۆرە فڕۆکانە کورسی دوو بەشی تێدایە کە لەکاتی تەنگانەدا فڕۆکەوانەکە فڕێدەدات و دووریدە خاتەوە، ئەگەر فڕۆکە کە مەترسی کوشندە ی گە یشتێ، ئە و فڕۆکە یە دەتوانی

فڕۆکەوانەکە بە کورسییەکەیەوە لە بەرزی سفرو لە خێرایی سفریش کارەکە بکات، کورسییەکە لە جۆری دو گلاس ئاسکاباکی (A_ C3)یە. کابینەی سەرکردایەتی پێشەکەی و پشتەوەی و باڵی چەپی گوللە نایبڕیت، پانی پۆلاکەی 18مم دەبێت. منیر لەدرێژی قسەکانیدا بۆ ژنەکە دەڵێت:

(دەبێ موشیەی مێردت بە مووشەکی جۆری سام 6 پێکرابێت، ئەگەر واش بیت ئەو ئێستا لەلای سورییەکان دیلەو بەزیندووی گیراوە، ئەگەر بە مووشەکی جۆری (atoll) ئاسمان / ئاسمانیش لەلایەن سورییەکان پێکرابێت و مووشەکەش بە کابینەی سەرکردایەتییەکەی کەوتبێت، ئەوە فڕۆکەکەی تەقیوەو فڕۆکەوانەکەی مێردیشت بۆی نەکراوە دەربازی بێت).

ئامینە ئەو قسانەی زۆر بیستبوو، قسەکانی منیری فڕۆکەوانی عێراقیش وەک قسەکانی پێشوو بوون، لە وەڵامەکەدا وەڵامی ئەو پرسیارەی ئامینە نەدرایەوە، ئەگەر مێردەکەی لە ژیاندا ماوە یان نەماوە، دەبێ بە زیندوویی لەلای سورییەکان مابێت؟ یان لە ئاسمانەوە تەقیوەتەوە؟ ئەگەر لە ئاسمانیش تەقیوەتەوە ئەوا لەو حالەتەدا دەبێ پارچەکانی لەناو خاکی سوریا بدۆزرێتەوە، دیارە سورییەکان ئەوە رادەگەیێنن کەوا فڕۆکەیەکیان تەقاندیتەوەو پارچەکانی کەوتوونەتە خوارەوە، بەڵام ئەوان هەواڵی دۆزینەوەی پارچەکانی جەستەی خۆی و فڕۆکەکەیان رانەگەیاندووە.

ئامینە بەهەمان بەرنامەی خیانەتەوە لە 3ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1973 بەرەو ڤیینا لە ئیسرائیلەوە بەڕێکەوت، نوێنەرەکی مۆساد پاسپۆرتە ئیسرائیلییەکەی لێوەردەگرێتەوەو پاسپۆرتە ئوردنییەکەیان داوەتەوە دەست، بۆ بەیانیش پلیتی فڕۆکەی گەشتیان بۆ بەیروت لە دەست ناوە. بەیانی زوو بە هیوای تۆڵەکردنەوەی مێردەکەی دووبارەو بەخۆشیی و بە هیواوە بەرەو کارەکەی گەڕاوەتەوە، لەو سەفەرییدا رادیۆیەکی مارکەیەکی ناسراوی باشی جیهانیشی پێبوو، بەڵام لە راستیدا ئامێرێکی بێتەلی پێشکەوتوو بوو، وا دروستکرابوو کە بەکەس ئاشکرا نەبێت و گومانیشی لێنەکرێت، لەناو جانتاکەی دەستیشی قورئانێکی پیرۆزی تێدابوو، چەند لاپەرەیەکی قورئانەکەیان قرتاندبوو، لە جیاتی ئەو لاپەرانە شوفرەکەیان بۆی لە جیاتی لاپەرە قرتاوەکان دانابوو. لە سەعاتەکانی یەکەمی رۆژی 6ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1973 ئامینە بە ئامێرە بێتەلیەکەی دەستی، یەکەم ئیشارەتی بەرەو تەلئەبیب رەوانەکردبوو، (ئار.کیو.ئار.وصلت بسلام..الآمیر الحمر في اوروبا ... (ئار. کیو. ئار. بە سەلامەتی گەیشتم... ئەمیرە سوورەکە لە ئەوروپا...)

من ئەفسەرێکی فەڵەستینیم بەناوی (آبو ناصر) ناسیووە... مارون الحایک وەعدی داوە بمباتە باڵەخانەی بەریدی ناوەندی... بەنهێنی (جۆرج حبش) سەردانی تونسی کردووە، پیاوەکانی ئەو حەوت پیاوانی (حواتمە)یان کوشتووە... آبو عمار سەرمای بووەو لەماڵەوە نەهاتووتە دەرەوە، لەرۆمانیاوە بەنهێنی بارێک دەرمان گەیشتووتە سەرکردایەتی...کەماسیمان لە ئەنتی بیوتکس هەیە.. لەگەڵ رێزم.

مۆساد ئەو نامەی ئامینە بەبایەخەوە وەرگرت، بەو نامەیە مۆسادی کامەرانی و ئارامی کردبوو، نامە کەی رە وان و راستبوو، شوفرە کانی هیچ هەلەی تێدانەبوو، هە واڵەکانیش زۆر گرینگ بوون، زوو نامە کەیان رەوانەی بەشی لێکۆڵینەوەو بەداچوونەوەکردبوو، زۆری نەخایاند ئامینە یەکەم نامەی لە ئیسرائیلەوە بەدەست گەیشتوو، لە نامە شوفرەکەدا نوسرابوو.

(پیرۆزە پێگەیشتی... بایەخ بە چالاکییەکانی ئەمیر بدە ..آبو ناصر زۆر پیسە زۆر ئاگاداری خۆت بە... ئێستا بایەخ بە مارون مەدە. کە آبو عمار هەڵسایەوە.. پاپۆرەکەی (کیفین) لە صیدا چی تێدایە. زانیاریمان لەسەر کۆگاکانی خیوەتگەی البداوی لە طرابلس و مەڵبەندەکانی مەشقی نوێ لە قەڵای شقیف دەوێت).

لەودەمانەی جاسووسەکە خەریکی کارو بەرنامەی خۆی بوو، بۆ زۆرترین کارو بەرهەم پرۆژەی دادەنا، لە ناکاو هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کەوا میسرییەکان هێلی بارلیف و کەناڵی سویسیان بڕیوە، ئەوەش بۆ ئەو سەرسامی و شۆکیکی مەزن بوو. ئامینە وەک دکتۆرێکی عەرەبی خۆبەختکەر لە ناو وڵاتی لوبنان دە سووڕایەوە، بە ردەوام زانیاری زۆری لە سەر چالاکییەکانی فیداییە فەڵەستینییەکان لە خوارووی لوبنان دەدایە مۆساد، کە لەودەمانەی سوپای میسری پێشرەوییەکی زۆری کردبوو، ئەوانیش گەرم ببوون و نە بەردییان زۆرترکردبوو. علي حسن سلامة بە بەرنامەو کاری نوێیەوە لە ئەوروپا گەڕایەوە، فیداییەکان لەناو خاکی ئیسرائیل زەبری کوشندەیان لێ دە وەشاندن، ئیسرائیلییەکان بەو چالاکیانە نیگەران ببوون . لەناو خوارووی لوبنانەوە چوونە ناو ئیسرائیل و ئەنجامدانی چالاکی زۆر ئاسایی و زۆربوو، بۆیەش داواکرا ئامینە بەیروت جێبهێلێت و بچێتە صور، ئەو بەبێتەڵە ترسناکەکەی، رۆژانەی نامەو پەیامی بۆ ناو ئیسرائیل دەنارد، هەرچەند ناردنی نامە کانی زۆرتردەبوون، ژیانی زۆرتر دە کەوتە مەترسی، رۆژانە نامەکانی دەگەیشتە 5 نامەی بێتەڵ، بۆیە وەرگری نامەکان لە ئیسرائیل ناچاربوون هێلەکەیان لەسەر هەمان شەپۆل بەردەوام بکەنەوە، هەموو دەمێ ئەگەری ئەوە هەبوو ئامینە نامە رەوانەبکات.

ئامینە لەرۆژانی شەڕەکەی ئوکتۆبەردا نامەی زۆر دە نارد، بەدەستێک بریندارانی فەڵەستینی تیماردەکردو بەدەستەکەی تری بە بێتەڵەکەی نامەی دەناردە ناو ئیسرائیل، ئەو پرۆسەیە دەکرێ بە ئازاترین جاسووسی ناو دەزگای مۆساد پێناسە بکرێت، کە لەناو وڵاتانی عەرەبییەوە کاربکات، چونکە کارەکانی ئەفسوناویی بوون، ئەوەی ئێستاکراوە، زووتر بە (ئیلی کۆهین)یش نەکرابوو، کە پێش ئەو لە ناو خاکی سوریاوە کاریکردووە، ئەو جاسووسەبوو گەیشتبووە پۆستی پاڵێوراوی جێگری سەرۆکی کۆمار لە سوریا. ئەو کاری زۆری لەناو بەرەکانی جۆلان دەکرد، لەپیشەوەی بەرەکاندابوو، لەبنکە نهێنییەکانیش ماوەتەوە، توانیبووی بڕوای تەواو بە سورییەکان دروستبکات، بەڵام لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆی ئامێری بێتەلی بەکارنەهێناوە، تەنها لە ماڵەوە پەیوەندەی کردووە.

چالاکی فەڵەستینیەکان رۆژبەرۆژ زۆرتردەبوو، لە سنووری وڵاتانی عەرەبی دەربازی وڵاتانی ئەوروپی و ئاسیاییش ببوو، لەوماوەیەدا ئامینە فشاری زۆری لەسەربوو، چونکە ئاسایشی ئیسرائیل شپرزەیی پێوە دەبینرا، فشارەکە لە بەیروت گەیشتە ئەو ژنە جاسووسەش، ئەوانیش داوای زۆرترو وردترین زانیارییان دەکرد، بۆیەش بەناچاری خۆی گەیاندبووە خوارووی لوبنان، لەناوچەی (الشجرة) لە صور شوقەیەکی لەدووری 20کم لە سنووری ئیسرائیل بەکرێ گرتبوو، لەو ماڵەوەو لەو شوێنەدا کەوتە کارکردن بۆ چاودێرکردنی فیداییەکان، ئاگاداری هەموو چالاکی و جوولەکانیان بوو، ئەگەرچی ئیسرائیلییەکان لەیەکەم نامەی بێتەڵیدا لە ئەفسەری فەڵەستینی (آبو ناصر) ئاگاداریان کردبۆوە، بەڵام لە خوارووی لوبنانەوە پەیوەندی پێوەکردبوو، بەشێوەی تەنگاوکردن و ئیحراجکردن، زانیاری زۆری لێوە دەردەهێنان، بەبێ ئەوەی خۆی داوای لێبکات، یان کاری لەسەر بکات زۆری لەو وەردەگرت، چالاکییە پێشوەختەکانی ناو خاکی ئیسرائیلی پێ ئاشکرادەکرد، ئەویش کە ئەو هەواڵەی پێدەووت، بە هەلهەلەو بە خۆشییەوە، دەیووت، راستە، ئای کە خۆشە، چۆن ئە وە دەکرێت؟ ئای ئێوە کە ئازان لەناو خاکی جوولە کەوە زەبریان لێدەدەن، لە پیاوەکانتان ناترسن، ئەویش بەکامەرانی و بەسەرفرازییەوە دەیووت:

(پلانمان بۆ هە موو شتە کان چاک دارشتووە ، بە رنامەی وامان داناوە ئەگەر کەشوهەواش خۆش نەبێت، زۆر بەوردی کارمان بۆی کردووە).

ئەو دە یوویست شوێنی هێرشە کەو کاتە کانیشی پێ ئاشکرابکات، بە ڵام ئە فسەرەکە ئەوەی نەدەکرد، بەڵام ئامینە وازی نەدەهێناو بەردەوام کۆششیدەکرد، تا رۆژێکیان لە ماڵەکەی خۆی داوەتێکی بۆی سازکرد، لە وێ چاک خۆی بۆ ئە و کارە سازاند، لەوێ بە زمانی خۆی وتبووی:

دەستەیەک پیاوانی بە جەرگمان سازکردووە ، کۆماندۆە کانمان لە ناو ئیسرائیلن، بە مووشک شاری (نهاريا)ی سەر کەنار مووشکباران دەکەن.

ئامینە بە ئوسلوبی خۆی ئە وەی پێدرکاندبوو، ئە ویش هەواڵەکەی بێ بایەخ گوێ رادەگرت، لەودەمانەدا بیری لە وە کردووە، چۆن بکارێت زۆرترین نهێنی و بابە تی گرینگی پێ ئاشکرابکات، بۆیە وەک دۆستێک رە فتاری لەگەڵ ئەفسەرەکە نواند، بەڵام ئەو لە خۆشترین حالەتی شە هوەتیش وە ک ئە فسەرێکی راهاتوو لە کاری جاسووسی ، زۆری بۆ نە دەدرکاند، بەوردی باسی چالاکییەکانی بۆ ئامینە نەدەکرد، لەودەمانەدا لە باڵەخانەی مۆسادەوە بەکلۆفەوە سۆراخی وردەکاری ژووانەکەیان دەکرد، لەودەمەی کە ئاگاداری ئامینەیان کردبوو لەگەڵ ئەو ئەفسەرە وریابێت، نامەکانی بەشێواوی دەگەیشت، وەک ئەوەی ئەفسەرەکە هەستی بە شتێ کردبێت، یان گومانی هە بووبێت، واتە کارەکانی کەوتبێتە ناو بازنەی گومانەوە، هەواڵی هێرشە دەریاییەکە، ئە گەرچی لە کاتەکەی راستبوو، بە ڵام شوێنە کەی هە مان شوێن دە رنەچووبوو، چالاکیەکەی ناو تەلئەبیبیش گومان و شاراوەیی زۆری پێوەبوو، بۆیە فەرمانیان بە ئامینەدابوو،

یەکسەر بگەڕێتەوە بەیروت و لە شاری صور نەمینێت، با چیتر نامە و زانیاری رەوانە نەکات، بەڵام جاسووسە کە زۆر کە للەرەق بوو، لە ناردنی نامە کان نە دەوەستا، لە نامەیەکدا هە موو پارسەنگەکانی گۆڕی، نامەکە نەک کەسە گچکەکانی مۆساد، بەڵکۆ گەورەکانیش بڕوایان پێکرد، ئەو پێیراگە یاندبوون کەوا نۆ فیدایی لە بەیانیەکی زووو بە چەکی ئارپیچی و کلاشینکۆف و نارنجۆکەوە هێرش دەکەنە سەر مۆلگەی (جیشر هازیف) لەدووری شەش کیلۆمەتر لە باکووری نهاریاوە، رۆژەکەش یادی جە ژنی نەتەوەیی ئیسرائیل دە بێت، بۆیە هێزەکانی ئەمن ناوچەکانی چواردەورەی مۆلگەکەیان گەمارۆدابوو، لە چەندین خاڵدا دەستیان بە پشکنین کردبوو، لەگەڵ گزنگی رۆژی 15 ی مایۆی ساڵی 1974 شەڕ دروستبوو، بەڵام لە ناوچەیەکی تر، نەک ئەو شوێنەی ئەو دەستنیشانی کردبوو، بەڵکو لە مۆلگەیەکی دوورترو جیاوازتر، لە شەڕێکی دژواردا 117 ئیسرائیلی بەرکەوتن، لەوانە 25 کەسیان کوژران.

ئامینە بەقسەی گە ورەکانی خۆی لە مۆساد رفتا ری نە دەکرد، کە ماوەیەک چالاکییەکانی سست بکات، دیارە ئەوەش بۆ ئە وەیان بوو ئاگاداری خۆی بێت، بۆ پاراستنی گیانی ئەویان بوو. ئامینە ببووە پارچەیەک سەهۆل و دەتاوایەوەو بەحەماسەوە بەرەو کارەکانی هەنگاوی دەناو وەچانی نەبوو، لەهیچ نەدەگەڕایەوە، ملی لێدەنا، کەس وەک ئەو جورئەتی نەبوو، گیانی لە سەردەستان دانابوو، ئە وەی ترس بوو هە ستی پێنە دەکرد، تا رۆژێکیان کە مارون الحایک لە شوقەکەی سە ردانی کردبوو، کە بە دیوارەوە وێنەی ئەستێرە شینەکەی داودی بەهەڵواسراوی بینیبوو، الحایک لە ترسانا خوێنی وە ستابوو، زۆری نە مابوو رۆحی دە ربچێت. بەئاشکراو راشکاوانە ئامینە بە الحایکی وتبوو، من جاسووسی ئیسرائیلم و تۆش شە ریکی منی، وێنەی ئابرووبە ری جووتبوونەکانی پێ نیشاندابوو، دە نگەکانی خۆی بۆ لێداوە تەوە، کە ژمارەی تەلەفۆنەکانی پیاوانی بە رگری فە لەستینییەکانی بۆ دە خوێنتەوە، هە مووشتێکی تۆمارکردبوو، دانیشتنەکەی ئەو رۆژەیان بەوە کۆتایی پێ هێنابوو، پاش ئەوەی ئیمزای رەزامەندی بۆ کردبوو، رازی ببوو هاوکاری مۆساد بکات، داواشی لێکردبوو بچێتە ناو سەنترالی قسەکانی سەرکردە فەڵەستینییەکان و گوێ لە هەموو قسە کانیان راگرێت، بە وەش لە مەرامی فە ڵەستینیەکان سەبارەت بە قەوارەی ئیسرائیل تێدەگەن و دە زانن چالاکی فیدایيەکان کەی و لەکوێ دەبن، ئەوەش بۆ ئیسرائیل ئارامی و سوودی زۆر دە گەینێت. ئەگەرچی فە ڵەستینییەکان هەموو قسەکانیان ئاشکراو کراوە نەبوون، بە ڵام دە کرا سوودیان هە بێت، ئە وەش بە ئاسانی مەیسەردەبوو، بە زیرەکی و لێهاتوویی دە کرا لە شوفرەکانیان تێبگە ن، بە ڵام هە ندێ جار سەرکردەکانیان لە کاتی قسە کردنیان خۆیان لە بیرەدەکردو زۆریان لە نهێنی و پلانە کانیان ئاشکرادەکرد، ئە وان وایاندە زانی تۆڕە تەلەفۆنەکانی ناو شارە کە چاک کۆنترۆلکراوە و هیچ گومانیان نە بوو، لوبنانییەکان ناتوانن جاسووسی لە سەر قسە کانیان بکە ن، بازنە کانیان چاک داخراوەو بەکەس ناکرێت بێتە ناو بازنەکان، بەڵام الحایک بەئوسلوبەکەی خۆی، یان بە پچران دەکرا گوێیان لێ راگیرێت.

میلیشیا کریستیانەکانی ناو لوبنان بۆ زانینی زۆرشت لە سەر موسلمانەکان، بازنەی تایبەتییان هەبوو بۆ وەرگرتنی ئاخاوتنی تەلەفۆنەکان، هەر بەهەمان کاریش بۆ ئەو دەکرا گوێ لە فەڵەستینییەکان راگیرێت، ئەوان لە گەڕەکی (الفکهاني) بارەگای سەرکردایەتیان لە ناوەراستی بەیروت دامە زراندبوو. الحایک لە بەرەبەری بە یانی رۆژی 23 ی مایۆی ساڵی 1974 پەیوەندی بە ئامینەکردبوو، ئەویش یەکسەر ئامێری بێتەلیەکەی کردبۆوە، نامە ترسناکەکەی ئاراستەی مۆسادکردبوو، کە ئەوەش دەقەکەی بوو:

(ئار، کیو. ئار. پاش 37 دەقەی تر هە شت فیدایی فەلەستینی هێرش دەکەنە سەر ئوردوگای نیشتەجێی (زرعیت) کلاشینکۆف و قونبلەی 57 ملم یان پێیە.. شالۆن).

لەکاتی دیاریکراودا چالاکییەکە ئەنجامدرا، بەراستی هەواڵەکە وردو دروست بوو، ئیسرائیلییەکان دەوری هەشت فیداییە فەڵەستینیەکەیان گرت، شەشیان کوشتن و دووشیان بەدیلی گرت. لەئەنجامی کارە وردو رۆژانەکەی ئامینە توانی بچێتە ناو تۆڕی تایبەتی قسەکانی جورج حبش، پاش گوێگرتن لە چەندین ئاخاوتنە تەلەفۆنەکانی بۆی روون بۆوە کەوا سازکاری بۆ چالاکییەکی سەربازی زۆر نهێنی لە ئارادایە، تا رۆژێکیان لە قسەکانی لەگەڵ یەکێک لە یاریدەرەکانی لە شاری صیدا، حبش دیاربوو زۆر هەڵچووبوو، بۆیە فەرمانی دەدایە یاریدەرەکەی کەوا چالاکییەکە لە رۆژی 13 ی یونیو ئەنجام بدەن، لەناو قسەکانییدا بە هەلە ناوی (کیبوتز شامیر)ی لە دەم دەرچووبوو، ئەو زوو هەواڵەکەی گەیاندبوو، پاش سێ رۆژ پێنج فیدایی فەڵەستینی لە گوندی (کیبوتز شامیر) بینرابوون، پێش ئەوەی ئەوان بەخۆ بکەون لێیان هاتبوونە دەست و بە چەکەکانیان رانەگەیشتن و هەموویان کوژران. لە 27 ی هەمان مانگا سێ فیدایی تر کوژران، پاش ئەوەی لە نهاریا چوار سەربازی ئیسرائیلیان کوشتبوو، هەموو چالاکی فەڵەستینییەکان یەک بەیەک و پێش قەومانیان دەگەیشتە ئیسرائیلییەکان، ئەوانیش بەوردی چارەیان دەکرد.

****

ئیسرائیل بەردەوام بوو لەسەرئەوەی بنکەو پێگەی فەڵەستینییەکان لەباشووری لوبنان، بەشێوەیەکی دبلۆماسی و زۆر نهێنی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردەهێنا، بۆ هەمان مەبەستیش لە ژێرەوەش پەیوەندی پتەویان بە میلیشیا لوبنانیەکان هەبوو، مەبەست لەوەش کپکردنی جوولەو چالاکیی فەڵەستینییەکان و چاودێریکردنی یەکە سەربازییە سورییەکان لە لوبنان بوو. بۆ ئەو مەبەستەش تۆڕێکی گەورە لە ئەندامانی مۆساد لە لوبنان کاریاندەکرد، لەولاشەوە دەزگای موخابەراتی فەڵەستینی بەسەرپەرشتی علي حسن سلامة ترسی زۆری لە دڵی ئەوان چاندبوو، ئەو ببووە کۆسپ لە زۆربوونی ژمارەی بەکرێگیراوان، هەر بەخۆی

توانیبووی لە ناو ریزە کانی بە رگری فە ڵەستینیدا 20 کەسیان بدۆزێتەوەو بە دەستی خۆشی ئیعدامیان بکات، بۆیە ش هە موو دائیرە کانیان بە چاوی گومان و لێپرسینە وەو چاودێری سەیردە کران.

جاسووسە ژنەکە لە 1ی ئوکتۆبە ری ساڵی 1974 لە ژووری سە نترالی نهێنی بوو، گوێ لێبوو علي حسن سلامة لە گەڵ یە کێک لە یاریدەرە کانی زۆر بەگەرمی قسەی دە کرد، کە دەقی ئاخاوتنە کانی بیستبوو شۆک ببوو، لە قسەکانی تێگەیشتبوو کەوا دوارۆژی (مەلیک حسین) نزیک بوویە وە، جارێکیان گوێ بیستی دە مەتەقێیەکی هێمنانە ی نێوان (عبدالوهاب الکیالي) پێشەوای بەرەی عەرەبی بوو، ئەوانەی لە گەڵ حزبی بەعسی عەرەبی پەیوەندییان زۆر باش بوو (آحمد جبریل)ی پێشەوای بەرەی میللی رزگاری گرتبوو، هەردووکیان باسی ئەگەری هێرشێکی فیداییان لە ماوەیە کی کە مدا دە کرد، بە ڵام دیاربوو دە مەتەقێیەکە ئەوەندە بایەخدار نە بوو. لەودەمانەدا و یستی گوێ لە تەلەفۆنەکانی (یاسر عرفات) بگرێت، بە ڵام دیاربوو هێلە کانی داخرابوون، لەودەمانەدا بیری لە وە کردەوە، گوێ لە تەلەفۆنە کانی (علي حسن سلامة) بگرێت، ئەودەمانە ئەو لە گەڵ (آبو نضال) قسەی دە کرد، پلی بە تەسجیلە کە وەنابوو خۆشی گوێ لە قسەکان راگرتبوو، کە گوێی لە ئاخاوتنەکە راگرتبوو، هە ستیکردبوو وا ئە و دووکەسە پلان بۆ کوشتنی (مەلیک حسین) دادەرێژن و بە نیازن لە کاتی ئامادەبوونی ئەو لە کۆنگرەی لوتکە یی سەرانی عەرەبی کە بڕیارە لە (الرباط) بگیرێت بیکوژن.

ئامینە بە بیستنی ئەو قسانە تووشی شۆک دەبێت، بۆیە هەواڵە کە دەکاتە راپۆرتێک و یە کسەر رەوانەی مۆسادی دە کات، پاش 36 دەقە نامەیە کی بۆ دێت کە نامەکە دووبارە رەوان بکاتەوە، ئیسرائیل بەو هەواڵە نیگەران دەبێت و ئەوان لە گیانی مەلیک حسین دەترسان. ئامینە پاش 13 دەقە لەمۆسادەوە نامەیە کی خێرای بۆ هاتبوو، نامە کە زۆر سە رسورهێنەرو نامۆبوو، داواکاربوون ئەو بە هەر شێوەیە ک بێت بەبیانووی پشکنینی منالە کانی سلامة سەردانی ماڵە کەی ئەو بکات، ئامینە پێی سە یربوو کە وا چۆن (جۆرجینا رزق) سەر بە هەوێ شووی بە و پیاوە کردووە..! چۆن شاهی جوانە کان شوو بە پیاوێک دە کات ژن و منالی تری هە یە، ئە وەی نەزانیبوو سلامة ژنی یەکەمی لە بنەماڵەی (آمین الحسیني)یە، ئەو ژنەش دایکی منالە کانیەتی.

لەو کۆمەڵکوژییەی پاشان ناوی نرا (آیلول الاسود _ ئەیلولی رەش) کە تێدا سە دان کەسی بێتاوانی تێدا کوژراو پاشان ناوە کەی کرا بە ناوی نهێنی تیمە تایبەتیەکەی یاسر عرفات، کە سەرۆکایەتییە کەی ئە و تیمە سپێردرابوو بە سلامة، یە کەمین دە ستریژییەکەشیان (وصفي التل)یان کوشت، پاشان دە ستیان درێژترکرد لە و ناو وڵاتانی ئە وروپییدا هاووڵاتی ئیسرائیلیان دە کوشت، سلامة بە ئاشکرا بیری لە کوشتنی مەلیک حسین کردبۆوە، بەڵام مەلیک بەختیاربوو کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی مەغریبی توانی ئەو دوو دەستە کۆماندۆە فەڵەستینییە بگرێت، کە بۆ ئەو مەبەستە لە ئەسپانیاوە هاتبوونە ئەو وڵاتە، کە عرفاتیش لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوو، بەڵام مەسەلەکەیان لە کۆبوونەوە لوتکەییەکە نەورووژاند، کە تێدا عرفات چە ندین دە سکەوتی لەوڵاتانی عە رەبی بۆ رێکخراوی رزگاری فە ڵەستین بە دەست ە ینابوو، هە ر لە و کۆنگرە یەدا

بڕیاردرا ڕێکخراوە کە ببێتە نوێنەری شە رعی و یە کەمی میللە تی فە ڵەستینی، هە ر ئە و ڕێکخراوەش دەتوانێ خەبات بکات و خەم لە بەدیهێنانی مافە شەرعییەکانیان بخوات.

****

ئەوەی ئامینە لە گوێگرتن لە تەلەفۆنی سەرکردە فەڵەستینییەکان دە یکرد هە رگیز نە کرابوو، بۆ ئە و مە بەستەش دە ستەخوشکەکەی (خدیجە زهران)یش بۆ هە مان مە بەست بەکاردەهێنا، لەودەمانەش سە رەتای شەڕی ناوخۆی لوبنان سە ری هەڵدەدا، دەستەکانی ئە یلولە ڕەشەکە سەرقاڵی کارو بەرنامەی تربوون، ئامینە بیری لەوە کردەوە لە بەیروت بڕوات و بەرەو ئیسڵئەبیب بۆی دە رچێت، بە ڵام لە ناکاو بە بیری هاتە وە کاتی خۆی داوایان لێکردبوو کۆشش بکات بچێتە ناو ماڵی سلامة، لە وێ دە توانێ لیستی ناوی پیاوە کانی موخابە راتی فە ڵەستینی دەست بکە وێت. ئامینە وە ک جاران سلامةی لە هوتێلی کۆرال بیتش بینیبوو، کە پرسیاری مناڵەکانی لێکردبوو، هە لەیە کی گە ورەی کردبوو، ئە و وشە یەی کە لە مناڵەکانی پرسیبوو، وشەیەکی کوشندەبوو، بۆنی خوێنی لێهات، پیاوە کە زۆر سەرسام بوو، ئەو ژنە چۆن دەزانی ئەو مناڵی هەیە، هەرگیز کەس ئەو پرسیارەی لێ نە کردووە، بۆیە بڕیاریدا باش لەو رابردووی ئەو ژنە بکۆڵێتەوە، داوای لە پیاوەکانی کرد بەپەلەو زۆر بەبایەخەوە سۆراخی رابردووی ئەو ژنەی بۆ بکەن، هەموولایەک کۆششیانکرد بزانن، ئەو دکتۆرە ئوردنییەی کە ناوی (ئامینە داود المفتی)یە کێیە، ماڵی باوانی لە گەڕەکی (صویلح) عەمانی ئوردن ژیاون، کە یەکێکە لە گەڕەکە نایاب و خۆشەکانی عە مان، کە وەڵامی سۆراخی ژنە کە گەڕایەوە، وتیان راستە ئەو ژنە دکتۆرەو بۆ خوێندن رووی لە وڵاتی نە مساکردووە، لە بەرئەوەی لە گەڵ ماڵە وەیان ڕێکوباش نە بووە، بۆیە بڕیاریداوە عەمان جێبهێڵێت و لە عەمان دووربکەوێتەوە، بەو قسانە سلامة دڵی هێمن دەبێتەوەو بڕوای بە ئامینە نوێ دەکاتەوەو ترسی نامینێت.

سلامة ترسی لە ئامینە المفتي نە مابوو، تا رۆژێکیان لە فرانکفۆرتەوە نامەیەکی لە گەنجێکی فە ڵەستینی بۆ هاتبوو، لە وێ تێدا نووسرابوو، کە وا گە نجێکی فە ڵەستینی کە چەندجارێک بەیەکەوە لە کافتریایەک لەگەڵ گەنجێک دانیشتووەو ئەو وتوویەتی:

(کەوا ئە و هاوڕێیە کی جوولە کەی نە مساوی هە بووە، کە بە مادەی زۆری بێهۆشکە ر مردووە، براکەی ئەو فڕۆکەوان بووەو کیژێکی موسلمانی هێناوە، کیژەکە عەرەب بووە، بەیەکەوە لەگەڵ براکە ی بە رەو ئیسرائیل رایانکردووە ، کیژە عەرەبەکەش لە ترسی موخابە راتی وڵاتانی عەرەبی داوای لە براکەم کردووە، بچنە ئیسرائیل و لەوێ بژین).

قسەی ئەو جوولەکەیە لەلای ئەو کوڕە فەڵەستینیە سەرەداوێکی گرینگ بوو . لە نامەکەدا نوسرابوو کە وا ئەو کیژەی شووی بە و جوولەکەیە کردبوو، لە نەمسا لە کۆلیژی پزیشکی دە روونی دە یخوێند، کە سورییەکان فرۆکە ی مێردە کەیان خستبووە خوارەوەو مێردەکەی بێسەروشوێن بووە، ژنەکە لە حەژمەتاو بۆ تۆڵەی مێردەکەی بەرەو لوبنان رۆیشتووە. بەو نامەیە رادەی گومانکردن لە ئامینە زۆر زۆربوو، سلامة ترسی ئەوەی پەیداکرد بوونی ژنە جاسووسێکی عەرەب لەناو ریزی فەڵەستینیەکان کارەساتە.

سلامة زۆر بە پەلە نامەیەک رەوانەی ئەوروپا دەکاتەوەو تێدا داوایکردبوو، دووبارە لێکۆڵینەوە لەگەڵ گەنجە عەرەبەکە بکەنەوەو زۆرتر کاری لەسەر بکەن، ئەگەر ویستی کوڕەکە ببەنە ڤییناش، لە پەراوێزی نامەکەش نووسیبوی زۆر بە پەلە. سلامة چاوەروانی وەڵامەکەی نەکردبوو، یەکسەر فەرمانی دابوو سەرژمێری ناوی هەموو ژنە دکتۆرە عەرەبەکانی ناو نەخۆشخانەکانی ناو فەڵەستینیەکان و لوبنانیەکانیشم بۆ بکەن. سلامة گەنجێکی زۆر لێزان و زیرەک بوو، لەتەمەنی 15 ساڵی بەچاوی خۆی بینیبووی کە چۆن جوولەکە باوکیان کوشتووە، وەک هەزارەها فەڵەستینی تر لە خیوەتگاکان بەهەژاری و بە برسیەتی لە خیوەتگە بێ ئاوو کارەباکان ژیاوە ، لە نابلس قۆناخە کانی خوێندنی بە پلەی زۆ ر باش تە واوکردووە، پاش تەواوکردنی دواناوە ندی، زە مالەیەکی لە زانکۆی ئە مریکی لە بەیروت وە رگرتووە، کە مەڵبەندێکی رۆشنبیری گە ورەو فراوانی فە ڵەستینیەکان بوو، کە لەزانکۆ وە ک ئە ندازیار دەرچووە، یاسر عرفاتی ناسیووە، ئەوەی تازە رێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستینی دامەزراندبوو، پاش ئەو دیمانەیەی هەموو بوارەکانی ژیانی گۆڕا، پاش ماوەیەک کرابوو بە سەرکردەی هێزی 17و پاشان بە سەرۆکی موخابە راتی فە ڵەستین (رصد) دانرا، پاشان کرا وە بە سەرۆکی چالاکییەکانی رێکخراوی ئە یلولی رە ش، کە بە مووشەکانیان ئیسرائیلیان هە راسان کردبوو، سلامة لە دۆزینەوەی بەکرێگیراوو جاسووسەکانی ناو ریزەکانیان لێهاتوو و زانابوو، لە ماوەیەکی زۆر کە مدا توانیبووی 20 کەسیان بدۆزێتە وە، لە سەردەستی پیاوانی موخابە راتی میسری چەندین خولی بە هێزکردنی دیبوو، ئەو زۆر شە یدای راوانانی جاسووسە کانی مۆسادبوو، چە ند جاریش لە کوشتن دەربازی بووە.

بەپەرۆشەوە چاوەروان بوو، تا نامە یەکی بە دەست گە یشتبوو، تێدا ئاماژە بەو کرابوو کەوا لە ناو شاری بە یروت ژنێکی دکتۆر وە ک جاسووسی مۆساد هە یە، ئە ویش ناوی 37 دکتۆری ژنی لەبەردەم دابوو، لەوانە چواریان خوێندنیان لە نەمسا تەواوکردبوو، لەوانە یەکێکیان شووی نەکردبوو، ئەویش ئامینە داود المفتی بوو. پاش هاتنی ئەو نامەیە سلامة فەرمانی دابوو ئەو چوار پە رستیارە بخرێنە ژێر چاودێری زۆر وردە وە، بیست و چوار سە عات چاودێرییان بکەن، هە موولایەک بە پەلەبوون زوو بگە نە راستییەکان و جاسووسە کە بدۆزنەوە، ئامینە لەبەرئەوەی لە و کارە شارەزاو لێزان بو و، باش لە چاودێریکردنی دەزانی، بۆیە هەستیکردبوو، کەسانێک هە یە بەوردی چاودێری دە کەن، هە ستیکرد بواری ئازادی گە ڕان و سووڕانە وەکانی

تەسک کراوەتەوە، سەرەتا ویستی ئامێرە بێتەڵەکەی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، چونکە ئەوەیان بەرەو پەتی سێدارەی دەبات، دوانامەی بە بێتەڵەکی نارد کە تێدا نووسیبوی:

(ئار. کیو. ئار. لە دوێنێیەوە شەوو رۆژ چاودێرییم دەکەن، من ترساوم، من نیگەرانم.. لەترسانە گیانم دەردەچێت.. دەربازم بکەن.. شالۆم).

پاش نیو سەعات وەڵامەکەی وەرگرتەوە، کە تێدا نووسرابوو:

(ئامێری بێتەڵەکەت لەنهۆمی سەرەو لەناو بەرمیلەکەی زبڵ دانێ، شوفرەکان بسوتێنە، بەرێگای ئوتومبێلەکان بەرەو دمشق وەرە، لەوێ لە قاوەخانەیەک نامەیەکت دەگاتێ).

ئامینە بە نامەی گەورەکانی دڵی خۆش بوو، دەست بەجانتایەکی گچکە لە شوقەکەی بەراکردن و دڵەڕاوکێ دەرچوو، بەدڕندەترین شێوەی دەربازبوون و راونان جاسووسە ترساوەکە دەرۆیشت، گەیشتە گەراجی پاسەکانی دمشق، گەیشتە ناو پاسەکە هەستیکرد دەربازی بووە، لەناو پاسەکەدا دوو پیاوی ئەمن لەسەر سەری وەستابوون، لەوێ دەمی دەگیرێت و ترس دایدەوەشێنێت، لەوێ هەستیکردووە، ئەو رۆژە دوا ساتی خیانەتەکەیەتی، کە تێگەیشتووە دواساتی تەمەنیەتی بۆیە بڕیاریداوە بەدەست فەڵەستینییەکان نەمرێت، بە جولەیەکی بێشعوری دەستی بۆ قژی بردووە ، تا کەبسولە ژەهرە سیانیدەکە دەربهێنێت و قووتی بدات، بەڵام دوو پیاوەکەی سەرسەری زوو دەستیان گرتووەو کە پسولەکەیان لە ناودەستی دەرهێناوە، توند قۆڵبەستیان کردووە و بۆ ناو بیجۆیە ستێشنەکەیان کە لەپشت پاسەکە بەدەرگاکراوەیی چاوەڕوانی دەکردن راپێچیان کردبوو، هەردوو پیاوە ئاکار وشکەکان لە تەنیشتیبوون، لەودەمانەدا ئەو قاچەکانی بۆیان نەدەکرا هەڵیگرن، هەردوو پیاوەکە لەسەر ئەرزەکە بەرزیانکردەوە، فڕێیاندابووە ناو ئوتومبێلەکەی وەک با بەرەو گەڕەکی الفکهاتی فڕاندبووایەن، لەوێ لە ژوورێکی بن ئەرزی دایاننابوو، هەردوو دەستیان بە کەڵەپچەی ئاسن بە دیوارەوە گرێیان دابوو.

ئەو گیراوو قۆڵبەستکرا بەڵام تا ئەو ساتەش یەک بەڵگەیان لەسەر ئەو ژنە نەبوو، هیچیان لەسەری نەبوو، راپۆرتێکیان لە ئەورووپاوە سەبارەت بە پاکی یان بە خیانەتەکەی ئەو نەگەیشتبووە دەست، بەڵام لەو ترس و دڵەڕاوکێیەی لەو بەدیدەکرا گومانی پەیدادەکرد، چونکە لەو جۆرە ئاکارەو لەو شێواوییە پێناسەی خیانەتی لێوە دەبینرا، هەموویان هەستیانکرد ئەوەیان کارێکی گەورەیە، ئەو ژنە دکتۆرە خۆبەختکەرە تاوانێکی زۆر گەورەی کردووە، کە مادەی ناو کەپسولەکەیان تەحلیلکرد، پیاوانی ئەمن، دڵنیابوو ئەوە ژنەی کە لایان گیراوە جاسووسەو خیانەتی گەورەشی کردووە، زانیان یەک دڵۆپە لەو سیانیدە بەشی کوشتنی یەک فیل دەکات، بۆیەش دەبووایە ئامینە بۆ چەند رۆژێک بێ لێپرسینە وە جێبەهێڵن، بەوەش بە یەکجاری دادەوەشێت و دەرووخێت، دەستەیەکی تایبەت بۆ دۆزینەوەی بەڵگەو راپۆرت و کەرەستەی تر

سەردانی شوقەکەیانکرد، زۆر بەوردی شوقەکەیان چەندجاریک پشکنیبوو، بەلاَم هیچیان تێدا نەدۆزیەوە، بەڵگەیەکیان دەست نەکەوت کەوا ئەو ژنە جاسووس بیت، ژنەکە بواری لەپێش بوو خۆی دەربازبکات، دەبووایە خۆی راگرێت، ئەوان هیچیان لەدەستدا نەبوو، بەلاَم گومانیان لەو قورئانە پیرۆزە پەیداکردبوو، کە لە شوقەکەی ئەو دۆزرابۆوەو چەند لاپەرەیەکیش قرتابوو، لاپەرە قرتاوەکانیش بریتی بوو لە سورەتی (بني آسرائيل)و لاپەرەو نیوێکی سورەتی (الكهف)بوو، ئەوەیان دەزگای (رصد)ی سەرسام کردبوو، ئەو دەزگایەی لە ژێر سەرکردایەتی آبو آیاد (صلاح خلف) باوکی رۆحی موخابەراتی فەلەستینی و رێکخراوی ئەیلولی رەش کە بەسەرۆکایەتی (علي حسن سلامة)ی سەرۆکی چالاکییەکان و دینمۆی بزوێن و بلیمەتی لێهاتووبوو، ئەو دەزگایە یەکێک بوو لە نهێنیترین دەزگاکانی ناو رێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستینی، کاری سەرەتایی ئیستخباراتی و کاری قەلاَچۆکردنی جاسووسیان دەکرد، لەناو ئەو دەزگایەش یەکەیەکی نهێنی چالاکییە تایبەتیەکانیان هەبوو، لە ولاَتانی لوبنان و میسرو ئوردن و مەملەکەتی عەرەبی سعودی و کویت و سوریا یەکەی تایبەتی نهێنییان هەبوو، نەدەکرا ژمارەی ئەندامەکانی بزاندرێت، آبو اياد مامۆستای یەکەمی جاسووسەکان بوو لە رێکخراوەکە، هەر ئەویش بەرپرسی ئاسایش و دەزگا نهێنییەکانی بوو، کە راپۆرتی ئامینەیان لەبەردەم دانابوو، بە سلامةی وتبوو:

(سلامة ناکرێ ئەو ژنە عەرەبە سزابدرێت، تا بەلگەیەکی لەسەر نەدۆزرێتەوە، بەڵگەکانیش بەباشی تاوانەکانی دەسلمێنن، دەبێ چاوەروانی دوا راپۆرتی پیاوەکانی ئەوروپامان بکەین، تا راپۆرتەکە نەگات، ئێوە هیچ ناکەن، سزاو لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکەن).

لە ولاَتانی ئەوروپاش پیاوانی موخابەراتی فەلەستنی سەرگەرمی دۆزینەوەی ئەو گەنجەبوون کە شتێکی لەسەر ئامینە دەزانی، ئەو کورەی لە فانکفۆرتەوەش بۆ ئەو مەسەلەیە هاتبووە ڤیینا لەگەڵیاندا دەگەرا، بەو کورە سەری داوەکە دەدۆزرایەوە، بەیەکەوە لە کوچەو باخچەکانی ئەو شارە گەران هیچیان دەست نەکەوت، کەسیان نەدۆزیەوە، بۆیە بەناچاری بیریان لەوە کردەوە، لە تۆماری ناوی ئەو هاوولاَتیانە بگەرێن کە ژنی بێگانەیان هێناوە، ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو، دەترسان پیاوانی مۆساد لە ڤیینا هەست بەوە پشکنینە بکەن، دەبووایە کارەکەیان زۆر بە نهێنی بکەن، زۆر ئاگاداری خۆیان بن، بۆ ئەوە مەبەستەش نووسراوێکی ساختەیان بە ناوی سەفارەتی ئوردنی لە ڤییناکردو داوایان لە نووسینگەی هاوسەرگیری بێگانەکان کردبوو ئەدرێس و زانیارییمان لەسەر ئەو ژنە ئوردنییە بدەنێ، لەوێ وێنەیەکی پسولەی مارەییەکەی ئەووپیاوە جوولەکەیان دەسکەوت و نوێنەریان بە فڕین پسولەکەی گەیاندبووە بەیروت، لەو دەمانەش پیاوانی رصد لە ڤیینا هەڵیانکووتایە سەر شوقەکەی ئامینە لە ڤیینا، لەناو کە لوپەڵەکانییدا دەفتەری گچکەی بیرەوەرییەکانی ئامینەیان دۆزیەوە، بە کورتی

سەرەدێری بیرە وەرییەکانی تێدا تۆماربوو، نووسیبوی چۆن لە بەیروت کاریکردووە ، چۆن سەفەری ئیسرائیلی کردووە، مەشقی لە کێندەرێ و لەسەرچی کردووە.

****

پاش سۆراخێکی زۆرو پشکنینی ورد لە ڤیلاو لەناو شوقەکەی گەیشتنە ئەنجام کەوا ئامینە ئەندامی مۆسادە، هەموو بەڵگەکانیان لەپێش کەسێکی لێزانی وەک (آبو آیاد)یان دانا، بۆیە بەخێرایی گەمارۆی ئامینە دا، ویستیان هەموو چالاکییەکانی پێ ئاشکرابکەن، ئەوان دەیانزانی زۆر لە نەبەردی فیدایییەکان سەری نەدەگرت، جاسووسێکی زۆر وریا هەیە زانیاری و پلانەکان زوو دەگەیێنێت، دەیانزانی لەناو بەیروت و لە دەرەوەشی مۆساد دەستی وریاو ئاگاداری هەیەو تۆڕێکی مۆساد کاردەکات. قسەدەرهێنان لە ژنێکی جاسووس بۆ دەزگای موخابەراتی فەڵەستینی نوێ و تازە بوو، ئەوان زۆر لەگەڵ پیاوانی جاسووس کاریانکردبوو، لەوانە باش شارەزابوون، بەڵام لەگەڵ ژنێک ئاسان نەبوو، بۆیە سلامە بۆ ئەو حالەتە بیری لەبەرنامەیەکی تر کردەوە، ویستی بە فێڵێک لەگەڵ ئامینە هەڵسوکەوت بکات، بۆیە بە ژنەکەی وتبوو:

(موشیەی مێردت لەلای سورییەکان دیلە، لەو ڕۆژانە لەگەڵ دەستەیەکی تر لەگەڵ ئیسرائیلییەکان گۆڕدرانەتەوەو ئەو گەڕاوەتەوە ئیسرائیل، ئەو هەواڵەش لە ڕۆژنامەکان بڵاوکراوەتەوە).

ئەو قسەیان بۆ ئەوەبوو بە ژنەکە بڵێن، فەرموو تۆ ئەوەندە کارت بۆ مۆسادکردووە، ئەوەندە دڵسۆزی مێردەکەت بوویت، ئەوا ئەو ئازادەو مۆساد ئەوەش باش دەزانێت، ئینجا تۆیان ئاگادار نەکردیتەوە، بزانە تۆ چەند بێ قیمەت و بێبایەخی، تۆیان لا گرینگ نییە ، ئەوەندە تۆیان ویستوە تا کارت بۆیان کردووە ، دەبی هەست بەشەرم و شوورەیی بکەیت، بۆ کێ و لەگەڵ کێ کارت کردووە. تا راستی قسەکانیان بۆ ژنە گیراوەکە نیشانبدەن، ڕۆژنامەیەکیان بەو هەواڵە هەڵبەستراوەیان نیشاندابوو، لەڕۆژنامەکەو لەلاپەرەی یەکەمیدا وێنەی مێردەکەی لەناو دەستەیەک لە برادەرەکانیان دیاربوو، لە وێنەکە دیاربوو مێردەکەی لەگەڵ دەستەیەک لە کارمەندانی خاچی سووری نیودەوڵەتییە، دیارە کەوا ڕۆژنامەکە یەک دانەی بۆ ئامینە چاپکرابوو، ئەویشیان لەپێشی دانابوو. بەیانیەکیان کە نانی بەیانیان بۆ هێنا بوو، پاسەوانەکە ڕۆژنامەیەکی لەدەست بوو لە لاپەرەی یەکەمی وێنەی موشیەی مێردی لە سەربوو، ژنەکەش زۆر لە پاسەوانەکە دەپاڕێتەوە هەواڵی سەر وێنەکەی بۆ بخوێنێتەوە، پاسەوانەکە ڕۆژنامەکەی بۆ لەسەر ئەرز دانا وە، ژنە دەست بەزنجیرەکە توانی هەواڵە هەڵبەستراوەکە بخوێنێتەوە، دڵنیابوو کەوا مێردەکەی ئازادکراوەو بەزیندوویی گەڕاوەتەوە ئیسرائیل، بەو هەواڵە شادی و خەم لە ئاکاری

بەدیکرا، هیچی لەدەست نەما یەک بەدەنگی خۆی هاواری لێهەڵساوە، ئاگای لە ژانی دەستەکانی نەماوە، سەری لە دیوار داوەو، هاواری کردووەو وتوویەتی:

(موشیە بگەرە فریام، رزگارم بکە، زوو وەرە..!).

****

لە 8 ی سپتەمبەری ساڵی 1975و پاش نۆ رۆژ لە گیرانەکەی، بۆ لێکۆڵینەوە ئامینە المفتی یان بردە نووسینگەی ئە فسەری لێکۆڵینە وەی موخابە راتی فە لەستینی، ابو داود بەئوسلوبێکی هێمنانە لێپرسینەوەی لە گەڵدا کردبوو، دە ستنووسەکانی خۆیان نیشاندابوو، بەدەستنووسەکانی خۆی کە لە شوقەکەی لە ڤیینا هێنرابوون، رووبەرووی بوونەوە، ئەویش وەک نەخۆشێکی دەروونی و نەخۆش بە زیندەخەون لەگەڵیان دەجوولایەوە، ئینکاری هەموو شتەکانی کردو وتبووی:

من بە خەیاڵ زۆر شتم دا ڕشتووە، داواکرابوو آبو آیاد بە زووترین کات کارە کەی تەواوبکات، ناوی ئە ندامەکانی تۆڕەکەیان بۆ ئاشکرابکات، هە رچەند ئەو دوابکەوێت ئەگەری ئەو هە بوو ئە ندامەکان لە دەست دادگاو لێکۆڵینە وە دەربازیان ببێت و کە سیان پێ دەستگیرنەکرێت، لە یەکەم رۆژدا 18 سەعات کاریان لە گەڵدا کردبوو، بە ڵام ئە و هیچی نەدرکاندبوو، بۆ هەموو پرسیارەکان وەڵامی مەنتقی ئامادەی هەبوو، بەڵام لەیەک شت نەیتوانی خۆی دەرباز بکات، بۆچی ژەهری سیانیدی لەناو قژی شاردبۆوە، ئەو کەبسولە ژەهراوییەی بۆ چ بوو، لەبەرئەوەی خۆی تە ندروستی دەروونی خوێندبوو، بۆیە وەڵامەکانی دروست دە دایەوە، لە وەڵامی بوونی ژەهرەکە وتبووی:

(من نەخۆشی دەروونیم هەبووە، بۆیەش بیرم لە خۆکوشتن کردیتەوە.!).

بەڵام پیاوەکانی سەر بە موخابەرات پێیان وتبوو:

(ئەو جۆرە ژەهرە لەبازاردا نیە ، تە نها دە زگاکانی موخابە رات بۆ دە ربازبوونی جاسووسەکانیان لە لێکۆڵینەوە بۆ جاسووسەکانیان پەیدای دەکەن، کەواتە ئەو ژەهرە تەنها لەو کارانەو بە و دە زگایانە پەیداو مە یسەردەبێت، بۆیە ش ئە و ژە هرە نیشانەی ئە وەیە تۆ لە دەزگایەکی لەو شێوەیە کاردەکەیت).

آبو آیاد زانی ئە و شێوە لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ ئەودا سوودی نییە، بۆیە ئوسلوبی ئازارو ئەشکەنجەیان گرتە بەر، کارە کە کەوتە بن دە ستی هاوڕێیانی (آبو هول)، تێگە یشتن کارە کە بەوان تەواو دەبێت.

ئامینە دەیزانی بەڵگەکانی موخابەراتی فەڵەستینیەکان لاوازەو بەوە ناتوانن تاوانباری بکەن. لەبەرامبەر ئەوەش فەڵەستینیەکان لەو دەترسان دەسەڵاتدارانی لوبنان داوای بکەن، چاکیش دەیانزانی ئەوانیش سووک و ئاسان ئازادی دەکەن، بەڵگەشیان ئەوەبوو ئەو ژنە عەرەبە لە ڤیێناوە هاتووتەوەو ماوەیەک لە ئوردوگا فەڵەستینیەکان بەخۆڕایی کاری پەرستیاری و خەیری کردووە، زۆریش دڵسۆزانە خۆی ماندووکردووە، بۆیە لەجیاتی سوپاس و ستایش ئازاری دەدەن، رەنگە سەرپشکی بکەن لەنێوان دەرچوونی لە بەیروت یان مانەوەی لەو وڵاتە. بۆ نەهێشتنی ئەو داوایە، آبو ایاد سەردانی (شیخ بهیج تقي الدين)ی وەزیری ناوخۆی لوبنانی کردبوو، لەوێ داوایکردبوو، کە وا هەردوولا هاوکاربین بۆ دۆزینەوەی تۆڕە جاسووسیەکانی مۆساد کە بەدرێژی و بەپانی وڵاتەکە دەسووڕێنەوە، بۆیە داوایانکردبوو ئەو ژنە سێ رۆژی تریش لەلای ئەوان بمێنێتەوەو لەو سێ رۆژە دا لێکۆڵینەوەکانی لەگەڵدا تەواودەکەن، بەوەش ئەندامانی تۆڕەکەی دەدۆزینەوە، وەزیرەکە رازی بوو گیراوەکەیان بۆ ئەو ماوەیە دیارکراوەدا لەلایەن بمێنێتەوە.

ئامینە کەلەپچە لەدەست و لە پێیان بردەوە ژێرزەمینەکەیان، فەڵەستینیەکان بیریان لەوکردەوە شوێنەکەی بگۆڕن، نەوەک لوبنانییەکان لەوێ داوای بکەنەوە، یان دەستەیەکی مۆساد بیفڕێنن، یان ئەگەر نەکارن رزگاری بکەن، نەوەک وەکیلەیان شتێ بڵێت و ناوی کەسانی تر بدرکێنێت، ناوچەکە بتەقێننەوەو ئامینەش بکوژن، بەڵام صلاح خلف (آبو آیاد) وایدەزانی ئەگەر بگوازرێتەوە شوێنێکی ترسناک و نوێ لەوێ زووتر دان بەناوی ئەندامانی تۆڕەکەی دەنێت و زۆر شتیان بۆ ئاشکرادەکات، هەموو کۆکبوون لەسەر ئەوەی ژنەکە بگواسترێتەوە ناو ئەشکەوتی (السعرانة) لەخوارووی لوبنان، نزیک لە کەنارەکانی دەریای ناوەراست، کە ئوردگاکانی فەڵەستینیەکانیش لەوێ نزیکە.

لەژێر چاودێرییەکی زۆرەوە بەئوتومبێلێکی داپۆشراودا، ئامینە یان گواستەوە ئەشکەوتەکە، ئوتومبێلەکە دوو سەعات رۆیشت، بەگەیشتنیان ئەویان لە ئوتومبێلەکەیان دابەزاند، بەڕێگایەکی سەختی شاخاوییداو بە رۆیشتنی دوو سەعاتیش، لەگەڵ (آیاد خشنة) بردیان، لەوێ دەمامکەکەی سەر دەموچاویان لادا، کە چاوی کردەوە، سام گرتی. نەیدەزانی شوێنەکە کێندەرێیە، لەکام ناوچەیە، لەوێشەوە بردیانە شوێنێکی تاریکی ترسناک. زۆر هەستی بەترس کردبوو، هەرگیز لە ژیانیدا ئەوەندە نەترسابوو، لەوێ کیژێکی لە تەمەنی خۆی بەبەستراوی بینیبوو، گشت گیانی خوێن بوو، هەموو ئەندامێکی جەستەی خوێنی لێدەچوورایەوە، کیژەکە ماندوو و برسی و تینووبوو، پارچە نانێکی رەشی رەق و شەربەیەک ئاوی پیسیان بۆ دانابوو، لەودەمانەدا پیاوێک فەرمانی بە پاسەوانەکان کرد دەست و قاچەکانی بەزەنجیر لەپشترا ببەستنەوە، تا آبو هول دەگاتە شوێنەکەو هەڵیواسن، بێجگە لە ئازارەکانی بەدەنی، لەرووی دەروونیش ئازاری زۆریان دەدا، پیاوەکان لەبەر چاوی ئەو کیژەکەیان گوللەبارانکرد، بەڵام پاشان بۆی روون بۆوە کەوا کوشتنەکە شانۆگەرییەک بوو بۆ ترساندنی ئەو نمایشیان

کردبوو، تا بە و دیمەنە ئامینە بروخێت و هە موو شتە کان بە ئاسانی بڵێت، ئە گەرچی کیژە کە ڕەگەزنامەی فەرەنسیشی هەبوو، بەڵام لەگەڵ فەڵەستینییەکان کاریدەکرد.

****

لە ئەنجامی ئازاردانا هاواری ئامینە بەرزدەبۆوە. لەودەمانە یەکێک داوای دەکرد بەسە بەوەستن، ئێستا هە موو شتە کان ئاشکرادە کات وازی لێبهێنن . لەپێش چاوی آبو هول، بۆ لێپرسینەوە ئامینەیان بردە ناوچەیەکی چۆڵ لە (الجبل)، لەوێ هیچ دەزگاو ئامێرێکی تۆمارکردن و دە نگ وە رگرتنی لە بەرچاوان لێوە نزیک نە بوو، بە لام لە راستیدا لە ناو جێیێک کە چەند مەترێک لێوە یان دووربوو، دە نگەکەی تۆمارده کرا، عە قید آبو هول لەگەڵیدا دەستی بە لێکۆڵینەوەکرد، لەوێ لێی پرسی:

کێ بەرپرسی یەکەمی تۆیە لە مۆساد؟ بەڵام ئەو لە وەڵامدا وتبووی:

زۆرم تێنووە، وا خە ریکە دەخنکێم. هێشتا قسە کانی تە واو نە کردبوو، ئەفسەرەکە بە پاسەوانەکەی وتبوو، ئاگر لە پشتی بەردەن، بە گورزی توند بیسوتێنن، بۆیە یەکسەر وتبووی:

ناوی ئاشیتوف بوو. ئەویش پرسیبووی:

(کوانی ئامێری بێتەڵەکەت، کوانی شوفرەکانت.؟).

تەماشایەکی گورزەکەی کردبوو، بەترسەوە لە وەڵامدا وتبووی:

(ئەو فەرمانی پێکردم، بێتەڵەکەو شفرەکان فڕی بدەمە ناو بەرمیلەکەی زەبڵی، نۆتەی شفرەکانیش کەلەناو لاپەرەی قورئانێکدا شاردبوومەوە بسوتێنم).

تا زۆرتر درۆ نە کات و کارە کەیان دوا نە خات، ئازاردانە کانی لێ توندترکردبوو، ئە و وتبووی:

(مێردەکەم کەسێکی سەر بە مۆسادبوو، منی بۆ ئەوە هێنابوو تا کاریان بۆ بکەم.!).

پیاوەکە تەنها ئەوەندەی لەو دەویست، بۆیەش دانی بە زۆر شت دانا، پێیوتبوو، ئەگەر شتەکان و ناوەکان نەڵێت، گوللەبارانت دەکەین، ئەویش ناوی هەموو هاوکارەکانی ناو لوبنانی بۆ ژماردبوون، لەوانە بەرێوەبەری سنترالە کە، ئەوەی ژوورە نهێنیەکەی گوێگرتن لە تەلەفۆنەکانی بۆ دە کردەوە بواری بۆ سازدە کرد گوێ لە هەموو ئاخاوتنە کان راگرێت، بە وەش زۆر لە قسەی سەرکردە فەڵەستینیە کانی دەبیست.

که عەقید آبو هول گە ڕایەوە سەر ئەفسەرەکەو سەبازەکانی ئەشکەنجەی ئامینەیان دەدا، هاواری کردبووە سەریان، کەوا بۆچی دەستتان نەرمەو توند ئازارتان نەداوە، تا ئەو دان بە شتەکان دابنێت، با هەموو جەستەی خوێنی پێدا شۆربێتەوە، من وامدەوێت، پاش جەولەیەکی تر لە لێدان و ئەشکەنجەدان، ئامینە بەیەکجاری دەبوورێتەوە، ئەوەش مانای ئەوەبوو، ئەمجارە هەموو نهێنیەکان ئاشکرادەکات، لە لێپرسینەوەی ئەوجارەدا، لە بەرامبەر آبو هولدا، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی داوەتەوە، وردو درشتی ڕۆژانە و بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ گێڕاوەتەوە، لە ڕۆژی یەکەمی دەرچوونی لە عەمان و مانەوەی لە ڤییناو شووکردنەکەی بە پیاوە جوولەکەکەو بوونی بە جوولەکەو پاشان ڕۆیشتنیان بۆ ئیسرائیل و چۆن کراوە بە ئەندام لە مۆساد، کە تەحقیقەکەی تەواوکرابوو، دۆسیەکەی بەتەواوی رەوانەی پێش آبو آیادو یاسر عرفات کرابوو، بۆ بەیانی بە رێوەبەری سنترالە کە (مارون الحایک)و (مانویل عساف)و (خدیجة زهران)یان گرتبوو، بەڵام عساف خۆی لە نهۆمی پێنجەمی باڵەخانەکەی فڕیدابووە خوارەوەو یەکسەر گیانی لەوێ دە رچووبوو، بە ڵام دوو کە سەکەی تر کە وتنە بن دە ستی موخابەراتی فەڵەستینی، ئەوانیشیان بردبووە هەمان شوێنەکەی ئامینە، بۆ ناو ئەشکەوتە تاریکەکە، لەوێ ڕووبەڕووی ئامینەیان کردبوونەوەو لەپێش چاوی ئەوەو قۆڵبەستیان کردبوون، پاش لێدانێکی زۆر، دانیان بە هەموو شتەکان دانابوو، پاشان هە ردوو لوبنانییەکەیان رادەستی حکومەتی لوبنانی کردبۆوە، تا خۆیان تەحقیقیان لەگەڵدا بکەن، هەرچەندی لوبنانییەکان داوای تەسلیمکردنەوەی ئامینە المفتییشیان کردبوو، بەڵام فەڵەستینیەکان رازی نەبوون بیدەنەوە دەست لوبنانییەکان، گوێیان نەدابووە فشارەکانی وەزیری ناوخۆی لوبنانی . وەزیرە لوبنانییەکە تووڕەببوو، بەڵام فەڵەستینییەکان بۆ وەرگرتنی زۆرتر زانیاری لە ئامینەو بۆ پاراستنی یەکە فیدائیەکانیان، داوای زۆرتریان لەو زانیاریانە دەکرد کە ئامینە بۆی سەلماندبوون ئەو سەر بە مۆسادبووە، ئەوان دەیانویست بزانن کام پلان و بەرنامەی بەوان داوە، دەیانویست تەواوی ئیعترافەکانی لێ دەربهێنن، بەڵام ئەو زۆری لەوان دەشاردەوە.

*****

ئامینە کە ڕۆژانەی خۆی لە کتێبێکی گەورەی 600 لاپەرەییدا بڵاوکردەوە، لەوێ باسی ئەوەی کردووە، کەوا لە ڕۆژانی لێکۆڵینەوەکانیدا زۆر زانیاری گرینگی لە فەڵەستینییەکان دەشاردەوە، هەمووشتەکانی بۆیان ئاشکرانە کردووە. کە هەواڵی گیرانی تۆڕەکەی ئامینە لە ڕۆژنامە لوبنانییەکان بڵاوکرایەوە، هەموو دەزگاکانی مۆساد هەژانیان تێکەوت، سەرکردە گەورەکانی بە خێرایی کۆبوونەوە، بیریان لەوە کردووە، چۆن شتێکی بکەن پرۆسە ئەفسوناوییەکەیان بگەڕێتەوە، ئەگەرنا هەموو بڕواپێکراوەکانیان لە و ولاتە دەردەچن، هەموو تۆڕەکانیان لە ترسانا هەرەس دەهێنن، لە ولاشەوە یاسر عرفات دۆسیەکەی ئامینە و

چارەنووسەکەی خستبووە بن دەستی خۆی، علي حسن سلامة، زوو وتبووی، سەرۆک با ئەو ژنە ئیعدام بکەین، بەڵام ئەو رازی نەبوو، ئەو وایدەزانی بەو ژنە دەتوانن چەند گیراوو دیلی خۆیان لە گرتووخانەکانی ئیسرائیل دەرباز بکەن.

ئەودەمانەی ئامینە لەلای فەلەستینیەکان لە زیندانابوو، ئە و دە ستوەستان نە بوو، لەگەڵ یەکێک لە پاسەوانەکانی بەناوی (حسن الغزاوي) تۆڕێکی دانابوو، بە پاسەوانەکەی وتبوو، ئەو لە بەرئەوەی مامێکی لە بلاتی پاشایە تی ئوردن بووە ، گوایە ئەو لە کۆمەڵکوژی فەڵەستینیەکان لە ئەیلولی رەشدا دەستی هەبووە، بۆیە ئەویان گرتووەو ئەو هەموو تومەتەیان بۆی هەڵبەستاوە، بۆیە پاسەوانەکە دڵی پێ سووتابوو، پیاوەکەی ئیقناعکردبوو، ئەو دەتوانی بیباتە ناو ئیسرائیل، ئەگەر بەیەکەوە دەربچن بەئاسانی دەگەنە ناو ئیسرائیل، ئەوەش یەکەم چالاکی مۆسادبوو، کە ئەندامێکیان لە زیندانا پاسە وانەکەی خۆی رازی بکات هاوکاری بکات و بەیەکەوە بۆی دەرچن، بەڵام خەونەکەی نەهاتبوو دی، چونکە پاسەوانەکەی لەلای هاوڕێیەکی خۆی لە ئوردوگاکەیان باسی مە سەلەکەی کردبوو، بە ڕێوەبەرەکانی زیندانە کە چاودێری پاسەوانەکە دەکەن، تا رۆژێکیان دەستەجلێکی سەربازییان لێگرتبوو، کە بەنیازبوو لەبەر ئامینەی بکات و بەو جلەوە لە زیندانا رابکەن، سەربازە پاسەوانەکەیان گرت و لەمانگی ئوکتۆبەری ساڵی 1976 گوللەبارانیان کردو کۆتە ئاسنینەکانی دەستوپێی ئامینەشیان قورسترو زۆرترکردبوو، بەو شێوەیە بە دیواریشیان بە ستابۆوە، لە و رۆژە وە خواردن و خواردنە وەیان لە سەر کە مکردەوە، بۆیەش هە ناوی بە رەو داوە شان دە چوو، لاوازو سیس بوو، بە و جۆرە پێنج ساڵ مایە وە، زۆر هیوای بە مردن دەخواست تا لەو ژیانە بەژانە رزگاری بێت.

رێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی لەگەڵ فەڵەستینیەکان خەریکی دانوستان بوو تا ئامینە بگۆڕێتەوە، بەڵام ئیسرائیل بۆ بە رامبەر بەو کەسی لاوازیان دانابوو، دە یانووت کەستان نادەینەوە، ئەگەر دەستی بە خوێنی ئیسرائیلییەک سووربێت، لەولاشەوە یاسر عرفات بەرامبەر بە ئامینە ئازادکردنی دوو فیدائی فەلەستینی دەویستەوە، ئەوانیش (محمد مهدي بسيسو) کە بە حکومی هەتاهەتایێ گیرابوو، کە لە ساڵی 1971 بە بەلەمێک چەند ئیسرائیلییەکی کوشتبوو، کەسی دووەمیش (وليم نصار)بوو، کە ئەویش بە حکومی ئەبەدی زیندانی کرابوو، بە تومەتی کوشتنی سێ ئیسرائیلی لەساڵی 1968 لەشاری قدس گیرابوو، ئیسرائیل داواکە ی یاسر عرفاتیان لا پەسندنەبوو، نوێنەری رێکخراوی خاچی سووری نیونەتەوەیی بە یاسر عرفاتی وتبوو، ئەو ژنە لای ئەوان ئەوەندە ناێهێت، ئەو وەک خائنێک و ناپاکێک بۆ وڵاتەکەی و نەتەوەکەی و ئاینەکەی کاریکردووە، بۆیە بەو دوو کە سە نایگۆڕنەوە، لەوەڵامدا عرفات وتبووی ئە گەر ئەوە نەکەن، ئە وا لە سێدارەدانەکەی لە سەر شاشە ی تە لەفزیۆنەوە دەبینن، ئە وەش چارە نووسی هەرکەسێکە بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل و مۆساد جاسووسی بکات، بە و وەڵامە (آسحق حوفي) بێزارو نارەحەت دەبێت، چونکە ئەوەیان جاسووسەکانیان لەناو وڵاتانی عەرەبیدا دەترسێنێت و لە کارەکانیان سارددە بنەوە، تۆڕە جاسووسیەکەیان کە ملیۆنەها دۆلاریان تێدا سە رفکردووە ئیفلیج دە بێت، لە کۆتاییدا داوای فە لەستینیەکان هاتە قبوولکردن. بۆیەش رێکخراوی خاچی

سووری نێونە تەوەیی کە وتبوو کارکردن بۆ دۆزینە وەی وڵاتێک کە تێدا دیلە کانیان تێدا بگۆڕنەوە، نوێنە ریان سە ردانی وڵاتانی فە رەنساو ئیتالیاو یونان و بولگاریا ی کردبوو، دە رئەنجام وڵاتانی تورکیاو رۆمانیاو قوبرس رازیبوون بۆ گۆ ڕینە وەکە ڕێوشوێن دابین بکە ن، لە کۆتاییدا هەردوولا رێکەوتن لەسەرئەوەی لەسەر خاکی قوبرس پرۆسە کە ئەنجام بدرێت، لە سەر زاری وەزیری ناوخۆی قوبرس لە 13ی فبرایری ساڵی 1980 راگەیاندرا کە وا لە فرۆکەخانەی لارنکای نێونە تەوەیی پرۆسە کە دە کرێت، لە و رۆژە دا ئاسمانی فڕۆکە خانە کە لەنێوان سە عات 14:00 تا 20:50 لەرووی هە موو فڕۆکە یە ک داخرا، لە ودەمانەدا هە موولایە ک لە سە ر ئاوو ئاگربوون.

****

دە رۆژ پێش رۆژەکە ئەفسەرێک لە سەرکردایەتی رێکخراوە فەڵەستینیەکە لە زیندانا سەردانی ئامینە ی کردبوو، لە وێ بڕیاریدابوو کۆت و زنجیرە کەی لێبکە نەوە، فە رمانیش دە دا خواردنی لەپێش دابنێن، دە یویست کەمی بهوژێتەوەو کەمێ گۆشت بگرێتە وە، لە و دیمانە شدا چەند وانەی رەوشت بەرزیشی بۆ خوێندبۆوە، باسی ئەوەی بۆ کردبوو لە ئەنجامی کارەکانی تۆ کە دەرحەق بە وڵاتەکەت و نە تەوەکەت و کە سوکارەکانت کردووتە، خە ڵکێکی زۆر بوونە تە قوربانی، تۆ بە رپرسی لە هەتیوبوونی منالانی زۆر، بێوە ژنی زۆریش، چە ندین ماڵ و نواش رووخێنراوە، کە قسەکانی بۆ کردبوو، ژنەکە بەگەرمی و بەسۆزەوە گریابوو، کەس نەیدەزانی ئەو ژنە لە خۆشیان گریابوو، یان لە ئاکامی پەشیمانی بوو گریابوو، لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیویەتی، کەوا قسەکانی ئەو ئەفسەرەی منی بینی، لە گوللە تۆپێک بەهێزتربو، رەشاشێک بوو جە ستەی دەبڕیم.

لەبەیانی رۆژی 9ی فبرایردا ئامینە بەنهێنی گواستراوەتەوە ئوردوگایەکی باشووری صیدا، ئێوارە کەی بە نهێنی و بە چاودێری و پاسە وانی ژمارە یە ک ئوتومبێلی چە کدارەوە گەیاندراوەتە بەیروت، لەوێ بردوویانەتە ژووریکی رێکخراوەکە، پاش ئەوەی 1561 رۆژ وە ک لە رۆژانەکەی خۆییدا حیسابی کردووە ، لە ئەشکەوتی السعرانة مایە وە، وا دووبارە رووناکی دەبینێتەوە، لە بارەگاکە دوو کیژ هاوڕێیە تیان دە کردو لە ژوورەکەی لەگەڵی نوستن، بەڵام ئەو شەوەکەی خەوی لێ نە کەوت، ئەو دەیزانی ئەگەر بچێتەوە ئیسرائیل بواری دەرچوونی نادەن، بەناچاری و بە نادڵییەوە دەبێ هەر لەوێ بژیت، لە ودەمانە دایک و بنە ماڵەکەی بەبیردەهاتەوە، بۆیە لە سەرینەکەی هەڵساوەتەوەو هاواری دەکردو دەگریاو دەیووت:

(من نامە وێ بچمە وە ناو ئیسرائیل، لێرە دەمینێمەوە، لێرە لەسێدارەم بدە ن، من دەخوازم بگەڕێمەوە ئەشکەوتەکەی السعرانة، رقم لە دەوڵەتی ئیسرائیلە).

لەودەمانە لەوپەڕی شەرمەزاری و پەشیمانی بوو، دەپاڕایەوەو دەیووت:

(تکایە بمکوژن، لە سێدارەم بدە ن، بادە ست بە کەلەپچەوە بژیم، نامە وێ بچمە وە ئیسرائیل).

ئەفسەرەکەش پێیدەووت:

(تۆی خائین بە دوو کەسی پاڵەوان دەگۆڕینەوە.!).

کەزانیان رە وشی خراپە ، دکتۆرێک ە اتە ژوورەوەو د ەرزییەکی بێهۆشی لێدا، بۆیەکەوتە خەوێکی قوڵەوە، لەئێوارەی 13ی فبرایری ساڵی 1980 لەژێر چاودێرییەکی زۆرەوە گەیاندراوەتە فڕۆکەخانەی بەیروت، لەناو چەندین ئەفسەرو سەربازی فەلەستینی و نمایندەی خاچی سووری نێونەتەوەیی، نەوەک فڕۆکەی ئیسرائیلی بیفڕێنن، بە فڕۆکەکە بەرەو ئەنقەرە سواری فڕۆکەکرا، فڕۆکەکە لەوێیەوە بە ئاسمانی یونان گەڕاوەتەوە قوبرس. ئەو رۆژە قوبرس لە رۆژیکی سامناک دە ژیا، رۆژی وای بە خۆییەوە نەدیبوو، شەقامەکان بە زرێپۆش‌و چەکداری زۆرەوە گەمارۆدرابوو، لەسەربانەکان چەندین قەناس وەستابوون، فڕۆکەخانەکەش بە زرێپۆش دەوری گیرابوو. کە فڕۆکەکە دەنیشێت، چەندین زرێپۆش گە یشتن بۆ پاراستنی رە وشەکە، هەموولایەک هە ناسەیان راگرتبوو، کە فڕۆکەکەی کۆمپانیای (العال)ی ئیسرائیل نیشتە وە، ئەفسەرێک ئامینەی لەسەرشان هێنایە دەرەوە، زرێپۆشێک گەیاندیە ناو فڕۆکە ئیسرائیلییەکە، لەولاشەوە دوو فەلەستینیی پاڵەوانەکەیان دابەزاندە ناو زرێپۆشەکە، گواستنەوەو گۆڕینەوەی هەردوولا لە فڕۆکەخانەکە تەنها 43 دەقەی خایاندبوو، ژنێکی شەرمەزار رۆیشت و دوو پاڵەوان گەڕانەوە، لە گەڵ نیشتنەوەی فڕۆکەکەیان یاسر عرفات لە پێشوازی دوو دیلەکە وەستابوو، ئامینەش ماوەیەک لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی ژیاوەتەوەو پاشان هەواڵی نەماوە، زۆر قسە لەسەر چارەنووسی ئەو ژنە هەیە، دەڵێن گوایە بە نەشتەرگەرییەک ئاکاری دەموچاوی گۆڕیوەو سەفەری ئەمریکای کردووە، هەندێکیش دەڵێن ئێستا لە خوارووی ئەفریقیا دەژیت، چیرۆکی لەو جۆرەش لە ململانێی عەرەبی ئیسرائیلی نمونەی زۆرە.

لەرۆژنامەی (الجریدة)ی کویتی لە رۆژانی 14و 15و16و 17ی سپتەمبەری 2008 بڵاوکراوەتەوە.

ئەو جاسووسە میسرییەی کە لەیەکەمین نامەدا گیرا.

ئەو جاسووسە میسرییەی کە لەیەکەمین نامەدا گیرا.

یەکێک لەسەربردە سەیرەکانی جاسووسەکان بەسەرهاتی (جمال حسنین)بوو، ئەوەی لەناو رۆژانی ژووان و دڵدارییدا کەوتبووە ناو تۆڕی جاسووسیەت، لەکۆتاییشدا دەستی نەگەیشتە خۆشەویستەکەی. حسنین لە 29ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1941 لە قاهیرە لەدایکبووە، باوکی فەرمانبەرێکی ئاسایی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بوو، بە مووچە کەمەکەی حەوت سەر خێزانی بەخێوکردووە. حسنین بە زەحمەتی قۆناخی سەرەتایی خوێندنی بڕیوە ، بەڵام لەسەر خوێندن بەردەوام بووە، تا لە ساڵی 1962 دبلۆمی لە رووپێوی (مساحە) وەرگرتووە، لەمەسلەحەتی رووپێوی قاهیرە دامەزراوە، لەبەر مووچە کەمەکەی، خۆی زۆر بەکەم و گچکە دەبینی. حسنین هیواو ئارەزووی زۆری هەبوو، بۆیە لە ئامۆژگەی ئۆلومپی لە ئەسکەندریە دەوامی کردووەو لەساڵی 1968 دبلۆمی وەرگرتووە، ئەو ساڵانەش رەوشی وڵاتی میسر پاش نسکۆی شەڕەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ناڵەبارو شپرزە بوو، هەموولایەک چاویان لە تۆڵەو بەرنامەیان کاری بوژانەوەی وڵات بوو.

حسنین لەبەرئەوەی لەمناڵییەوە دووچاری (flat foot) ببوو، بۆیە بۆی نەدەکرا ببێتە سەربازو بەشداری تۆڵە و شەڕی دژ بە ئیسرائیل بکات، بۆیەش زۆرجار لەو خەمەوە بەسەرماڵەوەو هاوڕێیەکانی هەڵدەشاخا بۆ ئەو مەبەستەش هیوای زۆربوو رۆژێ بێت نۆرەی ئەویش بێت لەبواریکدا بەشداری بوژانەوەو سەرفرازی وڵاتەکەی بکات، بۆ ئەوەش هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا. ئەگەرچی لەگەڵ خۆشەویستەکەی بەڵێنیان بەیەکدابوو، بەڵام لە ماڵەوە کەس یارمەتی نەدابوو تا هەردووکیان بەیەک بگەن، کە داوا لە باوکی دەکات ژنەکەی بۆ بگوازێتەوە، ئەو پێیدەڵێت:

(دەبێ ئەو پرۆسەیە بەخۆت جێبەجێ بکەیت).

ئەوەش زیاتر کوڕە عاشقەکە شێت و شەیدا دەکات، بۆیە بەتەنگاوی دەچێتە لای باوکی کیژەکەو لە باوکی داوای دەکات، بەڵام ئەویش بە مەرجە زۆرەکانی دەیشکێنێتەوەو ئەویش نائومێد دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەو کۆڵ نادات و بیر لە چارەسەرییەک دەکاتەوە تا بتوانێ ماڵێک بۆ خۆی دامەزرێنێت، بەناچاری و بۆ پارەپەیداکردن روو لە بەیروت دەکات، ئەودەمانە خەڵکێکی زۆر بۆ سەرمایە کۆکردنەوە لە لوبنان کاریانکردووەو بازارەکەی گەرم بوو. حسنین

موچەی مانگانە ی تە نها 16 پاوندی میسری بوو، لەوەش مۆلە تی بێ موچە وەردەگرێت، لەدەریاوە لە ئەسکەندریە بەرەو بەیروت دەڕوات، پێش سەفەرەکەی ئامۆژگاری و ڕێنمایی زۆر لەوانە وەردەگرێت کە پێشتر ئەو سە فەرەیان کردووە، یان ئە وانەی لە میسر بۆ کارکردن رۆیشتبوون، هەروەها حکومە تیش خولی پە روەردەیی و ئامۆژگاری بۆ ئە وو ئەوانەی وەک ئەو دەکاتەوەو زۆریان لە بنگوێ دەخوێنن، کەوا ناوی وڵاتەکەیان بەرزو شکۆدار راگرن و لەرفتاری ناپەسند خۆیان دوورکە نەوە، چاپوک بن نە کەونە ناو داوی نە یارەکان، چونکە زۆر لە گەنجانەکانمان لە دەرەوە دەزگای مۆساد دە یانکڕێت، بەپارەو هەوس و سێکس دە ستەمۆیان دەکەن و دژی نە تەوەو وڵاتە کەیان کاری جاسووسیان پێرادە سپێرن، بە ڵام حسنین ئە وانە بەکەسانی نە فسنزم و بە زیوو ناودەبات، بۆیە ش زۆر لە قسەکانی ئەفسەرەکان بیردە کاتەوەو دڵنیادەبێت کەوا هەرگیز دەست لەکاری وا شەرمەزاری نەدات و بیر لەوانە نەکاتەوە.

****

حسنین لەسەر پشتی پاپۆرە کە پاڵی داوەتەوەو بیری لە بەرنامەو کردنەوەی دەرگای رەزق و کارکردنی دە کردەوە، چی بکات تا بە زووترین کات کارێ بدۆزێتەوەو ژیانی داهاتووی مسۆگەربکات، بڕێ پارە پەیدابکات و پاشان بە دڵخۆشی بگە ڕێتەوەو نازدارە کەی بگوازێتە وە. لەودەمانە گەنجێکی هاوڵاتی سوری کە لەسەر پاپۆرە کەی کارمە ندبوو، لەخەونەکەی بەئاگای دەهێنێت، دە کەونە قسەکردن و دە مەتەقێ، پرسیاری لێدە کات، لە بەیروت چۆن کارێک بدۆزێتەوە، لەکێ کاربکات، ئەویش ئامۆژگاری دە کات بچێتە قاوەخانەی فاروق، لە وێ دەتوانی کۆنتاکت بکەیت و ئاسانکاریی هە یە کارێکت دەسکەوێت. ئەو لە پاپۆرەکە دادەبەزێت و لەناو شارەکە زۆر بە دوای کارێک دە گەڕێت، زۆر هیلاک دە بێت، بەڵام رۆژانە دەستبەتاڵ دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی لە گەڕەکی المزرعة لەخوارووی بەنداوەکە، لە کۆتایی بەناچاری دەچێتە قاوەخانەکەش، کە لەوێ میسریەکان کاری تێدا دەدۆزنەوەو یەکتردەبینن، بەڵام ئەو لە ئاکاری میسرییە ماندووەکان بێزاریی و بێ بە رنامەیی دە بینیت، هە ست بە شکان و رووخان دەکات، پاش چە ند رۆژێک حسنین پارە کەشی تە واودەبێت و کاری دە ست ناکە وێت، بۆیە بەناچاری و بەبێهیوایی جانتاکەی هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە قاهیرە.

ئەو بەرنامەی پارە پەیداکردن بۆ ژنگواستنەوەکەی لە مێشکییدا هەرمابوو، هەرچەند ئامۆژگاریانکرد ماوە یەک با پاش دە وام لە شوێنێکیتر کاربکات، بە وەش بڕێ پارە ش کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەو هەستیدەکرد، ئەو ناتوانی لەناو وڵاتا کارێک بدۆزێتە وە، تا کارە کانی پێ مەیسەربکات، ئەو جارە بیری سەفەرکردنی بۆ وڵاتی یونانی دە کەوێتە مێشک، وادەزانی ئەوەی لە سەفەرەکەی بەیروت بۆی نەهاتەدی، ئەوا لە شوێنێکیتر بەئاسانی بۆی دەستەبەردەبێت، کە سەفەر دەکات ناچێتە لای دەستگیرانەکەی (سماح فرحة) نەوەک پەشیمانی بکاتەوە، چونکە ئەو مانەوەی لا باشترە، کە لەدائیرەکەی مۆلەتی نادەنێ یەکسەر دەست لەکاردەکێشتەوەو ئیستیقالە

دەدات، بەپاپۆڕێکی قوبرسی دەچێتە بەنداوی (بیریە)، تەنها دووسەد دۆلاری ئەمریکی و چەند زاراوەیەکی زمانی ئینگلیزی هەبوو.

بەنداوی بیریە یەکێکە لە بەنداوە گەورەکانی یونان، بۆیە کارکردن و بواری کار دۆزینەوەی تێدایە، بە و گفت و قسانە حسنین هاتبوو. بەڵام دیسان لە یونان خەونەکانی نەهاتەدی. کاری دەستنەکەوت، رۆژانە لەوێ سەرگەردان دەسووڕایەوە، دڵتەنگ و پەشێوکاو چاوەروان بوو، بەڵام هیچی دەستنەکەوت، ئەو چەند (دراخما)یەی لە گیرفانیدابوو بەرەو تەواوبوون دەچوو، لەودەمانە کوڕێکی مەغریبی بەناوی سمعان ناسیبوو، ئەو وەعدی پێدابوو کارێکی بۆ بدۆزێتەوەو لەو تارماییە رزگاری بکات، بەڵام زۆریش چاوەروانی ئەو دەکات و کارێک نادۆزێتەوە. تا رۆژێکیان هاوڕێیە مەغریبەکەی بۆ پەیداکردنی بڕە پارەیەک پێشنیاری بۆ دەکات پاسپۆرتەکەی بفرۆشێت و لەهەمان کاتیش بڵێ گوومم کردووە، لەبەرئەوەی پارەی هیچ نەمابوو یەکسەر بیرۆکەکەی قبوولکردووە. سمعان بۆ فرۆشتنی پاسپۆرتەکەی، نێچیرەکەی دەباتە قونسلەیەی ئیسرائیلی بە بیانۆی ئەوەی لەوێ هاوڕێیەکی هەیە، ئەو دەیکرێت، هەر ئەویش لە هوتێلێک کارێکی بۆ دەدۆزێتەوە، لەوێ ئەفسەرێکی مۆسادی ئیسرائیل پێشوازی دەکات و بە گەرمی بە خێرهاتنی کردبوو، وە عدیشی پێدابوو کارێکی بۆ بدۆزێتەوە، هەر لەودیمانەدا داوای لێدەکات بلانکێتێکی بۆ پڕبکاتەوە، کە پێناسەی خۆی و خێزانەکەی بێت، هەموو زانیارییەکی تایبەتی خۆی تێدابێت، پاش سەوداکردنی پاسپۆرتەکەی بە 200 دۆلار لێدەیکرێت، پاش فرۆشتنی پاسپۆرتەکەی هاوڕێیە مەغریبەکەی حسنین دەباتە هوتێلی (ئایسخیلوس)ی ناودار، ئەو زوو لە کرێی شەوی نووستنەکەی هوتێلەکە دەترسێت، بەڵام بەکرێگیراوەکەی مۆساد لە پارەکەی دڵنیای دەکاتەوە، کەوا ئەو میوانی قونسلیەتی ئیسرائیل دەبێت، چونکە ئەوان کاری وا زۆر بە رامبەر بە گەنجانی عەرەب دەکەن تا نیازپاکی خۆیان بەوان رابگەیێنن، تا بزانن ئەوەی لە میدیای عەرەبی بڵاودەکرێتەوە سەبارەت بە ئیسرائیل هەمووی درۆن.!

****

پێوەبوون بە داوەکە

لەودەمانە حسنین قسەکلفی ئەفسەرە میسرییەکەی بەبیرهاتەوە کە لەسەفەری یەکەمی باسی فێل و پلانەکانی مۆساد بۆ کڕینی کەسانی میسری لە دەرەوە بۆ کردبوو، تێگەیشت ئەوانە چەند زیرەک و بەکارن بۆ راکێشانی گەنجان لە خزمەتی خۆیان، چۆن بە دروشمە بەجۆشانە کاردەکەن تا کەسانی وەک من بکەوینە ناو تۆڕەکانیان، ناچاربن کاریان بۆ بکەین، ئەوانە کەسانی وا دەدۆزنەوە، کە سەرلێشواوبێت، پارەی لێبڕابێت، رەوشی نەفسی خراپ بێت، لەودەمانە تەلەفۆنێکی بۆ هات، کابرایەک بەناوی یوسف خۆی پێناساندو وتبووی:

(من کارێکم بۆ تۆ دۆزیوەتەوە).

بۆیە ئەویش بەخۆشیەوە شوێن و کاتی دیمانە کەیان دانابوو، ئە و لە دیمانەکەیاندا کابراکەی زۆر دەچێتە بەردڵان، بە پیاوێکی قسەخۆشی دەزانی و ئەویش بەکراوەیی باسی جوانی ژیانی بۆ کردبوو، باسی ئایین و جوانی سروشتیان ک ردبوو، کابرا لە بەخێوکردنی سە گ شارەزابووە، زۆری لایە نی خاوە نداری سە گی بۆ باسکردبوو، پاش ئە و قسانە کابرا باسی قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراستی بۆ کردبوو، کەی ئاشتی لەو ناوچەیە بەرقراردەبێت، ئاماژەی بە فەرموودەیەکی پێغمبەر د.خ، کردبوو کە چۆن پێویستە جیرانەکان بەئارامی و بە کامەرانی هاوشانی یەک بژین. دانیشتنەکانیان گەرم بوو، حسنین باسی دە ستگیرانەکەی بۆ کردبوو کە چەندی خۆشدەوێت، بەنیازە بیگوازێتەوە ئەگەر ئیشێکی دەسکەوت و پارەیەکی باشی کۆکردەوە، وێنەکەشی نیشاندابوو، ئە فسەرەکەی مۆسادیش بە جوانی دە ستگیرانەکەی پێکە نینی پێهاتبوو، بۆیە پێیووتبوو:

(تۆ لە یونان هێشتا ژنی جوانی ئێرەت نەدیوە، لێرە نازداری وای لێیە شێتت دەکات).

بۆ یەکەمجار ئەفسەرەکە حسنینی بردبووە دەرەوەو لە دەروازەی تیاترۆخانە پیرەژنێک بەگەرمی پێشوازی کردبوون . وای نیشاندابوو کە وا جارێکیتر حسنینی دیوە ، بەڵام حسنین سوێندی خواردبوو ئەو هەرگیز ئەو ژنەو ئەو تیاترۆخانەی نەدیوە، لەوێ شەوەکەیان زۆر خۆش رابواردبوو، کە دەرگاکەش داخرابوو بە رەو شوقە کەی خۆی گە ڕاوەتەوە، کیژێکی بە سۆزیش بەگەڵی کەوتبوو، کیژەکەش دوورۆژ لەباوەشی ماوەتەوە، بەو دوو شەوەو رابواردنەکانی پارەکەی حسنین تەواودەبێت، کە پارەی نەماوە بێسەرو پەریشان دەسووڕێتەوەو ئەفسەرەکەش لە لاوازی و بەکەساسی رووبەرووی دەبێتەوە، ئەویش لەناچاری خۆی رادەستیکردووە، لەودەمانەدا پیاوێک بەناوی ابراهیم سەردانی کردبوو، ئەو وتبووی من هاوڕێ یوسفم، کە لە بلانکێتەکە سەربردەی تۆم خوێندەوە، حەزمکرد تۆ ببینم.

ئەو ئەفسەرە مۆسادەی لەژێر ناوی ابراهیم خۆی پێناساندبوو، کەسێکی زۆر زۆرزان بوو، خاڵی لاوازی ناو دە روونی حسنینی دۆزیبۆوە، لەو خاڵەوە خۆی کردبووە ناخی ئەو، دەیزانی ئەو لە سیاسەت و مێژوو کۆڵە وارە، بۆیە دەستی کردبوو بە درۆهەڵبەستن و چە واشەکردنی رووداوو راستییەکان، چەندین درۆی بۆ دە ڕێسێت، زۆر باسی جوولە کەی بۆ کردبوو، هە موو قسەکانی ئەویشی تۆماردەکرد، ئەویش پیاوێکی سادەو پەریشان بوو، لەودەمانە لێدوانێکی لەدەم دەرچوو کە تێدا وتبووی:

(جوولەکە زۆر غە دریان لێکراوە و مافە کانیان خوراوە، لە فەڵەستینیش مافی رە وای دەوڵەتبوونیان هەیە، زۆریش باسی قەیرانە ئابوورییەکانی ناو میسری بۆ هەڵڕشتبوو، بۆیەش ئەو

بۆ پەیداکردنی پارەی ژن گواستنەوەکەی بۆ کارکردن رووی لە یونان کردووە، مەسەلەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا میسر بە ردەوام ئامادەیی شەڕی هەیە، زۆر بۆ شەڕ خۆی سازدەکات، ئەوەش ژێرخانی ئابووری میسر دەرووخێنێت، ناتوانێت گەشە بە وڵاتەکە بکات).

حسنین لەبەرئەوەی پیاوێکی سادە و کەم ئەزموون بوو، بۆیە زوو بە قسەکانی ئەو بڕوادەکات، بۆیە ش حسنین لە گەڵ هەستکردن بە شەرمەزاری و نسکۆوە جنێوش بە حکومەتەکەی دەدات، زۆریش باسی کەموکورییەکانی ژیانی هاووڵاتیانی خۆیانی کردبوو. کوتینی ئاسن بەگەرمی باشترین شێوەیە بۆ گونجاندنی بۆ هەموو شتێک، بۆیە ش لەو رەوشە ناڵەبارو لاوازەی حسنین و نە بوونی پارەو نەمانی پاسپۆرتەکەی و هیوا نە بوون بە سەفارەتی میسر بۆ یارمەتیدانی، لە هەموویان کوشندە ترین لێرە ولەوێ زانیبووی، گوایە وێنەی ناشیاوی ئە ویان لەگەڵ ژنان بۆ گرتووە، ئەوانە هەموو رێخۆشکەربوون ئەو پیاوە میسرییە لە یونان بکەوێتە ناو تۆڕی مۆسادەو بە ئاسانی بگیرێت. پیاوە داماوەکەیان بەوە رازیکردبوو ئەگەر ئەو یان هە ر کەسێکی تری هاوکاری مۆساد بگیرێت و بکە وێتە دەست موخابەراتی میسری، ئە وان بە هاوکاری رێکخراوی خاچی سووری نێونەتەوەیی، یان وڵات و لایەنیکی دۆست لە پرۆسەیەکی نهێنیدا دە یانگۆڕنەوە، زۆر ناوی کەسانی میسریشیان بۆ ژماردبوون کە لەگەڵ مۆساد کاریانکردبوو، پاش گیرانیان لە لایەن موخابەراتەوە بە گۆڕینەوە ئازادکراون، ئێستاش ئازادانە لەناو ئیسرائیل لە ڤیلای گەورەو نازدار دە ژین، بێگومان ماڵ و مناڵە کانیشیان راکێشاونەتە ئیسرائیل، بۆیە ئەو کەسانە بیریان لە خۆدزینەوە لەو کارە نەکردیتەوەو دەربازبوونیان نەبووە.

****

شرێکی خیانەت

ئەو لە شوقەیەکی نازدار لەگەڵ ئەفسەرێکی مۆساد مایەوە، تا دەرسی سەرەتاییەکانی جاسووسیەتی فێربکات، فێری زۆرترین خیانە تی بکات، لەبەرئەوەی حسنین لە میسر خزمەتی سەربازی نە کردبوو، بۆیە فێری بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکیان کردبوو، زۆر کە رەستەو پێوسیتە سەربازییەکانیان بە فیلم نیشاندابوو، پاشان بیرتیژی و ژیریان تاقیکرد یتەوە، لەبەرئەوەی لە مەسلەحەتی رووپێوی کاریکردبوو، بۆیە دەیزانی نە خشەو شوێنە کان زوو بناسێتەوە، پاش چوارهەفتە ئەو جاسووسە نوێیە هەموو قۆناخە سەرەتاییە پێویستیەکانی بڕیبوو، بەپلەی جاسووس و خائین و خزمە تکارێکی دڵسۆز بۆ بە رژەوەندی ئیسرائیل لە و کۆرسە دەرچووبوو.

بۆ ئەوەی ورەی بەرزبکەنەوەو زۆر پشتیوانی نیشان بدەن، بەرپرسەکەی پێیوتبوو، ئێمە ناهێڵن لە بەرامبەر دەستگیرانەکەت شەرمەزار بگەڕێتەوە، یان دەستەبەتاڵ بیت، سەرەتا وەک

پاداشت فەرمووو هەزار دۆلارت پێشکەش بێت، مانگانەش دووسەد دۆلار وەردەگریت و بۆ ەەر نامەیەک کە بەو بۆکس ئەدرێسە کە لە رۆمایەو بە ناوی (کاستالا یوستالی)یە، بۆمان دەنێریت ئێمە وەک پاداشت 50 دۆلارت لەسەر مانگانەکەت بۆ رە وانەدەکەین، ئەوانەش هەموو پێشەکی بوون، تا حسنین بەحەماسەوە بگەڕێتەوەو ئەرکی سەرشانی خۆی بوێرانە راپەڕێنێت. تا گومانی ئەوە برە پارەی لە ماڵەوەو لەلای هاوڕێیەکانی لێ نەکەن، چوار مانگ لە بەنداوی بیریەی یونان مایەوە، پاشان جانتاکەی پێچاوەتەوەو بەدیاری فستانی بووکینی کە لە موخابەراتی ئیسرائیلییەوە وەریگرتبوو بۆ دەستگیرانەکەی سواری فڕۆکەبووە بەرەو قاهیرە.

حسنین زۆر بەپەلەبوو، زوو نامەیەک بەحبری ئاسایی بۆ هاوڕێیەکەی یوستالی لە رۆما دەنووسێت، بۆی دەنووسێت من بە سەلامەتی گەیشتم و لەو نزیکانەش دەستگیرانەکەم دەگوازمەوە.

هەر بۆ کارە جاسووسییەکەی و بۆ زانیاری کۆکردنەوە، سەردانی خزمە دوورو نزیکە سەربازەکانی دەکردو پرسی رەوشی سوپاو ورەی سەربازانی دەکرد، لە ناو دەفتەرەکەی بەرباخەڵی هەموو زانیارییەکانی دەنووسیەوە، بەبیانۆی ئەوەی نامەی تایبەتی برادەرانی میسری لە بیرچی هێناوە بۆ خزم و برادەرەکانی سەردانی شارەکانی ئەسکەندەریەو دمیاط و منصورەو مرسی مطرح کردبوو، لەوێ چاوی لە کاروانە سەربازییەکان دەبڕی، لە چالاکییەکانی دەپرسی، سەیری باری ناو ترێنەکانی دەکردو لە دیار لۆرییە گەورەکانیش دەوەستا، بەو شێوەیە بابەتی زۆری کۆکردبۆوەو تا رۆژێکیان لە ژوورەکەی خۆیدا دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو، لە ناو دەفتەرەکەیدا هەواڵ و زانیارییەکانی بژارکردبوو، بۆ یەکەمین جارو بەحبری نهێنی یەکەمین نامەی بۆ مۆساد نووسی.

ئەودەمانە حسنین یەکەمین نامەی نووسی،وو رەوشی وڵاتی میسر نائارام بوو، پێش شەرەکەی ساڵی 1973 بوو، هەڵوێستی سەرۆکی میسری السادات روون نە بوو، جەماوەری میسری چاوەروانی تۆڵە و کارێکی گەورەبوون، زۆر بە ڵین و پەیمان هەبوون، لە ولاشەوە فەڵەستینییەکان لە بەرگری بەردەوام بوون، بۆیە ئیسرائیلییەکان سەدان جاسووسیان لە ناو توێژەکانی میللەتی میسری چاندبوو، هەموو بەردەوام کاریاندەکردو زانیاریان رەوانەدەکرد، بۆیە موخابەراتی میسریش چاودێری وردی نامە کانی پۆستی دە کرد، بە تایبەتی ئە و پۆستانە ی رەوانەی دەرەوەی وڵات دە کران، بۆیە یەکەمین نامەی حسنین کەوتە بەرچاوی موخابەرات، بەئاسانی ناوەرۆکی نامەکەیان خوێندەوە کە بە حبری نهێنی نووسرابوو.

لەو رۆژەوە بەهێمنی لە حسنین گەڕان تا ئێوارەی رۆژی 29ی نۆڤمبەری ساڵی 1972 لە ژوورەکەی خۆی بە نامی نووستبوو، بە بەڵگەی روونەوە دەستگیریان کردبوو، لەناو دەفتەرە گچکەکەی بەرباخەڵیشی زۆر زانیارییان دۆزیەوە، کە بەنیازبووە نامەی دووەمی رەوانەی رۆما بکات، لەرۆژانی دادگاش دانی بەوەدانابوو کەوا ئەو بۆ مۆساد کاریکردووەو زانیارییەکانیشی لەخزم و هاوڕێیە کانی کۆکردیتەوەو ئەوانیش لەبەرئەوەی گومانیان لە و نەبووە، بۆیە زۆر

قسەیان بۆ کردووە، دادگا لە ناوەندی حەفتاکانی سەدەی رابردوو سزای گرتنی کاری قورسی هەتاهەتایی بۆ بڕیبۆوە، لە تەمەنی 60 ساڵ رۆژێکیان لە ناوەڕەی نۆهەدەکانی سەدەی رابردوو لە گرتووخانەی (آبو زعبل) وەک کەسێکی شل و شێواو لە دەرگاکە هاتە دەرەوەو کەسیش لە پێشوازییدا نەبوو. دیارە وەسایە چارەنووسی هەموو خائینێک.

لەرۆژنامەی (الجریدة)ی کوێتی رۆژی 28ی سپتەمبەری ساڵی 2008 بڵاوکراوەتەوە.

بنەماڵەیەکی خۆفرۆش.

بنەماڵەیەکی خۆفرۆش

لەهاوینی ساڵی 1995 تەلەڤزیۆنی میسری زنجیرە یەکی درامی لە نمایشکردنی هونەرمەندان (سعيد صالح)و (آسعاد يونس)و (طارق الدسوقي) نیشاندا، ڕووداوی زنجیرەکە لە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی دۆسیەکانی هەواڵگری میسری وەرگیرابوو، پاڵەوانی ڕووداوەکە ژنێک بوو بەناوی (آنشراح موسی)و لەناوچەی العريش لە ڕۆژانی داگیرکردنی ئیسرائیلی لە سینا لە نێوی ساڵی 1967 قەومابوو.

(آنشراح علي موسی) لەشاری (المنيا)ی صعیدی میسری لە ساڵی 1937 لەبنەماڵەیەکی مامناوەندی لە دایکبووە، لە ساڵی 1951 بڕوانامەی ئامادەیی لە خوێندن وەرگرتووە، ئەو لەودەمانە کیژێکی بەرچاوبووە، بۆیە زۆر لە گەنجەکانی شارەکە چاویان تێبڕیبووە، بەڵام قەدەر بەرەو قاهیرەی دەبات، کە لەئامادەیی دەرچووە، باوکی خەڵاتەکەی بەوە داوە کە بۆ ئاهەنگی ژنگواستنەوەی یەکێک لە خزمەکانی سەفەرێکی قاهیرەی پێ بکات، لە وێ دەگاتە کوڕی نەسیبی خۆی کە گەنجێکی لەدایکبووی ساڵی 1929 العريش بوو، ناوی (آبراهيم سعيد شاهين)بوو، لەو ئاهەنگەدا ئەو کوڕە سۆراخی هەموو شتەکانی ئەو کیژە میوانەی کردبوو، پاش چەند ڕۆژێک ئەگەرچی دایکی پێیدەڵێت ناکرێ تۆ ئەو ڕێگایە دوورەی نێوان شاری المنياو العريش ببڕیت، هێنانی کیژێک ئەو کاروانە دووروودرێژە ناهێنێت، بەڵام ئەو لەشاری المنيا دەگاتە پێش ماڵی کیژە کە، کیژە کە زۆر عەشقی دەبێت، لە ماوەیەکی کورتدا پرۆسەی هاوسەرگیری دەبەستن و بووکەکە دەگوازرێتەوە شاری العريش.

آبراهیم لە بەڕێوەبەرایەتی العريش فەرمانبەری بەشی ژمێریاری بوو، ئەویش وەک هاوسەرەکەی بڕوانامەی ئامادەیی هەبوو، بەیەکەوە بەشیرینی و بەتاڵی دەژیان، تا ساڵی 1955 کوڕێکیان بوو، ناویان نا (نبيل)، لە ساڵی 1956 کوڕی دووەمیان بوو ناویان نا (محمد)، پاش دووساڵیتر (عادل)یان بوو، ماڵەکەیان پڕ زاق و زیقی منداڵان بوو، بە یەکەوە لەساڵی 1963بڕیاریاندا کوڕەکانیان ڕەوانەی لای مامیان لە قاهیرە بکەن، لەوێ کوڕەکان ڕەوانەی بەر خوێندن کران و لە کۆمەڵگەی کۆچەری العريش دوورکرانەوە، لەساڵی 1966 آبراهیم بە تۆمەتی وەرگرتنی بەرتیل گیرا، لەدادگا بڕیاری سێ مانگ گیرانی لەسەردرا، کە لە گرتووخانە هاتە دەرەوە، ژیانیان کەوتە کوڵەمەرگی و نەبوونی.

****

تۆچاو ئارد

پاش شکان و نسکۆکە ی ساڵی 1967 ناوچەی سینا لە لایەن ئیسرائیلیە کان گیرا، لە ئەنجامدا ژن و مێردە کە سەفەری قاهیرە یان پێ نە دە کراو ڕێگایان لێ گیرا، هیوای دیمانە ی مناڵەکانیان نەما، ژنەکە بەردەوام بۆ مناڵەکانی دەگریا، ڕەوشی ماڵەوەشیان بەرەو خراپی دەچوو، پارەو پوولیان نەما، بۆیان نەدەکرا سادەترین پێویستیەکانی ناوماڵ و ڕۆژانە یان بکرن، ئاشکرایە بۆ کۆمە ڵگایەکی کۆچە ری شە کرو تۆچا سادە ترین و پێویسترین کە ڕەستەن، ئە وەشیان بۆ نەدەکرا، ڕۆژانە یان بە گیایەکی خۆماڵی بە ناوی (مرمرية) بەڕێدەکرد، کە وتنە ناو ژیانێکی ناخۆش و دەردەسەری.

لەناو برسیە تی و ڕە وشی خراپی دانیشتووانی دوورگەی سینا، موخابەراتی ئیسرائیلی بۆ پە یداکردنی بە کرێگیراوو لەژمارەیەکی زۆر لەجاسووس دە گەڕا، لە گەڵ باری ناڵە باری خەڵکەکەو گەمارۆی سوپای داگیرکەر لەناوچەکەو کۆنترۆلی توندی هاتوچۆی هاووڵاتیان بارەکە لەباربوو کەسانی زۆر بۆ ئەو کارە جاسووسیە بدۆزنەوە.

خێزانەکەی آبراهیم برسیە تی تە نگی پێ هە ڵچنیبوو، لەبەر سەرووردارکردنی ناوچە کەو فەرمانەکانی حاکمی سەربازی ئیسرائیلی لە ناوچەکە، ژنەکە بۆ دیتنی مناڵەکانی لە قاهیرە زۆر دەسووتا، بەردەوام دەگریا، بۆیە ڕۆژێکیان آبراهیم لەتاو برسیەتی و دڵسوتانیان بۆ مناڵە کانی لە دەرگای حاکمە سەربازە ئیسرائیلیەکە دەچێتە ژوورەوە، داوایکردبوو مۆڵە تی پێبدەن سە فەری قاهیرە بکات، کە ئەوان دەرگایان لێ نە کردۆتەوە، لەخەفەتا هاواری کردۆتە سەر ئەفسەرێک و وتبووی:

(هەموو دە روازەکانی ژیانمان لە سەردا داخراوە، برسی و رووتین، یە ک لە تە نان لە ماڵەکەمان نادۆزینەوە، لە برسانا وشک بووینەتەوە).

ئەفسەرەکە کە بە (آبو نعيم) ناویان دەبرد، دڵی داوە تەوەو بە نەرمی قسە ی لە گەڵ کردووەو بەڵێنی پێداوە مۆڵەتەکەی بۆ وەرگرێت، لەگەڵ نەرمی قسەکانی ئەفسەرەکەو سووتانی پیاوەکە، دە مەتەقێ پە یدادەبێت، ئە فسەرەکە کیسێک ئاردو برێ شکرو چای دە داتێ، بە کۆڵێ زادو بە موژدەی وە رگرتنی مۆڵە تی سە فەرکردنیان بۆ قاهیرە ، بە دڵێکی کامە ڕانەوە ئەو دەگەڕێتەوە لای ژنە کەی. پاش چە ند ڕۆژێک لە سەر بە ڵێنی ابو نعيمە کە، آبراهیم ڕۆژانە دەچێتە بەردەرگای ئە فسەرەکە، چە ند جارێک دە ستەبەتاڵ، لە کەمێ زادو مۆڵە تی سە فەری خۆی ژنەکەی بۆ قاهیرە دەگەڕێتەوە، هیوای بە بەڵێنە کانی نامینێت.

بەیانیەکیان ئاگاداریان کردیتەوە کەوا لە نووسینگەی آبو نعيم داوای دە کەن، حاکمی سەربازیش ڕەزامەندی لەسەر سەفەرەکەی خۆی و ژنە کەی بۆ قاهیرە دەرکردوە، ئەفسەرەکە هەواڵەکەی پێوتبوو، بە ڵام ئە فسەرەکە مەرجێکی بۆ دانابوو، داوایکردبوو ئە و نرخی سە وزەو میوەی ناو بازارە کانی قاهیرە یان بۆ بهێنێت، لە براکەشی ڕەوشی هێنان و بردنی بازاریان بۆ

سۆراخ بکات. آبراهیم وەڵامی دابوونەوە، کەوا ئەو مەرجە زۆرئاسانەو بەچاوان بۆیان دەکات، زۆر بەباشی و بە وردی نرخی خواردە مەنی و سەوزەو ماسییان بۆ دە هێنێت، ئامادەشە شتی زۆرتریشیان بۆ بکات، کە ئەفسەرەکە وەڵامەکەی آبراهیمی بە و شێوە وەرگرتەوە، تێگەیشت کابرا لە یەکەمین تاقیکردنەوە دەرچووە، ئەویش رەوانەی لای ئە فسەرێکی تری دەکات کە ئەرکی پۆلین و پاڵاوتنی لەسەرشان بوو.

****

رووخانەکەی ئەو لە شاری بئر السبع

بۆ بەیانی ئۆتومبێلێکی سەربازی لە پێش ماڵی آبراهیم راوەستاوەو سەربازێکی لێ دادەبەزێت و سەری لەبن گوێ کابرا ناوەو ابراهیمی لەگەڵ خۆی بردووتە نووسینگەی ئاسایش، لەوێ ئەفسەرێک بەناوی (آبو یعقوب) چاوەروانیدەکرد، لە سەرداواو پێشنیاری آبو نعیم ئەفسەرەکە زۆر ریزی گرتبوو و پێشوازی گەرمی لێکردبوو، ئەویش سوپاسی گەرمی ئەوو آبو نعیمی کردبوو، بەیەکەوە زۆر قسەدەکەن، آبو یعقوب بە هەستێکی جاسووسیانە لێی دەچێتە پێشەوەو نەرمی بۆ دەنواند، داواشی لێکردووە لە (بئر السبع) سەردانی نووسینگەی سەرۆکی تایبەت بە کاروباری دانیشتووانی سینا بکات. لەوێ ئیسرائیلییەکان زۆر ریزی دەگرن، داوایان لێکردبوو ئەگەر هاوکاریان بکات و زانیارییان لەسەر میسر بۆ کۆبکاتەوە، پارەی زۆری دەدەنێ، یارمەتی بەرچاوی پێشکەشدەکەن، لەکۆتاییدا یەکەم پێشینەی پارە وەردەگرێت، پیاوێکی لاتی برسی، ئەوەی پارەی یەک پاکێت جگەرەشی نەبوو، یەکدەست هەزاردۆلار وەردەگرێت، گۆڕانێکی زۆر گەورەو وەچەرخانێکی سەرسوورهێنەربوو لەژیانی ئەو روودەدات، ئەوانیش بەڵێنی ئەوەیان پێداوە ژیان و سەلامەتی مناڵەکانی دابینبکەن، با لە العریش ترسی نەبێت. لەو رۆژەو لەو شوێنەدا آبراهیم لە کەسێکی ئاسایی کە پەرۆشی مۆڵەتێکی سەفەری قاهیرەبوو، شێکی جاسووسی و خیانەتی مۆرکردو خۆی بۆ بە رژەوەندی دوژمنەکەی فرۆشت و دەستی لەگەڵ شەیتان تێکەڵکردووە.

ابراهیم یش وەک هەموو جاسووسەکانی تر کەوتە بەر مەشقێکی چاک و دژوار، فێریان کرد چۆن بە حبری سپی بابەتیان بۆ بنووسێت، چۆن زانیاری لەناو خزم و کەسوکاریان کۆبکاتەوە، فرۆکەکان بناسێت و لە یەکتریان جیابکاتەوە، چەکەکان بناسێت. ئەوان زاراوەکانی جاسووسیان پێناساند، لەبەرئەوەی ئامادەیی زۆری تێدابوو بۆ ئەو کارە بۆیە لە بەرنامەکانی زوو و باش سەرکەوت. آبراهیم فێرکرا چۆن پروپاگەندە بڵاوبکاتەوە، چۆن نوکتە و گاڵتەپێکردنی لەنێوان سوپاو سەرکردەکان هەڵبەستێت، چۆن هەستی ئەمنی بخولقێنێت، چۆن وەڵامی ئەمنی میسری بداتەوە ئەگەر دووچاری لێپرسینەوەبوو، چۆن خۆی وا بسازێنێت گومانی لەسەرنەبێت.

آبراهیم بەکوڵی دیارییەوە گەڕاوەتەوەماڵەوە، گیرفان تەژی پارە گەیشتبووەوە ماڵەوە، کە ژنەکەی پرسیاری ئەو هەزار دۆلاری لێکردبوو، ئەو لە وەڵامدا وتبوو:

(من ئەو پارەم وەک پاداشت لە ئیسرائیلییەکان وەرگرتووە، من پێگەیەکی فیدایە فەڵەستینییەکانم نیشانداون، بۆیە ئەوانیش خەڵاتیان کردووم!).

ئەو بەبێ دوودڵی و ترس ئەو قسەیەی لەمستی ژنەکەی نابوو، بە ژنەکەشی وتبوو، لەو رۆژانە پسولەی رێپێدانەکەشمان بۆ قاهیرە دەدەنێ، بۆیەش ژنەکە بەخۆشیەوە مێردەکەی لە ئامێزگرتووەو دڵشادی لە ئاکاری دەربڕیوەو وتوویەتی:

(ئەو فیداییانە ئیمرۆش نەگیرابووانە، بەیانی هەر دەگیران).

پیاوەکە بە ژنەکەی وتبوو:

(ژنەکە ئەوەی من کردوومە خیانەتە؟!).

ئەویش وەڵامی داتەوەو وتوویەتی:

(پیاوەکە تۆش ئەوەت نەکردبووایە، ئەوا یەکێکی تر، ئەوەی بۆ دەکردن و ئەوانە هەر دەگیران، هەزار دۆلارەکە بووە نەسیبی ئێمە! چاکت کردو دەستت خۆش!).

ابراهیم بە ژنەکەی وتبوو، ژنەکە ئەوانە ریزی زۆریان گرتم، بەڵێنی زۆریان پێداوم، بڕیاریانداوە خۆم و ماڵ و مناڵەکانم بپارێزن، ئەگەر من بەردەوام هاوکاریان بکەم، پارەی زۆرم دەدەنێ، ئەوان لە قاهیرە زانیارییان لە من دەوێت. آبراهیم راستییەکانی بە ژنەکەی وتبوو، ئەوان ئامادەنە بۆ هەر نامەیەک 200 دۆلارم بدەنێ، ئەوان نرخی بازاری ناو قاهیرەیان لە من دەوێت، ژنەکە بەو قسەیە خەنی ببوو، بیرو خەیاڵ دوور رۆیشتبوو. ژنەکە بە پیاوەکەی وتبوو:

(تا من هەست بەترس نەکەم و دڵنیابم ژیانمان لە مەترسیدانییە، دەبێ لەهەموو نامەکان ئاگادارم بکەیتەوە، هەموو نامەکانم نیشان بدەیت، من مافی ئەوەشم هەبێت ئەگەر دێرێک یان هەواڵێک بەدڵم نەبێت ئەو بڕگەیە لابدەم. پاش ئەو دانوستانە ژن و مێردەکە رێکەوتن، واتە ژنەکە لەپرۆسەکە بووە هاوبەشی مێردەکەی).

****

سەفەرکردن بۆ تەلئەبیب

لە 19ی نۆڤمبە ری ساڵی 1967 آبراهیم و ژنە کەی بە پێناوی ڕێکخراوی خاچی سووری نێونە تەوەیی گە یشتنە قاهیرە، حکومە ت بە شێوەیە کی کاتی لە گەڕەکی (المطربة) شوقەیە کی بۆ تە رخانکردن، کە دەزگا رە سمییەکانی پارێزگای سینا لە العریش گواسترایە وە قاهیرە ئەویش گەڕایەوە سەر وەزیفەکەی خۆی، پاش ئە وەی ژیانی کەمێک بەرەو باشی گۆڕا ماڵەکەی گواستە وە گەڕەکی (الامیریة)، لە ویێەوە آبراهیم دەستیکرد بە کۆکردنەوەی زانیاری، ژنەکەی یارمە تیدەدا بۆ نووسینی راپۆرتە کانی بە حبری نهێنی، لە نامەکاندا ژنەکە دەینووسی کەوا ئەو لە هەموو بابە تی گچکەو گەورەکان شەریکی پیاوەکەیەتی، آبراهیم بە و دەستەواژەیە کۆتایی بە نامەکانی دەهێناو دەینووسی: (بژی ئیسرائیلی مەزن!).

دیارە کەوا باری ئابووری آبرهیم بە رەو باشی دە چوو، بۆیە بیری لە بەکارهێنانی پارەکانی دە کردەوە، روو لە بازرگانی جلوبە رگ و کە رەستەی کارە بایی کردە وە، لە بەرئەوەی پارەی باشی هەبوو، بۆیە کە لەکاری رۆژانەی دەوامەکەی دوادەکەوت ئیدارەکەیان گلەییان لێ نەدەکرد، چونکە بەردەوام دیاری دە دایە بەرپرسەکانی ناو دائیرە کەی، بە ردەوامیش نامە و زانیارییەکانی بە پۆستی رۆما دەگەیاندە مۆساد، بۆیە خۆی و ژنەکەی داوەتی رۆما دەکەن، تا بۆ کارو بەرنامەی باشترو گرینگتر بەکاریان بهێنن.

لەمانگی ئۆگسستی ساڵی 1968 بەناوی بازرگانی ژن و مێردە کە بەدەریاوە گەیشتنە لوبنان، لەوێشەوە بەرەو رۆما فڕین و نمایندەی مۆسادیش لە پێشوازیاندابوو، لەوێ دوو پسولەی سەفەری ئیسرائیلی بە ناوی (موسی عمر)و (دینا عمر)یان وە رگرتبوون، بە فڕۆکەیەکی کۆمپانیای (العال)ی ئیسرائیل هە ردوو خائینە کە بەرەو تەلئەبیب دەفڕن، لە فڕۆکەخانەی اللد ئەفسەرێکی مۆساد پێشوازیکردن . ئەوان فێرن بە و شێوە یەو بە گەرمی پێشوازی هە موو بە کرێگیراوێکیان دە کەن، لە ڤیلایە کی نایاب هاتنە خوارەوەو هە شت رۆژ جۆرە ها زانیارییان فێرکردن، شێوەو ناوی فڕۆکە کان، چەکان، وێنەی فۆتۆگرافی و کۆکردنەوەی زانیاری، پاش ئە و کۆرسە چڕوپڕە پلەی عقیدیان بەناوی موسی بەخشی بە آبراهیم، پلەی ئەفسەری یەکەمیش بە ناوی دینا داوەتە ژنەکەی.

لەدیمانەیە کی تایبە تی لە گەڵ سە رکردەیەکی مۆساد ژنە کە داوایکردبوو، با مووچە و پاداشتەکانیان بە گوێرەی کارە زەحمەتەکانیان بێت، ئەو کارەی ئەوان ئەنجامی دەدەن پارەی زۆرتری شیاوە ، مۆساد ریزی ئە رک و ماندبوونی هە ردووکیانی بە رز نرخاندو ستایشی زانیارییەکان کردن، بۆیە بڕیاریاندا پاداشتی زۆر باشیان بکەن، هەردووک بە هەگبەیەک مشت دۆلار گەڕانەتەوە میسر، لەو رۆژەوە هەستیان بە لێپرسینەوەی زۆرترکردو زۆرتر کەوتنەخۆ بۆ کۆکردنەوەی وردترین و بە سوودترین زانیاری. وڵاتی میسر ئە ودەمانە لەسەردەمی شە ڕێکی

تایبەتی بوو، فرۆکە کانی ئیسرائیلی دە گەیشتە قوولایی خاکی میسرو بە ئارەزووی خۆیان مەبەست و خاڵی گرینگیان دەپێکاو ئامانجە مەدەنیەکانیشیان بەوردی دەپێکا. ژن و مێردەکەش سەربەستانەو ئازایانە لەناو ولاتا دە سووڕانەوەو بە ئارەزووی خۆیان وێنە یان دە گرت و رە وانەی شوێنە تایبەتییەکانیان دەکرد، وێنەو نەخشەی زۆری کارگە کانیان نارد، بە و ئوتومبێلە نوێیەی کە مۆساد بۆی کڕیبوون، زۆرتر دەگەڕان دەگەیشتنە هەموو خاڵێکی پێویستی دیاریکراو.

لەساڵی 1997 رۆژنامەی معاریفی ئیسرائیلی دیمانە یەکی لە گەڵ (عادل)ی کوڕە گچکەی آبراهیمی جاسووس سازکردبوو، لەوێ وتبووی:

(ئەو رۆژە نیگبەتییەم لەهاوینی ساڵی 1969 تا لەژیاندا ماوم لە بیرناچێت، تێدا لەو رۆژەدا لەگەڵ چرپەو پستەپستی قسەکانی دایکو باوکم لە ژووری نووستنەکەیان بەئاگاهاتم، کە باسی بابە تێکی نامۆو سە یریان دە کرد، دایکم جانتایە کی پێستی دە ستی لە دەستدابوو، باوکم دەیویست کامیرایە ک لە ناو جانتاکە دابنێت، هە رگیز دایکم وا تووڕە نەدیبوو، بە باوکمی دەووت:

(نا وا نابێت، کامیراکە دەبینن!).

باوکم کامێراکەی دەرهێنایەوەو دووبارە لەناو جانتاکەی دانایەوە، منیش بە رامبەریان دانیشتم، دەمەتەقێیەکەیان گەرم بوو، باوکم دەیووت:

ئێمە بەسەیران دەچینە ئەسکەندریە. لەودەمانە دایکم و باوکم زۆر نیگەران بوون و دەترسان، هە موومان بە ئوتومبێلەکەمان دە رچووین، هە ر چە ند لە قاهیرە دووردەکەوتینەوە، باوکم زۆرتر ئارە قەی دە کرد، ئەوەندە ئارەقەیکرد تا هە موو قە میسەکەی تە ڕبوو، بە زەحمەتی قسەی لە گەڵ دایکم پێدە کرا، ئێمە ش تێگە یشتین ئە و گە شتەمان وە ک گە شتە کانی ترمان ئاسایی نییە، بێدە نگ دانیشتین، لە ودەمانە لەسەر هە موو رێگا گشتییە کانی ناو میسر سە رباز مۆڵ درابوون، رێگاکە هەموو بنکەو ربایەی سەربازیی بوون، کە لەیەکێک لەسەربازگاکان نزیک بووینەوە، دایکم کامیراکە ی دە رهێناو باوکم فە رمانی پێدا، بە زووترین کات وێنە بگرە، زووبە وێنەی زۆر بگرە ، خیرابە ، دایکم چاکێتە کەی تە نیشت پە نجەرەکەی لاداو وێنە ی دە گرت و دەستی دە لەرزی و بە ترسەوە دەیووت، پیاوە کە بەو کارانە ت ئێمە دەچینە دۆزەخ، باوکیشم بەتووڕەییەوە دەیووت، ئە وجارە دواجارمانە، تە واو ...! دایکم پڕتە و بۆڵە ی دە هات و هاواری دەکرد، خۆمان لەزیندان دەبینینەوە، باوکم بەپاڕانەوە دەیووت زووبە، ئەو وێنەیەش بگرە...!

محمدی برام ویستی بپرسێت، ئە وە چ قە وماوە، چ رووده دات، زوو ئە وان وە ڵامیان دایەوەو خۆیان لە و تووڕە کرد، بۆیە کەسمان چیتر پرسیارمان نە کرد، بێدە نگ ماینە وە، کە

گەڕاینەوە ماڵەوە، باوکم دەرگای لەسەرخۆی داخست، پاش دەمێک دەرگاکەی کردەوەو هاتە دەرەوەو دەستی لە ملی دایکم کردو بە خۆشییەوە وتی:

خۆشەویستەکەم وێنەی نایابت گرتووە، دەستەکانت خۆش.!

دایکم وتبووی:

دەبێ منداڵەکانیش لە مەسەلەکان بگەن، دەبێ بزانن ئێمە چ دەکەین.

تا ئەودەمانەش شۆک هەموومانی گرتبوو، نە ماندەزانی چ رووەدات. ئەوە یەکەم سەفەرمان بوو، وای لێهات سەفەرەکانمان لەناو هەموو میسر ئاسایی بوو، زۆر دەگەڕاین، هەموو رۆژانی کۆتایی هەفتە دەچووینە شارێک، دەچووینە شارەکانی الاقصرو آسوان و ... شوێن نەما ئێمە بۆی نەچووین، باوکم هەندێ جاریش لەناوەندی هەفتەش لە دائیرە مۆڵەتی وەردەگرت و سەفەری دوورودرێژمان دەکرد، چەند رۆژ دەماینەوە، لەهەموو سەفەرەکان وێنەی پێگەو مۆڵگە سەربازییەکانمان دەگرت، نێوان سەربازگەکان و رێگا گشتییە کانمان دەپیوا، بەوەش شوێنی کارگەو سەربازگەکانمان دەستنیشان دەکرد، بوونی ئێمەی منداڵیش لە ناو ئوتومبێلەکەو هاوڕێیەتی ئەوان لە سەفەرەکانیاندا گومانی لەکارەکانیان دووردەخستەوە).

****

آبراهیم و آنشراح بەردەوام سەفەری رۆمایان دەکرد، زۆرجاریش سەفەرەکانیان لەسەرداوای مۆسادبوو، سەفەریشیان دەکردو ئەوهەزارەها دۆلارەی لەو کارە جاسووسیانەدا دەستیان دەکەوت بەکاریان دەخست و ئیشیان پێدەکرد. تا زۆرتر پارەکە وەرگرن و ئەندامانی تۆڕەکەیان فراوانتربێت، منداڵەکانیان هەموو خستەکارو ئەوانیش بوونە جاسووس.

سەبارەت بەو سەفەرەیان بۆ رۆما، عادلی کوڕیان بە رۆژنامەی معاریفی ئیسرائیلی راگەیاندبوو:

(کە دایک و باوکم لە رۆما گەڕابوونەوە، چەندین دیاری جوانیان بۆ هێنابووین، جلی باشیان بۆ کڕیبووین، هەستم دەکرد شتێکی نائاسایی لە ماڵەکەمان رووەدات، زۆر بیرم لە و مەسەلەیە دەکردەوە، تا رۆژێکیان رووبە رووی هەردووکیان دانیشتبووم، باوکم مە سەلەکەی بڕاندەوەو نهێنییەکەی بۆ درکاندین و وتی:

ئێمە رۆژی رەشمان زۆر بینی، برسیەتیمان بەسەرداهات، نانمان نەبوو، مستێک خوێمان نەبوو، ئیستاش هەموو شتێکمان هەیە، رەوشمان باشە، ژیانمان خۆشەو لە هیچمان کەم نییە، دەبینن مناڵەکانی چواردەورمان چەند برسین و بەرووتی دەژین، وەک کوێلە لە برسانا دەناڵێنن، دیارە ئێوە وەک پاشایان دەژین، راستە من و دایکت بەردەوام کارمانکردووە، مووچەمان هەبووە، لە بازرگانی کارمان باش و سەرکەوتووبووە، بەلام هێشتا ئەو سامانەی زۆرەی هەمانە، ئەو ژیانەی دەژین، لە نیوچەوانی کەسانی تری دڵسۆزە، کەبەردەوام هاوکاریمان دەکەن، دیاری زۆرمان بۆ رەوانەدەکەن، پارەمان دەدەنێ، ئەوانەی رەوشی ئێمە یان گۆڕی ئیسرائیلیەکانە...! ئەوانە ئێمەیان لەبرسیەتی رزگارکرد، ئەوانە ئێمەیان لەدەربەدەری رزگارکرد، بەخێرو چاکەی ئەوانە وا ئێمە هەموو شتەکانمان بۆ دابینکراوە .! ئەودەمانە من تەمەنم 12 ساڵ بوو، هاوینی ساڵی 1971 بوو، نبیلی برام دوو ساڵ لە من گەورەتربوو، محمدی براشم یەک ساڵ لە من گەورەتربوو، من مناڵ بووم ئەو مەسەلەیەم ئەوەندە لا گرینگ نەبوو، باوکم لەکێ کاردەکات و هاوکاری کێ دەکات، منیش وەک هەموو مناڵەکانی کۆڵانەکەمان رقمان لە جوولەکە هەبوو، بەلام لە ماڵەوە بەشێوەیەکیتر پەروەردەدەکراین، مەسەلەکە لەماڵەوەمان روویەکی تری هەبوو، لەماڵەوە فێرکرام کەوا من نانی سەرخوانەکەمان لە خێرو بەرەکەتی ئیسرائیلیەکانە، جلەجوانەکانم لەوانەوە سەرچاوە دەگرن، خۆشییەکان ئەوان بۆیان مەیسەرکردووین. کە گەورەتربووم هەستمکرد باوکم چەجۆرە کارێک دەکات، پارەی چۆن دەستدەکەوێت، ترسم لێ دەنیشت، باشم دەزانی ئەگەر کارو سەرچاوەکەم ژیانی باوکمان نەبێت، ئەوا برسیەتی لەناومان دەبات، ئیفیلج دەبین، من وەک پاشایەک دەژیام، هەموو شتەکانمان بەئاسانی دەهاتە ناودەست).

****

ماڵەکە هەموویان کەوتنە ناو تۆڕەکە، هەموو بوونە جاسووس، ژنەکە حەزی دەکرد ماڵەکەیان بگوازنەوە گەڕەکی دەوڵەمەندەکان، بەلام مێردەکەی ئارەزووی ژنەکەی قبوول نەدەکرد، بۆیە ژنەکە پێیوتبوو:

(تا نەگیراوین با بەخۆشی بژین).

ئەوان ماڵەکەیان گواستەوە گەڕەکی (الرصر)ی نوێ، مناڵەکان چوونە خوێندنگای باش. لەو گەڕەکە نوێیەدا آبراهیم پەیوەندییەکانی کۆمەلایەتی لەگەڵ هەموولایەک خۆشکرد، بەردەوامیش هاموشۆی کۆنەهاوسێیەکانی دەکردەوە، لە ڤیلا گەورەکەیان بەردەوام گەورە ئەفسەرانی سوپای تێدا داوەتدەکرا، میوانی فرۆکەوانی زۆر دەهاتن، کوڕەگچکەکانی وەک جاسووسی تەمەن گچکەو تازە لەگەڵ دایکوباوکیان کەوتنە کارکردن، بۆ هێنانی زانیاری لە کوڕە

ئەفسەرە هاوپۆلەکانی هەموویان پێشبڕکێیان بوو، شە ڕیان لەسەر ئەوەبوو هەریەکێکیان چەند زانیاری و هەواڵی بەسوود بە تۆڕەکەی ماڵەوەیان بگەیێنێت. لەماڵەوەیان فیلمە فۆتۆگرافیەکانیان دەشووشتەوە، مناڵەکانیش دە بوونە پاسەوانی تاقیگە کەی ماڵە وە تا دایکوباوکیان کارە کانیان تەواودەکرد، لەو پیشەیە نبیلی کوڕیان زۆرتر چووە پێشەوەو باوکی فێریکرد بە حبری سپی نامەکان بنووسێت، لە دارشتنی راپۆرتەکان هاوکاری تۆڕەکەی ماڵەوەی دەکرد.

****

بیری شەرمەزاری

ئێوارەیەکیان هەموو بەیەکەوە لە تەلەفزیۆن تەماشای فیلمێکیان دەکرد، لەفیلمەکەدا پاڵەوانە جاسووسەکە گیراو دادگاش بڕیاری لە سێدارەدانی لەسەردەرکردو هەموویان بەچاوی خۆیان چارەنووسی جاسووسەکەیان لە فیلمەکە بینی، بەدیتنی ئەو دیمەنە ترسناکە هەموویان ترسیان گە یشتێ، رە نگیان زە رد هە ڵگەڕاو تووشی شۆک هاتن، ئە و ترسە ماوەی چە ند هەفتەیەک بەروویانەوە دیاربوو، بۆیەش لەوماوەیەدا هیچ راپۆرتێکیان نە دەناردو چالاکیەکانیان ساردکردبوو. هەموویان ترسی زۆریان لێنیشتبوو و دووچاری ئیفیلجی کردبوون، بۆیەش آنشراح دەستەیەک فیلمی نوێی تازە وەرگیراوی دەزگاکانی میسری لەگەڵ خۆیدا بردو سەفەری رۆمای کرد، لە وێ دیمانە ی (آبو یعقوب)ی کردبوو، باسی ترسە کەی ناو ماڵە وەی بۆ کردبوو، ئەفسەرەکە بەقسەی خۆش ئارامی کردبۆوە و لە یانەیەکی شە وانە داوەتیکردبوو، شە وەکەی بەیەکەوە مانەوە، ژنەکە بەرووتی خۆی لە باوەشی ئەفسەرەکە دەدۆزییەوە، سەرەتا زۆر دڵتەنگ و نارە حەت بوو، بە ڵام ژنە کەی بۆ تام وە رگرتن لە و پیاوە لە تەلئەبیب سە ردانی کردبوو، بەپەرۆشەوە شەیدایی خۆی بەو دەربڕیبوو.

لەکۆتایی مانگی سپتەمبەری ساڵی 1973 آنشراح بەتەنها سەفەری رۆمای کردبوو، لەوێ دیمانە ی لە گەڵ بە رپرسەکەی دە کردو راپۆرتە کانی پێشکە شدەکرد، لە ودەمانەبوو کە شەڕی مەزنی ئوکتۆبەر روویدا، لەورۆژانەدا سوپای میسری لە هێڵی بارلیف پێشرەوی کردبوو، توانیبووی ئەو هێلە پتەوە ببەزێنێت و لەکەناڵی السویس بپەڕێتەوە، لەودەمانەدا آبو یعقوب بە گریانەوە دەگاتە لای آنشراح، هە ست بە شکانەکە دەکات، وادە زانن تازە ئیسرائیل رووخاوو هەموو وڵاتانی عە رەبی پشتیوانی سوپای میسریان کردووە، ژنە کەش وە ک ئە فسەرە ئیسرائیلیەکە خەمگین و ترساو تەماشای رووداوەکانی دەکرد.

****

لەئەپریلی ساڵی 1974 آنشراح لە گەڵ ماڵە وە بۆ گە شتوگوزار سە ردانی تورکیای کردبوو، لە ئەنقەرەبوون آبو یعقوب پەیوەندی بە آبراهیم دەکات، داوا دەکات بەزووترین کات

لە ئەسینا ببینێت، لە وێشەوە سەردانی ئیسرائیل بکات، کارێکی بە لەزو ترسناکیان هە یە، لە دەزگای موخابە راتی ئیسرائیل لە تەلئەبیب پرسیاری لێدە کەن، بۆچی لە هێرشەکە ئاگادار نەبوویت، چۆن بۆت نە کرا لە چالاکی سوپای میسری ئاگادارمان بکە نەوە، لە وێ آبراهیم لە وەڵامدا وتبووی:

(من هە ستم بە چالاکی سوپا نە کردبوو، زۆربەی ئەفسەرە خزم و هاورێیە کانم بۆ زیارەتی عمرە لە کعبێ مۆڵەتیان وەرگرتبوو، کەسیان لەوێ نەبوون، ئەگەر ئاگاداریش بم، من تەنها دەتوانم بە نامە هەواڵەکانم بگەیێنم، ئەوەش کاتی دەوێ، پەیوەندییەکە ئەوەندە خێرا نییە، بۆیە سوودیشی نابێت).

پاش دانوستانێکی گەرم و زۆر، مۆساد بڕیاری دابوو ئامێرێکی بێتە لی زۆر پێشکەوتوو و نوێی بدە نێ، کە بەهاکەی دە گەیشتە سەرووی سە دهەزار دۆلار، ئیسرائیلییە کان ترسیان هەبوو، ئە وان لە بەرنامەو پلانی فریق (سعد الشاذلی) دەترسان، ئە و دە یویست شە ڕەکە بەردەوام و دژواربێت، شەڕەکە بگاتە هەموو پارچەیەکی دووری سیناش، بەپێچەوانەی سەرۆک السادات، ئەو دەیویست شەڕەکە تەنها بۆ جولانەوەی مەسەلەکەو رووداوەکان بێت.

بە سێ رۆژ مە شقێکی چڕوپڕیان لەسەر ئامێرە بێتەڵە نوێیەکە بە آبراهیم کردبوو، بەڵام ئەو نەوێرابوو ئامێرەکە لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە قاهیرە، ئەوان بۆیان پێشنیاریانکردبوو، کەوا ئامێرەکەی لە خاڵێکی کیلو 108 لەرێگای قاهیرە سویس بۆ دادە نێن، لە وێ ئامێرە کە لەناو بەرمیلێکی ئاوی گە ورەی بێ سوودی کون ل ە بن خۆڵ بۆ دە شارنەوە، شوێنە کەش لە پشت دیوارێکی چیمە نتۆیی رووخادەبێت. ئیسرائیلییەکان پێیدەڵێن کە ئێوە گەڕاونەوە ماڵەوە، بچنە شوێنەکەو بە هەڵکۆڵینی نیو مە تر ئامێرە کە دەردەکەوێت. لەگەڵ وەرگرتنی هەواڵەکەو دانانی ئامێرەکە، مژدەی دووقاتکردنی مووچەکەی دەدەنێ، پێیدەڵین:

(ئەگەر هە واڵی پێشینە ی شە ڕێکمان پێرابگە یێنن بە یەک ملێون دۆلارت خە ڵاتت دە کەین.!).

ماڵەوەی جاسووسە کە لە ئەسینا چاوە روانی پارە حەرامەکەیان دە کردو بە یەکەوە گەڕانەوە میسر. کە گەڕانەوە قاهیرە سواری ئوتومبێلە کەیان بوون، بە رەو خاڵی کیلۆ 108 بەڕێکەوتن، لەوێ انشراح دەست بە خاکەناسەوە خەریکی هەڵکۆڵین بوو، کە ماندووبوو عادل خاکەناسەکەی لێوە ردەگرت، ئامێرە کەیان لە ناو کیسە یەکی پلاستیکی لوولدراو دۆزیە وە، کە گەڕانەوە ماڵەوە آبراهیم کۆششی زۆری کرد، نە یتوانی ئامیرە کە بەکاربهێنێت، دیارە لەگەڵ دەرهێنانەکە سەرەکەی شکابوو، کە زانیان شوێنی کلیلە کەی شکاوە ، هە موولایەک دڵتە نگ لەدیار ئامێرەشکاوەکە دانیشتن، لەودەمانە ژنەکە بڕیاریدا سەفەری لەناکاو و ئازایانەی ئیسرائیل

بکات. لە 26 ی یولیوی ساڵی 1974 آبو یعقوب بەدیتنی ژنەکە سەرسام بوو، چۆن ئەو ژنە هاتووە، چەند شەوێک بەیەکەوە مانەوە، لەپاداشتی سەفەرەکەی 2500 دۆلاری وەردەگرێت و مووچەکەشی 1500 دۆلاریشی بۆ بڕاوە تەوە، کە لە و رۆژانە فەرمانبەری ئاسایی دە رچووی زانکۆ تەنها مانگانە 17 پاوەندی میسری وە ردەگرێت. لەودەمانەی ژنەکە لەگەڵ ئەفسەرێکی مۆساد لە تەلئەبیب دەسووڕایەوە، پیاوەکە توانی ئامێرەکە بەکاربهێنێت، بەئیشکردنی ئامێرەکە موخابەراتی میسری بە ئامێرێکی زۆر هە ستیاری سۆڤیەتی بەناوی (گیرەی شەپۆلەکان) زوو هەستی بە شەپۆلەکە کردبوو، بۆیە یەکسەر مەفەرەزەیەک ناوچەکەی پشکنیبوو، کە جاری دووەم ئامێرەکە دەنگی لێوە هاتبوو، یەکسەر ئامێرەکەو شوێنەکەو خاڵەکە دەدۆزرێتەوەو دەچنە سەریان و ئامێرە ئیسرائیلییەکە دەگرن!

لە 5ی ئۆگستی ساڵی 1974 موخابەراتی میسری آبراهیمی گرتبوو، کە گیرابوو یەک وشەی لە زاری نەهاتبووە دەرەوەو هەموو گیانی لەرزیبوو، لەودەمانە وتبووی:

(من پەشیمانم، من شەرمەزارم... برسییەتی کافرە... نسکۆکە وای بەسەرهێناین.. من بۆ ئاردو چا خۆم فرۆشتە جوولەکە...!).

پیاوانی موخابە راتی میسری ماڵە کەیان ورد پشکنیبوو، ئامێرە کەو شوفرە کەیان دەدۆزنەوە، کابرا قۆڵبەستدەکەن و بە سەرشۆڕی دەیدەنە پێش خۆیان، تیمێکی سێ کە سیش لەگەڵ مناڵەکانی دەمێننەوەو چاوەروانی گەڕانەوەی ژنەکەیان لە تەلئەبیب دەکەن. لە 24ی ئۆگسستی و بە فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی ئیتاڵی گە شتی ژمارە 791 ژنە جاسووسەکە لە ئیسرائیلەوە دەگاتەوە رۆماو لە وێشەوە دێتەوە قاهیرە . ژنەکە یەک مانگ بوو لە قاهیرە دەرچووبوو، لەناو فڕۆکەخانە بەئارەزوویەکی خۆشییەوە عارەبانەکەی پاڵدەداو جانتا گە ورە پڕ دیارییەکانی بەخۆشییەوە بەرەو دەرەوەی ساڵۆنی دەرچوون دەبرد، لەگەڵ دەرچوونییدا چاوی لە مێردەکەی و مناڵەکانی دەگێڕا، لەدەرەوەش چاوی لە ئوتومبێلەکەیان گێڕابوو، کە تێگەیشتووە کەس چاوەروانی ناکات، بە ناچاری تاکسییەکی راگرتووەو بەرەو ماڵەوەیان لە شاری (الصدر) رۆیشتووە. کە دەرگای ماڵەوەی کردیتەوە هەموو گیانی هەژاوە، کە زانیویەتی چەند میوانێک لە ماڵەکەی چاوەروانی دەکەن، دووچاری شۆک هاتووە ، لە ترسانا میزی بەگیانی هاتووتە خوارەوە، یەکێک لە ئەفسەرەکانی ناو ماڵە کەی جانتاکەی دەستیان لێوە رگرتووە، هە ردوو کلیلەکەی ئامێرەکەی بێتەلەکەی دەرهێنابوو، لەناو جانتاکەی هەزارەها دۆلاریش دە دۆزنەوە، ئەفسەرێکی تریان کە لەپچەیەکی ئاسنی لە دەستی دەکات و لە گەڵ سێ کوڕە کەی بە رەو باڵەخانەی موخابەراتی میسری بردوویانە.

موخابەرابەتی ئیسرائیلی ئاگای لە هیچ نەبوو، ئاگاداری گیرانی سە ری تۆڕەکە نەبوو، نەیدەزانی آبراهیم و مناڵەکانی گیراون، ئەوان چاوەروانی وەڵامی کلیلی ئامێرەکەبوون، لەناکاو نامەیەکیان لە موخابەراتی میسری پێگە یشتبوو، تێدا لە وەڵامدا بە مۆساد دەڵێن نامەکانتان

راگرن، چیتر کە ستان نە ما لە و ئامێرە ئێوارانی یە کشەممووان نامە کانتان وە رگرێت، جاسووسەکەتان بەژن و منالەکانیەوە گیران.!

لە 25 ی نۆڤمبە ری ساڵی 1974 لەلایەن دادگای باڵای ئە منی دەوڵەت بڕیاری لەسێدارەدانی (آبراهیم شاهین)و (آنشراح موسی)ی ژنی دە رچوو، کوڕە گەورەکەیان نبیل 5 ساڵ بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دە رچوو، لە بەرئەوەی دوو کوڕە کەی تری تە مەنیان گچکە بوو، ئەوان رەوانەی دادگای نەوجەوانان کرابوون.

لەرۆژی 16 ی ینایری ساڵی 1977 آبراهیم بۆ جێبە جێکردنی بڕیارە کەی دادگا راپێچی زیندانی ئیستئنافکرا، لە بەرئەوەی شە نگی هە ڵسانەوەو رۆیشتنی نە مابوو، دوو سە رباز بنهەنگڵیان گرتبوو، کەزانی دواساتی ژیانیەتی و لەسێدارە دەدرێت، دەپارایەوەو هاواری دەکرد:

خودای گەورە لێمان خۆش بە، خودایە لێمان خۆش بە...!

پاش ئە وەی مە ڵای زیندانە کە شەهادی پێ دە ڵێتەوە، بە چەند چرکە یەک لە سێدارەیاندا. سەبارەت بە چارەنووسی ژنە کەش چە ند بۆچوونێک دە گوترا، تا رۆژی 26ی نۆڤمبەری ساڵی 1989 رۆژنامەی حداشوتی ئیسرائیلی بەسەرهاتی جاسووسی ئەو ژنەی لەسەر لاپەرەکانی پێشە وەی بڵاوکردە وە، لە وێ ئاشکرابوو کە وا سە رۆک السادات لە لایەن حکومە تی ئیسرائیلی فشاری زۆری لە سەربووە، بڕیاری لە سێدارەکەیان بۆ زیندانیکردن بە 15 ساڵ بەکاری قورسە وەی بۆ دە گۆڕێت. کە بڕیارەکەیان گۆ ڕیەوە بە فەرمانێکی سە رۆکایەتی بە ر لێبووردنی سە رۆکایەتی دەکەوێت و خۆی و هە ر سێ کوڕە کەی رە وانەی ئیسرائیل دە کرێن، دەڵێن ئەوەیان بە گۆڕینەوەیە ک بوو، کە کەس و مە بەستی بە رامبەرە کەی ئاشکرا نە کرا، کە ئەو خێزانە گەیشتنە ناو ئیسرائیل هە موویان رە گەزنامەی ئیسرائیلیان پێ بە خشراو بڕوایان بە ئاینی جوولەکە هێناوەو ناوی (شاهین) گۆڕاوە بە ناوی (دیڤید)و ناوی ژنە کەش کراوە بە (دینا)و ناوی (عادل)یش کراوە بە (رافی) و ناوی (نبیل)یش کراوە بە (یوشع)و ناوی (محمد)یشیان گۆڕیبوو بە حاییم!

عادل لەدیمانەیەکی تایبەت بە رۆژنامەی معاریف وتبووی:

(دواجار کە دایکم بۆ کە رەستەی ئامێرە بێتەڵەکە سەفەری ئیسرائیلی کردبوو، باوکم لەسەرکار بە مەلوولی گە ڕایەوە، هە ستمکرد رە نگی گۆڕاوە و لە سەر کورسیە ک دانیشت و بەنەرمی بە منی وت:

وادەزانم گیرام، دیارە لە دائیرە لە منیان پرسیوە!

باوکم ماوەی حە وت ساڵ لە کاری جاسووسی بە هەستێکی تیژ کا ریکردووە، دیارە هەستی بە ترسناکی کردبوو، بۆیە ئەو رۆژە ئەو قسە یەی کردبوو، ئە و رۆژە 6 فیلمان لە

ماڵەوەمان هەبوو، باوکم هەموو فیلمەکانی دڕاندو نامەکانی سووتاندو تێگە یشت گە یشتووتە خاڵی کۆتایی، تا ئیمرۆش بیر لەوە دەکەمەوە، بۆ باوکم ئەودەمانە بیری لە دەربازبوون نەکردەوە، بۆ لە ماڵەوە ماینەوە؟ بەیانیەکی زوو بەتوندی لە دەرگای دەرەوەماندرا، سێ کەس هاتنەژوورەوە لە باوکمیان پرسی، منیش وتم، باوکم لە سەرکارە، وتیان کە لە ماڵەوە نییەو لەسەر کارە ئێمە چاوەروانی دەکەین، دوو کەسیان لە ساڵۆنەکە دانیشتن، کەسی سێیەمیشیان لە پەنا دەرگاکە دانیشت، من و براکانم بیرمان لە فەوتاندنی بەڵگەنامەکان کردەوە، بەڵام دۆڵابەکان داخرابوون و کلیلەکان لەلای باوکم بوون . ئەودەمانە کاتەکە نەدەرۆیشت، ساعەتێک بە رۆژێک بوو، هەستمکرد کاروانێک ئوتومبێل بە رەو ماڵەکەمان دە هات، ئوتومبێلەکەی باوکم بە دەیان ئوتومبێل دەوری گیرا، دەیان سەرباز دابەزین، هاتنە ناو ماڵەکەمان، سەربازەکان بەسەرفرازی و بەدڵی زۆر خۆشەوە ماڵەکەیان دەپشکنی، کە ئامێری بێتەلەکەیان دۆزیەوە هاواریان دە کرد، بەگەرمی پیرۆزباییان لەیەکتری دەکرد، لەودەمانە باوکم سەری بۆ ئێمە نەوی کردو وتی:

کوڕەکانم داوای لێبووردنتان لێدەکەم).

عادل سەربردەی گیرانەکەی دایکیشی بەو شێوەیە بۆ رۆژنامەکە گێڕاوەتەوە:

(دایکم بەیانی رۆژی 24 ی ئۆگستی زۆر بەتووڕەییەوە هاتەوە ماڵەوە، چۆن باوکم لە فرۆکەخانە پێشوازی نەکردووە، کەسمان لەوێ نەبووین، کە گەیشتە ژوورەوە یەکەم قسە وتی، کورەکان کوا باوکتان؟ کە سەری بە رزکردەوەو سە یری چواردە ورەی ماڵەکەی کرد، زانی پیاوانی موخابەرات گەمارۆیانداوە، یەکێکیان وەڵامی دایەوەو وتی:

الحمدلله بە سەڵامەتی هاتیتەوە مادام دینا.

یەکسەر دایکم گیراو رە وانەی باڵەخانەی دەزگای موخابە راتی میسریکرا، ئە و باڵەخانەیەی ئێمە چەندجار بۆ مۆساد وێنەی زۆرمان گرتبوو).

ناوی چەند دەزگایەکی هەواڵگری لە جیهان:

1. دەزگای موخابەراتی ئەمریکی CIA
2. دەزگای موخابەراتی سۆڤیەتی جاران KGB
3. دەزگای موخابەراتی گشتی رووسی SVR
4. دەزگای رووسی بۆ قەڵاچۆکردنی جاسووسیەت MB
5. دەزگای ئاسایشی ناوخۆ MBD
6. دەزگای موخابەراتی سەربازی رووسی BRU
7. دەزگای موخابەراتی گشتی ئیسرائیلی (مۆساد).
8. دەزگای موخابەراتی سەربازی ئیسرائیلی.
9. دەزگای ئاسایشی ناوخۆی ئیسرائیلی (شین بیت).
10. دەزگای موخابە راتی دە رەوەی بە ریتانی (نووسینگەی شە شەم) M16
11. دەزگای م وخابەراتی دە رەوەی بە ریتانی (نووسینگەی پێنجە م) M15
12. دەزگای موخابەراتی گشتی فەرەنسی (نووسینگەی دووەم).
13. دەزگای موخابەراتی گشتی ئێرانی (ساڤاک).
14. دەزگای پۆلیسی نهێنی نازی پێشوو (جیستابو).
15. مباحسی فیدرالی ئەمریکی FBI
16. موخابەرایەتی سەربازی ئەڵمانی فیدراڵ MAD
17. موخابەرایەتی ئەڵمانی دژە جاسووسیەت BND

لەرۆژنامەی (الجریدة)ی کویتی لەرۆژانی 29و 30ی دیسەمبەری ساڵی 2008 بڵاوکراوەتەوە.

ئیلی کۆهین ترسناکترین جاسووس لە مێژووی ئیسرائیل.

ئیلی کۆهین ترسناکترین جاسووس لە مێژووی ئیسرائیل

که لەمانگی فبرایری ساڵی 1958 یەکێتی میسرو سوریا راگەیاندرا ئیسرائیل هەستی کردووە مەترسییەکان زۆرتربوون و دە بێ پلانە کانیان بە و ئاراستە یە ببەن، یە کێتی عە رەب بگۆڕێت و کاربکات یە کێتیەکە نەبێت و سەرنەگرێت، چونکە لەدوارۆژ لە ئەنجامی ئە و یەکێتیە سیاسییە چارەنووسی ئیسرائیل دە کەوێتە مەترسی، چونکە یەکێتی سەربازی عەرەبی هەڕەشەی نەمانی لێدەکات. بۆیە پیاوێکی بە وەچە سوری، میسری پەروەردەکراو، بە جوولەکە ئایین، دەدۆزنەوە تا کارێک بکات پەیوەندییەکانی میسری و سوری بروخێنێت.

لەپاش ئەوەی لە 28 ی سپتەمبەری ساڵی 1961 یەکگرتنەوەکەی میسرو سوریا شکستی هێنا، ئیسرائیلییە کان هە ناسەی شادومانیان هە ڵکێشا، ئە وەش وە نەبێ گە لی سوری هزری سەرکردایەتی (جمال عبدالناصر)یان پشتگوێ خستووبێت، چونکە ئەگەری یەکبوونەکە هەرمابوو، بۆیە موخابەراتی ئیسرائیلی بۆ لە باربردنی یە کبوونەکەی نیوان ئە و دوو وڵاتە کارکەربوون. (لیڤی ئاشکۆل) سەرۆک وەزیران بە سەرۆکی مۆسادی وتبوو:

یەکەمجار کە سورییەکان بیرۆکەی یەکبوونەکەیان لەگەڵ میسر پێشنیارکرد، ئێمەیان بەتوندی هەژاند، بۆیە نابێ بواربدەین جارێکیتر ئەو هەواڵ و بەرنامەیە بمانهەژێنێت.

سەرۆکی مۆساد لە ئاگادارکردنەوەکەی سە رۆکە نوێیەکەی باش تێگە یشتبوو، لەودەمانە کەسایەتی بە کرێگیراوێکی خۆیانی ب ە بیرهاتووتەوە، کە ماوەیەکی زۆرە مەشقی پێدەکەن، ئەویش (ئیلی کۆهین)بوو، ئەو لە دیسەمبەری ساڵی 1924 لە شاری ئەسکەندریەی میسر لە دایکبووە، بە رەچەڵەک سورییە و بنەماڵەکەی هاتوونە تە میسر، حە وت برای هە بوو، هەموویان رەگەزنامەی میسریان هەبوو، لەوێش دەچێتە زانکۆو لە ساڵی 1944 دەبێتە ئەندام لە رێکخراوی گە نجانی جوولە کە لە ئەسکەندریە، لە ودەمانەوە ئەو دڵسۆزی بۆ رێکخراوە کەو پاشانیش بۆ دە وڵەتی ئیسرائیلی هە بووە، کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامە زراوە، هە موو بنەماڵەکەی دەچنە ئیسرائیل تەنها ئەو نەبێت، ئەو وە ک کەسێکی کارکەرو بەکرێگیراو بۆ ئیسرائیلی تازە دامەزراو دە مینێتەوەو لە گەڵ دە ستەیەکی تری جوولە کە بۆ کاری پێویست و پابە ند بە دەوڵەتەکەیان دە مینێتەوەو ئامادە یی کارکردن نیشاندە دات کە هەموو کاتێ لە خزمەتیاندا کاربکات.

لە 15ی یولیۆی ساڵی 1954 چەند تەقینەوەیەک دەزگا بریتانی و ئەمریکییەکان و چەند سینەمایەکی لەناو قاهیرەدا، وڵاتەکەی هەژاند، بۆ بەیانیەکەی چەند تەقینەوەی ترسناک و کاوڵکارانە شاری (ئەسکەندریە)شی گرتووتەوە، لەبەرئەوەی ئیخوان المسلمین دژی پرۆژە ی رێکەوتن بوو لە گەڵ بریتانییەکان، بۆیە زوو ئە وان بە و کارانە تاوانبارکران، پاش لێکۆڵینە وەو چاودیری ورد حکومە تی میسری بۆی روونبۆوە ، کە وا ئە و کارە تێکدەرانە بەدەستی چە ند گەنجێکی جوولە کەبوو، لە وانە 12 گەنجی جوولە کە گیران بە تاوانی ئە و کارە تیرۆریستانە دادگایی کران. چالاکییەکە بەناوی (سۆزانا) ناسرا، هەروەها ناوی (شەرمەزاییەکەی لافۆن)یشی

لێنرابوو. کۆهین یەکێک بوو لە و 12 گەنجی بە و کێشەیەوە دادگاییکران، بەڵام لە دادگای تاوانەکەی لە سەر ساخ نە بووتەوە، بۆیە ئازادکراوە، بەڵام چاوەکانی پیاوانی ئە من بە ردەوام چاودێری وردیان کردووە، بۆیە بەناچاری سەفەری ئیسرائیلی کردووەو لەساڵی 1957 سنووری بڕیوەو لە ئیسرائیل دامەزراوەو وەک ژمێریارێک لە یەکێک لە کۆمپانیاکان کاریکردووە، بەڵام ئەو بەردەوام چاوی لە کاری جاسووسی بووە، دووجار خۆی سەردانی دەزگای مۆسادی کردووەو حەزی لە کاری جاسووسی کردووە و ئە و ئارە زووی بۆیان درووژاندووە ، بە ڵام هە ردووجار بەرسڤی رازیبوون و ئە رێ وە رناگرێت، تا رۆژێکیان کا برایەک دە ستی دە گرێت و موژدە ی ئەوەی دەداتێ کەوا مۆساد ئامادە یە کاری پێبکات، ئە گەر لە ئەزموون و مە شقە تایبەتیەکانی پێویست دەرچوو و تێگە یشت ئەو کارە مەترسی زۆرەو ژیانی دە کەوێتە مەترسیش. کە باسی ترس و مردنیان لە گەڵ کردبوو کە مێک نیگەران ببوو، ئارە زووی جارانی نە مابوو، بە ڵام رۆژێکیان لەناکاو فەرمانی دەرکردنیان لە سەر کارەکەی بۆ دەرکردبوو، ئەویش زوو تێگەیشتبوو کەوا ئە و نانبڕینە لەلایەن موخابە راتەوە بووە، بۆیە بەناچاری خۆی تە سلیمی مۆسادکردووە و بڕیاری کارکردنی بۆ بەرژەوندی ئەوان دابوو.

سەرەتا ئە وان چە ند راهێنانێکی سادە و ئاساییان پێکردبوو، فێری چە ند ئامێرێکی پێویستیان کردبوو، یەکەم هەنگاو پێیانوتبوو:

(دەبێ تۆ لە تەلئەبیبەوە بچیتە قودس، لە وێ روو لە کاری کە رتی گە شتوگوزاری بکەیت. لەوێ پاسپۆرتێکی فە رەنسیان بە ناوی جوولە کەیەکی میسری بۆ کردبوو، لە وانەی لە میسرەوە گەیشتبوونە وڵاتی خواروویی ئە فریقیاو ئێستاش بۆ ماوە یەکی کاتی لە ئیسرائیلە، بەو پاسپۆرتەوە دە رۆژ لە قودس دەمینێتەوە، ئەو لەو رۆژانەدا تەنها بەزمانی فەرەنسی و بەزاراوەی میسریش قسە دەکات و ناوی کرابوو بە (مارسیل کویان)، پێشان پێیانوتبوو، ناکرێ ئە گەر بشکوژرێت ناوە کۆنەکەی خۆت بڵێیتە وە، یان هە لەیەک بکە یت، بە ردەوام خۆت چاودێری خۆت بکە. لەکۆتایی مانگی دیسمبە ری ساڵی 1960 ئەو بۆ کارکردن لە وڵاتێکی عە رەبی و سازو ئامادە بوو، دە بووایە کار بۆ رووخانی هزرو بە رنامەی یە کبوونی میسری سوری بکات، دەبووایە ئەو بگاتە کەسە نزیکەکانی دەسەڵات و لەناو ئەو بازنەیەدا کار بۆ کودەتایەک بکات، دەبووایە بچێتە میسر یان سوریا، بە ڵام لە کۆتاییدا بڕیارياندابوو ئە و نە چێتە میسر، با چالاکییەکەی لە ناو سوریا بکات، چونکە زەمینەی ناو سوریا بۆ ئەو کارە لەبارتربوو. مۆساد سەرەتای بەرنامەی کارەکەی کۆهینی لە ئەرجنتینەوە بۆ دانابوو، ئەوەشیان لەبەر دوو هۆکاربوو، یەکەمیان مولحە قە سەربازییەکەی سوری لیوا (ئەمین حافیز) لەوێ بەوە ناسرابوو، زۆر دژی یە کبوونی میسری سوری بوو، زۆریش رقی لە رژێمی جەمال عەبدولناسربوو، دیارە ئەویش بیرو حەزی کودە تای سە ربازی لەناو سوپای سوری هە بوو، دەبووایە کارو بە رنامەیەک بۆ ژیان و گەیشتن بە سوریای بۆ سازبکە ن، بۆیە ئەفسەرەکەی مۆساد پێیوتبوو، من ژیاننامە ی رۆژانەی ئەرجنتینت بەو شێوە بۆ دادەڕێژم، کەوا تۆ لە بەیروت لەدایکبوویت، لە تەمەنی سێ ساڵییەوە

بەماڵەوە چوونەتە ئەسکەندریەو لەورۆژەوەش ناوت دەبێتە (کامل ئەمین سابت)، ناوی دایکت (سعیدە ئیبراهیم)ە، بەڕەچەلەکیش ئێوە سوریین و ساڵێک پاش مردنی خوشکێکت هاتوونە تە ئەسکەندریە، لەورۆژەوە تۆ کوڕی بازرگانێکی کاری رستن و چنینیت، بۆیەش لەساڵی 1946 باوکت سەفەری ئەرجنتین دەکات، پاش ماوەیەکی کورت نامەیەکت بۆ دەنووسێت تۆش بچیتە ئەرجنتین، لەساڵی 1947 ئێوەش بەماڵەوە دەچنە ئەرجنتین، لەوێ باوکت لەگەڵ بازرگانێکی ئەوێندەرێ لە (بیونس ئایرس) دەبێتە شەریک، بەڵام باوکت لە بازرگانیەکەی زەرردەکات و پارەی نامینێت و لەساڵی 1956 باوکت لەخەفەتا دەمرێت، شەش مانگ پاش مردنەکەی ئەو دایکیشت دەمرێت، تۆش لەگەڵ مامێکت کار لە نووسینگەیەکی گەشتوگوزار دەکەیت، لەو کارە سەردەکەویت و پارەیەکی زۆرت دەستدەکەوێت).

بەو شێوەو بەو بەرنامەیە ئەفسەرەکە قسەکانی تەواودەکات و پێیدەڵێت:

(ئێستا دەتوانی بچیت بەلای کاری خۆتەوەو ئێمەش هەموو پێویستیە رەسمیەکانت بۆ ئامادەو سازدەکەین، بەیانیش پەیوەندییمان پێوەدەگریت).

لەودەمانە ئەفسەرەکە بەناوە نوێیەکەی بانگی دەکات و پێیدەڵێت:
(کامل...!).

ئەویش لەبەرئەوەی دەرسەکانی باش وەرگرتبوو، بۆیە یەکسەر ئاوڕی لێ دەداتەوە، ئەفسەرەکە ئافەرینی لێدەکات و پێیدەڵێت، بەراستی وەک عەرەبێک جولایتەوە، ئەوەی ماوە تۆ سمێلێکی گەورەش بۆ خۆت پەروەردە بکە. لەورۆژەوە موخابەراتی ئیسرائیلی بە رێگای نوێنەرێکیان لە ئەرجنتین بەردەوام چاودێری کۆهینیان دەکردو دیمانەیان دەبوو، ئەو کە گەیشتبووە ئەوێندەرێ هەمووشتیان بۆ سازکردبوو، لە بانک پارەیان بۆ دانابوو، بە ناوی (کامل ئەمین سابت) شوقەیەکیان لەگەڕەکی (کۆلی) لەناو سەنتەری شاری بوینس ئایرس بۆ گرتبوو، مامۆستایەکیان لە یانەی عەرەبە موسلمانەکان بۆ گرتبوو دەرسی زمانی ئەسپانی پێ دەووتەوە، خەڵکی زۆریش لە عەرەبە پەناهەندەکان سەردانی ئەو یانەیان دەکرد، لەوێ بایەخی زۆری بە (جورجیت) کیژە گچکەکەی (هوار)ی ناودار دەدا، کە لەکۆمپانیای (اسو)ی پترۆڵی بەرپرسی لقە ناوخۆییەکانی بوو. ناوی کامل سابت لە ناو خێزانە سورییەکان بە باشە زوو بڵاودەبێتەوە، ژمارەیەکی زۆر یش ئەویان ناسی، وەک گەنجێکی خۆش ناوی دەهات، بە تایبەتی لە ناو مێینەکان، هێدی هێدی گەیشتە ناو دەستەی کەسە ناودارەکان، هەفتانە سێ جار سەردانی یانەکەی دەکرد، لەوێ خۆی وەک کەسێکی نەیارو دوژمنی سەرسەختی زایونیزم دەردەخست، ماوەماوەش لەناو رۆژنامەی (الوطن العربي) کە دەستەیەک لە رۆشنبیرانی یانەکە بە زمانی عەرەبی دەریاندەکرد، ریکلامی بڵاودە کردەوە، بۆیە خاوەنی رۆژنامەکە (عبداللطيف حسان) دەبێتە هاوڕێی نزیکی ئەو، لەگەڵ ئەو دەچێتە داوەتێکی رەسمی سەفارەتی سوری، لەوێش

هاوسەری مولحە قی بازرگانی سە فارەت یادی رۆژی بوونیشی سازدە کرد، حسان بە کامل دەڵێت:

(هاوڕێم دەزانی ژنەکەی مولحەقی بازرگانی زۆر بە کەسایەتی تۆ سەرسام بوو، دیارە باش سەرنجی ئەوت بۆ لای خۆت راکێشابوو!).

بەڵام ئەو بە هاوڕێیەکەی دەڵێ، نەخێر ئەفسەرەکە سەرنجی منی راکێشابوو، ئەو پیاوە تەمەن سە رووی حە فتا ساڵانە کەسایەتیەکی بە رچاوی هە بوو، بۆیە حسان دە ستی کامل دەگرێت دەیباتە لای ئەفسەرەکەو بە ئەفسەرەکە دەڵێت:

(جەنابی لیوا (ئەمین حافیز)، ئە و کوڕە شەریفە سوریەت پێدە ناسێنم، بە راستی کەسێکی وڵاتپارێزەو هەتا بڵێت کەسێکی چاکە).

بۆیەش کامل تە ماشای حسان دە کات و دە ڵێت، بەراستی ئەوە لیوا ئەمین حافیزی مولحەقی سەربازی سەفارەتە.! لیوا حافیز کەسێکی کەمدوو بوو، حەزی لە ئاخاوتن نەبوو، بەڵام ئەو توانی بیدوێنێت و پێیبڵێت، من لە و رۆژانە هەستدەکەم لەناو خەڵکی لە سوریا نیگەرانی و دڵەراوکێ لەسەر رەوشی سیاسی لەئارادایە، حافیزیش لە وەڵامدا وتبووی:

(بەڵێ ..! دیارە کەوا جەمال عبدالناسر رەوشەکەی بۆ بەرژەوەندی و سیاسەتی خۆی قۆرخکردووە، سیاسەتەکە بەو ئاراستەیە بڕوات سوریا داگیردەکات و جلە وی هە مووشتەکان دەخاتە بندەستی خۆی، ئە گەر شتە کان لەبندەستی من بێت و دە ستم لە وڵات بڕوات، ئە و یەکبوونمان لەگەڵ میسر دەروخێنم و عبدالناسرو ئیسرائیلیش بەیەکەوە لەناو دەبەم).

کامیلیش دەپرسێت:

(تۆ وادەزانی سوریا بەتەنها دەتوانێت ئەوە بکات؟).

لیوا حافیز وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت:

(من ئیمانم بەوە هەیە، بەڵام دەبێ سەرەتا رژێمی سیاسی وڵاتەکەمان بگۆڕین، ئەوانە بە دروشمەکانی عبدالناسر باش هەڵخەڵەتاون).

کامیلش لەوەڵامی لیوا تووڕەکەدا دەڵێ:

....

(گەورەم ... ئەگەر لەناو سوریا چەند کەسێکی وەک تۆ هەبووایە، ڕەوشەکە دەگۆڕاو گۆڕانی سیاسی لە بەرژەوەندی وڵاتەکەمان ڕوویدەدا. ئێستا چارەنووسی سوریا لە ئاقارێکیتر دەبوو، ئەوەش تەنها بەسەرکردەیەکی بەتواناو بەئەزموونی وەک تۆ دەکرێت).

کامیل بەو قسانەی جوان مەبەستەکانی دەپێکا، لەبەرئەوەی لیوا حافیز لەو دەمانەدا پەیوەندی بە دەستەیەکی سەربازی لەناو وڵات بۆ ڕووخانی ڕژێمەکە بە کودەتایەکی سەربازی هەبوو، بۆیە دۆستایەتی و پەیوەندییەکانی ئەو دووکەسە زۆر پتەودەبێت. لەودەمانەدا موخابەراتی ئیسرائیلی داوای کۆهین دەکاتەوەو ئاگاداری دەکاتەوە، کاتی ئەوە هاتووە تۆ بچیتە ناو سوریا، تا لەناو سوریا بەباشی کارەکانت ڕاپەڕێنێت، هەموو کەرەستەو پێویستییەکانیان بۆ دابینکردوویت، دەزگاکانی گەیاندنیان بۆدا بینکردوویت. تا بچیتە ناو سوریا، ئەو بەدەریا گەیشتووە ناو شاری بەیروت، لەوێ بازرگانێکی سوری دەناسێت، ئەو کارمەندانی گومرگ و سنووری سوریای دەناسی و بە بەخشینی پارەیەکی زۆر بازرگانە سورییەکە توانیبووی کەلوپەلەکانی کامیل بەبێ تەماشاکردن دەربازبکات. ئەو وەک بازرگانێکی سوری گەیشتە ناو دمشق، لە گەڕەکی (ابو رمانة) لەبەرامبەر بینایەی سەرکردایەتی سوپای سوریی ڤیلایەکی بەکرێگرتبوو، ڤیلاکەی ئەو لەنزیک دیوەخانەی گەورە بەرپرسانی حکومەتی سوری بوو، خاوەن موڵکەکە داوای کرێی پێشینەی یەک ساڵی لێدەکات، ئەویش بێ بیرکردنەوەو دوودڵی 1300 پاوەندی لەدەستی دەکات، کابراکە بەزووترین کات هەواڵی کرێچییەکی دەوڵەمەندی خۆی بە هاوسێیەکانی دەگەیێنێت، کە هاتنی هاوسێیە دەوڵەمەندەکە لە دەڤەرەکە بڵاودەبێتەوە، هەموویان هەڵپەی ئەوە دەکەن سەردانی بکەن.

****

لەورۆژانەی کامیل گەیشتبووە دمشق چەند هەفتەیەک بوو یەکبوونەکەی میسرو سوریا هەڵوەشابۆوە، بۆیەش موخابەراتی ئیسرائیلی داوایکردبوو ئەو بەزووترین کات بگاتە سوریا، هەموولایەک وایاندەزانی هەوادارانی یەکبوونەکە کودەتایەکی سەربازی دەکەن و تۆڵەی هەڵوەشانەوەکە دەکەنەوە، بۆیەش ئەودەمانە حکومەتی سوری سەرقاڵی بەرنامەو کاریتربوون، نەدەپرژانە سەرهاتن و کارکردنی ئیسرائیلییەکان، بیریان لەوە نەدەکردە ئەو بێدەنگی و غافڵگیرییە دەبێتە مەرگ و گۆڕستانی هەموولایەکیان. کۆهین خۆی ئارەزووی کاری جاسووسی لەناو ئیسرائیل هەبوو، نەک لە سوریا، ئەو لە خوێندگاکانی ئەسکەندریە فێربووەو زاراوەی میسری چاک زانیووە، ئەوەو ئەو دەیویست تۆڵەی هەرەسهێنانی چالاکییەی سۆزاناش بکاتەوە،

کە لەلایەن ئیسرائیلییەکان بەناوی شەرمەزارییەکەی لافۆن دەناسرا. هۆکارەکانی سووربوونی ئیسرائیل بۆ چوونی کۆهین بۆ سوریا نەک میسر، ئەوەش بوو کەوا میسرییەکان دەروازەکانیان توندوتۆڵترەو بەرنامەی موخابەراتیان باشترە، بەتایبەتی ئەوانەی لەدەرەوە دەگەنە ناو میسر، ئاشکرایە موخابەراتی میسری لە هەموو موخابەراتەکانی تری وڵاتانی عەرەبی چالاکترو شایستەتربوو، ئەوەو لەوڕۆژانەو پاش هەرەسی یەکبوونەکە سوریا باشترین پێگەیەبوو بۆ لێدانی میسرییەکان و کەسایەتی جەمال عبدالناسرو سووککرنی کەسایەتی عەرەب، بەوەش ئیسرائیل کاریدەکرد جارێکیتر ئەو دووولاتە هەرگیز لەدوارۆژ بیر لە یەکبوون و هەڤاڵبەندی نەکەنەوە، بۆیەش ئیلی کۆهین، یان کامیل ئەمین سابت بووە ترسناکترین جاسووسی کارکەر بۆ ئیسرائیل.

ئیلی کۆهین کە وبووە ناو جەرگەی شاری دمشق، لە دوای ئەوەی ئەو ماوەیەکی کورت لە دمشق دەمینێتەوە، زوو دەبێتە جێگەی سەرنجی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی سوری. وەک چۆن موخابەراتی ئیسرائیلی دەیویست، ئەو وا هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەو بەوەش ناسرا کەوا ئەو ملیۆنێرێکی سورییەو لە تاراوگە ژیاوەو پیاوێکی وڵاتپارێزەو زۆریش رقی لە ئیسرائیلە، بەردەوام داواکارە عەرەب شەڕی ئیسرائیل بکەن، بە هیچ شێوەیەک سەرکردایەتی میسرییان قبوول نییە، کە داخوازە دەسەڵات لە سەر وڵاتانی عەرەبی بچەسپێنێت، ئەوەش خەونی کەسایەتی ئەو بووە. دەزگاکانی موخابەرات تا بە کرێگیراوەکانیان ئاشکرا نەبن، تا پلانەکانیان نەدۆزرێتەوە، داوایان لێدەکرێت رۆژانە زۆر سادەو نۆرمال ژیان بەڕێکەن، کۆشش بکەن کەس گومانیان لێ نەکات، زۆرجار وا روویداوە کەسێکیان بۆ ماوەی 15 ساڵ و 20 ساڵ چاندووە، ئینجا لە رۆژێک و لەکاتێکی گونجاو کاری پێدەکەن، بەڵام لە کێسی ئەو مۆساد بەجۆرێکی تر هەڵسوکەوتی کردووە، چونکە هەستیدەکرد کاتەکان لەبەرژەوەندی ئەواندا نییە، چونکە زۆر دوورنییە پەیوەندی میسرو سوریا بگەڕێتەوە رەوشی ئاسایی جارانیان، ئەگەر دووبارە یەکبوونەکە نوێ ببێتەوەو ئەو دوو وڵاتە یەکبگرنەوە دووبارە جەمال عبدالناسر دەبێتە پاڵەوانی ناوچەکەو بڕیارو پلانەکان هەموو دەگەڕێتەوە بن دەستی ئەو.

****

موخابەراتی ئیسرائیلی هەموو شێوازەکانی خۆشگوزەرانی بۆ ئەو فەراهەمکردبوو، ئەویش وەک ملیونێرێکی سوری دە جولایەوەو پارەیەکی زۆری بۆ چالاکییەکانی حزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە سوریا سەرفدەکرد، پارە زۆرەکەش بە بانکێکی ئەمریکی لە دمشق دەگەیشتە دەستی ئەو. پیاوەکە وەک کەسێکی شیاوو بۆ پۆست و شوێنی شیاو کاریدەکرد، بۆیەش هەموو دەروازە باڵاکانی کۆمەڵگەی سوری بۆ ئە و لەسەرپشت بووە، دەفتەری شێکەکانی ئەو پیاوە هەموو کارەکانی ئاساندەکرد، بە دیاری گرانەکانی وەک پاڵتۆو بۆن و دیارییە نازدارەکانی بازارەکانی پاریس توانیبووی ژنی بە رپرسەکانیان باش رازی بکات، هەمووڵایەک گەیشتبوونە

ئەو قەناعەتەی ئەو پیاوە سورییە کارەکانی لەبەرژەوەندییە باڵاکانی سوریادایە. رۆژێکیان (سالم سیف) بەرێوەبەری ئیستگەی سوری داوایەکی زۆر هاندەرو چاوەروواننەکراوی بۆ پێشنیاردەکات، داوادەکات بە رنامەیەکی راستە وخۆ بۆ سورییە کانی ئە مریکای لاتینی بۆ ساز بکات، بە پێی ئەزموونەکەی خۆی لە ژیانی تاراوگە کارئاسانیەک بکات پە یامێکی کاریگە ر بگە یێنێت ئەو سوریایانەی لە و وڵاتانە دا دە ژین، کە کۆششێک بێت ئینتیمایان بە وڵات ببە ستێتەوە. کامیل یەکسەر بە کامەرانییەوە ئەو هە ڵە دەقۆزێتەوە، پاش ئە وەی ماوە یەک لە بەرنامەکانی لە و ئاراستەوە کاردەکات، بۆی ئاشکرا دە بێت بەرێوەبەری ئیستگەکە سالم سیفیش بۆ بە رژەوەندی مۆساد کارکەربوو. لەسەردانە بەردەوامەکانی ئەو بۆ ئیستگە کە نووسەرو کارمەندەکانی میدیای سوری ناسدە کات، لە بەرئەوەی ئە و لە ناو ئیستگە کەوە بەرنامەکانی پە خشدەکرد، بۆیە ئەو بەئاسانی بە ئامێرە رادیۆییەکانی ئە وانیشەوە شوفرە نهێنیەکانی دە گەیاندە موخابەراتی ئیسرائیلیەوە.! ئەو نامە گەورەکانیشی لەناو گە نجینە هونەرییەکان دەشاردەوەو بە ئەدرێسێکی دیاری ناو پاریس رە وانەی دەرەوەی دەکرد، ئە و وە ک کە سێکی بازرگان و سە رمایەدارێک چالاکی کردووە، بۆیەش بواری بۆ سازدەبوو کۆنتاکت و بۆندی نائاساییش مۆربکات، ئەو بە دوو شێوە نامەکانی دە گەیاند، یە کەمیان لە ماڵە گەورەکەی خۆی ئامیرێکی بێتە لی پێشکە وتووی دانابوو، لەبەرئەوەی ماڵە کەی لە شوێنێکی زۆر لاچە پ و نزیک بوو لە دەزگا سە ربازییەکان بۆیە گومانی لە سەربوو، لە ئیستگەکەی سورییش بەئاسانی نامە نهێنیەکانی بە شوفرەکانی دەنارد.

****

رەش و سپی

ئیسرائیل لەکۆنەوە دەراسەتی عەقلیەتی کەسایەتی عەرەبی کردبوو، کەوا ئەوان تەنها رەنگی رەش و سپی د ەبینن، ئەوان هەست بە بوونی رەنگی تری نێوانیان ناکە ن، سورییە کان بەئاسانی بڕوایان بە کەسایەتی ئیلی کۆهین کردبوو، کە وا ئە و دە وڵەمەندێکی سورییە و لە تاراوگە گەڕاوەتەوەو پارە ی زۆرە و زۆریش چاوتێرە و بە ردەوام میوانی زۆرە و زۆریش رقی لە ئیسرائیلەو بە عسییەکی توندڕەوەو دڵسۆزی وڵاتی سوریایە و رقی زۆریشی لە سەرۆک جە مال عبدالناسرە، ئەوان هیچ گومانی پێچە وانەو کەسایەتیەکی تریان لەو پیاوە نەدەکرد. موخابەراتی ئیسرائیلی بۆ گفتوگۆو وە رگرتنی زۆرترین زانیاری کۆهینیان داواکردبوو، ئەویش لە لای برادەرەکانی وتبووی، من لە بەر کاری بیزنیس دە بێ بچمە دەرەوەو چە ند رۆژێک لە ئەورووپا دەمینێمەوە، بۆیە لەسەردانەکەی بۆ دە رەوە گەیشتووتەوە ئیسرائیل، لە وێ فە رمان و کاری زۆرتریان بۆ داناوە و پارە ی زۆریشیان بۆ ناردووە ، ئە وانیش هە موو مە بەستەکانیان نە هێشتنی

ڕێکەوتنی میسری سوری بوو، کە بەوەیان ئەو بتوانێت بچێتە ناو بازنە تەسکەکانی حکومەت و حزبەکەیان.

لەو سەفەرەدا داوایانکردبوو ئەو بچێتە بەرەکانی جۆلان و سەنگەرەکان ببینێت و زانیاریان بۆ بنرێت. پاش گەڕانەوەی وەک جاسووسێک ئەرکی زۆرتربوو، بڕواشی زۆرتر بوو کەوا سالم سیف سەر بە مۆسادە، بۆیەش بەیەکەوە ئاهەنگ و داوەتی گەورەیان بۆ کەسایەتیی دەسەڵاتدارەکان سازدەکرد، لەو دانیشتنانەدا زۆریش باسی بڕیارو بەرنامەی حکومەتیش دەکرا، لەو شەوانەدا زانیاری زۆر ترسناکی دەستدەکەوت، گەورە ئەفسەرە مەستەکان زۆر نهێنییان ئاشکرادەکرد، براژنەکەی سالم سیف سووربوو لەسەرئەوەی کامیل وەک کەسێکی خۆشەویست دەبێ لەو دانیشتنانەدا ئامادە بێت، ئەو ژنە چاو ئەفسوناوییە توانی لە یەکێک لە داوەتەکانی ئەفسەرێکی پلەداری سوپا لەوێ داوەت بکات، ژنەکە بەکامیلی وتبوو:

(ئەو ئەفسەرە حەزدەکات تۆ بناسێت، ئەویش کەسێکی زۆر وڵاتپارێزە و دژایەتی ئیسرائیل و میسر دەکات و سوورە لەسەر ئەوەی سوریا شەڕی ئیسرائیل بکات!).

ئەفسەرەکە ناوی (سالم حاطوم)بوو، کە یەکتریان ناسیبوو، کامیل پاش دوورۆژ لە ماڵەکەی خۆی داوەتی کردبوو، ئەفسەرە عەقیدەکە بەشانازییەوە داوەتەکەی قبوول دەکات، لەو داوەتەدا کامیل زانیاری سەربازی زۆر کۆدەکاتەوە، لەوێ ئەفسەرەکە ئاشکرادەکات کەوا دەستە ئەفسەرێک سەرقاڵی کودەتایەکی سەربازیین، بێزارن لەو ڕەوشەی وڵات و لەو نزیکانەدا کودەتا سەبازییەکە دەکەن.

****

ئەو دەستی دەگاتە ناو ریزەکانی سوپای سوری

جاسووسەکە میوانەکەی بە ڕێکردووەو لەماڵەوە چاوەروانی کاتی بێتە ڵەکەی بوو، لەورۆژەوە ئەو زانیاری سەربازی گرینگی دەگەیاندە ئیسرائیل، پاش دوو رۆژیتر ئەو لە ڤیلاکەی خۆی ئاهە نگێکی گە ورەی سازکردبوو، زۆر کە سی داوە تکردبوو، لە وانە عقید حاطومیش ئامادەببوو، لەبەرئەوەی میوانەکان زۆریان ئەفسەری پلەداری سوپابوون، بۆیە وەزارەتی بەرگری سوری بۆ خزمە تکردنی میوانەکانی کامیل دە ستەیەک کیژۆلەی بۆ بە ردەستی و خزمە تکردن ناردبوو خزمەت ئەو، ئاهەنگەکەشی بەناوی رۆژی لەدایکبوونی خۆی سازکردبوو، لەوێ حاطوم بە کامیلی وتبوو:

(من ئەو شەوەو لەو ئاهەنگەدا هەناسەیەک بۆ پشوودان هەڵدەمژم، من ماندووم، لە سەنگەرەکانی پێشە وەی بە رەکانی سە رسنووری فە ڵەستینەوە هاتووم، شە وانە لەناو کون و ژێرزەمینەکانی سە رسنوورەکان بە نارەحەتی رۆژانە مان بە ڕێدەکەین، با ئیمشە و بۆ خۆمان بژین..!).

دیارە کامیل بە ئوسلوبی تایبە تی خۆی ئە فسەرەکە رازیدەکات بیباتە سەرسنوورو سەنگەرەکانی کە بەرووی ئیسرائیل لێدراون نیشانی بدات، ئە فسەرەکەش ئامادە یی نیشاندەدات، کەوا کەسێکی وڵاتپارێزی وە ک ئە و بباتە سەنگەرەکان و رە زامەندی سەرکردایەتی بەرەکەش مسۆگەردەکات. کامیل سەردانی سنوورەکەی کردبوو، کە زانیاری بە مۆساد دابوو، کەوا ئەو سەنگەرەکانی دیوە، بەپەلە داوای لێدەکەن، کۆشش بکات جارێکیتریش بچێتەوە ئەو ناوچەیەو زانیاری زۆرترو وردتریان بۆ پەیدا بکات، پێیانوتبوو:

ئێمە زانیاریهان لە سەر کە رتی سێیە می بە رەی سورییە کە کەم و دە گمەنە. بۆیە ئەویش بە ناردن و بە خشینی دیاری گرانبە های زۆر، توانای دۆستایە تی پتە ویش لە گەڵ سەرکردەی کەرتەکەش پەیدابکات، لەهەموو مۆڵەتەکانیدا لە دمشق دیمانەو دانیشتنیان دەبوو، سەردانی زۆریان هە بوو، تا رۆژێکیان لە کاتی ناردنی بروسکە ی تایبە تی بۆ تە لئەبیب لە سەر سەریشی ئامادە دەبێت. پاش ماوەیەک کارکردن لەو بازنەیە کامیل بەپەلە داوادەکرێت بگاتە

ئیسرائیل، لەوێ دەیانەوێ پرسی بوون و پلانی کودە تایەک لە سوریای لێ بکەن، چونکە ئەو پرسیارانە بەبروسکەو بە بێتەڵ نە دەبوون، بۆیە ئەویش دە چێتە ئەرجنتین و لە وێشەوە بەرەو تەلئەبیب دە فڕێت، لە وێ پێیدە ڵێن، ئێمە هەستدەکەین، ئە مین حافیزی مولحە قی سە ربازی پێشووی سە فارەتی سوری لە ئەرجنتین، کودەتایەک دەکات و دەبێتە کەسی یەکەمی وڵات و پۆستی سەرۆکایەتی کۆمارو هێزەکانی سوریا وەردەگرێت.

کە کامیل گەڕاوەتەوە لە 8ی مارسی 1963 کودەتایە سەربازییەکە قەوماو سەرۆکی وڵاتەکە کەوتە دەست کۆنە برادەرەکەی ئەرجنتینی، ئەوەی خۆی و ژنەکەی بەدیاری و داوەتی زۆر خەنی و تێرکردبوو. لەبەرئەوەی ئیلی کۆهین کۆنە برادەری سەرۆک بوو، بۆیە ئەویش لە ئاهەنگی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی داوەتدەکرێت، لەوێ ئامادەبووان ئەو وەک دۆستێک و دڵسۆزێکی حکومەت و سە رۆکایەتی دە ناسن، سە رۆک لیوا ئە مین حافیزو ژنە کەی کە ئەو فەروە گرانبەهای لە سەرشان بوو، کە لەکاتی خۆی ئە و پێشکە شی کردبوو، پێشوازی لە میوانەکانیان دە کەن. لەو ئاهە نگەدا کامیل بە لێندەرێکی سوری دە ناسێت کە پرۆژەیەکی گەورەی لەبندەست بوو، بۆ گۆڕینی ڕێڕە وەی ئاوی رووباری بانیاس بۆ سوریا، دیارە کەوا ئەو پرۆژەیە بۆ سوریاو جیهانی عە رەبی بایە خی زۆری هە بوو. حکومەتی سوری داوای لە کامیل کردبوو، کار بۆ ئە وە بکات سە رمایەدارە سورییەکانی تاراوگە پارەکانیان بهێنە وە ناو سوریاو سەرمایەگوزاری تێدا بکە ن، داواشی کردبوو ئە گەر لە و پلان و پرۆژانە ش کە دەتانەوێ سەربازی و بە رگریش بێت، ئە وا لە پاراستنی نهێنیە کانی دڵنیابن. لەوماوەیە کامیل زانیاری سەربازی زۆری دەدایە ئیسرائیل، نەخشە تۆبۆگرافییەکانی دەگەیاند، رادیۆی سوریاشی بۆ ئە و مەبەستە بەکاردەهێنا، لە ئاهەنگ و داوەتەکانی ماڵەکەی خۆشیدا وێنە ی زۆری میوانە کانی لە رەوشی ناشایستە ش دە گرت، پاشان وێنە کانی وە ک هە ڕەشەش بە کاردەهێناو زانیاری ترسناکیشی بەو شێوەیە دەستدەکەوت.

*****

وەزیرە جاسووسەکە

لەبەرئەوەی کامیل لە سەرۆک زۆر نزیک بوو، بۆیە زۆر ناوی دە هات بکرێتە وەزیرێکی دەسەڵاتداریش، واتە وەزارەتێکی کاریگەریش وەرگرێت، فریق (علي عامر) سەرۆکی دەستەی ئە رکانی شە ری سوپای میسری بۆ بە سەرکردنەوەی سەنگەرەکانی سوریاو وە ستان لەسەر کەموکوڕییەکانی ئەو سوپایەو باسکردنی لە ئەگەری شەڕێک بەرووی ئیسرائیلی دوژمن، بڕیاربوو سە ردانی سوریا بکات، ئە و وە ک نوێنەرە ی سە رکردایەتی یە کگرتووی عە رەبەکان دەهات، کە تازە ئەو نوێنەرایەتیە لەلایەن کۆمکاری عەرەبی و لەبەر ڕێنماییەکانی سەرۆکەکەی (عبدالخالق حسونة) دانرابوو، کە فریق عامر گەیشتبووە بەرەکەو لە سەردانەکانیدا بەردەوام بوو،

ئەفسەرە هاوڕێیەکانی کامیل حە زیان کردبوو، ئە ویش لەو مە راسیمەدا جێگای دیاربێت، بۆیە سووربوون لە سەرئەوەی ئە ویش لە پێشوازییەکان و بە رنامەکان ئاگاداربێت، بە لام ئە و زۆر حەزی نە کردبوو، بەڵام لە بەرئەوەی دەنگۆی ئە وە هەبوو ئە و دە بێتە وەزیرو پۆستێکی باڵا وەردەگرێت، ئەویش وەک کەسایەتیەکی ناوداریش ناکرێ خۆی لەو میوانداریە دوور راگرێت. لەودەمانە ئەمین حافیز بە نهێنی بۆ چارە سەری لە دەرەوەبوو، کە لە سەردانەکەی گەڕاوەتەوە وڵات لە گەڵ ئە ندامانی باڵای حکومە ت و حزب کۆبوونە وەی کردبوو، پاش چە ند سە عاتێک چەند بە شی بە رنامەو کارنامە ی دیمانە کەی لە رادیۆی ئیسرائیل دە قاودەق دە بیستێتەوە، ئەوەیان سە رۆکی زۆر نیگە ران و تە نگاوکردبوو. بۆیە زۆر بیری لەوە کردیتەوە، دەبێ کێ بێت ئەو قسانە بباتە دەرەوە، ئە و کارنامە یە چۆن وا زوو و بە دروستی دە گاتە ئیسرائیل، دیارە یە کێکی زۆر نزیک لە خۆمانە، یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کەسێک پەیوەندی هەیە، بەڵام ئە و گومانی لە کەسایەتی کامیل سابت نە بوو، لە مێژە ئەو ناسدە کات و وە ک کەسایەتیەکی سوری و وڵاتپارێزێک ناسراوە بۆیە پەنجەی گومان ئاراستەی ئەو نەدەکرا.

لە کۆبوونەوەی داهاتووش هە مان سیناریۆ دووبار دەبێتەوە، کۆبوونە وەکە لەناو بازنەیەکی سە رۆکایەتی داخراویش گیرابوو، ئینجا لە رادیۆی ئیسرائیل باسکرا کە وا سوریا بەنیازە ئاراستەو ڕێرەوی ئاوی رووباری بانیاس بگۆڕێت، پلانە سەربازییەکانی بەرەکانیان ئاشکرا دەکرد، بڕیارە کانیان دە زانن، هە موولایەک کاریان بۆ ئە وە دەکرد کە سە گومانلێکراوەکە بدۆزنەوە، بە لام هیچیان دە ستنەکەوت، چونکە سەرۆک و سە رکردایەتی تە نها لە کامیل گومانیان نە بوو، لە ولاشەوە موخابەراتی میسری کاری لە سەر ئە و وێنانە کردبوو کە لە سەردانەکەی رفیق علي عامر بۆ سوریا گیرابوون، گومانیان لە سەر کەسایەتی کامیل کردبوو، یەکێک لە ئەفسەرە میسرییەکان یەکسەر ئیلی کۆهینی ناسیوەتەوە، وتبووی، ئەو پیاوە بەسمێلە دەناسمەوە، ئە و پیاوە ی لە وێنەکان بە جلی سە ربازی لە پشت فریق عامر وەستاوە، ئە و پیاوە جوولەکەیە کە لە ئە نجامی سە رنەکەوتنی لە چالاکییەکەی سۆزانا لە میسر رایکردو دوورکەوتەوە، بەڵام لەبەر ئاڵۆزی پەیوەندەییەکانی ئەو دوو وڵاتە نەدەکرا سەرکردایەتی سوری بەوە رازی بکە ن، کە وا کامیل سابت، پیاوێکی جوولە کەیەو ناوی ئیلی کۆهینە وە لە میسر رایکردووە.

****

کە سەرۆک جە مال عبدالناسر دۆسیە ی تە واوی ئیلی کۆهینی جاسووسی دیبوو، کە بەناوی کامیل سابت لە دمشق ژیان بەسەردەبات دڵنیادەبێت ئەوە ئەو کەسەیە کە لەرابردوو لە میسربووەو پیاوێکی جاسووسە . ئەودەمانەش پە یوەندیەکانی حکومە تی میسری بە حزبی بەعس لە سوریا ئاڵۆزو شپرزەبوو، نەیارەکانی یەکبوونەکە پاش هەڵوەشانەوەی پرۆژەکە، کەوتنە قسە هەڵبەستن و دارشتنی پلان بۆ زۆرتر دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان ئە و دوو وڵاتە ،

دەیانووت، عبدالناسر زۆرتر مەبەستی ئەوەبووە کەوا وڵاتی سوریا کۆنترۆل بکات، ئەو دروشمی نەتەوەیی عە رەبی بە فێڵ بە رزکردیتەوە، ئە و چاوی لە دەسەڵاتی تە واوی ناوچە کەیە، ئە و ماوەیەش کە بەیەکەوە یەکێتیەکەیان کردبوو ساڵانی زوڵم و داپڵۆسین و ئە شکەنجەبووە، دەزگای موخابەراتی میسری لەسەر هەموو بوارەکانی کارکردن باڵادەست بووە، بۆیە زۆر نهێنی ترسناکیان ئاشکراکردووە.

یەکێک لەوانە توقیعی لەسەر بەیانی هەڵوەشانەوەی یەکێتیەکە کردبوو (صلاح الدین البیطار)بوو، ئە گەرچی تا ئە ودەمانەش جە مال عبدالناسر ئە وەی بە کەسێکی دڵسۆزو کارای هزری یە کبوونی عە رەبی دە زانی، بۆیە بڕواکردن بە یەکتری نە بوو، رە وشەکەی ناوچە کەو سوریان بە رگەی ئە وەی نە دەکرد دۆسیە یەکی وا نیشانبدرێت، بە ڵام عبدالناسر بڕیاریدا دوو دانە لەو دۆسیە رەوانەی سوریا بکات، یە کێکیان بگاتە دەست سە رۆک ئەمین حافیز، دانە ی دووەمیش بگاتە دەست عقید (ئەحمەد ئە لسویدانی) سەرۆکی یە کەی قە ڵاچۆکردنی جاسووسیەت لە موخابەراتی سوری . دۆسیەکە چەندین بە ڵگەی روونی تێدابوو، مە بەستی میسرییەکان ئەوەبوو ئەوان باش لەو مەسەلە تێبگەن و چارەسەری بکەن، بەڵام سەرۆک حافیز چۆن بڕوادە کات برادە رێکی سە ردەمی رۆژانە ی ئەو لە سەفارەتی ئە رجنتین ئەو جۆرە کارانە بکات.! ئەو کارە لەو کۆنە برادەرەی ئەو ناوەشێتەوە، ئەو لە و رۆژانە هەستیکردووە، ئەو پیاوە بازرگانە دەوڵەمەندە، ئە و کە سەی هاوکاری زۆری حزبە کەیان بووە ، ئە وەی زۆر بە ئاشکرا دژایەتی ئیسرائیلی پێوە دیاربووە، بۆیە ئەوەی لێکدابۆوە کەوا میسرییەکان نیازیانە حزبی بەعس بروخێنن، بۆیەش دەیانەوێ ناوو دۆسیەی بەگومانی بۆ بدۆزنەوە. بەو جۆرە کامیل بێ گومان و دوور لە چاوی چاودێری لە دمشق مایەوە، بەڵام حافیز دە یزانی کەسێکی نزیک لە خۆی بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل جاسووسی لە سەردەکات، گومان لە و هە موو کە سە نزیکەکانی خۆی هەبوو تەنها کامیل سابت نە بێت، نەیدەزانی جاسووسەکە ئەوەو لە ژووری نووستنەکەی خۆیدا بێتەڵی داناوە و بە شوفرە نامە ئاراستەی مۆساددە کات، لە ولاشەوە کامیل دڵنیابوو دە زگا موخابەراتەکانی سوریا سستن، بۆیە بێ گۆڕان و جوولەکردن بە ئامێرو شوفرەکانی کاریکردووە، چونکە ئەودەمانە هەموو سورياییە کان ئە وەندەی سە رقاڵی جە مال عبدالناسربوون، ئە وەندە بیریان لە ئیسرائیل نەدەکردەوە.

****

کامیل سابت لە ئوکتۆبەری ساڵی 1964 نامەیەکی شفرەداری دەگاتە دەست تێدا داوادەکەن، بەزووترین کات بگاتە تەلئەبیب، ئەویش پلیتی فڕۆکەی زیورخ لە سویسرا دەبڕێت و لەوێشەوە بۆ ئەرجنتین، لەوێشەوە دەگەڕێتەوە ئەورووپاو سواردەبێت بەرەو ئیسرائیل دەفڕێت، بەو شێوە یە مۆساد چاک سە ر لە چاودێرکردنی ئەو دە شێوێنێت. لە 13ی نۆڤمبە ری سا ڵی 1964هێزەکانی ئیسرائیل سنووره کانی سوریا دە بڕن و رێڕە وی ئاوە کەی ئوردن دە شکێنن و

هەموو کەرەستەی پرۆژەکەش خاپووردەکەن، بەو هێرشە لەناکاوە بەرنامەو نەخشە دزینی ئاوی رووباری ئوردن لە لایەن سوریا هە ڵدەوەشێتەوە. لەو رۆژە سورییەکان بە و هێرشە زۆر وردو پێکانە زۆر وریایانە ی ئیسرائیلییە کان شۆک دە بن، دە رکەوت هە موو بە رەکەو سە نگەرەکان بەرووی ئیسرائیل رووت بووە ، دیارە هەموو خاڵە کان باش و ورد دە راسەتکراون، بۆیە هەمووڵایەک گومانیان لە چاوو گوێیەکی زۆر ئاگادار هەبوو، پرسیاردەکرا دەبێ ئەو بەکرێگیراوە کێ بێت ...!؟ کامیل پاش ئە و زە برە کوشندەیەی ئیسرائیل کە لە سوریای وە شاندی، ئە و گەڕاوەتەوە سوریاو بە حەماسەوە وتوویەتی:

ناکرێ ئێمە لەو هێرشە ی ئیسرائیل بێدە نگ بین، کاتی ئە وە هاتووە سنوورێک بۆ دەستدرێژییەکانی دابنێین، چونکە ئەوانە دوژمنی سە رسەخت و پیسی نە تەوەی عە رەبیمانە، جەمال عبدالناسریش لە قاهیرە وەک کە سێکی ترسنۆک و بێدە سەڵات سە یری ئەو دوژمنە دەکات، دەبێ ئێمە لەو هێرشە دەستپێشخەربین، هە موو وڵاتانی عە رەبی بۆ ئەو شە رە پیرۆزە راکێشین.

ئەگەرچی ئە و بە و شێوەو بە و زمانە ش قسە ی دە کرد، بە ڵام هە ستی دە کرد، وە ک جاران پێشوازی ناکرێت، دە رگای ماڵی بە رپرسەکانی بە روودا ناکرێتە وە، بە ڵام ئە و گومانی نەبوو، ئە وان درکیان بە هیچ نە کردووە، وایدە زانی ئە وەشیان تە نها پارێزێکە ئاسایشی سوری رەچاوی دە کات و بە س ئە گینا هیچی تر لە ئارادا نییە. رۆژێکیان سالم سیفی بە رێوەبەرەکەی ئێستگەی دمشق دڵسۆزانە ئامۆژگاری هاوڕێیە کەی کردبوو، پێیوتبوو، من هە ستدەکەم لە ناو سەرکردایەتی گومانێک و هوشیارییە ک هەیە، جوولەیەکی نائاسایی هە یە، بۆیە حەزدەکەم زۆر وریابە، ئاگاداری خۆت بە . دیارە موخابەراتی ئیسرائیلی ئیلی کۆهینی لە سالم سیف دڵنیاکردبۆوە، ئە وەی جاسووسێکی خۆمانە و ترست لە و نە بێت. بەڵام ئە و بە سادەیی وە ڵامی سیفی داوە تەوە، کە وا تر سی ناوێ، ئە و نیگە رانییەی سە رکردایەتی سوریی کاتییە و دە ڕوات، چونکە ئەوان زۆرتر بیریان لە لای جە مال عبدالناسرە، نە ک ئیسرائیل، لە بەر دژایە تی ئە وو میسر ئاگایان لە دوژمنە سەرەکییەکەی خۆیان نە ماوە. سەرکردایەتی مۆساد هە ستی بە مەترسی لە ژیان و مانە وەی ئیلی کۆهین کردبوو، بە ڵام چاویان لە زۆرترین زانیاری بوو، دەیانویست زۆرتر سەنگەرەکانی (جۆلان)یان بۆ بدۆزێتەوەو نەخشەی زۆرتریان دەویست، مائیر ئامیتی سە رۆکی مۆساد دە یزانی کۆهین زۆرتری پێدە کرێت، بۆیە نەدەکرا دە ستبەرداری بن، دەیویست زۆرتر زانیاری لەسەر دامەزراوە ئابووریی و سە ربازییەکانی وڵاتانی عەرەبی تریشیان دەسکەوێت، مۆساد پارەیەکی زۆریان لەو جاسووسە سەرفکردبوو، بۆیە نەدەکرا، وا بەئاسانی ئەو لەو گۆڕەپانەکە بکێشێتەوە، بۆ گە ڕانەوەو دە ربازبوونیشی لە سوریاو گە یشتنەوەی بە ئەرجنتین بەرنامەیەکی وریای دەویست.

****

تەڵەکەو گیرانەکە

شەوێکی درەنگ لەگەڵ لێدانی دەرگای ڤیلاکەی بە ئاگاهاتبوو، کە دەرگا دەکاتەوە عقید سالم حاطومی هاوڕێی دەبینی، لە بەرەکانی پێشەوەی جۆلانەوە هاتبوو، بەو شەوە درەنگەو بەو ڕێگا دوورە تەنها بۆ ڕابواردن و شە وچەرەیەک نەهاتبوو، هاتبوو چەند زانیاری ترسناک بگەیەنێت، هاتبوو بڵێت، لەسەرانسەری بەرەکەمان ئەفسەرەکانمان هەست بە هەڵچوون دەکەن، هەموو دەنگیان هەڵبڕیوەو دەیانەوێ چەند دەستە کەماندۆیەک ڕەوانەی ناو ئیسرائیل بکەن، ئەفسەرەکە لەبەرخۆییەوە وتبووی:

(ئەو ئەفسەرانە ڕاناوەستن رەوشەکە ترسناکە).

بەیانی زوو حاطوم لە ماڵەکەی کامیل دەڕوات و ئەویش ئامێرە بێتەڵەکەی لەبن سیسەمەکە دەردەهێنێت و زوو ئەو زانیارییە نوێیە دەکاتە بروسکەیەک بۆ ئیسرائیل . لەو بەیانییەدا هەموو دمشقییەکان لە شیرینە خەودا بوون، بەڵام کامیل خەریکی ناردنی بروسکەو زانیاری بوو، لەودەمانە ئەو کە سەربەرزدەکاتەوە، دەبینی پیاوێک لەسەر سەری وەستاوە، بەڵام کە باش لە چواردەورەکەی دەڕوانی دەبینی دەستەیەک ئەفسەری موخابەراتی سوری بە سەرۆکایەتی عقید ئەحمەد ئەلسویدانی ژوورەکەیان گەمارۆداوە. سەرۆکی موخابەراتەکە دەستی لەسەر شان دادەنێت و دەڵێت:

(مەترسە نامەکە تەواو کە، ئەگەر زانیاری زۆرتریشت دەوێت بۆت تەواو دەکەین.!).

سێ ڕۆژ کامیل سابت لە ڕۆژەکەی دەمێنێتەوەو لەوێش ناوەکەی دەگۆڕن و بە ناوە کۆنەکەی بانگی دەکەن، ئەویش بە چاودێری موخابەراتی سوری نامە ڕەوانەی ئیسرائیل دەکات، بەڵام ئەمجارە نامەی درۆو ساختەی پێدەنووسن و بروسکەکانی پێ ڕەوان دەکەن. بەڵام ئەو بە ناردنی لەسەرخۆی نامەکان بەرپرسەکانی خۆی تێدەگەێنت کەوا ئەو گیراوەو تۆڕەکەی دۆزراوەتەوە، چونکە زووتر ئەو شوفرەیان لە نێواندا هەبووە، ئەگەر بروسکەی لەسەرخۆی بۆ ناردن واتە ئەو گیراوەو ئاگاداری خۆتان بن.

موخابەراتی سوری ئیلی کۆهین ناچاردەکات ئەو بروسکەی خوارەوە بگەێنێتە ئیسرائیل:

(بۆ سەرۆک وەزیران لیڤی ئاشکۆل و سەرۆکی مۆساد لە تەلئەبیب، لەو رۆژەوە ئیلی کۆهین و هاوڕییەکانی لە دمشق میوانن، ئێمە هەستدەکەین هەموو هاوڕێیەکانی دەگەنە لامان، لە دوارۆژیش ئێوە چارەنووسی ئەو کەسە دەبیستن).

سەرۆکایەتی سوری هەوالی گرتنی کۆهینیان بلاونە کردەوە، ئەو هەوالە بۆ سەرۆک ئەمین حافیزو ژنەکەی و هەندێ لە برادەرەکانی زۆر کوشندەبوو، لە رووی بەلگەکانیش هیچیان لەدەست نە دەهات. لەودەمانە ئەلسویدانی بە سەرۆک دە لێت، گە ورەم ئە گەر زوو بە راپۆرتەکەی سەرۆکی میسری جەمال عبدالناسر بڕوامان کردبووایە، ئەو زیانە ئەستوورەشمان پێنەدەکەوت، سەرۆک قسەکانی سەرۆکی موخابەراتی بە هەند وەرگرتبوو، بەلام بۆ زۆرتر دلنیابوو، خۆی لە زیندانا قسەی لەگەل هاوڕێیە جاسووسەکەی کردبوو!

بۆیەش پاش سەردانەکەی لە ژوورەکەی خۆیدا هاواری کردبوو و وتبووی:

(ئەی خودای مەزن ئەوە چی روو دەدا، چی دەرچوو، ئەوە پیاوە موسلمانیش نەبوو، من بە چەند وشەو رستەی ئیسلامەتی ئیقناع بووم).

سەرۆکی موخابەراتیش بە سەرۆک دەلێت:

(گەورەم ئەوە چاک دەزانی ئەو بۆ پۆستێکی بالای وەزارییش کاندیدکرابوو).

لەپاش لێکۆلینەوەی ورد دەرچوو 60 گەورە ئەفسەرانی سوری دەستیان لەگەل کامیل سابت هەبووە، هەموویان زانیاری زۆر ترسناکیان گە یاندبوو، لەوانە 17 کەسیان بە تاوانی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دەولەت و زیان گە یاندن بە پاراستنی نەتەوەیی لە سێدارەدران. سەرۆکایەتی سیاسی سوری دادگاکە ی کۆهینی لە پرۆسەیەکی زۆر نهێنی جێبە جێکرد، بەلام هەموو دانیشتنەکانیان بە کامیرا تۆمارکردبوو، سەرۆک حافیز ئە وەی کردبوو تا سەرۆکی میسری هەموو شتەکان نەزانێت و میللەتی سوری رق و تووڕەییان لە رووی ئەودا دەرنەبڕن. حکومەتی ئیسرائیلیش بۆ ئازادکردنی ئیلی کۆهین لەسەرئاستی نهینی و بە ئاشکراش چەندین هەنگاوی نابوو، یەکێک لە پێناوەکانی ئازادکردنی جاسووسەکە وتبووی:

(ئیسرائیل ئامادەیە ژمارەیەکی زۆری شۆفل و لۆری و کەرەستەی تەندروستی بداتە سوریا، ئامادەیە لەبەرامبەر ئەو پیاوە دە جاسووسی سوری رزگاربکات، ئامادەیە یەک ملیۆن دۆلاریش بدات).

بەلام سوریا ئامادەنەبوو بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر سێدارەدانی ئەو بکات، بۆیە ئیسرائیل بەچەندین شێوە ویستبووی رای گشتی وا حالی بکات کەوا ئەو پیاوە لە دوورو نزیک

پەیوەندی بە مۆساد نەبوو، حکومەتی سوری لەبەرنامەی بەردەوامی خۆی بۆ دژایەتی سامییەت پیاوێکی بێتاوانی جوولە کە بە ناوی جاسووسیە ت دە کوژێت. ئیسرائیل بە چەندین شێوەو لەرێگای رێکخراوە کانی مافی مرۆڤ و شاژن ئیلیزابێثی دووەم و فاتیکان و 22 ئەندامی ئەنجومەنی عمومی بریتانی و سە رۆک وە زیرانی پێشووی کە نداو دوو سە رۆکی پێشووی فەرەنسی و سەرۆکی لێبووردنی گشتی و وەزیری دەرەوەی ئەرجنتینیان راسپاردبوو کەوا کۆهین ئازادبکەن و حکومە تی سوری بە هەر چ شێوە یەک بێت ئە و رادەستی حکومەتی ئیسرائیلی بکاتەوە، بێجگە لەوانە ئیسرائیل دوو پارێزی فە رەنسیشی بە ناوی ژن و منالە کانی بۆ گرتبوو، بەڵام حکومە تی سوری بۆ ئە و دوو پارێزە هیچ ئاسانکارییە کی نە کردبوو، رۆژانەو رێورە سمی دادگاییەکەش لە دمشق بە ئاسایی بە رێوەچوو، ئە و لە ینایری ساڵی 1965 گیراو لە 19ی مارسدا دادگاییە کەی کۆتایی پێهێنابوو و سەرۆکی سوریش ئیمزای لەسێدارەدانەکەی کردبوو و لە 18ی مایوی هەمان ساڵ بڕیارەکە جێبەجێکرا.

لە رۆژنامەی (الجریدة)ی کویتی لەرۆژانی 9و10و11ی سپتەمبەری ساڵی 2008 بڵاوکراوەتەوە.

رآفت الهجان ... ئەوەی ئیسرائیلی هەڵخەڵەتاند.!

رآفت الهجان ... ئەوەی ئیسرائیلی هەڵخەڵەتاند.!

له ژمارەی 3195 ی گۆڤاری (المصور)ی میسری رۆژی 3ی ینایری ساڵی 1986 ئەلقەی یە کەمی رۆمانی (رآفت الهجان)ی رۆماننووسی میسری کۆچکردوو (صالح مرسي) بڵاوکردەوە، رووداوی رۆمانە کە سەرنجی هەموولایەکی راکێشا، بەردەوامیش چاوەروانی ژمارەو ئەلقەی نوێی رۆمانە کەیان دە کرد، کە سایەتی رووداوە کەش کە لەچیرۆکی راستە قینەی دۆسیەکانی موخابەرات وەرگیرابوو. چیرۆکەکە لەساڵی 1987 کرا بەزنجیرەیەکی تەلەڤزیۆنی کە تێدا ئەکتەری نادوار (محمود عبدالعزیز) پاڵەوانیەتیەکەی دەبینی. رووداوەکانی لە هەموو وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی لە ئیسرائیلیش ببووە جێگەی هەواڵ و مە بەست و سەدان رۆژنامە زانیاری تازەیان لە سەر جاسووسەکە بڵاودەکردەوە. کە ئەو جاسووسە زانیاری زۆری بە میسرو وڵاتانی عەرەبی گە یاندبوو، کەوا توانیبووی بگاتە زۆربەی گۆشە کانی کۆمەڵگای ئیسرائیلی و دەزگاکانی ئە و وڵاتە ، کە لەو کارە دا 18 ساڵی تە واوی خایاندبوو، بێ ئە وەی تۆرەکەی ئاشکرابێت. بۆیە ئیسرائیلییەکان وتبوویان، ئە وەی لە رۆمانەکەو تە مسیلەکان بڵاوکراوە تەوە تەنها خە یاڵی هە ڵبەستراون، دیارە کەوا موخابە راتی میسری زیرە کەو دەکارێت ئە و جۆرە چیرۆکانە دروست بکات، بە ڵام میدیای ئازادی ئیسرائیلی سە رۆکی مۆسادی پێشووتر (عیزرا هارئیل)ی ناچارکرد دان بە وەدا بنێت، کەوا ئەوان هەستیان کردووە موخابەرات گەیشتوونەتە ناو دەزگاکانیان و لەناو ئاسایشی ئەواندا دەستیان هەبووە، بۆیە ئەو وتبووی:

(ئێمە گومانمان لەوەدا نییە کەوا (جاک بیتون) کە ناوی ئیسرائیلی الهجان بوو).

لە ساڵی 1988ەوە موخابەراتی ئیسرائیل پەرۆشی هەواڵ و زانیاری بوو لە سەر ئەو کەسە، رۆژنامە ی (جیروزلیم پۆست) راستی بوونی کە سێک بە ناوی جاک بیتون یان رآفت الهجانی راگەیاندبوو، کەوا ئەو کەسە بوونی هەبووەو ئەو لەساڵی 1919 لە شاری (المنصورة)ی میسری لەدایکبووەو لەساڵی 1955 گەیشتووتە ئیسرائیل، دووبارە لەساڵی 1973 گەڕاوەتەوە، کە توانیبووی بگاتە دەسەڵاتدارەکان و لەوانە (گۆلدا مائیر)و (مۆشی دایان)ی وەزیری بەرگری ئیسرائیل. لەمانگی فبرایری ساڵی 1987 نووسەری کۆچکردوو صالح مرسي سە ربردەی

دۆزینەوەی ئە و رووداوە ی ئاشکردووە ، کە چۆن چالاکی رآفت الهجانی دۆزیوە تەوە، چۆن بەرێکەوت لە دانیشتنێکی تایبە تی لە گەڵ دە ستەیەک لە ئەفسەرانی موخابە راتی میسری دیداری دەبێت، ئەوان بەکورتی رووداوەکەی (الهجان)یان بۆ گێڕاوەتەوە.

ئەفسەرەکان نووسە رەکە هاندەدەن دووبارە ئەو رووداوانە بڕوسێتەوەو خوێنە رانی خۆی دووبارە بەو شێوەیە ئەدەبیە سەرسام و پە رۆش بکاتەوە، بۆیە بڕیاردەدات دۆسیەکەی الهجان لە موخابەراتەوە لەبن هە نگڵی بنێت و بیباتە وە ماڵەوەو شە وەکەی کە دەیخوێنێتەوە، لەوێ بە کەسایەتی ئەو جاسووسە میسرییە سەرسام دەبێت و بڕیاردەدات کاری نووسینەوەی لەسەربکات، بۆ زۆرتر دە وڵەمەندکردنی بابەتەکەو نووسینەکەی دیمانەی لەگەڵ ئەو ئەفسەرە سازدەکات، کە لەسەرەتاوە چۆن الهجان مە شقدراوەو گەیاندوویەتی ئەو ئاستە، لەو دیمانەیەدا (محسن ممتاز) وردەکاری زۆرتری لەسەر کەسەکەو چالاکییەکانی دەداتێ، ئەوەش زۆرتر ئەو هاندەدات لەسەر نووسینەوەکە گەرمتربێت. پاش نووسینەوەکە ئەو بە سەرهاتی وردی 18 ساڵەی چالاکییەکان بۆ ئە و هونە رمەندە دەگێڕێتەوە کە پاشان رۆڵی سە رەکی لە زەنجیرەکە دیبوو.

***

کورتەیەک لە ژیانی الهجان

رفعت علي سليمان الهجان لە شاری (دمياط)ی میسری لە 15 یولیۆی ساڵی 1927 لەدایکبووە، باوکی بازرگا نی بە خەڵووزکردووە، دایکی لە بنەماڵەیەکی ناوداری ناوچە کەبووە، هەردوو زمانی ئینگلیزی و فە رەنسی باش زانیووە ، دوو خوشک و برای بە ناوی (لبيب)و (نزيهة)و زڕبرایە کیشی بە ناوی (سامي) هەبووە، لەساڵی 1936 باوکی کۆچی دواییکردووە ، لەبەرئەوەی سامي مامۆستای زمانی ئینگلیزی شاژن (فريدة)بووە. ئەو پێگە دیارەش وایکردووە ئەو برایان ببێتە پیاوی ماڵەکەیان و چاودێری خوشک و براکانی بکات، پاشان لە و شارە دەگوازنەوە قاهیرە.

رفعت مناڵێکی لاساربووە. بە هیچ شێوەیەک حەزی لە خوێندن و مە کتەب نەبووە، هەرچەند براکەکەی کۆشش دەکات کوڕەکە ئارەزووی ناکەوێتە سەر خوێندن، رەوشتی ئارام و رێگای راست ناگرێتەبەر، سەرەتا دەردەکەوێت ئەو حەزی زۆری لە گەمەو شانۆو سینەمابووە، ئەو توانیویەتی بەهرەکەی خۆی بەرووی هونەرمەندی گەورە (بشارة واكيم) دەربخات و لەگەڵ ئەودا رۆڵی سێ فیلم ببینێت. براکانی داوای لێدەکەن بچێتە بەر خوێندنی بازرگانی، بەڵام خۆی

ئارەزووی ئەو جۆرە خوێندنەی نەبووە، بەڵام ئەو توانی زمانی ئینگلیزی بەزاراوەی بریتانی باش فێرببێت و هاوشانی ئەو زمانە زمانی فرنیسیش بەزاراوەی پاریسیش چاک فێردەبێت. لە ساڵی 1943 (نزیهة)ی خوشکی شوو بە کوڕێکی ئەفسەری پلە یەک دەکات، دایکیشی ماڵەکەی دەگوازێتەوە شاری (دکرنس)ی نزیک المنصورة، لەوێ سامی برای کیژی محرم فهیمی نەقیبی پارێزەران لەقاهیرە دەهێنێت، بۆیە رفعت بەناچاری لەگەڵ لبیبی برای دەژیت کە ژمێریاربووە لە بانکی بارکلیز، هەردووکیان بەیەکەوە لەو شوقەیە دەژین کە سامی برای لە مەیدانی (الظوغلي) بۆی گرتبوون، رفعت لەساڵی 1945 لەگەڵ بشارة واکیمی ئەکتەر یەکتری دەناسن، لەیەکێک لە فیلمەکان رۆلێکی گچکەو کورتی دەداتێ، بەوەش ئەو سەراپای ژیانی دەگۆڕێت، ئەگەرچی رۆلەکەی لە فیلمەکە زۆرکورت بوو، بەلام ئەو بەو کارو دەرکەوتنە زۆر دڵی خۆشدەبێت، بۆیە هاوڕێیەکانی بەچاوێکی گەورەو ئەکتەرێکی گەورە ناوی دەبەن، زۆریش بەرێزەوە قسەی لەگەڵدا دەکەن، بۆیەش ئەو زۆرتر بڕوای بە خۆی پەیدادەکات، لە خوێندنەکەی بەردەوام دەبێت، لەودەمانە کیژێکی سەماکەر دەناسێت و لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

(من سەماکەرێکی سەرشێتی هەرزەکارم بە ناوی (کیتی) ناسی، کە پاشان دەستی لەگەڵ تۆڕێکی جاسووسی تێکەڵکردووە لە میسر رایکردو ناوی نەما).

رفعت لەگەڵ سەماکەرەکە دەژیت و لە شوقەکەی ئەویش دەمینێتەوە، بۆیە لبیبی برای زۆر لێی تووڕەدەبێت، بۆ دوورکەوتنەوە لە کێشەکانی لەگەڵ ماڵەوەیان واز لەو سەماکەرە دەهێنێت و لەکاری سینەماش دووردەکەوێتەوەو لە کۆمپانیایەکی پترۆڵی بێگانە لەسەرکەناری دەریای سوور کاردەکات، لەبەرئەوەی هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی باش زانیووە بۆیە لە کارەکەی زۆر سەرکەوتوودەبێت، لەبەرئەوەی شوێنی کارەکەی دووسەد کیلۆمەتر لە قاهیرە دووربوو، بۆیە ئارەزووی کارکردنی نامینێت و ئەگەرچی کۆمپانیاکە ئەو دەگوازێتەوە ناو قاهیرەش بەڵام ئەو واز لەو کارە دەهێنێت.

رفعت لەگەڵ سەرمایەدارێکی ئەسکندریە کارێک دەدۆزێتەوەو لەوێ دەژیت و بۆ یەکەمجار هەست بە ئارامی ژیان دەکات و ئیسراحەت دەکات، لە رۆژانی کارە کردنیدا هەستدەکات کابرای خاوەنکار، لەبەرئەوەی منداڵی نەبوو، بۆیە بە چاوی کوڕی خۆی تەماشای ئەو دەکات، بۆیە ئەویش لەسەر ئەو کارە دەگیرسێتەوەو کاردەکات و گەشە دەکات و بەبەختیاری ژن دەهێنێت. ئەو بۆ کارەکانی کۆمپانیاکەیان دەچێتە قاهیرە لەوێ بەرێوەبەرە ناپەسندەکە بە تاوانی دزی و ساختە رفعت تاوانباردەکات، بەڵام خاوەن کارە ئەسکەندرانییەکە چاک دەزانێت رفعت کاری وا ناکات و ئەو ناشایستەیە لەو ناوەشێتەوە، بەڵام ناچاردەبێت لە کارەکەی دەریدەکات، بەڵام یارمەتی دەدات وەک ژمێریارێک دامەزرێت لەسەر پاپۆڕی باری

(حورس)، بۆیە رفعت بۆ یەکەمجار لەساڵی 1946 دەریا دەبڕێت و چەندین وڵات و بەنداوی ئەوروپی دە کات، هە ر لە نابۆلییەوە تا مارسیلیاو برشلۆنە و تە نجەو لە کۆتاییدا لە بەنداوی لیڤرپۆلی ئینگلیزی دەمینێتەوە، کە بڕیاربوو بە پاپۆڕەکە بچێتە شاری بۆمبای هیندستان.

****

ژیانێکی ئاڵۆز

لەئەنجامی کارە کەی لە بەنداوی لیڤرپۆل رفعت شە یدای جوانی (جودی موریس) دەبێت و لە بەر رۆشنایی چاوانی ئەو، کۆنە دۆستە سەماکەرەکەی بە بیردێتەوە، کیژە کە فێری دەکات لەکاتی دەرچوون و بەڕێکردنی پاپۆڕەکە بڵێت ژانە سگمەو هەستدەکەم ریخۆلە کوێرەم دەتەقێت، بەو فێلە لەگەڵ پاپۆڕەکە دەرناچیت و لەبەنداوەکە دەمینێتەوە. بەوەش ئەو لەو شارە دەمینێتەوەو لە مانگی مارسی ساڵی 1950 دەگەڕێتەوە میسر، لەوێ دووبارە لەسەر پاپۆڕێکی تری بارهەڵگر کاردە کاتەوەو دە گاتە مرسیلیا، لەبەرئەوەی زمانی فە رەنسی چاک زانیووە، بۆیە ژنانی سۆزانی زۆر دەناسێت و خەریکی مێبازی دەبێت، لەبەرئەوەی کارتی مانەوەو ژیانی لەوێ نەبوو، بۆیە سەرهەڵدەگرێت بەرەو بریتانیا دەڕوات، لەوێ بەبیانۆی نەشتەرگەری ریخۆلە کوێرە دەمینێتەوەو لە وەکالەتێکی گەشتوگوزار کاردە کات. کە لەو بوارەو لە کارەکەی سە ردەکەوێت روو لە لەندەن دە کات، لە وێ ئیقامە ی رە سمی وە ردەگرێت و دە بێتە یەکێک لە شارەزاو پسپۆرانی ئەو بوارە، لە کۆمپانیایە کی ئەمریکی گەورە لە نیویۆرک پێشنیاری بۆندی کاری بۆ دەکەن، ئەویش زوو پێشنیارە کە قبوول دە کات و سە فەری ئە مریکا دە کات. لە ئەمریکا دەمینێتەوەو بەقاچاغی ژیان بەسەردەبات و رەچاوی بوونی کارتی سەوز ناکات، بۆیە بەناچاری ژیانی بێ یاسایی بە قاچاغ بە سەردەبات، بە و شێوە یە لە ئەمریکا دە ژیت و لە وێیەوە ژیانی جاسووسیەت دەدۆزێتەوەو ناوی دە کەوێتەوە ناو لیستی رە ش، بە ناچاری لەوێیەوە بەرەو کەندا رادەکات و پاشان دەپەڕێتەوە ئەوروپاو بەرەو فرانکفۆرت دە ربازی دە بێت، لە ئەڵمانیا رەزامەندی ترانزێت وە ردەگرێت و دەگاتە وڵاتی نەمسا، لەبەرئەوەی شەوێکیان لەگەڵ ژنێک دەمێنێتە وەو بۆ بەیانی بێ پارەو بێ پاسپۆرت بەئاگادێت.

لەودەمانە کۆنە نازییەکان لە ئەڵمانیا رادەکەن و بۆ دەربازبوونیان بەناچاری پاسپۆرتی بێگانەکان دە کڕن، بۆیە پۆلیس تاوانباری دە کەن کەوا ئەو پاسپۆرتەکەی بەپارە بە نازییەکان فرۆشتووە، لەئاکامدا هیچ پسولەی سەفەری نوێ نادەنێ، بۆ ماوەیەک پۆلیسی ئەڵمانی دەیگرن و بە زۆری و بەیەکەم فڕۆکە بەرەو میسر دووریدە خەنەوە. رفعت کە گەڕاوەتەوە میسر بێکار ماوەتەوە، پاسپۆرتە کەشیان لێوە رگریتەوە، تروسکاییە ک هیوای لە هیچ سە رچاوەیەک بەدی نەدەکرد، بەڵام کە لە کۆمپانیای کەنداوی سویس کاری دە ستدەکەوێت، دەتوانی بە بەهرەی زانینی زۆرترین زمان زوو بێتە پێشەوە، بەڵام ئەو بەڵگەو پێویستییە کانی دامە زراندنی نەبوو،

بۆیە بەناچاری دادەبەزێتە خوارەوەو لە گەڵ ساختە کارەکان دە ست تێکە ڵدەکات و ئە وانیش پاسپۆرتێکی قەڵبی ساختەی بەناوی (علي مصطفى) بەوێنەی خۆی بۆ سازدەکەن.

ئەو بەو ناوە نوێیەوە لە کۆمپانیاکە دادەمەزرێت. لەو رۆژەوە ئەو هەستدەکات بەرەو ئارامی و حەسانەوە دەچێت. پاش شۆرشەکەی یولیۆی ساڵی 1952 بریتانییەکان هەستدەکەن میسرییەکان لەگەڵ رژێمە نوێیەکە هاوکارو هاوسۆزن، بۆیە لە کۆمپانیا فەرەنسییە بریتانییەکە دەستدەکەن بە پێداچوونەوە بە ناوو پسولەی کارمەندانی کۆمپانیاکەیان، دیارە ئەویش ناوەکەو پسولە رەسمییەکانی هە موو ساختە بوون، بۆیە کارەکەی لە دەستدەچێت و کۆمپانیاکە جێدەهێڵێت. لەهەمان سەرچاوەی ساختەکاری پێشوو ، پاسپۆرتێکی سویسری بە ناوی ژوورنالیستێک دروست دەکاتەوە، بەڵام ئەمجارە ناوەکەی دەبێتە (شارلز دینون)، چەند رۆژێک لە یەکێک لە هوتێلە ستار بەرزەکان دەمینێتەوە، بێ ئە وەی کە س هە ستی بکات، ئەو رێک وەک ژوورنالیستێک دەجوولێتەوە، دەتوانێ هەموولایەک ئیقناع بکات، کەوا ئەو ژوورنالیستەو لە بانکیش 12 هەزار دۆلاریشی هە یە، لەوەش دەردەکەوێت ئەو چەند بەهرەداربووەو بە زمانە بێگانەکان کە زۆر چاک قسەی پێکردوون هەمووما ن هەڵدەخەڵەتێنێت. ئەو لەگەڵ گۆرانەکان و پێداچوونەوە بە ناوو پاسپۆرتی بێگانە کان لە هوتێلەکە دووردەکەوێتەوەو خۆی بزردە کاتەوە، بۆیەش دووبارە ناوو پاسپۆرتەکەی دەگۆرێت، بەڵام ئەمجارە دەبێتە کەسێکی بریتانی و ناو لەخۆ دەنێت (دانیال کالدویل)، بە شێوەی ئۆتوستۆپی ئۆتومبێلە کان روو لە سنووری لیبیا دە کات، لەورۆژە بیر لەوە دەکاتەوە بەیەکجاری لەمیسر دووربکەوێتەوە، لەوێ لەسەر خاڵی سنوورەکە، بە زاراوەی بریتانی قسە لەگەڵ ئە فسەرە بریتانیاکە دەکات، بە ڵام ئە مجارە کارەکەی مەیسەرنابێت، لەودەمانە سەدان سەربازی بریتانی لەناو میسرو بە و رێگایە رادەکەن، هەر لەو دەروازەدا جوولەکەش سامانەکانیان دەربازدەکرد، لەکاتی پشکنینە ئاساییەکەدا گیرفانەکەی پێ رووتدەکەنەوە، لە گەڵ پسولە کان دە فتەرەکەی لە گەڵ ناوە کەی یە ک نە بوو، لە وێ یە کەمین هەڵەی گە ورە لە ژیانیدا دە کات، لە سەر دە فتەرەکە ناوە ئەسلییەکەی خۆیە تی و لە پاسپۆرتەکەشی ناوە بریتانیاکەیەتی، بۆیە ئەفسەرە بریتانیاکە دەستگیری دەکات، بەبەندکراوەیی رەوانەی قاهیرە دەکرێتەوەو گومانی ئە وەی لێدە کرێت ئە و پیاوە نە میسرییەو نە بریتانیشە، گومان دەکەن رەنگە ئەو (داڤید ئارنسۆن)ی ئەفسەری جوولەکەبێت، کە رۆژانێک راوێژکاری سەرکردەی تورکی (جەمال پاشا)بوو لە دمشق، کە لە تۆرێکی جاسووسی کاریکردووە، کە ئەو بنەماڵەیە لەناو وڵاتانی عوسمانی دابەشببوون، لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی میسر ئەوەندە کارامەو لێزان نەبوون لەو جۆرە کارانە، بۆیە زوو ئەویان وەک کەسێکی جوولەکە ناسی، رفعت بە وە تاوانبارکرا کەوا ئەو ئەفسەرە جوولەکەکەیە، کە بە میسریش قسەیان لەگەڵ دەکات کێشەکە زۆرتر ئاڵۆزدەکات، بۆیە رەوانەی قاهیرەی دەکەن.

****

جاک بیتون و جوولەکەکانی ناو میسر

لە قاهیرەو لە بەشی میسری نوێدا، دووبارە لێپرسینەوە لە رفعت ئەلجەمال دەکرێتەوە، هەموولایەک بە سەربردەکەی ئەو سەرسام و شۆک دەبن، بەشێک لە ئەفسەرو سەربازەکان، هەتا هەندێک لە گیراوەکانیش گومانیان هەبوو کەوا ئەو جوولەکەیەکی میسرییە، لەودەمانەو لەناکاو کەسێکی نادیارو نە ناسراو لەناو زیندانەکەیدا سەردانی کردووە، وەک چۆن رفعت دەگێرێتەوە لەودەمانە، ئەوەیان وەچەرخانێک بوو لە ژیانی ئەودا، ئەو سەردانە هەموو کاروان و بەرنامەی ژیانی دەگۆرێت و دوارۆژی ژیانی بەرەو ئاراستەیەکی تر دەبات. رفعت ئەلجەمال لە بیرەوەرییەکانییدا نووسیویەتی:

(کابرایەکی باڵابەرزی چوارشانەیان هێنایە بەرامبەرم، دیاربوو کابرایەکی چالاک بوو، جلی مەدەنی لەبەردابوو، کە لەسەرخۆو بەنەرمی قسەی دەکرد، زۆر بە رێزەوە فەرمانەکانی دەردەکرد، بە پاسەوانەکەی پشتەوەی منی وت:

تۆ برۆ دەرەوەو تەنها بەجێمان بهێڵە!

ئەو رووی لە من کردو وتی، دانیشە ، منیش بەترسەوە بەرامبەری دانیشتم، زۆر نیگەران بووم، هەستم بە مەزاجێکی کەللەرەقی و بێزاریی دەکرد، نەمدەزانی چی دەقەومێت، ئەو لەسەر مێزەکەی دانیشتبوو، دەست بەجگەرەوە لە منی دەڕوانی، بەبزەیەکی سادەو ناسک رووی لەمن دەکرد، ئەو خۆی بە من ناساندو وتی:

(من ناوم (حسن حسنی)یە، من لە پۆلیسی سیاسی کاردەکەم).

لەودەمانە پرسیارو گومان گەیشتە نیوچەوانم، من لە خۆمم پرسی، من حەق و پەیوەندیم چییە بە پۆلیسی سیاسی، دەبووایە مباحسی کەتن لە من بپرسێتەوە، بەگوێرەی ئەو تاوانانەی ئاراستەم کراوە، دەبێ بەشی کەتن لەدادگا لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکات، پیاوەکەی پێشم بەبزەوە وتی:

من نەکارم بەناوی خۆت بانگت بکەم، من ناوی سییانەی تۆ نازانم، دۆسیە و کێسەکەت زۆر زەحمەتە، تۆ دەزانی شۆرشەکەمان ساوایەو هەمووشتمان دەستناکەوێت، ئێمە نەکارین پێناسەو ناسنامەی هەموو کەس بدۆزینەوە، تۆ تا ئەودەمەش هیچت لەسەر نییە، تۆ بەگومانەوە گیراویت، بۆیە ناکرێ لە دوورۆژ زۆرتر لەلای ئێمە بمینێیتەوە، دەبێ دۆسیەکەت

ڕەوانەی لای قازییەک بکرێت، ئەو دەتوانی ئازادت بکات یان بتگرێت، ئێمە تا ئەودەمانەش لە حاڵەتی شۆرش داین، ناتوانین بەرگەی هەڵەو بڕیارێک بگرین.

من بەجوانی و لەسەرخۆ گوێم لە قسەکانی ئەو رادەگرت، ئەو کە وتی:

من حەزدەکەم دۆزەکەت دابخەم لەوەی کە پاسپۆرتێکی بریتانیت بەناوی (دانییل کالدویل) دزیبوو، بەڵام دۆزەکەت بەوەی کە تۆ کەسێکی جوولەکەی بەناوی (دیڤید ئارنسۆن)، ئەوەیان سەری لێشێواندووم، دەزانم شێکی گەشتوگوزاریت نەدزیوە، من ئێستا ئازادت دەکەم، تەنها لەوە تێبگەم راستی تۆ چییە، تۆ کێیت؟

منیش لە کابرام پرسی، دەمەوێ بزانم تۆ بۆ بایەخ بە دۆزەکەم دەدیت، من چاک دەزانم بۆیە من لێرە ماومەتەوە دیارە کاریکتان بە من هەیە، ئەگینا هەمووتان دەزانن من بێتاوانم، ئەویش لە وەڵامدا وبتووی:

(من زۆر بە تۆ سەرسامم، وەڵامەکانت زۆر خێران).

****

رفعت لەوە گومانی هەبوو، ئەو کابرایە کە لە پۆلیسی سیاسییە، بۆچی ناوەکەی خۆی بەو وتبوو، ئەوان بەشیکن لە موخابەرات، ئەوان وتبوویان، ئێمە بەڵگەو ئەرشیفمان نییە، هیچمان بۆ نادۆزرێتەوە. ئەو وتبووی من زۆر بایەخ بە دۆزەکەی تۆ دەدەم، من ئەوە باش دەزانم تۆ کەسێکی زۆر زیرەکی، تۆ لە یەک کاتدا وەک کەسێکی ئینگلیزو جوولەکەو میسری وێنەت هەیە، ئێمە یەکێک لە پیاوەکانمان ناردبووە لای تۆ، تا لە زیندانا چاودێریت بکات، ئەو وتبووی هەموو جوولەکەکانی ناو زیندانەکە تۆیان وەک جوولەکەیەک ناسیبوو، دەبێ هەموومان وریابین، دوژمنانی شۆرشەکەمان زۆرەو دەیانەوێت وڵاتەکەمان دووبارە ببەنەوە باوەشی بێگانەو چەپۆکی داگیرکەران و گەورە ئاغاکانی کشتوکاڵ و زەویدارەکان، تۆش وەک کەسێکی ئینگلیز ئەوەیان بۆ تۆ بایەخدار نییە، بەڵام من دڵنیام تۆ رقت لە میللەتی میسری نییە.

کە ئەفسەرەکە قسەکانی تەواوکردبوو، رفعت زۆر بە تووڕەییەوە هاواری کردبوو، من شەرم دەکەم، من هەستدەکەم ڕەزیلم دەکەن، من تاکێکی ئەو وڵاتەم، من وەک ئێوە میسرییم، من دڵسۆزو خەمخۆری ئەو خاک و ئاوەم، میللەتەکەی خۆم خۆشدەوێت. ئەفسەرەکە هەستی کردبوو کە وا گیراوەکە زۆر تووڕەبووە، بۆیە جگەرەیەکی بۆ دادەگیرسێنێت و بە پێکەنینەوە سەرکەوتنی خۆی لەو مەیدانە دەردەبڕێت، بۆیە بەشانازییەوە بە گیراوەکە دەڵێت:

(من تێگەیشتم تۆ بە رەچەڵەک میسرییت، بەڵام من دەمەوێ تێبگەم تۆ چۆن توانیت وا لەو جوولەکانە بکەیت ئەوان تۆ وەک کەسێکی جوولەکە بناسن؟).

رفعت وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت:

(ئەوەیان چیرۆکێکی دوورە، من دەزانم تۆ تاقەتت نییە گوێم بۆ شل بکەیت).

ئەفسەرەکە وتبووی:

(دەی قسە بکە، من کاتم زۆرە!).

ئەویش پرسیبووی، باشە، بۆ تۆ بایەخ بەو مەسەلەیە دەدیت؟
ئەویش لەسەرخۆ وتبووی:

(من زۆر کارم بەو ئیشەیە، من پێشنیارێکم هەیە، قسەیەکم هەیە پێی دەڵێم).

رفعت وتبووی، من چاوەروانی ئەو قسەیەم دەکردو تێگەیشتم من زۆرم درۆکردووە، زۆرم خەڵک هەڵخەڵەتاندووە، با ئەو جارە لەوەیان دڵشادبم، من پێویستم بەوە هەیە، با راستیەکان بدرکێنم!

****

جەمال قسە دەکات و دەڵێت:

بەو شێوەیە سەربردەی خۆم بۆ حسن حسنی گێرایەوە، لەسەرەتاوە من چۆن لە ستۆدیۆی سینەماکان خەڵکی جوولەکەم زۆر ناسیوە، من باش لاسایی ئەوانم کردیتەوە، باش چوومەتە ناو قاڵبی کەسایەتی ئەوان، باسی رۆژانەی خۆمم لە ئینگلتراو فەرەنساو ئەمریکا بۆ ئەو کرد، چۆن لەو دوایانەدا لە میسر ژیاوم، هەموو شتەکانم بەراستی گێرایەوە، کە لە قسەکانم بوومەوە ئەو بەجوانی بەرووم پێکەنی و وتی:

(تۆ کەسێکی زۆر سەیری، تۆ لە ماوەیەکی کورتدا ئەزموونێکی درێژو دەوڵەمەندت هەبووە، بەسەرهاتەکانت زۆر زۆرتر لە چاو تەمەنت، رووداوی نامۆو سەیرت دیوەو شارەزایی زۆرت لە ژیان پەیداکردووە، من بەپەرۆشەوە لە کەسێکی وەک تۆ دەگەرام، دەکرێ زۆر سوود لە ئەزموونەکەت وەرگرین، دەکرێ تۆ ببیتە سەرمایەکی باش بۆ ئێمە).

رفعت وتوویەتی:

(منیش لەودەمەدا لێم پرسی، تۆ چییت لە من دەوێت.؟).

ئەویش وەڵامی داوەتەوەو وتوویەتی:

(وەک من زووتر وتم، ئێمە لە میسر قەیرانی زۆرمان هەیە، لە دەرەوە جۆرەها فشارمان لەسەرە، ئاشکرایە کەوا سەرمایەکی زۆر لە وڵاتەکەمان دەچێتە دەرەوە، ئەوانەی پارەکانیان دەبنە دەرەوە جوولەکەکانن، ئەوان بە ساختەو فرتوفێڵ پارەکانیان رەوانەی دەرەوە دەکەن، ئەوان دەتوانن بڕێک پارە بەشێوەی یاسایی ببەنە دەرەوە، ئەوە تەنها 5 ساڵە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە، لە وماوەیە کورتەدا سەرمایەکی زۆری بۆ دەچێت، ئێمە ش بە ئاسانی دەکارین فێڵەکانی پارە ناردنەکانیان بدۆزینەوە، ئێمە باش دەتوانین کەسانێکی زۆریان لە ناویاندا بچێنین، دەکرێ کەسانی وا دەستنیشان بکەین، کە ئەوان بڕوایان پێبکەن و بتوانن پشتیوانیەکانیان بدۆزنەوە، تۆش بۆ ئەو کارە شیاویت، دەبێ ئەو کەسە جوولەکەیە بێت، دیارە کە تۆ توانیووت، بەوان بسەڵمێنیت کە تۆ کەسێکی جوولەکەیت، ئێمە دەزانین ئەو کارە بە تۆ دەکرێت، ئێستا چییت وت! رای تۆمان لەو چالاکییە پێ گرنگە).

سەرەتا رەفعت وایدەزانی گاڵتەی لەگەڵدا دەکەن، ترسی هەبوو، دەترسا گۆبەندێکی تری بۆ بنێنەوە، دووبارە لەگەڵ جوولەکەکانی ئەسکەندریە ئاوێتەی دەکەنەوەو تووشی سەرئێشەی دەکەن، بۆیە پرسیای کردبوو:

(من چ بکەم، ئێوە چیم بۆ دەکەن..؟).

ئەفسەرەکەش لەوەڵامدا وتبووی:

(خەمی هیچت نەبێت، ئێمە هەموو رابردووەکانت بۆ رەشدەکەینەوە، هەموو دۆزەکانی دادگات بۆ دەسڕینەوە، کێشەکانی پاسپۆرتە ساختەکانی لەسەر لادەبەین، ئەوەی بە ناوی علي مصطفی و شارلز دیتون و دانیل کالدویل دۆزت لە دادگا بۆ کراوە تەوە هەمووت بۆ چارەدەکەین، ئەگەر ناوو کێشەی تریشت هەبێت هەمووت بۆ چارەسەردەکەین، بەهای شێکەکانی گەشتوگوزارەکان بۆ دادەنێینەوە، چیت دەوێ، کام سەفقەت بە دڵە، بە کام ناوو لە کێندەرێ هەمووت بۆ ئاسان دەکەین).

ئەویش پرسیبووی:

(من دەتوانم بژاریێ بکەم، من دەکارم دەستنیشانی بکەم).

ئەویش لە وەڵامدا وتبووی:

(وەک بڕیارو پرێنسیپ هەموو بژارە کانی تۆمان قبووله، ئە گەر تۆش ئەوانە قبوول نە کەیت، ئە وا دووبارە لەسەر دۆزە کانت دە گەڕێیتەوە زیندان، دیارە تۆش کێشە ی زۆرت لەسەرە، بە وانەش ماوە یەکی باش و زۆریش دە گیرێیت. بۆیە ئەو زوو وە ڵامی داوە تەوەو وتوویەتی، کەواتە چۆن دەست پێبکەین، لە کێندەرێیەوە من ئامادەم.!).

ئەفسەرەکە وتبووی:

(لەو ساتەی پێشنیارە کەی ئێمە ت قبووله، ئێمە مەشق بە تۆ دە کەین، مە شقە کانمان کات و شێوە و بە رنامەی زۆر چڕە ، لە ورۆژەوە کەسایەتیەکی نوێت دە بێت، لە ودەمانە ناوت دە گۆڕێت، پێشەی نوێ دەبێت، دەبێ رابردووت لە بیربکەیت، لە ودەمانەوە تۆ خۆت بە ڕپرسی خۆت نیت، دە بێ خۆت کارە کانت چارەسەربکەیت، ئە گەر زانیمان کێشە کانت ئاڵۆزبوون، ئەوا دەستت دە گرین، لە رەوشە ترسناکە کان دە گەینە فریات).

پاش ئەوەی گیراوە کە قسەکانی بیستبوو لە سوچێکدا بڕیاردەدا بیری لێ بکاتەوە، کە زانیبووی هیچ چارە ی نییە ، یان دووبارە بگەڕێتەوە زیندانە کەی، یان دە ستی لە ناو دە ستی ئەفسەرە کە بنێت و بە مەرجە کانیان رازی بێت، یە کسەر داوای کردبوو با بە یە کەوە کاربکەین، با دەست پێبکەین، ئەفسەرەکەش بەبزەوە وتبووی:

(من دڵشادم بەو بڕیارەی لەتۆم بیست، شادومانم).

****

پاش ئە وەی کابرا بە مەرج و پێشنیارە کانی ئە و رازی ببوو، مە شقە کان دە ستی پێکردبوو، لە وێ بە رنامە کانی شۆرشە کەیان بۆ شرۆڤە کردبوو، لقە کانی زانستی ئابووریان بۆ باسکردبوو، لە وێ فێریان کردبوو، کۆمپانیاکان چۆن سە ردەکەون و بێگانە کان چۆن قازانج دە کەن، ئەوانە بە چ شێوەیە ک خۆیان لە باجە کان دەشارنەوە، چۆن سامانە زۆرە کانیان رەوانەی دەرەوە دە کەن، لە وێ فێریان کردبوو جوولە کە کان چۆن دە ژین، هەڵسوکەوتیان چۆنە، چە ند کۆرسێکی زمانی عبرییان پێدابوو، مێژووی جوولەکەیان باش پێ خوێندبوو، ئەوان چۆن لە میسر

ژیاون، فێریان کردبوو، چۆن جوولەکەی ئەشکیازو سفاردیم و شارید بناسێتەوە، هەموو سرووتە جوولەکانی باش و زیرەکانە لەبەرکردبوو، جوولەکە کەی پشوودەدەن، هەموو ئەوانەی بەردەوام دەوتەوەو شە وانەش لە کاتی نووستنیدا د ووبارەی دە کردنەوە، ئەوان فێریان کردبوو چۆن بەردەوام بژیت، چۆن خۆی لە گەڵ ژیان رابەێنێت، چۆن لە کاتی پێویستدا خۆی بشارێتە وە، پۆلیسی نهێنی باش ناسیبوو، ئەوان چۆن مامە لە دەکەن، ئە وانە چۆن کاردە کەن، ئەو بەو مەشقانە کەسایەتییەکی نوێی وەرگرتبوو.

****

جاک بیتون

لەو رۆژەوە ناوەکەی ئەو گۆڕا بە جاک بیتون و رۆژی لە دایکبوونەکەشی کرا بە رۆژی 23ی ئۆگسستی ساڵی 1919ی شاری المنصورة، بەڵام لە باوکێکی فەرەنسی و دایکێکی ئیتالی، ئەوەشیان بۆ هەڵبەستا کەوا ماڵباتەکەیان لە میسر باریانکردووە، ئێستا لە فەرەنسا دەژین، وەزعی ئابووری ماڵەوەشیان زۆر باشەو ئایینەکەشیان جوولەکەی ئەشکنازییە. بەو ناوو پێناسەو بەرواره نوێیەوە بەڵگەنامەو پسولەکانی وەرگرت، بەو شێوەیە رفعت الجمال رۆژانە ی خۆی گێڕاوەتەوە. ناوەکۆنەکەو کەسایەتیەکەی جارانی نەماوە، بەرەسمی بووە بە جاک بیتون، بۆ ژیان و کارو بە رنامەکانی گە یشتووتە شاری ئەسکەندریەو لە گەڕەکێکی جوولەکەنشینیش ماڵی داناوەو وەزیفەیەکی شایستەشی لە کۆمپانیایەکی تەئمین وەرگرتووە، هێدی هێدی بڕوای بە و کەسایەتییە بەرزو شیاوە دەبوو، لەگەڵ جوولەکەکانی دەڤەرەکی ئاشنایەتی دەبوو، لەوێ کۆنە هاوڕێیەکی زیندانی دۆز یوەتەوە کە بەیەکەوە لەسەرسنووری لیبی بۆ دە ربازبوون رۆیشتبوون، لەگەڵ (لیڤی سلامة) ماوەماوە یەکتریان دە بینی. رفعت ئە وەی لە بیرەوەرییەکانی باسیان لێوەدەکات لە زنجیرە تەلەڤزیۆنەکە باسی نەکردووە، لەوێ نووسیویەتی:

(کەوا ئەو لە ئەسکەندریە گەیشتووتە ناو یەکەی جوولەکەی ژمارە 131 کە لەلایەن کۆلۆنیلی جوولەکە (ئافراهام دار) بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل دامەرزرابوو، کاریان بۆ موخابەراتی جەنگی ئیسرائیل دەکرد، ئەندامەکانی ئە و گرووپە کاری تێکدەرانەیان دە کردو دە زگاکانی ئەمریکی و بێگانەکانیان دەتەقاندەوە، لەناو میسریش وا دە ناسرا کەوا ئەو چالاکیانە لەلایەن رێکخراوە نهێنییە میسرییەکانەوە ئەنجامدراوە، بەڵام دوایی بە شەرمەزارییەکەی لافۆن ناسرا، ناوەکەش لە ناوی (ئیسحاق لافۆن)ی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی ئەو کاتەوە هاتووە.

لەناو یەکە جوولەکەکە جاک بیتون چەند جوولەکەیەکی ناسیبوو، پاشان ئەوانە بوونە کەسایەتی ترسناک و ناودار لەجیهانی موخابەرات و جاسووسیەت، وەک مارسیل نینوو ماکس

بینیت و ئیلی کۆهین، ئەوەی دوایی لە سوریا گەیشتبوو پلەیەکی ناسک و بڵەدار لە سوریاو لە زۆر لە نووسینەکانی جاسووسیەتی ئیسرائیل ناوی وەک جاسووسێکی ترسناک هاتووە).

****

بەرەو گۆڕان

لەو بە شەی بیرە وەرییەکانیدا رفعت سە رسامی و شۆکی پێوە یە، دیارە ئەوانەی نووسراوە لە هیچ بەڵگەنامەو بڵاوکراوە کاندا ئاماژەیان بە و شێوە یە پێنەدراوە، ئە و بە تەواوی بەشێوەیەکی تر باس لە چالاکییەکەی سۆزانا دە کات، یان وە ک ناسراوە بەشەرمەزارییەکی لافۆن، ئەو دەڵێ هەموو رووداوە کان لەژێر کۆنترۆلی دە زگای قەلاچۆکردنی جاسووسیەت بوو، زوو ئەفسەرە هاوڕێیەکەی حسن حسنی و پاشان علي غالي چاویان لە رفعت بووە، پاش ئە و رووداوە هەموو چالاکییەکانی یەکەی 131 چاودێری دەکرا، ئەو لەناو جەرگەی رووداوەکان و لەناو گە رمی زانیارییەکان زانیاری دە گەیاندە ئەفسەرە بەرپرسە میسرییەکانی، بۆیەش زۆر لە چالاکییەکانی ئە و یە کەیە سەری نە دەگرت و زۆریش دە گیران، کە یەکێکیان لە پێش سینەماکەی ریو لە ئەسکەندریە گیرا، رێکەوت نەبوو، چونکە لەو شانەیەدا رفعت کاریدە کرد، دەزگا ئە منییەکان رفعت و ئیلی کۆهینیان وە ک ئە ندامێکی ئە و یە کەیە گرتبوو، بەڵام زوو هەردووکیان لەبەرئەوەی هیچیان لە سەر ئاشکرا نە ببوو ئازادکرابوون. کۆهین پاش ئازادبوونی وڵات جێدەهێڵێت و جاک بتۆنیش لە سەر کارەکانی بەردەوام دەبێت، گومان لەوەدا نەبوو کەوا ئیسرائیل دەستی هەبووە لەو رووداوەو ئەوانیش یەکەی 131یان بەو تاوانبارکردبوو، چونکە بۆل فرانکیان پاش گە ڕانەوەی بۆ ئیسرائیل بە و تاوانە بە 12 ساڵ زیندانی کرابوو . رفعت لە بیرەوەرییەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردیتەوە، کەوا ئەو لەناو جوولەکەکانی ئەسکەندریە کاری زۆری کردووە ، پاش ئە و رووداوە رفعت دە چێتە قاهیرەو لە وێ دیمانە ی لە گەڵ ئە فسەرە نوێیەکە (علي غالي) دەبێت، ئەویش دە ستخۆشی گە رمی لێدە کات، بۆیە داوای لێدە کات لە و رۆژانە دووبارە ئەو بە رنامەی نوێی بۆ دادە رێژێت، بەپێی ئەو کار و بە رنامەیە ئەو رەوانەی درەوەی میسر دەکرێت، چونکە ئەو وە ک ئە ندامێکی کارای یە کەی131 وەک پاڵە وانێک لەلایەن ئاژانسە کانی جوولە کە ناوی دە هات. سەبارەت بە و گۆڕان و بە و بە سەرهاتە نوێیانە رفعت، بەو شێوەیە باسی بیرەوەرییەکانی خۆی کە وەک جاک بیتۆن نووسیویەتی:

(بیرم ئەو رۆڵە بۆ من زۆر ترسناک بوو، من ئێستاش هە ستدەکەم، ئەوانەی ژیانی منیان کڕیوە تەوە زۆر قە رزاریانم، کارکردن لە گەڵ ئە و دە زگایە موخابەراتی زۆر ناسک و مەترسیدارە، کە بریارمداوە بچمە ناو جە رگەی مە یدانەکە واتە دڵی لانە ی شێرە کە، جەرگی دەوێت، ئە وەم باش دە زانی خۆشاردنە وە لەناو ئیسرائیل ئاسان نییە ، ئە گەر ئاشکرابوومایە

یەکسەر دە کوژرام، بواری دە ربازبوونم نە بوو، ئیسرائیل هەموو جاسووسەکانی پاش لێکۆڵینە وە کوشتووە، بێگانە کانی زوو کوشتووە، من لەوەدەمانە وەک لە فیلمێک رۆڵ دە گێڕم، بەو شێوەیە پێیەکانم لەسەر زەوی گیرکرد، وام لێهات ناوو کارەکەم بە ناوی جاک بیتۆن خۆش دەویست، حەزم زۆر چووە گەمەکە، ئە مجارە شانۆکەم بە ریزتر بوو، گە یشتمە رووبەرێکی بە رین لە و جیهانە، بابەتی شانۆکەمان جاسووسەتی دەوڵی بوو، زۆر چێژم لە و رۆڵە دەبینی، حەزمکرد ئەو گیانبازییە بکەم، چاک بیرو بە رنامەم بۆی دارشت، دوو رێگام لە پێش بوو، یان دە گیرێم، یان دەربازم دە بێت، باشم دە زانی بگیرابوومایە یەکسەر دە کوژرام، من لە و رۆڵە حەقی خە ڵاتی ئۆسکارم هە یە، من ئەوەم باش دە زانی کە وا من بۆ میسرو میللە تەکەم کاردە کەم، بۆیە ئەودەمانە بە غالي ئەفسەرە بەرپرسەکەم وت:

تۆ دڵنیایت من ئەو چالاکییەو ئەو ئەرکە قورسەم پێدەکرێت. پاش ئەو پرسیارە دوو پرسیارم ترم لە غالي کرد، باشە چۆن دەست پێبکەین، کەی و چۆن...؟).

ئەویش لە وەڵامدا وبتووی:

(ئێمە لەسەر دۆزو مەسەلە دەوڵییەکان مەشقت پێدەکەین، دەبێ گەمەکە باش لەناو خوێنت بگە ڕێت، تۆ دە رهێنەری شانۆنامە کەی، یان لە دەرهێنانەکە سەردەکەویت، یان بەیەکجاری لەناودەچیت. منیش قسەکانی ئەوم باش وەرگرت. ئەوان چەند کۆرس و راهێنانی چڕیان بۆم کردە وە، مێژووی جوولە کە ئەوروپاییەکانیان پێ خوێندمە وە، مێژووی زایونیزمیان فێرکردم، زانیم جوولەکە چۆن و کەی گەیشتوونە تە فەڵەستین).

بەو جۆرە ئەو لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و بە منی وت:

لەو ماوەیەدا مێژووی هە موو سیاسییە کانی ناو ئیسرائیلم خوێند، سە ندیکاکانم ناسی، یەکێتی کرێکاران یان هستدرۆتم ناسی . تا زۆر باش بتوانم کارە کانم راپە ڕێنم ئابووری و جوگرافیاو تۆبۆگرافیاو پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئیسرائیلم خوێند، ناوی کەسایەتیە ناودارەکانیان لە بواری سیاسەت و سوپاو ئابوورییان فێربووم، بە چەندین فیلمی هەواڵەکان و هەفتەنامەکان ئەو دەرسانەیان پێدەدام. بەکامیرای زۆر وردو بە ڵگەنامەیی حاڵەتی شەڕو هێرش و دە ربازبوون و خۆشاردنەوەیان نیشاندام، فێریان کرد م چۆن فیلمی فۆتۆگرافی بشۆمە وە، چۆن بێتە ڵەکان بەکاربهێنم، چۆن بە حبری سپی نامە ی نهێنی بنووسم، دە بووایە بەکارهێنانی رادیۆش باش بزانم، هە موو پلەو پۆستی دە زگاکانی موخابەراتم ناسی، چە کە قورسەکان و وردە چەکەکان و نارنجۆکەکان و قونبلە ی دە ستی و دانانە وەیان فێرکردم. زۆر بایە خم بە ئایینی موساییداو خەریکی فێربوونی زمانی عیبری بووم، رۆژانە چەند سە عاتێک گوێم لە رادیۆی ئیسرائیل

دەگرت، کۆششم کرد زاراوە میسرییەکەم زۆر باش زمانی عبری دەربىڕم، چونکە من لە میسر لە دایکبووم، پاش ئەوەی مەشقە چڕوپڕەکانم تەواوکرد، دەبووایە کارێکم بۆ بدۆزنە وەو ناوو کارم دیاربێت، منیان کردە وەکیلی گە شتوگوزارو نووسینگە یەکم بۆ دانرا، بە وەش دە کرا بەئاسانی و زۆریش بچمە ناو ئیسرائیل، کارو بەرنامەکەم وا بوو، من زۆر دەمینێمەوەو بەئاسانی تەواونابم، چالاکییەکانم درێژخایەن دەبن، بۆ ماوەیەکی کورت و دیاریکراو نییە، بژاری ئەوەشم هەبوو هەر کە هەستم بە مەترسیکرد، دەکرد، زوو و یە کسەر وازبهێنم و بکشێمە وە، وتیان دەتوانی بگە ڕێتەوەو میسرو بە رنامەی ئاسایی ژیانی خۆت ب بەیتەسەر، هە ردەمێ ویستت دەستبەردارت دەبین. یەکەمجار 300 دۆلاری ئەمریکیم وەرگرت و چوومە ناو ئیسرائیل، لە مانگی یونیۆی ساڵی 1956 سواری پاپۆربووم بەرەو ناپۆلی بەڕێکەوتم، مەبەست و بەرنامەشم گەیشتن بوو بە خاکی میعاد، رۆیشتم و هەمدەزانی دوارۆژم دەگاتە کێندەرێ.

ئەو لەو کاروانەدا گەیشتە ناپۆلی، لەوێ ئاژانسی جوولەکەکان ئەوێندەرێ دۆزیەوە. ئەوان کۆششی زۆریان کرد تا ئە و رازی بکە ن سە فەری ئیسرائیل بکات، ئە ویش وەک جوولەکەکانی تر بچێتە خاکی میعاد، بەڵام زیرەکی و لێهاتوویی ئە و لەوەدابوو وایدەردەخست حەز بەو سەفەرە ناکات، نایەوێ بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکات، بەڵام ئەوان زۆر خەریکی دەبن، زۆر کۆششدەکەن بۆیە بەو سەفەرە رازی دەبێت و ئەوانیش بۆ ناو پاپۆرە کە بەرەو ئیسرائیل پاڵی پێوەدەنێن، لەوێ پیاوێکی سەر بە موخابەرات بەناوی (شواب) بەگەرمی پێشوازی دەکات، کەمێ پرسیارو لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکەن، دەرئەنجام ماوەی مانەوەو پاسپۆرتێکی ئیسرائیلی دەدەنێ، بۆیە ش موخابەراتی میسری دە زانی پیاوەکەیان هە نگاوەکانی باش بڕیوە و توانیویە تی مەودایەکی باش بچێتە پێشەوە. رفعت لە بیرەوەرییەکانیدا بەو شێوەیە باس لەو رۆژانە دەکات و نووسیویەتی:

(من توانیم لە شەقامی برینر 2 لەجەرگەی شاری تە لئەبیب نووسینگە یەکی گەشتوگوزار بەناوی (سی تورز) دامەزرێنم، توانیم دۆستایەتی لەگەڵ (مۆشی دیان) پەیدابکەم، شواب بەردەوام خە ریکم بوو، کۆششی دە کرد من دە ستەمۆبکات، تا رۆژێکیان ژنێکی زۆر نازداری بەناوی (راکیل ئابشتین)ی ناردە لام، کە بڕوای تەواوی شواب و عیزراو ئایزمانم بەدەست هێنا، بە گەرمی و بە ترسناکییەوە چوومە ناو گەمەکە، پێش هێرشە سێ قۆڵییەکەی سەر میسر من ئاگاداربووم، لەودەمانەدا سەفەری رۆماو میلانۆم کردبوو، لەوێ هەموو رووداوو زانیارییەکانم دەگەیاندە بەرپرسەکانم، من ماوەیەکی زۆر قسە و هەواڵم بۆ دە هێنان، بەرپرسە میسرییەکانم کەسیان بڕوایان نە دەکرد، لە ساڵی 1957 لەناکاو کۆنە هاوڕێیەکەی یە کەی 131 ئیلی کۆهین سەردانی کردم، من زوو زانیم ئەو پیاوە لە سوریا کاردەکات، لەوێ دەیەوێ زانیاری بۆ ئیسرائیل پەیدا بکات، هەر بە نووسینگەکەم توانیم پردی نەپساوەی زانیاری لەگەڵ بەیروت سازو گە شە بکەم، جوولەکەی بەیروتم دەگەیاندە ئیسرائیل، بۆیە ش ئیسرائیلیەکان لەسەر ئاستی بەرز بڕوایان پێمکرد، لە هاوێنی ساڵی 1958 بەنهێنی سەرم لە میسردا، نیازی

سەفەرەکەشم ناونابوو پیرۆزبایی کردنی لەپرۆسەی هاوسەرگیری ئیلی کۆهین و هاوسەرەکەی).

ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا باسی پەیوەندییەکانی بە (دیان)و (ئایزمان)و (شواب)کردووە، کە ئەو کەسانەی ناسیووە گەیشتبووە (بن گوریون)، توانیبووی ببێتە یەکێک لە و گە نجانەی بەردەوام هاوڕێیەتی ئەویان کردووە، هەمووشیان بڕوای زۆریان بە و کردووە، گۆلدا مائیری بە ژنە دڵۆڤانەکە ناوهێناوەو وتوویەتی:

(ئەو ژنە زۆر منی خۆشویستوەو رووی زۆر دەدامێ. من زۆریش لەوە دەترسام ئەگەر رۆژێک ئەو ژنە راستیەکەم بزانێت، چیم لێدەکات و وەڵامی چ دەبێت.!).

****

داوای کۆتایی‌هێنان

ساڵانی 1959 تا 1963 گۆڕان و بەسەرهاتی شیاوی باسی تێدا نەبووە، بەڵام لەناکاو زانیاری کوشندە و سە رسورهێنەر بە میسر دە گەیێنێت، بە میسرییەکان رادە گەیێنێت کەوا ئیسرائیل خەریکی بەرنامەی چەکی ناوەکییەو چەکی نوێی زۆر سازکردووە ، ئەو قسانەشی بە سەرۆکەکەی علي غالي گە یاندبوو، کە لە شاری میلانۆ دیمانە یان بووە، لە وێ یە کەمین و دوایەمین داواشی لێ دەکات پێیدەڵێت:

(گەورەم علي غالي من دە مەوێ دە ست لە و کارە بکێشمەوەو بگە ڕێمەوە میسرو بەیەکجاری کەسایەتی جاک بیتۆن بنێژم و ئەو ناوەو ئەو کەسایەتیە لەکۆڵ خۆم بکەمەوە).

ئەو لە یونیۆی ساڵی 1963 هەستی بە ماندبوون و بێزاری لەو کارە کردبوو، بۆیە بەکۆڵفەوە داوای کردبوو، کۆتایی بە کارەکەی بهێنێت، شە یدای ئە وەبوو ناوە کەی جارانی وەرگرێتەوەو کەسایەتی رفعت ببینێت و بگەڕێتەوە سەر ئایینی ئیسلام و ناسنامەی میسریبوونی خۆی وەرگرێتەوە، بەڵام ئەو وەک هەستیدەکرد، ئەوەیان وا ئاسان نەبوو، نەدەکرا وا بەئاسانی وا بەخێرایی کەسایەتی و ناوی جاک بیتۆن لەسەر خۆی بسڕێتەوەو، ناکرێ وا ئاسان لە ناو دڵی ئیسرائیل دابڕێت، دووبارە وەک رفعت بگە ڕێتەوە شارەکەی خۆی و لە قاهیرە سەربەستانە بسوڕێتەوە. رفعت ئەوەی چاک دە زانی وازهێنان لەبازنەی جاسووسیەت وا ئاسان نییە، بۆیە بیرۆکەی دە ست لە کارکێشانەوەکەی دواخست، دڵی خۆی بە وە خۆشکرد کە بۆ ماوە یەکی

تریش با کە سایەتی جاک بیتۆنی لە بەردابێت، بەڵام بیری لە وە کردەوە ئەگەر لە ئیسرائیل دووربکەوێتەوەو لە وڵاتی سێیە م بژیت، ژیانی خۆشتردە بێت، بە وە رەنگە مۆساد ئە ویان لەبیردەچێت و دوورکەوتنەکەی لە کارەکەی ساردی دە کاتەوە. لە بەشی بیرەوەرییەکانیدا کە ئەو بۆ ژنە ئەڵمانەکەی نووسیوە، دەڵێت:

(کە لەینایری ساڵی 1964 گەڕامەوە ئیسرائیل کە تۆم بە گۆلدا مائیر ناساندو ئەویش زۆر تۆی کە وتبووە بەردڵان، پاشان بە یەکەوە چووینە لای گۆریون لە کیبوتزە تایبەتیەکەی خۆی، لە و گە شتەماندا (دیان)یش لە گەڵمان هات، ئە و پیرەمێردە زۆر بەگەرمی پێشوازی لە تۆ کرد، کە من لە گەڵ ئە وو دیان کارو بە رنامەمان هە بوو، ئە و بە تۆی وت، دەتوانی لە کیبوتزەکە بۆ خۆت پیاسەیەک بکەیت. لەو دیمانەیەدا من و ئەو شتێکی گرینگمان باس نەکرد، تەنها ئەوەبوو دەبووایە لە رووداوەکانی رۆژگارا ئاگاداربین).

ئەو لە گەڵ ژنە ئەڵمانییەکەی لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1963 یەکتریان خۆشویست و بوونەتە هاوسەر. رفعت بەو جۆرە لە گەورە دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل نزیک بوو. ئەگەرچی ئەو ماوەیەکی زۆر لە ئیسرائیل و لە دەرەوە ژیابوو، بەڵام خوێنە میسرییەکەی هەر تێدامابوو، کە ژنەکەی لە ئیسرائیل ئاووس بوو، حە زی نە کرد منالّە کەیان لە وێ ببێت، تا منالّە کەیان لە ئیسرائیل لەدایکی نە بێت و رە گەزنامەی ئیسرائیل وە رنە گرێت، سە فەری ئە ڵمانیای کرد بوو، بەوەش ژنەکەی لە وێ بزێت و منالّە کەیان رە گەزنامەی ئە ڵمانی هە بێت، نە ک رەگەزنامەی ئیسرائیلی. ئەو هێدی هێدی کارە کانی کەم دە کردەوە پەیوەندییە کانی لە ئیسرائیل لاوازدە کرد، بەڵام لە ئەڵمانیا پە یوەندییە کانی زۆرترو فراوانتر دە کرد، ماوە یە کی باش خە ریکی پترۆڵ بوو، بابەتی هە مەجۆری لە سەر پترۆڵ دە خوێندەوە، بڕیاریدابوو ئە و کارە و ئە و بە رنامەیە بکاتە سەرچاوەی ژیانی نوێی خۆی، کە داوای رە گەزنامەی ئە ڵمانیشی کرد ، زۆرتر کە وتە بواری کارکردن، ئە و باشی دە زانی ئە گەر رە گەزنامەی ئە ڵمانی هە بێت، زۆرترو ئازادانە تر دە توانێ سەفەربکات، بە تایبەتی بۆ میسر، ئە و وە ک خاوەنکارێک و وە ک بازرگانێکی گە ورەی جیهان بوارو بازار پترۆڵ دەیتوانی سە فەری هەمووی لایە ک بکات. رفعت بە پەیوەندیە زۆرەکانی ناو ئیسرائیل زانیبووی لە یونیۆی ساڵی 1967 ئیسرائیل هێرش دە کاتە سەر میسر، ئە وەشی بەروونی بە دەسەڵاتدارانی ناو میسر وتبوو، بە ڵام کە سیان قسە کانی ئە ویان بە جدی وەرنەگرتبوو، بایەخیان بە زانیارییەکانی ئەو نەدابوو، چونکە ئەوان زۆرتر بیریان لەوە دەکردەوە کەوا ئیسرائیل زۆرتر مە بەستیان سوریایە نەک میسر ، بۆیە زانیارییەکانی ئە ویان پشتگوێ خستبوو.!

لە ساڵی 1967 نسکۆکە روویداو شکانەکە گەورەبوو، ئەگەرچی شکانەکەو رووخانەکە دژوارو مە ترسیداربوو، ئەو پە یوەندییەکانی بە موخابەراتی میسری هێشتووتە وەو هە موو زانیارییەکانی بەردەوام دەگەیاندە میسرییەکان، تا رۆژێکیان هەواڵ و زانیارییە کی زۆر ترسناک

و لەناکاوی گەیاندە میسرییەکان، ئەوانیش بڕوایان پێکردو شەڕەکەی ساڵی 1973 قەوما.

****

مردنی جەمال عبدالناسر:

مردنی سەرۆک جەمال عبدالناسر کاریگەری زۆری لە سەر رفعت هە بوو، ئەو بە مردنەکەی ئەو زۆر شلەژا، شەوەکەی حەزی دەکرد زۆر بگریێت، بەڵام بۆی نەکرا بگریێت، بەناچاری ژانەکەی دڵی دەخواتەوەو بەو بۆنەیەش ئەو وتوویەتی:

(کە من باوکم لە رۆژی 28ی سپتەمبەری ساڵی 1970 مرد، هەستم بە مردنەکەی ئەو نەکرد، جەمال عبدالناسر لە جێگەی باوکم بوو).

رفعت دەڵێ، کە من پاش نسکۆکەی ساڵی 1967 سەردانی میسرم کرد، زانیم چەند پێویستە من بۆ وڵاتەکەم کاربکەم، تێگەیشتم ئەو شەڕە چەند دژواربوو، ئەرکەکەی سەرشانم چەند پیرۆزە کە لەناو وڵات و لە ئیسرائیل و لە ناوچەکە کۆشش بکەم. ئاگری گەرمی رووداوەکان رفعتی باش دە کوڵاند، بۆیە ئەرکەکانی بە باشترین شێوە رادەپەراند، تا کۆتایی شەڕەکەو سەرکەوتنی سوپای میسری لە بەشێکی بەرەکە ئەو بڕیاردەداو داوا دەکات بگەڕێتەوە وڵاتەکەی، بەڵام موخابەراتی میسری هەرگیز قبوول ناکات ئەو بە ناوە کۆنەکەی بگەڕێتەوەو هەموو بزانن ئەو کێ بووە ، چونکە پاراستنی ئەویش ئاسایی نە بوو، بۆیە ئەو وەک کەسێکی ئیسرائیلی و سەرمایەدارێک و خاوەن کارێکی ئەڵمانی هاتەوە میسرو لە ساڵی 1977 مافی پشکنینی پترۆڵی میسری دە ستکەوت، تا نە خۆشی کانسەر لە ساڵی 1981هیلاکی کرد کاریکردووە، پاشان لە بیرەوەرییەکانی ئاشکرابوو ئەو کەسە کێ بوو و چی بۆ میسرکردبوو، ئینجا ژنە ئەڵمانیەکەی (فلتراود)و کوڕەکەی دانیال و کیژە بەناوکراوەکەی (ئەندریا) راستی باوکیان زانی، لە رۆژی مردنەکەشی برازاکەی محمد سامي ئەلجەمال، بەو هەواڵەو کۆششەکانی مامی شۆک گرتبووی . ژنەکەشی باس لە پەیوەندییەکەی بە هونەرمەند ئیهاب نافیع و شووکردنەکەی بەو هونەرمەندە دەکات، لەوێ باس لەوە دەکات چۆن مێردە کۆچکردووەکەی پەیوەندی بە موخابەراتی میسری کردووە، کە مێردەکەشی ئەو کارانەی کردووەو ئەو ئاگاداری هیچ نە بووە، بەڵام بەردەوام دەیویست لەراستییەکان تێبگات. موخابەراتی میسری توانی بۆ ماوەی 18 ساڵ، ئیسرائیلییەکان بەهۆی رفعت الجمال هەڵخەڵەتێنێت، ئەو ببێتە یەکێک لە زیرەکترین جاسووسی جیهان.

لەرۆژنامەی (الجريدة)ی کوێتی رۆژانی21و22و23ی سپتەمبەری ساڵی 2008 بڵاوکراوەتەوە.

لیون تۆماس جاسووسی ناو کۆشکی کۆماری

لیون تۆماس جاسووسی ناو کۆشکی کۆماری

لەکۆتایی پەنجاکان میسرو سوریا بەرنامەی یەکێتی و یەکگرتنەوەیان هەبوو، دەهوایە ئیسرائیل لەو رەوشەدا بەوردی چاودێری رەوشەکەی کردبووایە، بۆ وەرگرتنی باشترین زانیاری لەسەر ئەو دوو وڵاتە دەهوایە ئیسرائیل چەندین جاسووسێکی هە بێت تا بتوانن زۆرترین و هەستیارترین بەڵگەنامە بدۆزنەوە، لەوانە ئیسرائیل کەسێکی ئەرمنی بەناوی (جان لیون تۆماس) پەیداکرد، کەتوانی تۆرێکی جاسووسی بە هێز لەناو میسر پە یدابکات، ئەو توانی جاسووسێکی سامناک بەناوی (ئیلی کۆهین) بدۆزێتەوە کە بەزیرەکی و چالاکییەکانی سەری هەموو لایەکی شێواندبوو.

لەسەردەمی داگیرکەری بەریتانی کەمینەی ئەرمنی لە میسر زۆربوون، ژمارەیان لە هەزارەها کەسیان تێدەپەڕاند، ئەوانە لەناو کۆمەڵگەکە ئاوێتەببوون، زوو بە ژن و ژنخوازی و بەخوێن باش لەگەڵ میسرییەکانی تر تێکەڵبوون، بەڵام لەگەڵ یەک و لەناو ئەرمنییەکان زمان و کولتووری خۆیان پار استبوو، بۆ زمان و دابونە ریتی خۆیان دڵسۆزبوون، تۆماس یە کێک بوو لەوانەی کاری بازرگانی دە کرد، بەچەند ساڵێک توانی سە رمایەکی باش کۆبکاتە وە، کە ژنە ئەڵمانیەکەی هێناوە توانیویەتی زۆرترو باشتر بچێتە ناو خەڵکەکەو (کیتی دورث)ی ژنی رۆلی زۆری هەبووە تۆماس بەو خەڵکە نوێیە بناسێنێت.

****

لە ناو تەڵەکەدا

بۆ راپەڕاندنی کارە بازرگانییەکانی تۆماس سەفەری زۆری ئەڵمانیای خۆرئاوایەکرد، لەوێ جاسووسی زۆر کارامە و وریا خۆیان پێناساندووە ، ئەوانە هەستیانکردووە، ئەو پیاوە خاڵی لاوازی زۆری تێدایە و دەتوانن لەو خاڵانە سوودی لێوەرگرن و بە کاریبهێنن، کە لەو نزیک دەبنەوەو تێدەگەن ئەو کەسێکی ناسراوەو پەیوەندی زۆری لەناو میسردا هەیە، زۆرتر لە دەوری دەسووڕێتەوە، بە سیماو بەبەرگی پیاوانی بازار ئە فسەرانی موخابەراتی ئیسرائیلی لە و نزیک دەبنەوە، ئەفسەرەکان ئەوەی تێدا دە دۆزنەوە کەوا ئەو حەز لە لاقەی منالان دە کات، یان هەندێ جار نەخۆشی دەروونی دەیگرێت و مەزاجی دەشێوێنێت، زۆریش تووڕەبوونەکانی لە ژنە جوانەکەی دەردەهێنێت، ژنەکە زۆر بیر لە وە دەکاتەوە بۆچی کیژە خزمەتکارە ساواکان لەو دووردەکەنەوەو ناگە ڕێتەوە ماڵەکەی و بێ خزمە تکار دە مینێتەوە، دە یویست هۆکارە سەرەکییەکان بدۆزێتەوە.

یەکێک لە پیاوانی موخابەرات بیر لەوە دەکاتەوە کیژۆلەیەکی بێ سەرپەرشتاری جوولەکەی لێ نزیک دەکەنەوە، کیژەکە تەمەنی تەنها دە ساڵ دەبوو، رۆژێکیان ئەو کیژە لە فرانکفۆرت لە دەرگای شووقەکەی دەدات، پێش ئەوەی کیژەکە بچێتە شوقەکەی چەندین کامیرای چاودێری و ئامێری نهێنی وەرگرتنی بۆ دادەنێن، لە شوقەکەی تەنیشتیەوە چاودێری هەڵسوکەوتی دەکەن، دەیانەوێ بزانن تۆماس چی لەو کیژە منالە دەکات، لە کامیراکەوە دیمەنێکی زۆر سەرسورهێنەر دەبینن، دەبینن کە چۆن تۆماسی گورگە برسییەکە چ لە منالە لاوازە بەستەزمانەکە دەکات، دەبینن چۆن کیژەکە بەگریان و ترسەوە لە گورگەکە دەپارێتەوە، ئەویش لە کیژەکە دەپارێتەوە تەسلیمی بێت و زۆر ئازاری نەدات، ئەو شەلالی ئارەقەی ڕەش و شینە، کیژەکە هاواردەکات، داوای دەربازبوون و دەرچوون دەکات، بەهەموو کۆشش و هێزییەوە کۆششی رزگاربوون دەکات، لەو هێرش بردنە و پەلاماردانەدا چەند کەسێک دەرگای لەسەر دەکەنەوەو کیژەکەی لەبن دەستی دەردەهێنن، ئەویش لە پیاوەکان دەپارێتەوە تەسلیمی پۆلیسی نەکەن، ئەوانیش تا رادەستی دادگاو لێپرسینەوەی توندی نەکەن پێشنیاردەکەن لەگەڵ مۆساد کاربکات و هاوکاریان بکات، ئەگەرنا بەتاوانی پەلاماردانی منالێک دووچاری گەورەترین سزاو ئابڕووبردنی دەبەن. ئەودەمانە تۆماس لە لوتکەی شەرمەزاری سەرشۆڕی بوو، بواری بیرکردنەوەو رامانی نەبوو، لە رەوشێکی وابوو هۆش و بیرکردنەوەی نەمابوو، لەناو ئیرادەو بیرکردنەوەی بەکەسێکی تر گۆڕا، زۆر بە ئاسانی تەسلیمی واقیعێکی تاڵ دەبێتەوەو، خۆی دایە دەست ئەفسەرانی مۆساد.

هەر لەودەمانەدا دەستکرا بە مەشقکردن و دەستەمۆیانکرد، بەدەستی خۆی چەند لاپەرەیەکی لەسەر رەوشی ئابووری میسرو باری گوزەرانی هاوولاتیان بۆ نووسین، شوێنەکەو گیرانەکەی ئەو ترسناک بوو، نە یدەتوانی دەربازی بێت، هەڕەشەی کوشتنی هەموو ئەندامی خێزانەکەیان لێکرد، ئەگەر لە میسر لەو کارە ئاگاداری بەرپرسانی میسری بکاتەوە، مۆساد لەناو قاهیرە خەڵکێکی زۆر کاری بۆ دەکردن، ئەوان بەئاسانی دەستیان دەگەیشتە تۆماس، بەخێرایی دەرەقەتی کەسوکارەکەی دەهاتن، لە قاهیرە لەرۆژی بوونی کیژەکەی چەپکە گوڵی پیرۆزبایی بۆی نارد، کە تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کردبوو، کیژەکەی بۆ ناردنی چەپکە گوڵەکەو پیرۆزباییە گەرمەکە زۆر سوپاسی کردبوو، کە زانیبووی ئەوان گوڵەکەیان ناردووەو رۆژی بوونی کیژەکەو ئەدرێسەکەیان زانیوە، زۆر سەرسام بوو، بۆیە هاواردەکات و ناچاردە بێت تەسلیمیان بێت و کاریان بۆ بکات، تازە کار لە کار ترازاوە، بەیەکجاری کەوتووتە تۆڕەکەیان و دەربازبوونی نەبوو.

ئەو لەناو فڕۆکەبوو بیری لە حالەتی خۆی دەکردەوە، لە خۆی دەپرسی، دەبێ ئەمجارە دەربازم بێت؟

کە گەیشتەوە قاهیرە هەر ئەو رۆژە تەلەفۆنی لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی لە خوێندگای تۆپخانەی میسری کرد، کە لە پۆستێکی باڵای ئەو شوێنەبوو، پرسیاری زۆری لە هاوڕێیەکەی کردبوو، لەوی پرسیبوو چۆن دەزگای موخابەراتی میسری هاوولاتیەکی میسری لە ترس و هەڕەشەی مۆساد دەپارێزێت، ئەوانە چییان بۆ ئەو کەسە پێدەکرێت...!؟

محمد آحمد حسن لە وەڵامدا وتبووی:

(دڵنیابە دەزگای موخابەراتی میسری دەستی باش دە ڕوات، چاکسازیی زۆری لە ناو کراوە، یەکێکە لە دەزگا هەر چالاکەکانی جیهان، بە ردەوام کادیرەکانی مەشقیان پێدەکرێت، ئەگەر هەر کەسێک لە دەرەوە بکەوێتە داوی تۆڕی مۆسادو کە سەکە ئاگاداری میسرییەکان بکاتەوە، ئەوە کەسەکە لەلایەن موخابەراتەوە دەپارێزێت).

تۆماس بڕوای بە قسەی هاوڕێیەکەی ناکات، متمانەی لا دروست نابێت، وادە زانی پروپاگەندە بۆ بەرژەوەندی موخابەرات بڵاودەکاتەوە، بۆیە گوێی نەدایە قسەکانی ئەوو لە سەر خیانەتەکەی بەردەوام بوو، ئەگەرچی هاوڕێیەکەی زۆری ترساندبوو، بەڵام ئەو بەدیاری زۆرو پاداشتی گرانبەها زۆرتر کابرای زۆرتر لە خۆی نزیکی کردەوە، برادەرەکەشی ڕۆژێک نەیپرسی ئەو کەسە کێ بوو، کێ بوو مۆساد ویستبووی بۆ کارکردن و هاوکاری رایکێشێت، بابە تەکەی بەیەکجاری لەبیر خۆی دەباتەوە. تۆماس بەراستی کەوتە کارکردن، دەراسەتی کەسە نزیکەکانی خۆی دەکرد، یەکەمین کەس کە توانی دەستەمۆی بکات ئەفسەرەکەی تۆپخانەبوو، محمدی هاوڕێی بوو، پیاوە سەربازەکە بەئاسانی ڕۆڵە پیرۆزییەکەی خۆی لە پۆستی سەربازی لەبیرکرد، ئەوەدەمانە تەنها بیری لە خۆی دەکردەوە، ئەو بە دیارییەکان چاک هەڵخەڵەتابوو، لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی 1958 ویژدانی بە یەکجاری مردو هە ڵنەستایەوە، هەموو پیرۆزییەکانی رادەستی گیانبازییەک کردو کەوتە داوی خیانەتێکی شەرمەزارانە.

ڤیلتریشیا ژنە سەماکەرێکی ئەڵمانی بوو، ئەو لە قاهیرە دەژیا، ئەو یەکەم کەس بوو هەنگاوی بەرەو مردن بردو کەوتە ناو تۆڕەکە، پێش ژنهێنانی تۆماس ئەو کۆنە دۆستی ئەو بوو، بەڵام کە (کیتی) بەوە هاوسەری سەماکەرەکەی لەبیرنەمابوو، خەریکی کارو کاسبی و ژنەکەی بوو، بەڵام بۆ خزمەتی ئەو کارە نوێیەی دەبووایە ئەو ژنە بدۆزێتەوە، ئەفسەرەکەی تۆپخانە بەو ژنە دەگیرا، چونکە ئەو کەسێکی مێبازبوو. سەماکەرەکە بە هاتنەوەی کۆنە دۆستەکەی دڵی خۆش بوو، بە ئاسانی بڕوای بەبیانوی دوورکەوتنەوەی کرد بوو، لەشەوێکی سیحراوییدا محمد حسن زوو بە و ژنە سەرسام بوو، زۆر خە یاڵ و سۆزی بۆ جولا، هە ستیکرد ژنەکە ئارەزووی هەیەو ئەویش زۆری حە زی لە رابواردنە، بەڵام مووچەکەی کەمەو زۆر بە زەحمەتی بەشی خەرجی ماڵەوەی دەکرد، دیارە سەماکەرە نازدارەکەش بۆ هەوەسەکانی پارەی باشی دەوێت، بەو پارەیە دەتوانێت شەوان لە باخەڵی بخەوێت. ئەوان زۆرجار بەیەکەوە دانیشتن، زۆرتر تامی لە ژنەکە وەرگرت، بۆیە نەدەکرا دەستبەرداری ژنەکە بێت، بۆ رازیکردنی سە ماکەرەکە محمد حسن کەوتە بن قەرزێکی زۆر، بۆیە بەناچاری ڕووی لە تۆماس کرد بوو یارمەتی بدات و قەرزەکانی بۆ بداتە وەو دە ستی بگرێت، تا زۆرتر هە وس بکات. تۆماس تێگە یشت کابرای ئەفسەری تۆپخانە ناچارەو ئامادەیە بکەوێتە ناو تۆڕەکەو هەموو کارێکی بۆ بکات، ئەگەر پارەی

بداتێ و قەرزەکانی لە کۆڵ بکاتەوە، بۆیە مووچەی مانگانەی 50 پاوندی بۆ بڕیەوەتەوەو لەدڵی خۆیدا وتوویەتی، با بە ئیسراحەتی خۆی پارەکە لە شەوەکانی سەرف بکات و بەرامبەر ئەوەش زانیاری زۆرمان لەسەر خوێندگای تۆپخانەکەی بۆ ئامادەبکات، زانیاری بۆمان بنووسێت، وەک چەند خوێندکار لە و شوێنە سازو ئامادە دەکرێن، مامۆستاکانیان کێن، پلانی ستراتیژییان بۆ مەشقەکان چییە...؟! تۆماس کە لەو کارە سەرکەوت بەرنامەی تری بۆ هێنانی کە سانی تر دارشت.

یەکەم کەس کەوتە ناو تۆڕەکە وێنەگرێکی شارەزای ئەرمنی بوو، (جریس تانیلیان) ئەویش وەک محمد حسن بە ژنێکی سۆزانی گیرا، ژنە کە پارەی زۆری دە ویست مەسرەفی زۆربوو، (کامیلیا بازیان فارتمی) زیرەک بوو لە دەستەمۆکردنی ئەو پیاوە، هەموو پارەکانی پێ سەرەفکرد، ئەویش بەناچاری پارەی لە تۆماس قەرزکرد، کە تۆماس کارەکانی گەشەی کرد، بۆ راپەراندنی کارەکانی شوقەیەکی لە ناوچەی روکسی بەناوی محمد حسن بە کرێ دەگرێت، لەوێ ئاهە نگێک سازدەکات و خە ڵکێکی زۆریش داوە ت دەکات، لە وێ جۆرە ها زانیاری دەستدەکەوت، ئەو ژوورێکی شوقەکەی کرد بووە تاقیگەی شووشتنەوەی فیلمی فۆتۆگرافی و سازکردنی نەخشەکان، محمد حسن لە خوێندگاکەی خۆی جۆرەها نەخشەی بۆ دەهێناو پاش کۆپیکردنیان دەیگەڕاندەوە کۆگاکەی خۆی.

تۆماس بە ژنەکەی وتبوو، کە وا ئە و بۆ بە رژەوندی ئیسرائیل کا ردەکات، بۆیە ش بڕیاردەدا لە زۆر سە فەرەکانیدا هاوشانی بێت، بۆ وێنە گرتنی پێگە سەربازییەکان سە فەری سویس دە کات، لە وێشەوە بۆ پۆرسعید، ئەو محمد سعید رازی دە کات لەگەڵ ژنە کەی لەگەڵیاندا بێت، کە وێنەکان دە گرن، ئە و پێگە سەربازییەکانیان بۆ پێناسە بکات، ژنە کەی تۆماس ئوتومبێلەکەی لێدەخوڕی و ئە ویش لە پەنجەرەکەوە وێنەی دەگرت و ئە فسەرەکەی تۆپخانەش شوێنەکانی بەوردی بۆ پێناسە دەکرد.

****

تۆڕەکە فراوانتر دەبێت

تۆماس برادە رێکی بازرگانی جلوبە رگی بە ناوی (جۆرج شفـیق دهاقیان) دەبێت، رۆژێکیان دەچێتە لای تۆماس، داوای لێدەکات یارمەتی بدات، پێیدەڵێت:

(لە بازاردا زیانی زۆری لێکەوتووەو باری ئابووری زۆر خراپ بووە).

کە ئەو داوای پارە ی لێدە کات. ئەویش بە مەرجی هاوکاری کردنی تۆڕە جاسووسییەکەو مۆساد ئامادەیی نیشاندە دات، زوو جۆرج رازی دە بێت، چونکە دەیزانی ئە و زانیاری ترسناکی لەلا نییە، ئەوەی ئەو دەیزانی زۆر گرینگ نییە، پارەکەی لە تۆماس بە رەهن

و پسولە وەردەگرێت، تۆماسیش دەیزانی ئەو پیاوە لەوەدەمانە زانیاری وا شیاوی لەلانییە، بەڵام تەماشای دوارۆژ دەکات، بۆ کارەکانی ئایندەی کاری بەو دەبێت، ئەو هێنانی جۆرجی بۆ ئەو ئەفسەرە گەورەیە بوو، کە لەسەر شوقەکەی ئەوان دەژیاو لەگەڵ ماڵی جۆرج زۆر دۆست و هاورێ بوون، بۆیەش لە ئایندە ئەو رۆلی زۆری بینی.

تۆماس برادەرێکی ئەرمنی زێرینگری هەبوو، ناوی (بولیدور باب زوغلو) خەونی بە کرینی فرۆشگایەکی گەورەی زێرو خشل لە سەنتەری قاهیرە دەبینی، کە تۆماس زانیبووی هاورێیەکەی خەونی لەو جۆرەی هەیە، ئامادەیی نیشاندەدات یارمەتی بدات و دەستی بگرێت، ئەگەرچی کابرا پارەیەکی زۆری دەویست، بەلام بە کرێگرتنی ئەو پیاوە بۆ تۆرە کە زۆر کاریگەردەبێت. بەو شێوەیە تۆماس کەوتە راوکردنی کەسانی نەفسنزم و قەرزدار، پارەی زۆری دەدانێ، هەمووڵایەک کەوتنە کۆکردنەوەی زانیاری زۆرترو دەمیان ئەوەندە چەورکرابوو ترسی گیران و سێدارەیان نەبوو، مۆسادیش بەدڵنیاییەوە بە جاسووسەکانی ناو میسری وتبوو کەوا لە موخابەراتی میسری ترستان نەبێت، ئەوان هەرگیز دەسەڵاتی ئەوەیان نابێت ئێوە بدۆزنەوە، ئێوە تۆرەکەتان لە بەرنامەو کارنامەی ئەوان بەهێزترو کارامەترە.

****

لەناو کۆشکی کۆماریدا

لەرێگای گەرانەوەی لە ئەڵمانیا تۆماس وێنەی کەسێکی وەک جۆرج ئەستماتیوی بەبیردا هات، ئەو فەرمانبەربوو لە فرۆشگاکانی جروبی لە قاهیرەو سەرپەرشتی خوانی ئێوارانی سەرۆکایەتی کۆماری دەکرد، بەو پیاوە دەتوانی بگاتە ناو کۆشکی کۆماری و لە وێ هەواڵ و زانیاری و نهێنی دەستدەکەوێت، ئەوەو لە دوارۆژ کاری زۆرترو باشتری لا پەیدادەبێت. لە ژوورێکی شوقەکەیان بە هاوکاری وێنەگرەکەو بیاتریشیا فیلمێکیان لە سەر ئەستماتیو گرت و لەسەریان کردە ماڵ، بۆیە بەناچاری و زوو تەسلیمیان بوو، بەهۆی ئەو چەندین نهێنی کۆشکی کۆمارییان دەکەوتە دەست، تۆماس بۆ وەرگرتنی باشترین زانیاری ئامادەبوو هەموو بەهاکان و پیرۆزییەکانی بە بەرامبەرەکانی ببەخشێت، زۆرجاریش کیتی دورثی ژنەکەشی دەنارده باوەشی کەسە نزیکەکانی، کە محمد حسن چەند بەڵگەنامەی گرینگی بۆ تۆماس پەیداکردبوو، داوای نووستنی کردبوو لەگەڵ ژنەکەی، دیارە ئەویش بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان ئامادەبوو داواکەی جێبەجێ بکات.

****

کۆتایی

لەسەر داواو پێشنیاری تۆماس بازرگانە زێرینگەرەکەی زۆر هاتوچوی ماڵی ئەفسەرە گەورەکەی هاوسێیەکەیانی دەکرد، ئەدیب حنا کیرلسی هەستی کردبوو، کۆنە هاوسێیەکەیان بە بۆنەو بێ بۆنە لەدەرگای دەدان و میوانی دەکردن، زۆریش پرسیاری هەستیاری سەربازیشی دەکردو زۆریش سۆراخی وەڵامەکانی دەکرد، بۆیە ئەفسەرەکە لە بازرگانەکەی هاوسێی کەوتە گومان و پرسیاریکرد سۆراخکردنی ئەو زانیاریانە بەخۆرایی نییەو ئەو بەردەوام بابەتی زۆر ناسک دەورووژێنێت، بۆیە ئاگاداری دەزگای موخابەراتی میسری کردەوە، بەوردی هەموو داوا و سۆراخەکانی هاوسێیەکەی پێراگەیاندن، موخابەراتیش چاودێری وردی خستە سەر دهاقیان و هاورێیەکانی، لە ئەنجامدا توانیان دەستەکە بدۆزێتەوەو توانیان چەند کەسێک بخزێنێتە ناو تۆڕەکە، لەئەنجامدا بۆیان روون بۆوە کەوا تۆڕەکە لە چەندین وڵاتدا ئەندام و بەکرێگیراویان هەیە، لە وڵاتانی سویسراو فەرەنساو سویسراو هۆڵنداو ئیتالیاش کەسی باوەرپێکراوو کارمەندیان هەیە، ئەو تۆڕانە بەیەکەوە لەگەڵ تۆڕەکانی ناو قاهیرەو ئەسکەندریەو دمشق کاردەکەن.

لەرۆژی 6 ی یانایری ساڵی 1961 لەناو میسر تەواوی ئەندامانی تۆڕەکەیان دەستگیرکرد، بە بڕیاری کۆماری ژمارە 71 ی ساڵی 1961 دادگایەکی ئەمنی دەوڵەتیان پێکهێنا، لەماوەی شەش مانگدا دادگاکە 83 دانیشتنی سازکرد، لەوماوەیەدا دادگا گوێی لە 95 شاهید راگرت، لەوانە کەسانی شارەزاو هونەرکارو پسپۆربوون، کەسە تاوانبارەکانیش ژمارەیان گەیشتە 11 کەس، لەوانە 6 کەسیان بێگانەبوون و 33 پارێزەریان هەبوو، دەستەیەکی زۆریش لە کەسانی شارەزا لە بەرژەوەندی ساختەکاری و شیکردنەوە لە تەندروستی شەرعی و شارەزایانی بواری بێتەڵ و کاری ئەلکترۆنیات و چەند کەسانی تری شارەزا کە دادگا ئامادەبوونی ئەوانەی بە پێویست دەزانی، چەندین وەرگێری زمانانی بێگانەیان تێدابوو، ژمارەی لاپەرەی دۆسیەکە گەیشتە 6 هەزار لاپەرە، لە 25 ی ئوکتۆبەری ساڵی 1961 دادگا بڕیاریدا جان تۆماس لەسێدارە بدرێت و محمد حسنیش بە گوللە تیرباران بکرێت، ئەوانە تریش بە کاری قورسی هەتا هەتایی سزایان بۆ بڕایەوە.

لە رۆژنامەی (الجريدة)ی کوێتی رۆژی 10 سپتەمبەری ساڵی 2008 بڵاوکراوەتەوە.

عیزراو ژنەکەی لەناو بەغدا

عیزراو ژنەکەی لەناو بەغدا

عیزرا ناجی زلخا بە دژوارترین و زیرە کترین جاسوسی مۆسادی ناو بەغدا دەناسرا، ئەو یەکێک بوو لەوانەی مۆساد رایسپاردبوو کە فڕۆکەوانێکی عێراقی رازی بکات فڕۆکە یەکی مێک 21 ی سۆڤیەتی لە عێراق بفرێنێتە ناو ئیسرائیل، کە تازە وڵاتانی عێراق و میسڕو سوریا لە سۆڤیەت وەریانگرتبوو، بەڵام کارەکە بەو نەکراو کەسانی تر ئەنجامیاندا.

عیزرا لە باکووری عێراق لە شاری مو سڵ لەساڵی 1927 لەدایکبووە، لە بەرئەوەی تەنها ناوە ندی تە واوکردبوو، بۆیە لە وەزارەتی بازرگانی وە ک فە رمانبەرێکی ناو ئە رشێف کاریدەکرد، لە یەکێک لە پەرستگاکانی جوولەکە لەوێ خاتوونێکی مامۆستای جوولە کە بە ناوی (ملاذ) دەناسێت، لە و رۆژە وە بەراستی خۆشیدە وێت بۆیە لە ساڵی 1952 پرۆسەی هاوسەرگیری بە یەکەوە دەکەن، ئەگەرچی ژیانیان خۆش و کامە ران بوو، بە ڵام نەخۆشی تیفۆ بواری نادات و پاش ساڵێک بە یەکەوەبوون ژنە کەی دە مرێت، بۆیە بەیادی ئە وو لە گەڵ یادگارەکانیدا بە سەڵتی دەژیت.

لەیەکێک لە جەژنەکانی جوولەکەدا بۆ بەسەرکردنەوەی گۆڕی ژنەکەی چەپکێ گوڵ لەگەڵ خۆیدا دە بات، لە سەرگۆڕەکەی دە ستدەکات بە گریان، لە گەڵ بیرە وەرییەکانیدا زۆر دەگریێت، لە و گریانە دا هە ستدەکات کابرایە ک دە ستی لە سەرشانی دادە نێت، کە سەر بەرزدەکاتەوە دەبینی پیاویکی تە مەن 60 ساڵانەیە، ئە ویش سە ربردەی خۆی بۆ پیاوە سەرسپییەکە دەگێڕێتەوەو دڵی دەداتەوەو داوادەکات هێوربێتەوەو دوارۆژی باش بێت، ئە ویش پێیدەڵێت من ژنێکی زۆر ن ازدارو شۆخم هە بوو لە گەنجی و لە کاتی لە دایکبوونی کیژە تاقانەکەمان مرد، منیش لە گەڵ کیژە تاقانەکەم بەتەنها ماینە وەو ژیانی خۆم بۆ ئە و تەرخانکردووە.

پیاوە جوولەکە پیرەکە ناوی (بوشا)بوو، وەک بازرگانێکی دێوەرە گەڕاوەو لەناو گەڕەکە میللییەکانی بە غدا کالای بە قەرز بە ژنانی هە زار فرۆشتووە ، بۆیە ش بازاری گە رم بووە ، سەردانەکەی عیزرا بۆ بۆشا سە رەتای چیرۆکێکی پۆلیسی و جاسووسی بوو، ئە و بازرگانە پیرە لەمێژبوو دووچاری تۆڕێکی جاسووسی هاتبوو، ئە ندامی یەکێک لە تۆڕەکانی مۆسادبوو کە بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل کاریکردووە، ئەو کاری ئەوەبوو زانیاری لەسەر جوولەکە هەژارەکانی ناو گەڕەکە میللیەکانی ناو بەغدا کۆبکاتەوە، لە ئاستی خوێندەوارییان بزانێت، سازیان بکات، پرسی کۆچی بە رەو ئیسرائیلیان لێ بکات، زۆر داماوە کانی سە ر گۆڕە کانی ناو گۆڕستانە کانی بەسەردەکردەوەو بەو ئاراستەیە کاریکردووە، کیژە تاقانەکەشی ە یچ زانیاری لەسەر ئەو کارەی باوکی نە بوو، باوکە کە مەبەستیشی نە بوو کیژە کەی بۆ کارە کە خۆی راپێچ بکات، عیزرا بەدڵنیاییەوە سەردانی هاوڕێیە نوێیەکی بۆشای کرد بوو، ئەویش زۆر بە گەرمی پێشوازی

لێکردبوو، لەو میواندارییەدا پێیوتبوو من زۆر سە رسامم بەو وەفاییەی تۆ بۆ ژنە مردووەکەت هەیە، لەو سەردانییدا کیژەکەشی ناسیوە، کە کیژێکی زێدەجوان بوو، کیژەکەی ناوی (روان)بوو، لەیەکەم دیمانە دا حە یرانی جوانیی کەی بوو، هە ستیکردبوو بەو نیگایە دووبارە ژیانی نوێ بویتەوە، هەناسەی هاتووەتەوەبەر، چونکە ئەو ماوەیەکی زۆربوو لە گەڵ مردووان دە ژیا، دووربوو لە ژیان و هیوا.

لەیەکێک لەسەردانەکانیدا عیزرا داوای لە بوشاکردبوو کیژەکەی بداتێ، دیارە زۆری خۆشدەوێت، بەڵام پیرەمێردەکە پێکەنینی بەداواکەی ئەو هاتبوو، پێیوتبوو تۆ بۆ مارە ییەکەی چەند دینارت پێهە ڵدەستێت، عیزرای عاشقیش پێیوتبوو من دە توانم ئە و هە زار دینارە ی پاشکەوتم کردووە، هەمووی بکەمە مارەیی کیژەکەت، بۆ ئیشیش ئەوە لە دەزگایەکی حکومەت کارمەندم و خانووی خۆشم هەیە، بە مووچەکەمان دەتوانین کامەران و باش بژین، پیرەمێردەکە دووبارە بەو قسانە پێکەنینی هاتبوو، بەکابرای وتبوو، مارەیی کیژەکەم لە دە هەزار یەک دیناری کەم بێت من نایدە م. ئەویش تە نها ئە و پارە یەی هە بوو کە بەنیازبوو وە ک سولفە لەسەر مووچەکەی لە دائیرەکەی وەریگرێت، بۆیە عیزرا بەنائومێدی و دڵشکاویی گەڕاوەتەوە ماڵەکەی، چەند شەوو رۆژ بیری لەو کارە کردیتەوە. بەڵام ئەو نائومێدنابێت دووبارە دەستی کیژەکە داوا دەکاتەوەو بە باوکی دەڵێتەوە، من ئامادە م چە کی هە زار دیناری تریشت بۆ ئیمزابکە م، بەڵام باوکەکە دەڵێ من رازی دە بم چە کێکم بۆ ئیمزا بکە یت، بەڵام لە سەر هە زار دینار نە بێت، لەسەر هەشت هەزار دیناربێت، بەڵام من یەک مەرجیشم هەیە، کابرای عاشق زوو بە پیاوەکە دەڵێ، بڵێ مە رجەکەت چییە ؟ جوولە کە پیرەکە پێیدەڵێت، مەرجەکەم ئە وەیە کۆشش بکە جوولەکەکانی ناو بەغدا بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن، ئەوانەی ئەو دەیانناسیت بەو کۆچە رازیان بکە، کەی هەستمکرد کارت بۆ ئەو مەسەلەیە کردووەو بەرهەمت جێگای دیارە، ئەوا من رۆژی ژنهێنانەکەت دیار یی ەکەم، عیر زای عاشق یە کسەرو بێ بیرکردنەوە بەمەرجی باوکی دەستگیرانەکەی سەبارەت بە پارەکە رازی دەبێت، بۆ مە سەلەی هاندانی کۆچی جوولە کەش ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی و ئامادە ش بوو قوربانیشی بۆ بدات . ئەو بەسۆزەوە رۆژانە لە بەشە عەرەبیەکەی رادیۆیەکەی ئیسرائیل ئە وەی دە بیست کە وا هە موو جوولە کە حەقی ئەوەیان هە یە بگەڕێنەوە سەر خاکی میعادیان، شەوو رۆژ بانگهێشتی ئەوەیان دەکرد، بۆ ئەوەیان هیچ زیانی لێناکە وێت و شۆخە کەی دەبێتە نەسیب و روان دە بێتە هاوسەری، ئەگەر تەنها مەرج ئیقناعکردنی جوولەکە بیت بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن، ئەوە هەر ئاسانەو زەحمەت نییە، چونکە ئەو هەزارانەی ئەو رۆژانە دەیانبینێت زۆر بێزارن، ژیان و گوزە رانیان خراپەو لە خوایان دەوێت لەو تەنگژەو کۆڵەمەرگییە رزگاریان بێت.

لەو رۆژەی عیرزا ئەو ئەرکەی کەوتە سەرشان، پێشهاتێکی ناخۆش لە ناوچەکە روودا، لەسێ قۆڵەوە لەساڵی 1956 هێرشی کرایە سەر وڵاتی م یسر، لە و شە ڕەدا ئیسرائیل نیمچە دوورگەی سینای م یسری داگیرکرد، بە فشاری وڵایە تە یەکگرتووەکانی ئە مریکا سو پاکانی هێرشیان کردبووە سەر میسر کشانە وە، بەڵام ئیسرائیل لە سینا هەر مایەوە، ئەوەش مانای

ئەوەبوو، وڵاتانی عەرەبی شەڕی دەکەن و لەو بەشە داگیرکراوەی خۆیان خۆش نابن، بەوەش شەڕی دژوار دەقەومێت، رەنگە ئیسرائیل دەرەقەتی ئەو هەموو وڵاتانە نەیەت، بۆیە ساردییەک و خاوبوونەوەیەک کەوتە ناو کۆچی جوولەکە عەرەبەکان، هزری سەفەریان لە مێشک و بەرنامەی خۆیان دەرهێنا، لەو ماوەیەداو لەنێوان هێرشەکەو کشانەوەی سوپاکان، عیزرا بە کۆششی خۆی توانیبووی 12 خێزانی جوولەکە رازی بکات بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن، هەموویان بەناو خاکی ئێران گەیشتنە ناو ئیسرائیل، لەو کاروانەدا زۆر لە بەکرێگیراوانی کورد بۆ ئاودیوکردنیان بۆ ئێران رۆڵی سەرەکی و کاریگەریان هەبوو، خێزانەکان بە دۆڵ و شاخە سەختەکان لە سنوور پەڕینەوە، لەوێ لەسەر سنوورەکان ئەفسەرانی سوپای ئێرانی و مۆساد چاوەروانیان بوون. پاش کۆشش و کاری زۆر عیزرا دەستگیرانەکەی گواستەوە، بەخۆشی و بەکامەرانی ژیانیان بەڕێدەکرد، زۆری نەخایاند باوکی کیژەکە مرد، لەکاتی مەراسیمی ناشتنی مردووەکە، پیاوێک کە هەرگیز عیزرا نەیدیبوو بەچرپەیەک چەند وشەیەکی چرپاندبوو گوێی، بەڵام زوو لە بەرچاوان گووم ببوو، لە ماڵەوە زۆر بیری لە قسەکانی کابرایەکە دەکردەوەو بە قسەکان دڵتەنگ و نیگەران ببوو، کە روانی ژنی پرسیاری لە مێردەکەی کردبوو، بۆچی وا پەشێوکاوو خەمگینی، لە وەڵامدا پیاوەکە راشکاوانە بە ژنەکەی وتبوو، باوکت بەردەوام خەریکی ئاودیوکردنی جوولەکەبووە لە عێراقەوە بەرەو ئیسرائیل، منیش هاوکاری باوکت و بەرنامەکەی ئەوم کردووە. ژنەکەش دەستی لە ملی کردبوو، پێیوتبوو:

(کەواتە تۆ پاڵەوان بوویت، من بە چاوی سەرکەوتوو و نەبەرد ناوت دەبەم).

بە قسەی ژنەکەی پیاوەکە تووشی شۆک ببوو.

****

لە چایخانەیەکدا هەمان پیاوەکەی سەر گۆڕستانەکە 500 دینار دەداتە عیزراو پێیدەڵێت، پاش هەفتەیەکی تر لەهەمان شوێن و لەهەمان کاتدا دیمانەمان دەبێتەوە، ئەو کەسە جاسووسێکی مۆسادبوو، کاری ئەوەبوو ئەندامە نوێیەکانی تۆڕەکەیان مەشق پێبکات، ئەو هەمووی کۆدەکردنەوە، تۆڕەکانی لەیەکتری گرێدەدا، لەچەند شوێنی تری بەغدا دیمانەیان بوو، چەندین کۆرسی هونەرەکانی جاسووسیان بۆ کردەوە، بەو شێوەیە ئەویش بووە جاسووسێکی بڕواپێکراوی مۆساد. سەرەتا ئەو لە یارمەتیدانی کۆچی جوولەکە بەرەو ئیسرائیل کاریکردووە، لەماوەی دوو ساڵدا توانی 400 کەس لەناو بەغدا ئاودیو بکات، بە شێوەیەکی زۆر شەیتانانە کارەکانی ئەنجامدەدا، بۆیە وەک جاسووسێکی لێزان و زیرەکترین جاسووس لە ناو بەغدا دەناسرا، لەودەمانەشدا ژنەکەی خەریکی لەبارچوونی سکەکەی بوو، لەبەرئەوەی زۆر پەرۆشی مناڵ بوو، بۆیە بەردەوام مێشکی سەرقاڵی ئەوەبوو، بەڵام مێردەکەی لەبەر کارە ئاڵۆزەکانی

ئاگای لە خەمی ژنەکەی نەبوو، ژنەکەش بێجگە لەسەردانە بەردەوامی بۆ پزیشکەکان، هیوای بە قسەو داو و دەرمانی میللییەکانیش هەبوو، بەڵام هەموو کۆششەکانی سوودی نەبوو، بۆیە ژنەکە هەستیکردووە ژیانی لەناو عێراق تاریک و ناڵەبارە، بیری لەوە دەکردە لەگەڵ پیاوەکەی باس لە کۆچکردن بۆ ئیسرائیل بکاتەوە، هیوای وابوو لەوێ گرفتی سکەکەی بۆ چارەسەربکەن، سەرەتا پیاوەکە بیرۆکەکەی پەسند نەکردبوو، کە رازییش بوو، گەورەکانی لە مۆساد پێیانوتبوو جارێ چاوەروان بکە، خۆمان ئاگادارت دەکەینەوە. بەڵام ئاسان نەبوو مۆساد رازی بێت عیزرا لە بەغدا دەربچێت، تازە لە کارەکەی باش شارەزابووە، کە سی وەک ئەویان بە دەست ناکەوێتەوە، دوورکەوتنەوەی هەر بەکرێگیراوێک چەندین لێکدانەوەی وردی دەوێت.

کە پلەیەکی سەربازیان لە سوپای ئیسرائیلی بەخشیبووە مێردەکەی، روان خەمی مانەوەو دەرنەچوونیان لە بەغدا کەم و سووک دەبێتەوە، بەو هەواڵە دڵخۆش و سەرفرازدەبێت، چونکە ئەو پلەیە مووچەیەکی باشی پێوەبوو، کە لەدوارۆژا گەیشتە ناو ئیسرائیل بەو مووچەیە باشترین ژیان دەژین. عیزرا فێرکرا چۆن ئامێری بێتەڵ بەکاربهێنێت، چۆن نامە بنێرێت و وەرگرێت، کە لەو کارەی سەرکەوت ئامێری زۆر پێشکەوتوویان بۆ هیناوە، کە لە هەموو عێراق لەو کاتانە ئامێری گەیاندنی لەوجۆرە نەبوو.

عیزرا توانی لەنێوان بەغدا پەیوەندی بە گەورە لێپرسراوان پەیدابکات، ئەو راپۆرتانەی لەسەر ئابووری عێراق رەوانەی کردبوو، گەورە بەرپرسەکانی مۆسادیشی سەرسام کردبوو، راپۆرتەکانی زۆر گرینگ و بەبایەخ بوون، هەموو راپۆرتەکانی لە جۆری (آ)بوون، هەموویان شایستەی بەخشیش و پاداشتی دارایی باش بوون، بەوەش گیرفانەکانی تەژی پارەبوون، پارەی ئەوەندە زۆربوو، بۆیە ژیانی زۆر خۆش بوو، بۆ رۆژانەی ژیانی چاک بە رنامەرێژی کردبوو، لەودەمانەدا پێشنیاریکرد ژنەکەشی بێتە ئەو مەیدانەو لە کارەکانی بەشداری بکات، مۆساد پێویستی بە کارو هاوکاری ئەویش دەبێت، بەوەش مەبەستی بوو، پارەی باشترو زۆرتر لە سەرووی خۆیەوە وەرگرێت، یەکەم ئیشی ژنەکە لەو بوارەدا داوای لەو کردبوو، پیاوێکی گەورە لە وەزارەتی دەرەوە هەڵخەڵەتێنێت، ئەویش داواکەی قبوولکردبوو، ژنەکە زۆر بەئاسانی فەرمانبەرێکی کریستیانی دەستنیشانکردبوو، پیاوەکە کەوتووە داوی خۆشەویستی ژنەکەو بڕوای پێکردبوو، لە رۆژانەی کارەکانیدا زۆر دڵشادو کامەران بوو، کە ناوی ئیسرائیل و کۆچکردنیان لەلا دەهینا توورەدەبوو، تا پیاوەکە چاک تەسلیمی بێت، خۆی تەسلیمی پیاوەکە کردبوو، ئەویش بەجوانیەکەی و هەوەسە سێکسییەکانی شێت و هاری کردبوو، بۆیە پێیوتبوو، ئەگەر بچیتەوە ئیسرائیلیش من لە گەڵتا دێم، بۆیە ش هەموو داوای ژنەکەی قبوول دەکرد، لە ئەرشیفی وەزارەتەکە بەڵگە نهێنییەکانی بۆ دەردەهیناو رادەستی دەکرد، کە تەسلیمیشی دەکرد، بەگاڵتەوە دەیووت:

(فەرموو هەموو پارچە کاغەزە بێسوودانەت پێشکەش بێت).

ئەو نەیدەزانی بەو کارانە کەوتووتە ناو چلکاوی خیانەت و لە دوارۆژا دەربازبوونی نابێت. لەو رۆژانە عیزرا بە چاوی شەریک سەیری ژنەکەی دەکرد، لەبیری نەمابوو کەوا روان هاوسەریەتی، بۆیە رۆژێکیان داوای لێکردبوو ئەفسەرێکی فڕۆکەوانی بە پلەی ئەفسەری دوو نەجمە لە فڕۆکەخانەی بەغدای بۆ راو بکات . لەبەرامبەر ماڵەکەیان ئەفسەرێک بە جلی سەربازی و بە ئۆتومبێلی حکومەت هاتوچۆی دەکرد، هەستیکرد راوکردنی ئاسانە و لە بن دەستانە، بۆیە بەئاسانی ئەفسەرەکە کەوتە داوی و شەیدای ژنەکەبوو، زۆری نەخایاند ئەفسەرەکە چەندین نهێنی سەربازی و باری سەربازی سۆڤیەتی و شیکی دەگەیاندە ژنەکە، چەندین نهێنی ناو فڕۆکەخانەکەی بۆ دەهێنا، رۆژانەی فڕینی فڕۆکەکانی سەرۆکایەتی لەبەردەستی دادەنا، بە هەوسە جنسییەکانی ئەفسەرەکە زۆر نهێنی سەربازی دەدایە ژنەکە، بەو کارانە روان پلەی ئەفسەری دوو نەجمەی لە سوپای بەرگری ئیسرائیلی وەرگرت. بۆ پاراستنی نهێنییەکان و دوورکەوتنەوە لە ئاشکرابوون عیزرا لە گەڕەکی الكاظمية خانوویەکی یەک نهۆمی کڕیبوو، خانووەکە حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، حەوشەکە هەموو داری گەورەو گیاو دڕک و داڵ بوو، دەرگایەکی پشتەوەی هەبوو دەیڕوانییە چۆڵەوانییەکی چڕی بەپووش و پەلاش، لەو چۆڵەوانییەوە پێش ئەوەی لە ماڵەوە دەربچێت بە تەلەسکۆپێک چواردەورەی ناوچەکە دەپشکنی، بەهاتنی ئەندامێکی تۆڕەکەیان بەئاسانی ناوچەکەی دەپشکنی، ماڵەکەی کرابووە مۆڵگەی مەشق و ناسین دیمانەی زۆریان و ببووە ژوورێک بۆ عەملیات و چالاکییەکان، روان لەماوەی سێ ساڵی کارکردن لە مۆساد توانیبووی 13 فەرمانبەری پلە بەرزی شوێنی بایەخدار پەیدابکات، لەوانە چواریان ئەفسەری هەمەجۆری ناو سوپابوون، یەکێکیان ئەفسەربوو لە ئەمنی فڕۆکەخانە، بەوانە بەردەوام نهێنی عێراق دەگەیشتە ناو ئیسرائیل.

****

کوشتنی ئەفسەرێکی دکتۆر:

روان داوێکی بۆ دکتۆرێکی سەربازی بە پلەی نەقیب داناوەتەوە، ئەویش وەک ئەوانی پێش خۆی ، لەبەر نازو سیحری جنسییەکەی خۆی نەگرتووە، زووتەسلیم بووە، کە ژنەکە راستیەکی پێوتووە دکتۆرەکە بڕوای نەکردووە، کەوا ئەو کەوتووتە باوەشی مۆسادەوە، بۆیە نەقیبی پزیشک (حسين علي عبدالله) بڕوا ناکات و جلەکانی دەپێچێتەوەو هاوار دەکاتە سەری و هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکات کە چارەنووسێکی تاریکی بۆ بکێشێت، ژنەکەش بە فیلمەکانی هەڕەشەی لێدەکات، بەڵام دکتۆرەکە بێ شەرمانە دەڵێت:

(ئەوانە بۆ منی پیاو شوورەیی نییە).

ژنەکە ئازایانە پێیدەڵێت:

(من باسی لایەنە سیاسیی و سەربازییەکانت دەکەم.!).

بەڵام ئەو تف لە دەموچاوی دەکات و دەڵێت:

(من تۆ بەگرتن دەدەم، پاشان خەڵاتیش دەکرێم، پلەشم بەرزدەکرێتەوە).

بۆیە ئەفسەرەکە هێرش دەکاتە سەری و دەیەوێت ژنەکە قۆلبەست بکات و لەگەڵ خۆییدا راپێچیشی بکات. بەڵام عیزرای مێردی دە سڕێ بە دەمانچە لەسەر سەری دەوەستێت. دکتۆرە ئەفسەرەکە لێرە بەهەلە جوولایەوە، دەبووایە لەلای ژنەکە هیچی نەدرکاندبووایە بە قسەی خۆش لە بن دەستی دەرچووبوایە، بەڵام ئەو هەستیکردبوو خۆیان بە تەنهان و کەسیان لەلا نییە، بۆیە مێردەکەی بە گوللەیەک کەللە سەری ئەفسەرە دکتۆرەکە بە دیواری ژوورەکەیان وە دەنووسێت. لەوشەوەدا ژن و مێردە کە گۆڕێک لە باخچەی پشتە وەیان هەڵدەکۆڵن، تەرمەکە شۆردەکەنەوەو خۆڵیشی بە سەردا دەکەنەوە، ئەو شەوە روان ناوێرێت لەباوەشی مێردە بکوژەکەی بخەوێت، ئەو شەوە لە دووری چەند هەنگاوێک دوور لە مردووێک دەخەوێت. روان بە کوشتنی ئەفسەرەکە زۆر ناڕەحەت دەبێت، بەڵام مێردەکەی بەو کارەی شانازی دەکات و هەست بە لەخۆبایبوونی زۆریش دەکات. نۆ ساڵ ئەو پیاوە جاسووسێکی کارامەو ئەندامانی تۆڕەکەی لەناو هەموو بەشەکانی عێراقدا چالاکیان هەبوو، لەناو هەموو دەزگا گەورەو هەستیارەکان کەسی زیندووی چاندبوو، بە ردەوام زانیاری زیندوو و کاریگەری دەگەیاندە ئیسرائیلییەکان.

****

فڕۆکەی مێک 21

ئەو لە رادیۆوە نامەیەکی بۆ هات کە وا بەهەر شێوەیەک بێت کار بۆ ئەوە بکەن، ئەفسەرێکی فڕۆکەوانی عێراقی پەیدابکەن، کە وا فڕۆکەیەکی مێک 21ی سۆڤیەتیان لە عێراقەوە بۆ بفڕێنێتە ئیسرائیل، بۆیە عیزرا لە ئەفسەرێکی فڕۆکەوانی خائین دەگەڕا، لەناو تۆڕەکەیدا ئەفسەری زۆری هەبوو، لەناو ئەوانەدا دەستی بە پشکنینکرد، بە رێکەوت نقیبی فڕۆکەوان (شاکر محمود یوسف)ی ناسی، ئەو ئەفسەرە لە سەربازگاکانی مۆسکۆو لە لەندەن مەشق و راهێنانی کردبوو، ئەو مەشقانەی بۆ زۆرترین زانیاری بوو لە فڕین بەو مێکانە، ئەوەی بەراستی ئیسرائیلییەکانی ترساندبوو. لە ئاهەنگێکی خێزانیدا عیزراو روان رووبەڕووی ئەو فڕۆکەوانە بوونەوە، هەرچەندی ژنەکەی خۆی سازولووسدا بەڵام سوودی نەبوو، ئەو شەوە فڕۆکەوانەکە لەو نەهاتە پێش، روان بەنائومێدی و بێ دەستکەوت لە ئاهەنگەکە هاتەدەر، عیرزا

هەستیکرد چیتر کەسیان پێ دەستەمۆناکرێت، هەستی بە لاوازی و سستیکرد، بەلام ئەوەیان زۆری نەخایاند ئەفسەرەکە ئەو شەوە ژنەکەی خۆی لەگەڵ بووە، بۆیە نەیویستهو لە روان نزیک بێتەوەو بایەخی بەنازو چاوچاوانێیەکە نەدابوو، بەلام ئێوارەیەکیان ژنەکە لەگەڵ شاکری ئەفسەر دەست لەناودەست گەڕاتەوە ماڵەوەیان، پێناوەکەیان کاری بۆ ئەوە کردبوو کەوا شاکر لە ترسی ژنەکەی نەوێراوە لەو ژنە نازدارە نزیک بێتەوە، ئەگەرنا ئامادەیە، بۆیە پەیوەندی کردبوو، بەپێی خۆی هاتبووە ناو بازنەکە. روان خەریکی سازکردنی پەیوەندییەکەبوو شاکر بۆ مەشق و راهێنان سە فەری ئەمریکای کردبوو، لە وێ لە خولێکی سەرکردایەتی تەشکیلی لە تکساس بەشداربیبوو، موخابەراتی مەرکزی چاودێرییان کردووە، بۆیە لە ولاتی نەمساوە ژنێکیان بۆی راسپاردبوو، ئەو ژنە لە نەخۆشخانەیەکی ئەمریکی لە ڤیینا کاریکردووە، (کرۆتر هلکر) زۆر بەپەلە سەفەری کردووەو خۆی گەیاندووتە ئەو ئەفسەرە فڕۆکەوانە عێراقییە، بەناوی چاودێر لە یانەی فڕۆکەوانە خۆرهەلاتیی کان لە بنکەی مەشقی ئاسمانی لە تکساس کاری بۆ دەدۆزنەوە، لەوێ کابرا لەبەر جوانی و شۆخی ژنە کە خۆی پێراناگیرێت، بە یەکەم نیگا دەوکەوێتە داوی، ئەو ژنەکەی بۆ کات بە سەربردن و رابواردنی شەوانەی دەویست، ژنەکە بەرنامەکەی وابوو شووی پێبکات، خۆی بکاتە ژنی چونکە بەوەیان بەرنامەکە باش سازدەبێت، بەلام شاکر وتبووی من ژنم هەیەو ژنەکەی خۆم زۆر خۆشدەویت، ئەو زۆری کۆشش لەگەڵ کردبوو، بەلام کابرا بەوەیان رازی نە ببوو، دیارە مۆسادو دەزگای موخابەراتی ئەمریکی ئەوەیان نەدەزانی کەوا ئەفسەرانی عەرەب بۆیان نییە ژنی بێگانە بهێنن، ئەوەیان لێ قەدەغەکراوە.

پاش تەواوبوونی خولەکە، ئەفسەرەکە دەگەڕێتەوە عێراق، ژنەکە لەدوای ئەو دێتە بەغدا لەوێ لە هوتێلی بەغدای نێونەتەوەیی دادەبەزێت، لە هوتێلەوە پەیوەندی پێوە دەکات، ئەویش لەسەر رووباری دجلە شوقەیەکی بۆ بە کرێ دەگرێت، بەدزیش سەردانی کیژەکەی کردووەو بەیەکەوە خۆشیان رابواردووە، زۆریش کۆششدە کات ژنە کە رەوانەی ولاتە کەی بکاتەوەو پێیدەڵێت ئەگەر لەبەر من هاتووی، ئەوە من ژن و منالێکم هەیە، هەرگیز ئامادەش نیم ژیانی خۆی تاڵ بکەم، بەلام ئەو دەڵێ، من لە رێکخراوی ئاشتی کاردەکەم، بۆیە هاتوومەتە عێراق. ئەفسەرەکە زۆر هەولی لەگەڵ دەدات، دیارە کەوا قسەکانی ئەو سوودی نابێت، ژنەکە هەر باسی رێکخراوی ئاشتی جیهانی بۆ دە کات، ئەو رێکخراوەی کار بۆ ئاشتی لە جیهان دەکات، بەلام ئەفسەرەکە بەو قسانە تووڕەدەبێت و هاوار دەکاتە سەری، کەوا دەبێ بەزووترین کات بگەڕێتەوە ئەمریکا، ئەگەرنا لە دەزگاکانی موخابەراتی شکایەتی لێدەکات و بە جاسووس ناوی دەبات، بەوەش دوارۆژی ترسناک دەبێت، بۆیە ژنەکە بیر لە کوشتنی دەکاتەوە، ئەگەر ئەوە نەکات ئەوە کارەکەی ئاشکرادەبێت و بە رنامەکەی ئیسرائیلییەکان و ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی بەکرێگیراوێکی فڕۆکەوانی عێراقی ئاشکرادەبێت، کە بەرنامەیان هەیە فڕۆکەوانیکی عێراقی رۆژێ لە رۆژان فڕۆکەیەکی مێکی 21 یان بۆ بفڕێنێت، ئەگەر ئەوەشیان لێ ئاشکرابوو، ئەوە حکومەتی عێراقی چیتر فڕۆکەوانەکانی بۆ مەشق و راهێنان رەوانەی دەرەوە ناکەن.

لە بەرپرسەکانەوە فەرمان بە عیزرا دەکرێ تۆو ئەفسەرە بکوژن، ئەویش لەگەڵ کرۆثر بەرنامەرێژی بۆ دەکەن. لەدوا سەردانەکەی بۆ شوقەی ژنەکە، ئەفسەرەکە وەک هەموو جارەکانی تری ئوتومبێلەکەی لەترسی هەر ئەگەرێک لە دووری دوو سێ کۆڵان رادەگرێت و بۆ چەند ساتێکی خۆشی دەچێتە لای دۆستەکەی، لەو ژووانەدا دەکەونە دەمەتەقێ گەرم، ژنەکە هەڕەشەی فیلمە رووتەکانی رۆژانی ئەمریکای لێدەکات، بەڵام ئەو لەوانە ترسی نابێت، زۆر بێمنەت دەبێت، لەکۆتایی ژنەکە پێیدەڵێت:

(من لەبەرامبەر فرۆکەیەکی مێک 21 یەک ملیۆن دۆلارت دەدەمێ).

ئەفسەرە هەوسبازەکەش بە شەقە زللەیەک هەموو دەمی پڕ خوێن دەکات، لە ژوورەکەش دەچێتە دەرەوە تا لە دەزگا پەیوەندارەکان شکایەتی لێبکات، بەڵام عیزرا بە دەمانچەیەکی بێدەنگ چارەسەری دەکات، بۆیە ئەو بە دەمانچەکەشی راناگات، لە رۆژی 6ی یولیۆی ساڵی 1965 کۆتایی بە ژیانی دەهێنن و پاش هەفتەیەک تەرمی ئەفسەرەکە دۆزرایەوە، لەودەمانە عیزرا هەستی بەترس و نیگەرانی دەکرد، چونکە پاش چەند رۆژێکی کەم لە رۆژنامە عێراقیەکان هەواڵی کوشتنی کروثر هلکری ئەمریکی لە یەکێک لە هوتێلەکانی لەندەن بڵاوکرایەوە، لەوەیان ئەو زۆر ترسا بوو، چونکە کوشتنەکەی لە رووداویکی نادیاربووە و دوو رۆژیش بوو ژنەکە لە بەغدا دەرچووبوو، کارمەندێکی ئاسایش وتبووی:

(جەستەی ژنەکەیان بە 30 لێدانی چەقۆ، کە دەکاتە ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی شەق کردبوو).

بەو شێوەیە تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە، بەو جۆرە دەزگای موخابەراتی ئەمریکی ئەو ژنەیان لەکۆڵ خۆیان کردیەوە، بەوەش تەونی تاوان و پلانەکەیان بۆ هەتاهەتایی بزرکرد.

عیرزا کە ئەو هەواڵەی بیست ترسی گەیشتە دەیزانی رۆژی ئەویش دێت، مۆساد ئەویش لەناودەبات، بە لەناوچوونەکەی زۆر نهێنی و رووداوەکان دەشاردرێتەوە، بە کوشتنی ئەو شانەکانی مۆسادی ناو شاری بە غدایان نادۆزرێتەوە، بۆیە جیهازە لاسلکییەکەی ماڵەوەی لەکاردەخات و دەنگی نەمێنێت، لەگەڵ ژنەکەی لە شوقەیەکی لاچەپ خۆیان دەشارنەوەو زۆر دەگمەن و ئەگەر بۆ کارێکی زۆر پێویست نەبووایە لە شوقەکەیان نەدەهاتنە دەرەوە.

لە رۆژانی ئاهەنگەکانی سەرە ساڵی 1966 تۆڕێکی جاسووسی نۆ کەسی لەلایەن کاربەدەستانی عێراقی ئاشکرابوو، ناوی عیزراو ژنەکەشی لە ناو ناوەکاندا بوو، بە شوێن هەردووکیان دەگەڕان، سەرەتا روان بە پێی خۆی چووە بەردەستیان، ئەویان گرت، لە مێردەکەیان پرسیبوو، ئەو لە وەڵامدا بە موخابەراتی وتبوو:

(پەلە مەکەن، ئەویش دەگاتە ناو دەستتان.!).

روان پێش ئەوەی هیچ ئازارو ئەشکەنجەی بدەن، لەخۆڕا دانی بەوەدا نابوو کەوا ئەو جاسووسی بۆ ئیسرائیل کردووە، باسی سوپایە جاسووسەکانی ناو عێراقی بۆ کردبوون، پێیوتبوون، ئێمە ئەوانەمان هەموو بەکارهێناوە، ئێمە ئەفسەرێکمان لە ماڵەکەی خۆمان کوشتووەو و گۆڕەکەشی لە باخچەکەی ماڵەکەیان نیشان دابوون، لە ماڵەکەیان ژووره نهێنیەکەی پێ نیشان دابوون، لاسلکییەکەی نیشاندابوون، کامیرا نهێنیەکانی بۆ دەرهێنابوون، فیلمەکان، بەڵگەنامەکان. لەو رۆژەوە لە دوورەوە ئەفسەرانی موخابەراتی عێراقی سۆراخی ماڵەکەو ناوچەکەیان دەکرد تا پیاوەکەش بگرن، چاوە روانی مارە گەورەکەبوون، رۆژێکیان کە عیزرا گەڕاوەتەوە ماڵەکەی، لەیەکەم شەقاوی ناو ماڵەکەی گیرابوو، مارە گەورەکەش گیرا. لەدرێژەی لێکۆڵینەوەکاندا دانی بەوە دانابوو، کەوا ئەو ماوەی 10 ساڵ کاری بۆ مۆسادکردووە ، بە قسەکانی ئەو زۆر کەسی تریش گیران، زۆر شانە ی نوێی مۆساد لە ناو عێراق دۆزرانەوە، دادگاش بڕیاری ئیعدامی بۆ دەرکردو لەگەڵ ژنەکەی و لەگەڵ نۆ کەسی تر لە سێدارەدران، 5 کەسی پلەداری سەربازیش لەو تۆڕە گوللەبارانکران.

لەرۆژی 19092008 لەرۆژنامەی (الجريدة)ی کوێتی بڵاوکراوەتەوە.

ئەو جاسووسەی لەناو کۆشکی کۆماری میسری مەساجی بە سەرۆک کردووە

ئەو جاسووسەی لەناو کۆشکی کۆماری میسری مەساجی بە سەرۆک کردووە

جاسووسەکەی ئەو بەشەمان لە قاوەخانەو یانەکاندا گوێی لە هەواڵەکان نەگرتووە، تا بیکاتە راپۆرتێک و رەوانەی لای گەورەکانی خۆی بکات، ئەو جاسووسە لەسەر سەنگەرەکانی نەگەڕاوە بۆ زانینی پێگە و شوێنە سەربازییەکان، لە پەناکانەوە چاوی نەبڕیووەتە دامەزراوە سەربازییەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان، ئەو گەیشتووتە پێگە دیارەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت، ئەو زیرەکانە گەیشتووتە کۆشکی کۆماری، سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکانی ئەو لە خودی سەرۆک کۆمارەوەبوو، ئەویش جاسووسە بەناوبانگەکە (علي العطفي)بوو، کە پشتی سەرۆک (إنور السادات)ی دەشێلاو ماوەی 7 ساڵ لەناو کۆشکی کۆماری بۆ بەرژەوەندی مۆساد کاریکردووە، ئەو ماوە درێژە کاریکردووەو ئاشکرا نەبووەو چەندین بەسەرهاتی سەیرو سەرسوڕهێنەریشی هەبووە.

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو کتێبێک بە ناوی (علي العطفي) لە میسر بڵاوکراوەتەوە، بەو کتێبە یەکەمجار ناوی ئەو پیاوە لە میسر زانراوەو ناسراوە، بۆیەش ناوی ئەو لەناو میسر دەنگۆیەکی گەورەی بڵاوکردەوە، لە کتێبەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کەوا ئەو پیاوە جەمال عبدالناسری کووشتووە ، گوایە ئەو کە پشتی سەرۆکی شێلاوە کرێمێکی ژەهراوی کوشندەی بەکارهێناوەو سەرۆکی کووشتووە ، کرێمەکەی هێدی هێدی لە ناو پیستی ئەو دابەزیووەتە خوارەوەو کاریگەری کردووە، ئەوەش مانای ئەوەیە ئەو پیاوە لەلایەن موخابەراتی ئیسرائیلییەوە ئەو کارەی پێسپێردراوە و ئەو گەیشتووەتە سەر سیسەمەکەی ئەو سەرۆکی پێشووتری میسری جەمالی کووشتووە، ئەوەش ئاژاوەیەکی زۆری لەناو میسر پەیداکرد، کە پێشەوای چینی (شواین لای) سەردانی میسری کردووە، لەو کاتەدا ئەو وتوویەتی:

(ئێوە سەرۆکێکی نەبەردو قارەمانتان هەبوو، بەڵام قەدرتان نەزانی و تا کوژرا).

ئەو لەپێش سەرۆکی وەفدە مسیرییەکە (حسین الشافعي) جێگری سەرۆک کۆماری میسری ئەو قسەیەی کردبوو، بۆیە ئەو لەبیرەوەرییەکانیدا کە پێش 20 ساڵ بڵاویکردووتەوە نووسیویەتی:

سەرۆکی چینی (لای) بە وەفدەکەی ئێمەی وتبوو:
(ئێوە پیاوێکتان هەبوو، بۆ ئێوە سامانێکی مەزن بوو، بەڵام قەدرتان نەزانی).

وەفدەکە بەو قسەیە لە سەرۆکە چینیەکە تێگەیشتبوون، کەوا ئەو مەبەستی ئەوەبوو، کەوا ئە وان لە کاتی خۆی چارە سەرکردنی نە خۆشیەکەی سە رۆک جە مالتان دابووە دەست سۆڤیەتییەکان، کە ماوەیەک لە کلینکێکی سۆڤیەتی لەساڵی 1966 چارەسەردەکرا، دەبێ ئەو دەمانە سۆڤیەتییەکان ژەهرخواردیان کردبێت، لە مەرهەمەکانی ژەهریان بۆی بە کارهێنابێت. کە ئەو کتێبە دەرچوو میسرییە کان ئە و کاتە ئەوەیان بە بیرداهات، رە نگە کاتی خۆی سەرۆکەکەیان کوژرابێت، بە ڵام بە دەستی مۆسا دو لە رێی (علي العطفي) بەکرێگیراوەکەیان نەک بە دەستی سۆڤیە تییەکان، ئەوەشیان بە بیرهاتەوە کە پاش مردنەکەی سەرۆک، نەزار قەبانی شاعیر قەسیدەیەکی بەو بۆنەیەوە دانابوو، کە تێدا وتبووی:

(دوا پێغمبەرشمان کووشت
ئێمە تۆشمان کووشت، ئەوە لە ئێمە دەوەشێتەوە،
ئەو کارە بۆ ئێمە نامۆ نییە.
ئەسەحابەکانمان کووشت،
چەند پێغمبەرمان کووشتووە.
ئێمە چەند ئیمامان لەکاتی نوێژی عیشا سەربڕییووە).

لەودەمانە هەندێک قسەکەیان بڕوا دەکردو زۆریش بڕوایان نە دەکرد، تا ئە و کاتەی (سامي شرف) بەرپرسی نووسینگەی جەمال عبدالناسرو وەزیری کاروباری سەرۆکایەتی کۆمار لە رۆژنامەی الوفدی ژمارە 1085ی رۆژی 9ی دیسمبە ری ساڵی 2004 بە وەڵامێک مەسەلەکەی بڕاندووتەوە کە وتبووی:

(علي العطفي بە کرێگیراوی مۆساد بە هیچ جۆرێ نە لەدوورو نە لەنزیکەوە دەستی نەگەیشتووتە سەرۆک جە مال عبدالناسر، تە حدای هە موولایەکی دە کەم کە وا ئە و بە شێوەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ لەو نزیک نەبووەو ناوی لە تۆماری سەردانەکانی کۆماری نەبووە).

کە کتێبەکەی العطفي کە لەزیندانەوە دەریکردبوو، چە ند نووسە ر وەڵامیان دایە وەو قسەکانیان بە درۆو بابەتی هەڵبەستراوو نووسەرێکی نەناسراو ناوبرد، لە وەڵامەکانیشدا وترابوو، گوایە ئەو کابرایە پاش مردنی سەرۆک جەمال لەلایەن ئیسرائیلەوە بەکرێگیراوە، نەک لەکاتی حکومڕانی ئەودا، لە دۆسیەکەی ئەودا لە ژمارە 4 ی ساڵی 1979ی پێوەیە بەهیچ شێوەیەک ناوی جەمال عبدالناسری تێدا نە هاتووە. کە علي جاسووس لە کاتی خۆیدا گیراوە بە فەرمانی سەرۆک السادات دادگاییکردنە کەی زۆر بە نهێنی کراوە، بوار نە دراوە دەزگاکانی راگە یاندنی میسری یەک دیمەنی دادگاییەکەش ببینن، بۆیە ئەو جۆرە پروپاگەندانە بڵاوبووینەوەو زەمینەی

بۆ رە خسا تا لە ناو خە ڵکەکە جۆرەها قسە و پروپاگە ندە دەربچێت، نە دەکرا بواربدرێت میسرییەکان بزانن کەوا مۆساد توانیوویەتی بچێتە ناو کۆشک و ماڵی سەرۆک کۆمار...! السادات تاڵی و شە رمەزارییەکەی بە تەنها چێشتبوو، بە ڵام پاش مردنە کەی هەواڵەکەو شە رمەزارییەکە بڵاوکرایەوە.

لە پێناسەی ئە و جاسووسە دا تۆمارکراوە ، کە وا جاسووسە کە ناوی (علي خليل العطفي)بووەو لە ساڵی 1922 لە گەڕەکی (السيدة زينب)ی قاهیرە لەدایکبووە، خوێندنی ئامادەیی تە واو نە کردووە، لە منداڵییەوە لەلای دوکاندارێک شاگردیی و بە ردەستی کردووە، کە گەورەتربووە لە فرنییەکی نان وە ک کرێکار کاریکردووە ، لە وێشەوە لە دەرمانخانەیەک کاریکردووە، تا لە پیشەی شێلان و مە ساج شارەزایی پەیدادەکات، ئەودەمانە ئەو پیشەیە لەناو میسر ئەوەندە باوو ناسراو نەبوو، تەنها ژمارەیەکی دەگمەن لە چینە ئورستقراتەکان کاریان بەو شێلانە هەبووە، پاش شۆرشی یولیۆ کە بێگانەکان لە وڵات دە رچوون ئە و پیشە یە کەمبووە، چونکە تەنها کەسانی بێگانە ئەو کارەیان کردووە، بۆیە ئەوانەی ئەو کارەیان زانیووە ژمارەیان دەگمەن بووە ، بۆیە کاریان زۆربووە هەمووڵایەک داوایانکردوون، ئە وانیش بۆ راپە ڕاندنی کارەکانیان و رازیکردنی مەعمیلەکانیان کاتیان داناوەو لەو ڤیلاوە بۆ ڤیلایەکی تر گەڕاون، ناوی پسپۆری چارەسەری سروشتیان لەخۆیان ناوە، ئەو زاراوەش لەناو میسرییەکان نوێ بوو.

کە پیشەکە گەشەی کردووە ، حکومە ت خولی فێربوونی بۆ مە ساج و شێلان کردیتەوەو لەئامۆژگاکانی سپۆرت ئەو دەرسانە خوێندراوەو بایەخیان پێداوەو کەسانی لێهاتوو و شارەزاکانی ئە و بوارە یان رە وانەی دە رەوەش دە کرد، لە ئەوروپاو ئە مریکاو یە کێتی سۆڤیە ت کۆرسیان وە رگرتووە، لە وانە بە بڕوانامەی دکتۆراش گە ڕاونەتەوە میسر. لەساڵی 1963علي العطفي خەون بەوە دەبینێت رەوانە ئەمریکا بکرێت و بڕوانامەی دکتۆرا لەو پیشەیە وەرگرێت، بەوەش ئەو دەگاتە پۆستی زۆر باڵا لە حکومەت، بەڵام ئەو تەنها بڕوانامەی ئامادەیی هەبووە، بەڵام وە ک خۆی لە کتێبەکەیدا نووسیویە تی، ئە و بە یارمەتی پیاوانی مۆساد لە سەفارەتی ئیسرائیل لە هۆلەندا توانی ئە و بڕوانامە یە وەرگرێت، پاش ئە وەی لە هۆلەندا ژن دە هێنێت و رەگەزنامەی هۆلە ندیش وە ردەگرێت، بە وەش بواری بۆ خۆش دە بێت لە ژێر ئە و ناوە و ئە و پەردەیە کاری جاسووسی بکات و چالاکییە کانی گەشە پێبدات و سە فەری زۆر وڵاتان بکات . کە لەهۆلەندا دکتۆرا ساختە کەی بۆ دە کەن، لە ئامۆژگای پە روەردەی وە رزشی وە ک مامۆستا کاردەکات و بە سەرۆکی یە کێتی پسپۆرانی چارە سەری سروشتیی میسری هە ڵدەبژێردرێت، پاشان ئە و کراوە بەیەکەم راگری ئامۆژگە ی باڵای چارە سەری سروشتی لە یەکەم ساڵی دامەزراندییەوە لەساڵی 1972 تا ئەودەمانەی لە 18 مارسی ساڵی 1978 بەتومەتی جاسووسی دەگیرێت.

العطفي توانی دۆستایە تی و پە یوەندییەکانی لەناو میسر لە گەڵ گەورە دەسەڵاتدارانی وڵات پتە وبکات، لە وانە (کمال حسن علي) ئەوەی ماوە یەک سە رۆکی دە زگای موخابە راتی

گشتی میسری بووەو سەرۆکایەتی وەزیران و بەرێز عوسمان ئەحمەد عوسمانی زاوای سەرۆک السادات و خاوەن گەورەترین کۆمپانایی بەڵێندەرایەتی لەکاتی خۆیدا.

ئەو بە هۆی برادە ری سە ردەمی منالّییە کەی کاپتن (عبده سالح الوحش) ئەو پەیوەندییە دروستدەکات، کە ئەودەمانە ئەو ئە ستێرەی دیارو گە شاوەی یانە ی الاهلي و بەرێوبەری هونە ری هە ڵبژاردەی تۆپی پێی میسری بوو، ئە و توانیبووی العطفي بکاتە میوانی شەرەفی تیمە پزیشکەکەی یانەی الاهلي، بەوەش پەیوەندییە کانی زۆرببوون، تا گە یشتە ئەوەی لە ساڵی 1972ەوە ببێتە مەساجکەری تایبەتی سەرۆک کۆمار.

لەکاتی لێکۆڵینەوەکان لەگەڵ ئەودا، ئەو دانی بەوە دانابوو کەوا ئەو بەهۆی سەفارەتی ئیسرائیل لە هۆڵەندا گەیشتووتە سەفارەتی میسری لەو وڵاتەدا، مۆساد هەستی بەوەکردووە، ئەو پیاوە بێجگە لە پارەو سامان هیچ برادەرو هاوڕێی دڵسۆزی نییە، هەستی بۆ نیشتیمانەکەی نییە، بڕواشی بە هیچ هەڵوێستێک نییە، لەسەر بیروباوەڕێکی نەگۆڕیش نییە، بۆیەو لەبەر رۆشنایی ئەو پێناسەیەو ئەو زانیاریانە ئەویان وەک بەکرێگیراوو جاسووسێک دەستەمۆکردووە.

کە ئەو لە قاهیرەوە دەکەوێتە ناو تۆڕی جاسووسیە تییەوە، مۆساد داوای لێدە کات بەخێرایی سە ردانی هۆلە ندا بکات، ئە و چوار رۆژ بوو لە هۆلەندابوو نەیدەزانی ئەویان بۆ چ مەبەستێک بانگکردووە، بەنیازن چ کارێکی پێراسپێرن، تا رۆژێکیان لەوێ لەناو باخچە جوانەکان پیاسەی دە کرد، رووی بە کیژێکی ناسک و جوان دە تەقێتەوەو رووبە روو بە یەک دە کەون، کیژەکە دەیەوێت بە ربێتەوە سەر زە وی، کە پیاوەکە دەستی دە گرێت و بە رزی دە کاتەوە، کیژەکە بەناوی خۆی بانگی دە کات و پێیدە ڵێت، نامەیەکم خستە ناو گیرفانی پاڵتۆکە ت، ئەو نامەیە بخوێنەوە، بەڵام ئەو هەستی بە هیچ نەکردبوو، بڕواشی نە کردبوو کەوا ئەو دەستی بۆ گیرفانی بردووە، لە ناکاو کیژەکە وەک چۆن بە خێرایی پەیدابوو، بەو شێوەیە لەبەرچاوانی زۆر بەخێرایی دیار نامینێت، لە پارچە پسولەکەی گیرفانی ئە درێسێک دەخوێنێتەوە، ئەو دەبووایە پاش چەند سەعاتێکی تر لەو شوێنە بێت، کە دەچێتە نزیک شوێنەکە لە دوورەوە ئۆتومبێلێکی رەش راوە ستابوو، شوفێرە کە بە علي دە ڵێت، زوو و بە خێرایی سواربە ، کە سواردەبێت و ئۆتومبێلەکە خێرا بۆی دەردەچێت، دەبینی کیژەکەی نامەکەی لە گیرفانی پاڵتۆکەی ئاخنی بوو، لە تەنیشتی دانیشتووە. ئۆتومبێلەکە لەپێش باڵەخانەیەک دەوستێت، لەگەڵ کیژەکە دادەبەزێت و ئەویش دەوکەتە شوێن پێی کیژەکەو دەڕوات، دەرگای ژوورێکی لێ دە کرێتەوە کە چەندین ئامێری تایبەتی تێدا ریزکراوە، لەوێ پیاوێکی ئاکار میسری پێشوازی لێدەکات و پێیدەڵێت:

(من ناوم (ئیلی برگمان)ە، لە میسر لەدایکبووم لەوێش گەورەبووم، هەرزەکارییم لە قاهیرە بەسەر بردووە، پاشان بەرەو ئیسرائیل کۆچم کردووە).

بەیەکەوە قسەدەکەن، لەسەر بە رنامەی کارە کانیان دانوستان دە کەن، ئە فسەرەکەی مۆساد پێرادە گەینێت، کەوا ئەو چە ند خول و مە شقی چڕ دە بینێت، ئەویش بەمەرجەکان و

بەکرێیەکەی رازی دە بێت، پێش ئە وەی مە شق و کارە جاسووسیيەکانی پێراسپێرن، لە سەر ئامێرو بە مەشقی دۆزینەوەو زانینی درۆکانی چەندین پروڤی تایبەتی بۆ دەکەن.

****

نەبەردییە موستەحیلەکە

ئەو بە رنامەی لە کاری دوارۆژی جاسووسی بۆ العطفي دا نرابوو، ئەوەبوو کەوا ئەو بچێتە ناو توێژی تە ندروستی و ئە کادیمیەکانی میسر، فێریان کرد چۆن شوفرە بەکاربهێنێت، چۆن بێتە ڵ بە کاربهێنێت، وێنە گرتن بە کامیرای زۆر هە ستیاریان فێرکرد، حبری سپی بۆ نووسینی نهێنییان فێرکرد، دە بووایە ئەو وە ک کە سێکی ترو بە بەرنامەیەکی تر بۆ ژیان و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە بۆ میسر بەڕێ بکرێتەوە، بۆیە مەشقەکانیان بەو ئاراستە پێکردو رێگای بەرنامەی نوێی ئە تکێتی رۆژانەیان فێرکردو سازیانکرد، بە و شێوەیە بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل لەناو میسر کاربکات. برگمان ەە ستی کردبوو ئە و پیاوە زۆری لەبارەو دە کرێ نەبەردی زۆر گەورەو گرانی پێراسپێرن. برگمان لە کۆبوونەوەیەکی گشتگیری هە موو سە رۆک بە شەکان و سەرکردەکانی مۆسادا جانتاکە ی دە کاتەوەو چە ند دۆسیە یەک دە ردەهێنێت، هە ر یە کەو دۆسیەکیان لە پێش دادەنێت، لە و دیمانە یەدا بیرۆکە کەی بە و جۆرە دەردەبڕێت و بە ئامادەبووان دەڵێت:

(دکتۆر علي العطفي پسپۆرە لە چارەسەری سروشتی، ئەو پیشەیەش لە وڵاتی میسر تازەیە، بۆیەش ئەگەری ئەوە زۆرە ئەو پیاوە ناوبانگی باش دەربکات و زۆر بناسرێت، ئێمەش کەمێ زانیاری نوێی فێربکە ین زۆر باشترە بێت، دە کرێ جۆرەها دە رمان و کرێمی باشی بۆ دابین بکە ین، وا بکرێت ئە و پیاوە لەکۆنگرە زانستیە گەورەکان بە شداربێت، لە ناو میسریش هەڵمەتێکی زۆری پروپاگە ندەی بۆ دە کەین، بەوەش گە ورە دەسەڵاتدارانی ناو میسر دە یناسن، کاریان بە پسپۆری ئەو پیاوە دەبێت، بەوەش ئەو هەموویان دەناسێت و بەئاسانی دەگاتە دەرگاو نووسینگەی زۆریان، بە تایبەتی پیاوە بڕیار بەدەستەکانی ناو حکومە ت، من بیرم لە وە کردیتەوە کەوا سە رۆک السادات پێویستی بە کەسێکی تایبە تی دە بێت تا جە ستەی بشێلێت و ماسولکەکانی بگرێت، بۆ کار نە کەین ئە و پیاوە ببێتە ئەندامێکی دە ستەی تە ندروستی و چاودێری سەرۆک کۆمار، بە ڵام ئەوەیان کاتی دە وێت، ئەوەش کارێکی قوورسی گە ورەیە، کە بەوە ژیانی سەرۆک ئەنوەر سادات دەکەوێتە بن دەستی ئێمە).

سەرۆکی مۆسادو گەورە بەرپرسەکان بە جوانی گوێیان لە قسەکانی برگمان راگرتبوو، داوای لە ئامادەبووان کردبوو، دەنگ بۆ بیرۆکەکەی براگمان بدەن، سەرۆکی مۆساد لەهەمووانی

پرسیبوو، رازین ئە و کارە بکەین، یان نا ... ئامادەبووانی بە وردی و بە چاکی بیرۆکە کەیان شرۆڤەکردبوو، لە کۆتاییدا زۆرینە کە دەنگیان بۆ بە رنامەکەی برگمان دابوو، بۆیە ش یە کسەر بڕیاری سە فەری هۆلە ندای دابوو تا بە زووترین کات بگاتە وە لای علي العطفي، ئە رکی نەبەردییە موستەحیلەکەی پێرابگەیێنێت، کە خۆی ناوی نابوو، نەبەردییە موستەحیلەکە.

****

جاسووسە نەناسراوەکە

العطفي بە کەرەستەی جاسووسیە وە گەیشتووە میسر، حبری نهێنی و شوفرە و ئامێرەکانی گەیاندن و وەرگرتن و کامیرایەکی زۆر هەستیاری پێبوو، بەڵام نەیدەزانی برگمان چ بەرنامەو پلانی بۆ دارِشتووە ، هە ر جارێک بە سەردان دە گەڕایەوە هۆلەندا لە گەورەترن نەخۆشخانەکانی هۆلە ندا کۆرسی چارە سەری سروشتی دە بینی، بە و شێوە یە بووە باشترین پسپۆری شێلان، لە چەندین زانکۆوە داوەتی بۆ دە هات، هە موولایەک داوایان دە کرد لە زانکۆکەیان کۆرسیان بۆ بکاتە وەو دە رس بە فێرخوازەکانیان بڵێتە وەو رێنمایی مامۆستاکانیان بکات، رۆژنامە میسرییەکان و بێگانە کانیش هە ڵپەی ئە وەیان بوو دیمانە ی لە گەڵدا بکە ن، ئەوەش هەموو بەشێکی سیناریۆیەکەبوو کە برگمان بۆی دانابوو، تا رۆژێکیان ببێتە کارمەندی تایبەتی شێلانی سەرۆک السادات.

لەودەمانەدا لە میسر یەکەمین ئامۆژگەی چارەسەری سروشتی کرایەوە، العطفي کراوە بە یەکەم راگری ئە و ئامۆژگایە ، رۆژێکیان لە ئامۆژگە خەریکی کاری رۆژانە ی خۆی بوو، پێیانووبوو، لە دیوانی سە رۆکایەتی کۆمار تۆیان دە وێت. ئەویش بەپەلە گەیشتووتە کۆشکی کۆماری و لە وێ دیمانە یەکی تایبە تیان بۆ کرد بوو، کە دیمانەکە تەواو دەکات، سە رۆکایەتی بڕیاریدا ئەو ببێتە دکتۆری چارەسەری سروشتی سەرۆک کۆمار، بەو ئەنجامە زۆر سەرسام بوو، ئەو بچێتە ناو کۆشکی کۆماری، لە وێ ئوتومبێلێکی تایبە تییان بۆ تە رخانکردو بە یانیان لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی الزمالک دە یانگەیاندە ئەو کۆشکەی سە رۆکی تێدابوو، لە بەرئەوەی کۆشکەکانی سە رۆک زۆربوون، بۆیە ئەو دە چووە هەموو کۆشکە کان، پاش ئە وەی توانی رەزامەندی سە رۆک وە رگرێت، بووە پسپۆری تایبە تی هە موو ئە ندامانی خێزانە کەی، تا بووە کەسێکی زۆر نزیک لە سەرۆک، ئە و بە رووتی سە رۆکی دە بینی، بە رووتی سە رۆکی دە شێلاو سەرۆکیش خۆی رادەستی ئەو دەکرد، کە ئەو زۆر ناسرا لە هەموو سالۆنە دیارییەکان پێشوازی گەرمی لێدە کرا لە فڕۆکەخانەکان جانتاکانی ئە ویان نە دەپشکنی، یە کسەر دە رگاکانی بە روودا دەرکرانەوە.

لەودەمانە ئەوەی مۆساد دەیویست ئەو بەئاسانی دەستی دەکەوت، هەموو رووداوەکانی ناو کۆشکی بەئاسانی دەگەیاندە سەرۆکایەتی، دەیزانی کەی سەرۆک دیالۆگی هەیە، لەگەڵ کێ دیمانەی هە یە، کە ی تە واو دە بێت، ئە و زۆریش دڵنیابوو هە رگیز ئە و وە ک جاسووس

نادۆزرێتەوەو کارەکانی ئاشکرا نابێت، بۆیە وەک ڕۆژانی یەکەمی کارکردنەکانی زۆر وریا نەمابوو، ئازادانە لەکۆڵانەکانی قاهیرە دەسووڕایەوە، بەئۆتومبێلە تایبەتیەکەی خۆی لە شارەکانی ناو میسر دەسووڕایەوە، نامەکانی خۆی لە جۆرەها بۆکسی پۆست بەرەو دەزگاکانی مۆساد بەڕێدەکرد، وای لێهات نامەکانی لە بۆکسەکەی تەنیشت ئامۆژگەکەیان دەنارد، بۆ ناردنی پۆستەکانی دوور نەدەکەوتەوە. بەچەندین بیانوی سەفەری دەرەوەی میسری دەکرد، کە دەگەڕایەوە مۆری چوونە ناو وڵاتانی ساختەی لێدەدا، زۆریش بە جانتا جاسووسیەکانییەوە دەگەڕایەوە، لە خۆشاردنەوەکانی خەمساردبوو، بۆیە کێسەکەی ئاشکرابوو، وەک جاسووس ناسرا. لە دوا سەفەرەکانیدا زۆر بێمەنتانەو بەپێی خۆی لە ئەمستردام سەردانی سەفارەتی ئیسرائیلی کردبوو، لە بەرئەوەی ئەو کەسێکی ناسراو و دیاربوو، بۆیە جارێکیان کەوتووە بەرچاوی موخابەراتی میسری، لە وێ پیاوانی موخابەراتی هاوشانی کەسانی مۆساد وێنەیان گرتبوو، وێنەکانیان خێرا گەیاندبووە قاهیرە، ماوەیەکی زۆریش بوو موخابەراتی گومانی لە جاسووسێکی نزیک و وریاو ئاگادار هەبوو، بەڵام بۆی نەدەکرا کەسەکە بدۆزێتەوە، دڵنیابوو جاسووسێک هەیەو زۆریش لە بڕیارەکان نزیکە، بەڵام بۆیان ئاشکرا نەدەبوو، نەدەزانرا ئەو کەسە کێیە زانیاری وردی سەرۆکایەتی کۆمارو ڕۆژانەی سەرۆک کۆمار دەگەێنێتە ناو ئیسرائیل، سەریان لەو کەسە سووڕمابوو، بۆیە موخابەراتی میسری دۆسیەیەکی بە ناوی جاسووسێکی نهێنی سازکردبوو، کاریان لەو دۆسیەیە دەکرد، دۆسیەیەکە درابوو بە عەمید (محمد نسيم)، بە نسیمی دڵشێر دەناسرا، ئەو یەکێک بوو لەئەفسەرە بەتواناکانی ناو دەزگاکە، بۆیە نسیم بەوردی و زۆر وریایانە کەوتە کارکردن بۆ دۆزینەوەی ئەو جاسووسە ترسناکەی هەموو نهێنییەکانی سەرۆکایەتی ڕادەستی مۆساد دەکات.

****

موخابەرات لە جاسووسێک دەگەڕا دۆسیەکەی بەتاڵ بوو، هیچ بەڵگەیان لەسەری نەبوو، زانیارییان دەست نەکەوتبوو، موخابەرات هەموو کەسە نزیکەکانی کۆشکی کۆماریان خستبووە ژێر چاودێرییەوە، تا ڕۆژێکیان زانیارییەک لەسەر العطفي گەیشتە موخابەرات کەوا ئەو لەگەڵ پیاوانی مۆساد لە ئەمستردام بینراوە، بۆیە یەکسەر موخابەرات ئەفسەرێکیان ناردە ئەو وڵاتە تا سۆراخی کەسە نزیکەکەی ناو کۆشکی کۆماری ماڵباتی سەرۆک بکات، ئەفسەرەکە چەند زمانی دەزانی و شیاوی ئەو کارەبوو، بەوردی ژیاننامەی علي العطفي بە سەرکردەوەو لە دۆسیەی تایبەتی ئەوو خێزانەکەی کۆڵیەوە.

کە محمد نسيم دۆسیەکەی ئەوی گەیشتە دەست، چەند ڕۆژێک خەو نەچووە چاوانی بەردەوام کاری لەسەر دۆسیەیەکەکرد، زۆر خەریکی بوو، دەیویست باش و خێرا بگاتە ئەنجام، لەکۆتایی گەیشتە قەناعەت کەوا ئەو پیاوەی نزیک سەرۆکایەتیەو لە کۆشکدا سەربەستانە هەڵسوکەوت دەکات پیاوی مۆسادە ، بۆیە دۆسیەکەیان ڕەوانەی پێش سەرۆک کۆمار کرد،

سەرەتا ئەو گومانی هەبوو بڕوای نەدەکرد، بەدۆسیەکەی سەرۆکی دەزگای موخابەراتی میسر تووشی شۆک هاتبوو، بۆیە یەکسەر لە ناوی ئەفسەرە پەیوەندارەکەی دۆسیەکەی پرسیبوو، ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە کەوا دۆسیەیەکە لەلای عەمید (محمد نسیم) بووە، لە بەرئەوی بڕوای زۆری بەو پیاوە هەبووە، بۆیە یەکسەر دڵنیابووە لەراستی دۆسیەکەو جاسووسیەتی کەسە نزیکەکەی خۆی و کۆشک و بنە ماڵەکەی، کە دۆسیەکەی چاک خوێندووتەوە فەرمانیداوە ئەو کێسە دەبێ زۆر بە نهێنی راگیرێت، واتە زۆر بە نهێنی کاری لە سەربکرێت، ئەو پلەیەش لە پلەکانی موخابەرات دوا پلە ی نهێنییە، لەدواییدا بڕیاردرابوو کێشەکە دابخەن و علي العطفي جاسووسیش بگیرێت. لەودەمانەوە فەرماندرابوو بە ئەفسەرەکە هۆڵەندا چاودێری ورد بخاتە سەر علي، بە ڵام جووڵە و چالاکییەکەت ئەو هەستی پێ نەکات، نەوەک خۆی باوێتە ناو سەفارەتی ئیسرائیل، لە هۆڵەندا لە دەستمان دەربازی دەبێت، پاشان ناکرێ بگیرێت و حکومەتی هۆڵەندیش لەو حاڵەتەدا ناتوانی رادەستی میسری بکاتەوە.

ئەو چەند رۆژەی ئەو لە هۆڵەندا ماوەتەوە، ئەفسەرەکە بەوردی چاودێری کردووە، تا رۆژێکیان بە موخابەراتی راگەیاندووە، کە وا ئەو پلیتی گەڕانەوەوی بۆ میسری بڕیوە و دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەوانیش فەرمان بە ئەفسەرەکە دەدەن بەهەمان فڕۆکە بگەڕێتەوە، یەکسەر کە ئەو لە فڕۆکە دابەزی بگیرێت. لە رۆژی 22ی مارسی ساڵی 1979 فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی ئەمستردام بەرەو قاهیرە دەفڕێت، پاش ئەوەی ئەفسەرەکە دڵنیادەبێت علي لەناو نەفەرەکانەو ناوەکەی تۆمارە، ئەویش سواردەبێت. ئەو لە فڕۆکەکە دادەبەزێت، چەند کەسێک لەپێش پەیژەکە چاوەڕوانی دەکەن، بەڵام کە هەموو سەرنشینەکان دادەبەزن، کابرای جاسووسی تێدانەبوو، ئەفسەرەکەو هاوڕێیەکانی ناو فڕۆکەخانەکە چاو دەگێڕن جاسووسەکە دانەبەزیووە، بۆیان روون دەبێتەوە ئەو لە گەڵ فڕۆکەکەدا نەبووە، بەڵام لە بەرئەوەی موخابەرات باش چاودێریان کردبوو، بۆیە عەمید محمد نسیم ئاگاداریان دەکاتەوە، کەوا علي العطفي دوو رۆژە لە ماڵەکەی خۆیەتی، دوو رۆژە گەیشتووتەوە وڵات و بەفڕۆکەیەکی زووتر هاتووتەوە، دیارە ئەو لە گەڕانەوەکانیدا ئەو جۆرە فێڵانەی بەکارهێناوە، بۆیە بەرنامەی تریان دارشت بۆ گرتنەکەی.

بەیانی زوو جاسووسەکە لەگۆڤاری (آخر الساعة) تەلەفۆنێکی بۆ کرا، بۆ سازکردنی دیمانەیەکی دوورودرێژ لەسەر دوابەرنامەو دەرمان و کریمەکانی چارەسەری سروشتی لەگەڵدا دەکەن، ئەو وتبووی دەکرێ سەعات نۆی ئێوارە پێشوازییان بکەم، لەکۆتاییدا ژوورنالیستەکە لێ دەپاڕێتەوە کە ئەوان هاتن، تکا دەکەین سەگەکە لە شوێنێکی لاچەپ ببەستێتەوەو با لە ئێمە دووربێت، ئەویش بە پێکەنین وەڵامی دەداتەوەو دڵنیای دەکاتەوە کەوا ناهێڵێ سەگەکەی کەستان هەراسان بکات، بەدڵنیاییەوە پێیان دەڵێت ترستان نەبێت، بەڵام ئەو نازانێت بەرنامەکە هەمووی لەلایەن موخابەراتەوە دارێژراوە. لە سەعات هەشت و نیوی رۆژی 23ی مارسی ساڵی 1979 گەڕەکی الزمالک، ئەو گەڕەکەی زۆربەی سەفارەتەکانی دەرەوەی تێدایە، گەورە پیاوانی دەوڵەت و دبلۆماسییەکان لەو دەڤەرە نیشتەجێن، گەڕەکێکی هێمنە و ئاژاوە و قەرەباڵغی تێدا نەبینراوە، لەبەر ترسناکی پێشهاتەکەو گەورەی رووداوەکە هەموو شتەکان بەهێمنی بەزیرەکی

بەڕێوەدەچوو، بەتایبەتی لەپێش باڵەخانەی ژمارە 4 لە شەقامی بهجت علي، ڕەوشەکە زۆر ئارام بوو، بەلام کۆلانەکانی ئەو گەڕەکە، باڵەخانەکان بەپیاوانی موخابەرات گەمارۆدرابوو. لەوکاتەدا ئۆتومبێلێکی رەشی ژمارە تایبەت لەپێش باڵەخانەکە راوەستا، چەند پیاوێکی مەدەنی پۆشی لێ دادەبەزێت، بەلام هێشتا رە وشەکە ئاساییە، کەس گومان لە هیچ ناکات، لە ودەمانەش لە ژوورەوەش علي العطفي چاوەروانی ژوورنالیستەکانە.

پیاوانی موخابەرات گەیشتنە پێش دەرگای باڵەخانەکە کە نهۆمێکی تایبەت بە العطفي بوو، ژنە کارەکەرەکە دەرگا لەمیوانەکان دەکاتەوە، دەیەوێت میوانەکان بباتە سالۆنەکە، بەلام عەمید محمد نسیم لەوێ ناوەستێت، یەکسەر پەلاماری نووسینگەی خاوەن ماڵەکە دەدات، کە تێدا ئەو بەشۆخییەوە چاوەروانی ژوورنالیستەکەی دەکرد، ئەگەرچی پەلامارەکە زۆر لەناکاوبوو، بەلام ئەو خۆی شپرزە نەکردبوو، لەودەمانەش عەمید نسیم فەرمانی بەپیاوەکانی دابوو لە ناو شوقەکە بلاوببنەوە. نسیم فەرمانی نیابەی بۆ گرتن و پشکنینی شوقەکەی نیشانی ئەو دابوو، ئەو کە فەرمانەکە دەبینێت، گوایە بە بەکرێگیراوی بۆ بێگانە تاوانبارکراوە، علي بە فەرمانەکە سەرسام دەبێت، ئەو بەشێوەیەکی هەڕەشەئامێز وەلامی عەمیدەکە دەداتەوە، بەلام پیاوەکان لە کارەکانی خۆی سڵ ناکە نەوە، شریفی کوڕی کە خوێندکاری کۆلیژی ئەندازیاری بوو، لەگەڵ باوکی بەدیتنی ئەو دیمەنە بەزمانی ئەڵمانی قسەدەکات و سەرسام دەبێت، بە باوکی دەڵێت، من ئێستا پەیوەندی بە (جەمال)ی کوڕی السادات دەکەم، با زوو ئەو بە مامە ئەنوەر بڵێت، با ئاگاداری بکاتەوە لەوەی لە ماڵەکەیان روو دەدات، لەناو ئەفسەرەکان یەکێکیان ئەڵمانی زان بوو، بۆیە قسەکانی کوڕەکە بۆ گەورەکەی دەکاتەوە عەرەبی، تا هیچ روو نە دات و کارەکەیان نەشێوێنن.

****

تۆبەکردن

عەمید نسیم وتبووی:

(دکتۆر العطفي، تۆ بە وە تاوانبارکراویت کە لایەن ولاتێکی بێگانە بەکرێگیراویت، ئێمەش فەرمانی سەرشانمان جێبەجێ دەکەین).

لەوەلامدا دکتۆر وتبووی:

(تۆ دەزانی لەگەڵ کێ قسە دەکەیت.!).

ئەو دە ستی دابووە سەماعەی تە لەفۆنەکە، بە ڵام عە میدەکە توند دە ستی گرتبوو، پێیوتبوو:

(باش بزانە کەس ناتوانێ فە رمان و ئەركی موخابە رات راگرێت، ئە وە دەسەڵاتی سەرۆک کۆماریش نییە ، ئە وەیان یە کەم، دووە میان: سەرۆک کۆمار ئاگادارە و دە زانی ئێمە خەریکی چیین، ئەو دانیشتووەو چاوەروانی گرتنی تۆ دەکات).

عەمیدەکە وێنەیەکی ئەو لە گەڵ ئەفسەرێکی مۆساد دە ردەهێنێت و نیشانی دە دات، کە لەپێش سە فارەتی ئیسرائیلی لە ئەمستردام گیرابوو، کە العطفي وێنە کەی دیبوو، یە کسەر خۆی پێرانەگیرابوو لەسەر نزیکترین کورسی تەنیشتی لاردەبێتەوە.

لەوکاتەدا العطفي وتبووی:

(من هەموو راستییەکان دەڵێم، بەڵام پێش ئەوەی قسەکانم بکەم، من بەنیازبووم ئەو هەفتەیە بەیەکجاری تۆبە بکەم، من بۆیە ش ئە و سە فەرەی هۆلە ندام کردبوو تا دوابڕیاری خۆمیان پێبڵێم، من بە نیازبووم ئیمساڵ تۆبەبکەم و بچمە ماڵی خوداو حەجیش بکەم. ئەفسەرە ئیسرائیلییەکە پێیووتم، دە توانی خۆت و مناڵە کانت سە فەری ئیسرائیل بکە یت، دە کرێ لە تەلئەبیب بژیت، بە ڵام من پێم ووتن، هیچ نییە شتەکان ئاساییە و دە گەڕێمەوە ماڵەوە، من دەمەوێ خزمەتی میسر بکەمەوە، تۆبە دەکەم).

عەمیدەکە لەسەرخۆ وەڵامی داوەتەوەو وتوویەتی:

(پێشنیارێکی جوانە، چاکت کردووە، ئەوەشت کرد تا ئێمە بتوانین کارەکەمان جێبەجێ بکەین، قسەکەت جوانە.!).

العطفي دە ستیپێکرد لە سەرەتاوە چیرۆکەکەی خۆی بۆ عە میدەکە گێڕاوەتەوە، بە ڵام لە گەڵ قسانە کانیدا چە ند درۆیە کیشی ریزدە کرد، پیاوە کانی موخابە راتی دە یانزانی درۆدە کات، بەڵام بواریاندا بەئارەزووی خۆی قسەبکات.

لەوەڵامی پرسیاری ئە وەی چۆن نامە کانت دە گەیاندە موخابەراتی ئیسرائیل، ئە و لە وەڵامدا وتبووی:

(نامەکان شفرە داربوون، لە سەر کاغە زی کاربۆن دە منووسین، بەپۆست رە وانەم دەکردن).

بەوەیان یەکەمین بەڵگەی لەسەرخۆی کردەماڵ کەوا کاری جاسووسی کردووە. لەناو (بۆک نۆنە)ەکەی کە باجی ئامۆژگەکەی لەسەربوو، چەند کاغەزی کاربۆنی دەرهێناو نیشانی مەفزەزەکەی دابوو، کە لەسەرەوەی نووسرابوو (بسم الله الرحمن الرحيم)، پێیووتن، من ئە و کاغەزم وەک حبری سپی بەکاردەهێنا، دەستی بۆ کتێبخانەکە درێژکردو کتێبێکی دەرهێنابوو و وتبووی:

(ئەوە کتێبی شوفرەکەمە).

عەمید نسیم بانگی یە کێک لە پیاوەکانی کردبوو، کە کتێبی شوفرەکەو کاربۆنەکەی لێوەرگرن، ئەفسەرەکە بەبێدەنگی شتەکانی وەرگرت، بەڵام عەمیدەکە دەیزانی العطفي کاتیان پێدەکوژێت، ئەو دەیزانی کتێبەکە کتێبی شوفرەکانی نەبوو، بۆیە بە تووڕەییەوە هاواری کردبوو سەری و وتبووی:

(کتێبی شوفرەکانمان نیشان بدە! کتێبە راستییەکە.!؟).

العطفي لەشوێنێکی تری کتێبخانەکەی کتێبەکەی دەرهێناوەو لەناو دەستی نسیمی دانابوو، ئەمجارە پێیانوتبوو، ئەوەیان تەواوە. لەودەمانە ژنەکەی و عمری کوڕی دووەم میشی ئامادەببوون، پیاوەکانی موخابەرات بە ژنەکەو بە کوڕەکەشیان وتبوو، باش بزانن، ئە و پیاوە بەکرێگیراوی مۆسادی ئیسرائیل بووەو ئێمەش هاتووین بیگرین، کە قسەکەی بیستبوو، ژنەکە لەجێگەی خۆی رووخابوو، ئە وەشیان بەڵگەبوون کەوا ژنەکە ئاگاداری پلان و کارەکانی مێردەکەی نەبووە، بۆیە ژنەکە زۆر بەتووڕەییەوە هاوار دەکاتە سەر مێردەکەو قسەی ناشیرینی پێدەڵێت، هەروەها کوڕەکەشی بە شێوەی دایکی هاوار دەکاتە سەر باوکی، لە ودەمانەدا پیاوە گیراوەکە دەست بەگریان دەکات. دانیشتنەکەیان بەو شێوەیە درێژی کێشابوو تا حەوتی بەیانی بەردەوام بووە. نسیم بە پیاوەکانی وتبوو، ژنەکەو منداڵەکان بگوازنەوە شوێنێکی تر چونکە ماڵەکە هەموو حیجزدەبێت و بۆ کاری پشکنین و لێکۆڵینەوە کارمان بەهەموو کەرەستەکانی ناو ماڵەکە دەبێت، بەو شێوەیە پیاوەکان بەکرێگیراوە زەلیلەکە دەبەنە دەرەوەو کەسە نزیکەکەی کۆشکی کۆماری میسری بە ناشیرینترین تاوان دەگیرێت و نێچیرە گرانبەهاکەش لەگەڵ خۆیاندا دەبەن.

****

السادات خۆی چاودێری لێکۆڵینەوەکان دەکرد

سەعات نۆی بەیانی پیاوەکان لەماڵەکە دەرچوون و دەستەیەکیش بۆ کاری پشکنین و چاودێری لەوێ مانەوە، لەولاشەوە دەستەیەکی تر لە پیاوانی موخابەرات گەیشتبوونە نووسینگە تایبەتییەکەی خۆی لە ئامۆژگەی چارە سەری سروشتی، پاش ماوە یەکیش العطفي لە گەڵ مەفرەزەکە گەیشتبوونە ناو حەوشەی ئامۆژگاکە، خوێندکاران دەستەدەستە وەستابوون و سەیری راگرەکە زەلیلەکەی خۆیان دەکرد، لەوێ موخابەرات بێتەڵەکەیان دۆزیەوە، کە لەشوێنێکی زۆر هەستیارو سە یری دە شاردەوە، پاش ئە وەی دە رگاکەیان بە مۆم کلیلدابوو، شوێنە کەیان چۆڵکردبوو. سەرۆکی دەزگای موخابەراتیش لەو کاتەی مەفرەزەکە لە دەزگاکە بۆ گرتنی ئەو دەرچووبوون، ئە و لە نووسینگەکەی خۆی بە گەرمی چاوە روانی دە کردن، هە موو ساتە کانی پشکنینەکان و لێکۆڵینە وەکانی سۆراخ دە کرد، بە گەڕانەوەی نسیمی شێردڵ سلاوێکی سە ربازی بۆ لێدابوو، کۆتایی هاتنی ئە رکەکەی بە باشی پێراگە یاندبوو، یە کسەر ئە ویش دە ست دە داتە تەلەفۆنەکەی و قسە لەگەڵ سە رۆک ئە نوەر السادات دە کات، دیارە ئەویش زۆر بە گەرمی چاوەڕوانی دوا هە واڵی گرتن و پشکنینە کەی دە کرد، بە لام السادات حە زی کردبوو هە موو وردەکارییەکان لە خودی عەمید نسیم ببیستێت، ئە ویش وردەکارییەکانی دکتۆرە تایبەتیەکەی خۆی بە جوانی بۆ گێڕاوە تەوە، لەودەمانە سەرۆک فە رمان دەدات، کەوا رۆژانەی لێکۆڵینە وەکە زۆر بەنهێنی ئەنجام بدرێت، رۆژانەی لێکۆڵینەوەکان بەهەزار لاپەرەی فلوسکاپ نووسراوەتەوەو 20 رۆژی خایاندووە، ئە گەرچی ئە و سووربوو لە سەرئەوەی ئە و لە ساڵی 1976ەوە کاری بۆ مۆسادکردووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکان دەرئەنجامەکەی وابوو کەوا ئەو لەساڵی 1972ەوە کاری بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل کردووە ، چونکە موخابەرات لە ریرەوەی بێتە لی ساڵی 1972 یان هەڵگرتبوو، کە هەمان لەرینەوەی بێتەڵەکەی ئەو بووە، بۆیە دڵنیابوون، ئەو بێتەڵە لەو ساڵەوە کارکردووەو نامەی شفرەداری رەوانەکردووە.

لە گیرفانێکی زۆر نهینی ئە ودا کارتی ئامێری نیشاندانی میکرۆفیلمە کەیان دۆزیەوەو ئەوەش بە لگەیەکی ترسناکی تری جاسووسیە تی ئە وەی دە سەلماند. لەماوەی تە حقیقەکاندا داواکاری گشتی ئیشتراکی میسری بە بڕیارێک لە رۆژی 3ی ئە ریلی ساڵی 1979 فەرمانی دابوو، ئەو خێزانە بۆیان نییە دەست لە موڵکەکانیان بدەن، بۆیە هەموویان پاسەوانی تایبەتیان بۆ دانرابوو. دادگاش لە 1ی مارسی ساڵی 1981 هەموو موڵکە کانی ئە وانیان بۆ بە رژەوەندی میللەت حیجزکردبوو، کە بە دوو ملیۆن و 200 هەزار پاوندی میسری دەخەملێندرا.

العطفي بە دۆزی ژمارە 4ی ساڵی 1979 رەوانەی دادگای باڵای دەوڵەتکراوو لەوێش دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ بڕیووە تەوە، بە لام سە رۆک السادات سزاکە ی بۆ 15 ساڵ بەکاری قوورسەوە بۆ سووککردبوو، هەرچەندی زۆرلایەن داواکاربوون ئازادبکرێت یان سزاکەی سووک بکرێت، بە لام ئە و فشارانە کار لە بڕیارەکە ناکەن، هە تا چەندجار سە رۆک وە زیرانی ئیسرائیلی (مناحیم بیگن) لەرۆژانەی دانوستانە کانی ئاشتی نێوان میسرو ئیسرائیلیش داوای

سووككردنی سزاكەی العطفي كردبوو. كە بڕیارەكە لەسەر دكتۆرە جاسووسەكە دەرچوو، كوڕە گەورەكەی لەسەر ئەركی خۆی و بە پارەو لەسەر روویەكی گەورەی لاپەڕەی چەندین رۆژنامە میسرییەكان بە میللەتی میسری راگە یاند كەوا باوكی ئە و خیانە ت و ناپاكی لە میللەتەكەو وڵاتەكەی كردووە، بۆیە بێبەری خۆی لە باوكی رادەگەیێنێت. كە السادات مردو حسنی مبارك هاتووتە سەرحكوم چەندجار ئەو داوایكردووە، بڕیارەكەی دادگای لە سەر سووك بكات، یان لەبەر نەخۆشی ئازادی بكات، بە ڵام مبارك داواكە ی رەفزدەكاتەوە، كە دوا داواشی لە ساڵی 1987 بووە، بۆیە بەزەلیلی لە 1ی ئەپریلی ساڵی 1990 دەمرێت و مناڵەكەشی رازی نابن، تەرمەكەی بۆ شا ردنەوەش وە رگرنەوە، بۆیە جاسووسە مردووەكە بەبێكەسی لە گۆڕستانی سەدەقەكان دەنێژرێت.

لەرۆژانی 24و 25ی سپتەمبەری ساڵی 2008 لە رۆژنامەی (الجریدة)ی كویتی بڵاوكراوەتەوە.

خمیس بیومی ئەوەی لە بەیروت سەفارەتی عێراقی تەقاندەوە

خمیس بیومی ئەوەی لە بەیروت سەفارەتی عێراقی تەقاندەوە

لەساڵی 1965 وڵاتانی عە رەبی لە کۆبوونەوەی کۆمکاری عە رەبی بڕیاریاندابوو جۆگەکانی ئاوی رووباری ئوردن بگۆڕن، بۆ ئە گەری بە رپەرچدانەوەی هێرشی ئیسرائیل بۆ راگرتنی ئەو پرۆژە یە، دەبووایە هەموو وڵاتە عەرەبیەکان چە ک و سوپایان تە یارو ئامادەبێت، بەتایبەتی ئە گەر ئیسرائیل لە تۆڵەی ئەو کارە هێرشی کردە سەر وڵاتە عەرەبیە هاوسێیەکانی، وڵاتی لوبنان بە سربە فرۆکەو رادارێک بە شداردەبێت، لە بەرئەوەی پێگە ی ئە و وڵاتە لەبەر شاخە بەرزەکان زۆر ستراتیژییە، بۆیە بۆ خۆپاراستن بڕیاردرا چەند مووشەکێکی ئەرز ئاسمانیان بدەنێ، کە نەخشەو پلانەکە دانرا، باس لە پارەو مەسروفەکانی شەڕە چاوەروانکراوەکەش کرا، لەوێ باس لە وەش کرا کام لایە ن پارە کە دابینبکات، دە بێ ئە و وڵاتە ش نە وەک ئیسرائیل لەتۆڵەی پارەبەخشینەکە هێرشی بکاتە سەر، دەبێ مووشەکی پاراستنی ئاسمانی هەبێت. ئەمریکا ئەو پلان و سیاسە تەی وڵاتە کە عەرەبیەکانی پە سندنەبوو، بە ڵام وڵاتە عەرەبییەکان بڕیاری جێبەجێکردنیان لەسەردابوو. ساڵانی 1971و 1972 لوبنان لەناو گێژاوی ناکۆکییە کانی نێوان فەڵەستینیەکان دە خولایەوەو رووداوە کەی مانگی ئە یاری ساڵی 1973 قەوماو پە یوەندییەکانی بە وڵاتانی عە رەبی ئاڵۆزبوو، بەڵام سیاسە تەکە گۆڕاو پاش شە ڕەکەی ئوکتۆبەر لوبنان بە رووی وڵاتە عەرەبیەکان کرایەوەو هەموو بەرەی بەرگری فەڵەستینیش بە باشە کرایەوە، ئەو سیاسەتە نوێیەش لە وەوە زۆرتر هە ستی پێکرا کە سەرۆکی لوبنانی ئە وکات (سلێمان فرنجیە) گوتاری عەرەبی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر دۆزی فە ڵەستین خوێندە وە، زووتر لوبنانییە کان دەیانووت دەبێ چەکە قورسەکانی ناو ئوردوگاکانی فە ڵەستینییەکان لە دەست فەڵەستینییەکان نەمێنێت و لە ئوردوگاکان دووربخرێنە وە، بە وانە رەوشەکەی نێوان لوبنانیە کان و فەڵەستینییەکان ئارامتربوو، هە ستدەکرا هاوسۆزییە کەی گە رم و دڵسۆزانە ترە، وڵاتی لوبنان لە وڵاتێکی هاوبە ش و بە شدار بووە وڵاتێکی بە شدار لە بەرەکەو لە جەنگە بەردەوامەی دژ بە ئیسرائیلییەکان.

****

گۆڕانی لوبنان

ئیسرائیل ئەو گۆڕانەی لوبنانییەکانی زۆر بەجدی وەرگرتبوو، گەیشتە ئەو قەناعەتی لوبنان دووبارە بەشداری ریزی عەرەبەکان دەکاتەوەو لەگەڵ خۆرهەلات تێکەڵدەبێتەوە، بەرەکەی ئەوانیش دەبێتە بەرەی شەڕی ژمارە 5، بۆیە ئیسرائیل بەناچاری بڕیاریدا سیاسەت و ستراتیژییەکانی ناوچەکە بگۆڕێت، بەوەش تووڕەیی ئیسرائیل و ئەمریکا دەروازەکەی کرایەوە. ئەمریکا چرای کەسکی بو ئیسرائیلییەکان داگیرساند کە راست و چەپ لە لوبنان بدات، بەوەش وڵاتەکە شپرزەبکات، بۆیە ئیسرائیل بەردەوام بە تۆپە قورسەکانی لە (النبطیة)ی دەدا، ئوردوگا فەلەستینییەکانی ناو لوبنانی هەراسانکردبوو، تۆپبارانە کە دەگەیشتە ناو بەیروتی پایتەختیش.

موخابەراتی ئیسرائیلی لەناو لوبنان کەوتەخۆو دەستیان بە چالاکی کردبوو، توانیان بە چالاکییەکانیان رەوشی ناو لوبنان بشێوێنن، بە تۆڕە جاسووسیەکانیان توانیان هاوسۆزی و هاوکاری لوبنانی و عەرەبی شێلوو بکەن، موخابەراتی ئیسرائیلی زووتر لە چالاکییە شەرمەزارییەکەی لافۆن لە میسرو لە هەڕەشەی کوشتنی زانا ئەڵمانیەکانی مووشەکەکانی ناو میسر کاریکردبوو، بۆیەش لە لوبنان کەوتە بەرنامە دانان و پلانگێران، کە سێکیان بە ناوی (خمیس ئەحمەد بیومی)ی تەمەن 34 ساڵە پەیداکرد، مەشقیان پیکرد، ئەو جاسووسە بێدڵە، ئەو پیاوە بێویژدانە بەشێوەیەکی زۆر هۆڤیانە لەناو لوبنان دەستی بە کاری تێکدەرانەکرد، بێرەحمانە لە لوبنانی دەدا، لە ناخەوە ئەو وڵاتەی دەهەژاند.

****

پێناسەیەک

لەیەکێک لە و باڵە خانانەی سەردەریا لە سەر رێگای بولیفار، خیمس لە خێزانێکی دەوڵەمەندو ژمارە زۆر لە دایکبووە، باوکی پیاوێکی بە لێندەری گەورەبوو، لە نووسینگەکەی ژمارەیەکی زۆر کارمەند کاریاندەکرد، ئەو لە خۆشی و بە ناز ژیاوە، شەوانە لە گازینۆو دیسکۆکانی بەیروت و صیدا کاتەکانی بەسەربردووە، تەمەنێکی درێژی لە مێبازی و کەیفوسەفا بەڕێکردبوو، لەگەڵ هاوڕێیە دەوڵەمەندەکانی تری خەریکی کات بەفیڕۆدان و بەزمی رابواردن بووە، هەرچەندی باوکی ئامۆژگاریکردووە، ئەو کاری نەکردووەو لەسەر کارە زۆرەکانی باوکی نەگیرساوەتەوە، بۆیە باوکی دەستی لێدەشوات و بەرەڵای دەکات، بەتووڕەبوون دەریدەکات تا ئەودەمانەی بەهۆش خۆی دێتەوەو بە سالحی دەگەڕێتەوەماڵەوە.

بەڵام ئە و هیوایە ی باوکی نە هاتەدی، رۆژێکیان باوکە کە بە رووداوی ئوتومبێل دەمرێت، کە خێزانەکەی سەیری پارەو سامانەکەی دەکەن، دەردەکەوێت ئەو پارەیەکی زۆری لە بانکەکان قە رزکردووە، بە و رووداوە خمیسی کوڕ هە ستدەکات گورزێکی کوشندە ی بەرکەوتووە، کە هاوڕێیەکانی تێگە یشتن باوکی پارە و سامانێکی زۆری بۆ جێنە هێشتووە لەو دووردەکەونەوەو تەنها دەمینێتەوە، ئەو دەبێتە براگەورەی شەش خوشک و دایکێکی داماو.

بەناچاری ملی لە کاسبی نا وەو کۆششی کردووە تاڵی ژیان و ناخۆشییە کان چارەسەربکات، لە بنکەیەکی کە مئەندامان لە شاری صیدا وە ک شارە زایەک لە کاری چارەسەری سروشتی کاردە کات، هە رچەند کۆششدە کات و خۆی ماندووده کات هە ستدەکات ناگاتە هیچ، رە نجەکەی بە رهەمی نییە ، وە ک گایەک وایە بەردێکی گە ورە سەردەخاتە هەورازێک و پاش ماندووبوون و کۆششی زۆر بە ردەکەی بۆ خوارەوە گلدەبێتەوە، بۆیە هەست بە هەرەس و شکان و نائومێدی دە کات، دەست لەو کارە زەحمەتە بێ بەرهەمە بەردەدات، بیردەکاتەوە سەفەری کەندا بکات، لەوێ ژیانێکی نوێ دەست پێ بکاتەوە، بەڵام پاش چەندین هەول و کۆشش سەفەرەکەی سەرناگرێت، بۆیە بەتووڕەیی رقی لە خۆی و لە دەوروبەرەکەشی دەبێتەوە، بە تووڕەییەوە سەیری کۆمە ڵگاو ژیانی تایبە تی خۆی دە کات، لە گەڵ رووخان و شکانەکەی دەتلێتەوە.

****

لەناو تۆڕی جاسووسیەدا

رۆژێکیان خمیس رووبە رووی پیرەژنێکی ئەرمەنی دەبێتەوەو پرسی ئە وەی لێدە کات شوێنێک یان کەسێکی بۆ چارەسەری سروشتی بۆ کوڕە کەمئەندامەکەی بۆ بدۆزێتەوە، ئەویش کە سەیری راپۆرتی نەخۆشەکە دەکات، بڕیاردەدات لە ماڵەکەیان سەردانی بکات، کە دەچێتە ماڵەکە دەبینی وەزعیان باشەو دەوڵەمەندییان پێوەدیارە، لەوێ (غریس)ی کەمئەندامی تەمەن 9 ساڵان دەبینێت بێجوولە کەوتووە، لەچاوانی ئەو کیژە بەرائەت و بێتاوانی دەبینێت.

خمیس رۆژێکیان (کۆبلیان)ی زێرینگر لە بەیروت، خاڵی کیژەکە دەبینێت، بەیەکەوەو بەگەرمی دەمەتەقێ دەکەن. خمیس رۆژانەی هەبوونی ماڵەکەی خۆیانی بۆ دەگێڕێتەوە، شەوانی دیسکۆکانی بەیروتی بۆ باسدەکات، کە چۆن ئەو ماوەیەکی زۆر کەیفی کردووە، ئێستاش لەگەڵ کارێکی نارەحەت و برسیە تی رۆژانە بەڕێدەکات، کۆشش زۆر دە کات تا خێزانە زۆرەکەی نان بدات، بە پیاوەکەش دە ڵێ، من بۆ پارە ی زۆر ئامادە م هە موو کارێک بکە م، ئیشی گرانم پێدەکرێت، پێویستم بە هەڵسانەوەیە، دەبێ سەرچاوەیەکی باش بۆ پارەپەیداکردن بدۆزمەوە.

کە کۆبلیان سەفەری بەیروت دەکاتەوە، هەستدەکات نێچیرێکی ئاسانی دۆزیوە تەوە، کەسێکی لاوازی کە وتووتە بەردەستان. تا رۆژێکیان خمیس لە بەیروت سە ردانی پیاوە زێرینگرەکە دەکات، دڵسۆزی و کارامە یی خۆی نیشاندە دات، ئە ویش هەستدەکات ئە و پیاوە

زۆر برینداره‌و زۆریشی خۆشی دیوه و ده کرێ باش کار له سەر ئەو بکات و باش ده ستەمۆی بکات، بەبیری دەهێنێتەوه که ژیان چەند خۆشەو سامان چۆن ئینسان دڵشادو سه رفرازده‌کات، پیاوه بەکرێگیراوەکەی مۆساد زیره کانه مامەلەی له گەڵ ده کات، تا ده گاته ئەو ساتانه ی پێیبڵێت، تۆ پارەت دەوێ و دژایەتی لوبنان بکەیت، تۆ ئامادەی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا بیت و دژی عه رەب بیت، ئه ویش له ناو تاڵی ژیان وکۆششی زۆری بۆ پاره پەیداکردن، ئامادەیی سازش دەبێت و دەڵێ من به پاره لوبنان و عەرەب دەفرۆشم.

****

تەقینەوەو وێرانکردن

خمیس له بەیروت به پارەی مۆساد شوقەیەک بەکرێدەگرێت، پارەیەکی زۆر شەوانه له خۆشییەکانی خۆی سه رفدەکات، بەپێی رێنماییەکانی مۆسادو بەسەرپەرشتی کەسێکی بەناو پورتگالی بەناوی (روبرتو)، بەڵام زمانی عەرەبی باش دەزانی کەوتە تۆڕەکە، لەوێ فێری دەکەن چۆن مین و ته قینەوەکان بچێنێت، چۆن کاتیان بۆ دابنێته وه، زۆر لایه نی خۆشاردنەوەو گومان دوورخستنەوەی فێردەکەن. سازکردنی تەقینەوەی (تی. ئێن. تی)ییەکانی زۆر کوشنده مەشق و زانینی باشی دەویست، دەبووایه ئەو لەسەر ئەو مادانه راهێنانی زۆر چڕبکات، لەبەرئەوەی ئەو خزمەتی سەربازیشی نەکردبوو، بۆیه راهێنانەکەی ئەو کات و بەرنامەی زۆری دەویست.

یەکەم فه رمان که بۆیان ده رکردبوو، سه فارەتی عێراقی له بەیروت بته قێنێتەوه، خمیس که فەرمانەکه دەبیسێت ماوه یەک بێده نگ ده بێت، هه ست راده گرێت، له ودەمانه گیرفانه تەژی پاره کەی بەبیردێتەوه، بۆیه دەست ده داته جانتا مشت ته قینەوەکان و به رەو سەفارەتەکه دەڕوات، بەهێمنی دەڕوات و بڕواشی پته وه به جێبەجێکردنی فەرمانەکەی، دەست بەجانتاوه دەچێته ناو سەفارەتەکەو دەستبەتاڵ دەگەڕێتەوه، واته جانتا تەژییه تی ئێن تییه کەی له ساڵۆنه سەرەکییەکەو له پشت جەستەیەکی گەوره دادەنێت و دەیێته دەرەوه، بەڵام ئەو دوور ناکەوێتەوه، لەدوورەوه چاوەڕوانی دیمەنی تەقینەوەکەی دەکرد، وەک چۆن ماوەی نیو سه عاتی بۆ تەقینەوەکه داناوەتەوه، پاش نیو سەعات گەڕەکەکه دەبێته یەک پارچه ئاگرو دووکەڵ.

لەو ته قینەوەیەدا نۆ که س ده کوژرێن، له وانه 5 کەسیان لوبنانی بوو ن، ئه و به هەناسەی سوارو بەترسەوه گەڕاوەتەوه شوقەکەی خۆی، پاش گاڤێکی کورت پیاوه بەرپرسەکەی که به (روبرتو) دەناسرا، له شوقەکەی ده گاته سەرسەری، که بینی خمیس شێواوه و ترساوه، خۆی لێ تووڕه دەکات، ئاگاداری ده کاتەوه ئەگەر به و جۆره خۆی شپرزه‌و ترساو نیشانبدات، تاوانەکەی لێ ئاشکراده بێت، بۆیه هانیدەدات وره ی به رزبێت و زۆر ئاسایی بێت، ئه گەرنا دەگیرێت و ژیانت ده کەوێته مەترسی و فه وتان. خمیسی گه مارۆدراو به جنێوو هه ڕەشه له گۆشەیەکدا خۆی ماتکردبوو، دیاره بەرپرسانی موخابه راتی به و شێوه یه مامەله لەگەڵ ئەندامەکانیان ده کەن، به شلی و به نەرمی، به ترس و به دڵدانەوه، به ترسدان و سۆزبه خشین،

ئەوان لەهەموو کەس باشتر دەزانن چۆن خائینەکان و جاسووسەکان بدوێنن، دیارە ڕاهێنانی ئەو کەسانە شارەزایی و لێهاتوویی دەوێت، بەرنامەی پوختی دەوێت. هەواڵی تەقینەوەکەی سەفارەتی عێراقی لە بەیروت لە میدیاکان بڵاوکرایەوەو، لە ودەمانەش روبرتو بە وردی و بە چاوێکی وردبینیەوە نیگای لە ئاکاری خمیس دەکرد، دەویست لە نیەتی تێبگات، دەیویست بزانێت پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە ئەو چ ئاکارێکی دەبێت، چۆن هەواڵەکە وەردەگرێت، هەمووش بۆ ئەوە بوو ئەو پیاوە لە ڕەوشەکانی کووشتن و نارەزایی و یاخیبوون و شەرمەزاری ببینێت.

مەبەستی ئیسرائیل لە تەقاندنەوەی سەفارەتەکە، نانەوەی تۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوان ئەو دوو وڵاتە و وڵاتانی عەرەبی هاوسنوور و هاوسۆزەکان بوو، عێراق کۆششی دەکرد پەیوەندی لوبنان بە یەکێتی سۆڤیەت باش و خۆش بکات، داواکاربوو لوبنان بە رەو فراکسیۆنی خۆرهەڵاتی ڕاکێشێت. ئیسرائیل مەبەستی بوو بە رەکانی بەرگری فەڵەستینی بەو ڕووداوە لە لوبنان تاوانباربکات، تا فەڵەستینییەکان بەرەی لوبنانیش بدۆڕێنن. پاش ئەو ڕووداوە خمیس بووە کەسێکی خوێنمژو جەلاد، ئەو توانی لوبنانییەکی تری وەک خۆی بە ناوی (جمیل القرح) بدۆزێتەوە، ئەو مامۆستابوو لەسەر ڕەوشتی منداڵبازی لە وەزیفەکەی دەرکرابوو، بە هاتنی ئەویش بۆ ناو تۆڕەکە روبرتو دەستخۆشی لە خمیس دەکات و شادومانی بەو ئەندامە نوێیە دەربڕیبوو، لەبەرئەوەی ئەو خزمەتی سەربازی کردبوو، بۆیە ماوەی ڕاهێنانەکەی ئەو کورتتردەبێت، بۆیە لەکاری تەقینەوەو دانانەوەکانیش لێهاتوو و بەئەزموون بوو، کە پارەی زۆریان بۆ هەڵرشت، ئەو تا بن گوێچکەکانی مەستی کاری کووشتن و تەقینەوەبوو، بەیەکەوە بە تەقینەوەکانیان هەموو شاری بەیروتیان هەژاندبوو.

****

مووشەکی ناو ئۆتومبێلەکان

لە سەعات نۆی بەیانی ڕۆژی 10ی سپتەمبەری ساڵی 1974 لە کاتێکدا فەرمانبەرانی ناو نووسینگەی ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستینی لەدەڤەری کورنیش (المزرعة) خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆیان بوون، بارەگەکەیان بەچەند مووشەکێک دەلەرزێت، دیاربوو لە هەردوو پێشانگاکەی نهۆمی خوارەوە کە ناویان (ذبیان)و (ئەیوب)ی فەرشکاری بوو، مووشەکەکان تەقێندرابوون. پیاوانی ئاسایش ئۆتومبێلێکی جۆری فیاتی سپی 132 یان لەبەرامبەرەکەیان دۆزیەوە، کە لەسەرەکەی بنکەی چوار مووشکی ئار پی چی بە لۆژیکی عیار 3.5 بۆرسەی لەسەر بەسترابوو، هەر چوار پێگە کە لەسەر تەختەدارێک بەسترابوون بە وایەرێکی درێژی کارەبایی گرێدراربوون، لەوێیەوە مووشەکەکان هاتبوون.

پاش پشکنینی ناوچە کە بەدووری 65 مەتر دوور لە ئۆتومبێلی یەکەمەوە، ئۆتومبێلێکی تری مارکە فیاتیان دۆزیەوە، کە لەسەرەوەی تەختەدارێک دانرابوو، وایەرێکی کارەباییش بە پاترییەکەوە بەسترابوو، پاش مووشەکبارانەکەی نووسینگەی ڕێکخراوەکەو

خێزانەکانی ناو باڵەخانەکە بەخێرایی چۆڵیانکرد، پێش هاتنی شارەزایانی تەقینەوەکان، لە دوورەوە بینرا تە ختە دارەکانی سە ر ئوتومبێلە کەی دووە میش سە رەکەی بە رزدەبێتەوەو بە شێوەیەکی ئوتوماتیکی سە رەکەی دە کریتەوەو چە ند مووشە کێکی ئار .پی.جی دە رچوون و بە رووی باڵەخانەکە تەقینەوەو رووی پێشە وەو جامخانە کانی راستە وخۆ دە پێکێت، هاودە م مە ڵبە ندی توێژینەوەی سەر بە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینییەکان هەلگەوتوو لە باڵەخانەی دکتۆر محمد راجي نصر درابوو بە ر مووشە کی دوورهاوێژ کە لەسەر ئوتومبێلێکی ئاودی 180ەوە دانرابوونەوە، لە تەنیشتیەوە گاڵۆنێکی داریش دە دۆزنەوە، کە راستەوخۆ بینایە کەی پێکابوو، کە نزیکەی 15 هەزار کتێبی تێدابوو، لە وێ چە ند هاوولاتیە ک بە رکەوتن، پاش دە دەقە لەو تەقینەوانەدا نووسینگە ی کاروباری خاکی داگیرکراویش لە نهۆمی یە کەمی باڵە خانی (الايمان) کە خاوەنەکەی (جعفيل البنا)ی شەقامی كرم الزيتون، بەر چوار مووشە ک کەوتبوو. ئەو کارانە هەموویان بە دەستی خميس و القرحي هاوڕێی کرابوو، ئە ویش توانیبووی سێ کە سی تریش بهێنێتە ناو تۆڕە کە، ئە و شێوە تەقاندنەوانە بە ئوتومبێل و بە وایەری کارە بایی بەستراو بە سەندووقە دارو بە پاتری ئۆتومبێلە کان لەناو بەیروت چالاکی نوێ بوون، نە ک لە بەیروت لە هیچ شارو ولاتێکی عە رەبیش رووی نە دابوو. پاش ئە و رووداوانە تەقینەوەکان بێجگە لە سەفارەتی عێراقی و بارەگەکانی فەلەستینییەکان گەیشتە کەنیسەکان و مزگەوتەکانیش، بەوەش رێگەی ئاژاوە و دە مارگیری و تۆڵە کردنەوەی لە ناو لوبنانییە کان والاکرد، لە بەر چە ند هۆکار دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات بۆیان نەکرا دەستدرێژکەرەکان و تاوانبارەکان بدۆزنەوە.

یە کەم هۆکار ئە وەبوو، کەوا دەزگا ئەمنیە لوبنانییەکان لایان شە رم و کەماسی بوو، ئەگەر هاوکاری دە زگا فەلەستینییەکان قبوول بکە ن. دووەمیان تا ئە ودەمانەش لوبنان زۆرتر بایەخی بە کەرتی گە شتوگوزاردەدا، نە ک کاربکات بۆ پتە وکردنی دە زگا ئە منیەکانی خۆی . سێیەم هۆکاریش کە وا لوبنانییە کان بۆیان نە دەکرا دە ستە بێکدەرەکان بدۆزنە وە، ئە وان واتە لوبنانییەکان هێشتا خۆیان لەنێوان لایەنە هاوسۆزەکان و ولاتانی بەرگری ساخ نەدەکردەوە، بۆیە دەستەکەی بە کرێگیراو خميس بيومي و چە ند دە ستەی تری جاسووسی سە ربەستانە لەناو لوبنان کاریان دە کردو ترسی کە سیان نە بوو، پیاوە کانی ئە و دە ستانەش وە ک قوومی نە رم دەخزینە ناو پیاوانی ئاسایشی لوبنانی، ئەو تۆڕە جاسووسیانە ولاتەکەیان خستبووە ناو زەلکاوێکی قووڵی کوشندەو ترسناک.

کە لوبنانییەکان جاسووسە کانیان راو نە دەکردو ئە وانیش ئازادانە لەناو ولات کاریان دە کردو نە دەگیرا، فە لەستینییەکان بە وە هەراسان ببوون، بۆیە نێوانیان ئاڵۆزیی و خراپی دەکەوتێ، لەودەمانە دەزگا ئەمنییە فەلەستینییەکان جاسووسێکی رە گەز بەلژیکیان گرت، پاش لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت ئەو بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل کاریکردووە، لەجیاتی ئەوەی لوبنانییەکان لە لێکۆڵینەوەکان هاوکارو کۆمەکیان بکەن، دونیایان لەسەر وەرگێڕا، داوایان دەکرد بەزووترین کات ئە و پیاوە بێگانەیە ئازادبکەن، بە ناچاری بە دۆسیە تەژی تاوان و دانپێدانە کانی

جاسووسەکەیان رادەستی لوبنانیەکانیان کردەوە، ئەوانیش پاش 24 سەعات کابرای جاسووسیان ئازادکرد.

****

ئاگربەس و ئارامی

ئەوانەی فەلەستینییەکان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردن، دانیان بەوەدەنا کەوا بۆ بەرژەوندی ئیسرائیل کاریان کردووە ، بەڵام لوبنانییەکان سووربوون لەسەرئەوەی ناکرێ فەڵەستینییەکان کەس بگرن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن، ئەوە کاری دەوڵەتە، بۆیە وەزیری ناوخۆی لوبنانی (شيخ تقي الدين) بەرەسمی نارەزایی بەرووی فەڵەستینییەکان راگەیاندو نێوانیان ئاڵۆزی دەکەوتێ، لەودەمانەش تەقینەوەکانی ناو لوبنان رەوشەکەی زۆرتر ئاڵۆزکردبوو، حکومەت بەناچاری لە رۆژنامەکانی رۆژی 27ی دیسمبەری ساڵی 1974 بەیانێکی راگەیاند، بەروونی بەدەستەو کەسەکانی پشتەوەی تەقینەوەکانی راگەیاند، بۆ ماوەی دوو رۆژ، لەبەر پیرۆزی جەژنەکانی سەری ساڵ تەقینەوەکان راگرن، لەو ماوەیەدا تەقینەوە مەچێنن. حکومەت وەک حکومەتی بریتانیای کرد کە جارێکیان داوای لە شۆڕشگێرانی ئێرلەندا کردبوو، ئاگربەس بکەن. لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە کەوا حکومەت بەرووی ئەودەستە تێکدەرانە دەستەوەستانەو دەرەقەتیان نایێت، هیچی پێناکرێت، بۆیە بەرووێکی ئینسانی و گەورەیی ئادەمیزاد ئەو کارە راگرن، دوو رۆژیش باشە بۆ ئاشتی و ئارامی، حکومەت وتبووی ئەو دوو رۆژە شارەکە دەکەینەوەو ئارامی شارەکە بۆ مێژوو دەخەینە ئەستۆو ویژدانی ئەو بکوژانە.

لەکاتێکدا کە خمیس خەریکی وێنە و نەخشەکێشانی بینایەکانی رێکخراوە فەڵەستینییەکان بوو، لە 97 ینایری ساڵی 1975 پیاوانی ئاسایشی فەلەستینی علي خميس بیومییان لە شەقامی کورنیش المزرعة دەگرت، هەموو زیرەکی و فێڵەکانی خۆی کە فێریان کردبوو، لە رۆژانی لێکۆڵینەوەکان بەکاردەهێنا، بۆیە نەیانتوانی بەربەستەکان بشکێنن و لە نهێنینەکانی ئەو بچنە ژوورەوە، ئەوانیش بەناچاری ئازارو ئەشکەنجەیان بەرامبەر ئەو بەکارهێنا، بۆیە ئەو زوو دانی بەهەموو کارەکانی هێناو زوو جميل القرح گیرا، بەڵام پێش ئەوەی ناوی هاوڕێیەکانی بدرکێنێت بەوەستانی دڵ مرد، روبرتوش نەگیراو لەبەرچاوان ون دەبێت، کە لێکۆڵینەوەکانی فەلەستینییەکان تەواو بوو، درایەوە دەست حکومەتی لوبنانی، ئەوانیش پاش دادگاییکردنی بە دە ساڵ زیندانی سزای دەدەن.!

لەرۆژنامەی (الجريدة)ی کویتی رۆژی 18 09 2008 بڵاوکراوەتەوە.

ئەو جاسووسەی بەرنامە مووشەکانی میسری شکاند.

ئەو جاسووسەی بەرنامە مووشەکانی میسری شکاند.

لە 6ی یولیۆی ساڵی 1961 ئیسرائیلییەکان بە بۆنەی هەڵدانی یەکەم مووشەکی دوورهاوێژیان ئاهەنگیان دەگێڕا، ناویان لە مووشەکە نابوو، (شافیت 2)، واتە (شافیت 1)یش دروست دەبێت. ساڵێکی نەبرد میسرییەکان لە ساڵرۆژی دەیەمینی شۆرشی یولیۆو لە 21ی یولیۆی ساڵی 1962 دوو مووشەکی دوورهاوێژیان لە جۆری (الظافر) کە مەوداکەی 175 میل دەبوو بە رەو ئاسمان هەڵدا، هەر هەمان رۆژیش دوو مووشەکیان لە جۆری (القاهرة) کە مەوداکەی 175 میل دەبوو هەڵدا، سەرۆک جەمال عبدالناسر لە ئاهەنگەکەدا ئەوەی نەشاردووتەوە کەوا مووشەکەکانیان دوور دەڕوات و دەگاتە سەر بەیروت، نیازی ئەوە بوو ئیسرائیلییەکان بزانن مووشەکەکانیان دەگاتە سەر هەموو بستێکی خاکی ئێوەش. ئەو هەواڵە هاووڵاتیانی ئیسرائیلی خستە رەوشێکی پڕ مە ترسی و دڵەڕاوکێ، گلەیی لە حکومەتەکەیان دەکرد، بۆچی بەو بەرنامەی میسریان نەزانیووە، ئەگەر ئاگاداربووینە بۆ خەڵکەکەیان ئاگادار نەکردووتەوە، لە هەموویان زۆرتر موخابەراتی ئیسرائیلی زۆر نیگەران بوو، چۆن بەکرێگیراوەکانیان هەستیان بەوە نەکردووە، دەبووایە ئەوان کاریان بەو ئاراستەیەش کردبووایە.

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بانگی سەرۆکی مۆساد دەکات، بەگازاندەو گلەییەوە بە (ئایسر هاریل) دەڵێت:

(هەموومان چاک دەزانن حکومەت ساڵانە پارەیەکی زۆر لەو دەزگایە سەرف دەکات، ئینجا لەناکاو لە وتارێکی سەرۆکی میسرییەوە دەزانین کەوا مووشەکیان دروستکردووە، کەواتە لەمەودوا ئەو دەزگایە گەورەیەمان بۆ چییە ، دیارە تەنها پێویستمان بە رادیۆیەکی ترانزستۆر دەبێت و بەس).

بن گوریون لەرووی سەرۆکی مۆسادەوە دەتەقێتەوەو دەڵێت:

(من بەزووترین کات راپۆرتێکم لەسەر ئەو مووشەکانی میسر دەوێت، دەمەوێ زۆر بەخێرایی زانیاری تەواوم بۆ ئامادەبکەن، چۆن دروستکراوە، کێ کۆمەکی کردووە، لەئیمرۆەو تا سێ مانگی تر ئەو راپۆرتەم دەوێت، راپۆرتەکە نەگاتە سێ مانگی تر.! من لەو رۆژەی هەواڵی مووشەکەکەی جەمالم بیستووە، خەو نەچوویتە چاوانم، تا راپۆرتەکەم نەگاتە دەست ناخەوم، دەبێ بە هەر شێوەو رێگایەک بێت، ئەو مووشەکە میسرییانە راگیرێت).

لەو رۆژەوە دەزگای مۆساد بەشێوەیەکی زۆر ئەکتیف کەوتووەتە کارکردن، زانیارییان کۆکردەوە، سەربردەی ئەو مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهان، کە ئەفسەرە ئەڵمانیەکانی سوپای نازی پاش شکانی سوپاکە یان بەدوای نەوایەک دەگەڕان، کە خۆیانی تێدا بشارنەوە، دوور لە چاوان بن، بەشێک لەو ئەفسەرە نازیانە کەوتنە ناوچەکانی خۆرهەڵات و بەشێکیان گەیشتنەوە خۆرئاواش.

ئەفسەرانی فەیلەقی ئەفریقی بەسەرۆکایەتی (رۆمیل) وەک راوێژکارو پسپۆر لە ناو سوپای میسری جێگایان کراوەتەوە، لەساڵی 1951 ژەنرالی پێشووی ئەڵمانی، (ویلهلم فارم) لەگەڵ دەستەیەکی گچکە لەئەفسەرەکانی گەیشتە ناو میسر، شارەزایی و پسپۆرییەکانی خۆیان نیشانی حکومەتی میسری دابوو، بە دڵسۆزی لەو رۆژەوە لەوێ کەوتوونەتە کارکردن، پاش شۆڕشەکەی یولیۆش سەرکردایەتی شۆڕشەکە مانەوەی ئەو دڵسۆزانەیان لەناو دەزگاکانی سوپای میسریان بە پێویست زانیبوو، بۆیە بواردرا هەموویان لە شوێنەکانیان کاربکەن، وەک خۆیان بمێننەوە.

یەکێک لە ئەفسەرەکانی دەستەکە دکتۆر (ویلهام فۆس)بوو، کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی مووشەکی ئەڵمانی، لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، ئەویش (رۆلف ئەنجل)بوو، کە پاشان بووە سەرپەرشتکاری کۆمپانیای میسری (کیرفا)، کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ سازکردنی تاکتیکی و دروستکردنی مووشەک دامەزرابوو، ئەویش توانی ئەندازیاری ئەلکترۆنی ئەڵمان ئەوەی لە کارگەی توێژینەوەکانی نهێنی ئەڵمانی مووشەکی ئاراستەکراو (بۆل جورک) کە لەوێ کارکەربوو رازی بکات بێتە قاهیرەو لەوێ هاوشانی ئەوان کاربکات. کە ئەڵمانەکان بینییان مووچەکانیان وەک پێویست نییەو هەستیانکرد میسرییەکان بایەخ بەبەرنامەو کارنامەیان وەک پێویست نادەن، سەرەتا لە ساڵی 1958 (فارم باشر) لە قاهیرە دەرچێت و کارەکە جێدەهێڵێت و پاش ئەو، ئەوانەی تریش دەستیان لە کارەکەکانیان هەڵگرتووەو لە میسر دەرچوون، بۆیەش حکومەت کۆمپانیای کیرفایان هەڵوەشاندیەوە.

****

بەهرە ئەڵمانییەکان

لەساڵی 1959 سەرۆک جەمال عبدالناسر داوایکرد بەرنامەی سازکردن و دروستکردنی مووشەکەکان دووبارە نۆژەن بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لیوا (محمود خلیل) کە یەکێک بووە لە بەرێوەبەرانی موخابەراتی سەربازی بۆ سەرپەرشتی ئەو بەرنامەیان راسپارد، بەڵام بڕیاریشدرابوو کارەکەو بەرنامەکە زۆر بەنهێنی بێت، نووسینگەی بەرنامە سەربازییە تایبەتییەکان بەو ئەرکە هەڵبستێت، ئەوانەش سەرپشک دەبن لەپەیداکردنی فڕۆکەی نەفاسەو مووشەک بۆ سوپای میسری، بەپێی راسپاردەکان دەبووایە ئەو چەکانە لەناو وڵاتیش دروست بکریت، بەوەش چیتر میسر پێویستی بەداوای چەک و چەکسازی دەرەوەی وڵات نابێت، بەپێی

راپۆرتە ئیستخباراتیەکانی میسر دە یزانی فە رەنساو ئیسرائیل بۆ سازکردن و دامە زراندنی مووشەک کاردەکەن و بە نهێنی کارەکانیان بە رەو تە واو دە چێت، بۆیە هەردوو وڵات کە وتنە پێشبرکێ بۆ تە واوکردنی پرۆژەکە. ئەگەرچی ماوە یەکی زۆر شە ڕی دووە می جیهان کۆتایی هاتبوو، رۆلی سە ربازی ئەڵمانیا وەک جاران نە مابوو، بەڵام هێستا بە هرەو زانیارییە زانستییە چەکسازییەکانیان مابوو، کە لیوا خەلیل بەو ئاراستە کاری دەکرد. بەپێی رێکەوتنامەی هە ر چوار وڵاتی ب‌راوەی شە ڕەکە (ئەمریکاو یە کێتی سۆڤیە ت و ئینگلتراو فە رەنسا) مەرجی قەدەغەکردنی چەکسازییان لەسەر ئەڵمانیا چەسپاندبوو، نەدەکرا فڕۆکەو مووشەک سازبکەن، بۆیە چەکسازو پسپۆرانی ئە ڵمانیا ناچاربوون بۆ کارو خۆژیاندن لە دەرەوە کارو بوار بدۆزنەوەو بەهرەو کارامە ییەکانی خۆیان بخە نەکار. لەرۆژنامە ئەڵمانییەکان ریکلامی پێویستی کە سانی شارەزا لەبواری چەکسازی لە باکوور ئەفریقیا لەلایەن ئەڵمانەکان خوێندرایەوە، بۆیە ش زوو زاناو پسۆرانی ئەو بوارە بەپیر بانگەوازەکە رۆیشتن.

لەودەمانە لیوا خەلیل لەگەڵ (ویلی میسر سمیث) بۆندێکی بۆ دروستکردنی فڕۆکە ئیمزاکردبوو، لەدوای ئەو بۆندە کەسێکی میساڵی شیاوی ئە و بوارە یان لە نەمسا دۆزیەوە بۆ بەڕێوەبردنی کارگە کە، ئە ویش (فریناند براندو)ی ئە ندازیاربوو، کە رووسەکان لە رۆژانی شەڕەکە گرتبوویان، ئەوو تیمێکی تایبە ت بەمەرجی دروستکردنی موتۆرێکی رووسی هە مەکار ئازادیان کردبوو، براندوو هاوڕێیە کانی توانیان موتۆرێکی 12 هەزار ئەسپی دروست بکە ن، رووسەکان ئە و موتۆریان بۆ فڕۆکە زەبلاحە گەورە بارهەڵگرە (توبولیف 114)کەیان بەکارهێنابوو، بە وەش رووسە کان ئازادیان کردبوو، ئە و کە ئازاکراوەو دووبارە گەڕاوەتەوە ئەڵمانیا. لەساڵی 1960 فڕۆکە میسرییەکان لە کارگەکانیان لە قۆناخی تەواوبوون دابوون، کە لەکارگەی ژمارە 136 لەنزیک قاهیرە سازدەکران، لەتەنیشت ئەو کارگە یەش کارگە یەکی داڕشتن و دیزاینی فڕۆکە کەش بەناوی کارگەی ژمارە 135 دامەزرابوو، هاوشانی ئە وانەش دروستکردنی مووشەکیش بە رەو تە واوبوون دە چوو، کە زانراوە پیشەسازی نهێنی ئیسرائیلی فەرەنسی هە نگاوی باشی بڕیوە ، میسرییە کانیش بە بەرنامە یەکی زۆر نهێنی قۆناخی باشیان دەبڕی، کارگە ی ژمارە 333 تایبەت بوو بە دروستکردنی مووشەک، کارگەکە لەناوچەیەکی نیشتەجێی نوێی شارۆچکە ی نصربوو، میسرییە کان بە هەموو شێوەیەک کاریان دە کرد، بەهیچ شێوەیەک زانیاری لە سەر ئە و کارگە و ئە و بە رنامەیە نەچێتە دەرەوە، بە وەش پرۆژە کە سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا.

لەشاری شتوتگاردی ئە ڵمانی ئامۆژگایە کی حکومی پسپۆر لە توێژینەوەی ئە ستێرە دەستکردەکانی ئاسمان کارکەربوو، زاناکانی ئەو ئامۆژگایە شەرمیان دەکرد کە هەستیان دەکرد، لەسەردەمی پاش شە ڕەکە حکومەتەکەیان لە بواری زانستی و چە کسازی ئاسمانی بوویتە پاشکۆی ئە مریکاو یە کێتی سۆڤیە ت، نائومێدبوون و هیوایان بە بەرنامەکانی خۆیان سست و لاوازببوو، بۆیە زۆر چاویان لەکارکردن و ئەفراندن بوون، بەڵام حکومەت بەهیچ جۆرێ بواری نەدەدان زاناکانیان لە دەرەوەو بەرامبەر بەپارە توێژینەوەو کاربکەن، بەڵام کە لیوا خەلیل لەسەر

راسپاردەی حکومە تی میسری دانوستانی لە گەڵ سە رۆکی ئامۆژگاکە کردبوو، پێشنیاری پارەیەکی باشی بۆ کردبوون، سە رۆکی ئامۆژگاکە (ئایوجین سانجر) بڕیاری دابوو، ژمارە یەکی زۆری زاناکانی بۆ وە رگرتنی پارە زۆرەکە کار لە میسر بکەن، لێرە مۆساد توانی زوو زانیاری باش لەسەر ئەو زانایانە وەرگرێت، پێش گەیشتنیان بەو وڵاتە، مۆساد زۆری لەسەر ئەو زانایانە کۆدەکردەوە، بەڵام مۆساد وایدەزانی ئەوانە لە بواری فڕۆکەسازی میسری کاریان بۆ دەکەن.

میسر وای بڵاودەکردەوە کەوا هەردوو کارگەی 135و 136 فڕۆکەسازی مەشق و راهێنان دروستدە کەن، بە ڵام موخابە راتی ئیسرائیلی گە یشتبووە ئەو راستیە یەی کە وا میسرییەکان بە شێوازێکی نوێی و بە داهاتێکی هاوچەرخانە فڕۆکەی نە فاسەی سە رکەوتووی شەڕکەری زۆر کاریگەر بەرهەم دەهێنن.

لەساڵی 1961 مۆساد زانیاری زۆری لە سەر پرۆژەکانی میسر کۆدەکاتەوە، دەیزانی ئامۆژگای شتوتگارد لە میسر چەندو چۆن زاناکانی رە وانەکردووەو ئەوانە خەریکی چیین، بۆیە حکومەتی ئیسرائیل بە شێوەیەکی رەسمی و لە سەرئاستی دبلۆماسی نامە ی نارەزایی ئاراستەی حکومەتی ئەڵمانی کردبوو، پاش ئە و نامەیە رەسمییە حکومەتی ئەڵمانی فشاری کردبووە سەر سەرۆکی ئامۆژگاکە بۆ کۆتایی هێنانی بۆندی کارە کەیان لە میسر، کە حکومەتی ئەڵمانی فشارەکەی لە سەر زاناکانی خۆی توندکردووە ، زۆر لە زانا ئەڵمانە کارکەرەکانی ناو میسر دەستیان لە دەستەی ئامۆژگەکە کێشاوەتەوەو وە ک زانای تاکە کەسی لە و کارگە میسریانە ماوەنەتەوەو لەسەر داهێنان و بەرهەمەکانیان بۆ حکومەتی میسر ماونەتەوە.

مۆساد زانیارییە کی ترسناکی دە سکەوتبوو، کە وا زانا ئە ڵمانەکانی ئامۆژگە کەی شتوتگارد بە دوو ملیۆن مارکی ئە ڵمانی، لە دروستکردنی مووشە کی دوورهاوێژ سە رکەوتنیان بەدەسهێناوە، ئەو پارەیەش چارەکێکی دەدرێتە خودی سەرۆکی ئامۆژگاکە، پارەکەشیان بۆ ئەو لەسەر حیسابەکە دانابوو، مۆسادیش دە یزانی کەوا بۆ پارە رەوانەکردن و ئاڵوگۆڕە داراییەکان لەسویسرا چەند کۆمپانیای وەهمی بانکیان دانابوو، مەبەستیش لەو بانکەش ئاسانکردنی پارەدان و گە یاندنی پارەبوو، هەر ئەو کۆمپانیایە وەهمیانەش جۆرەها کەرەستەی پێویستیان دە گەیاندە میسر. بەڵام لەناو بەرێوەبەرانی مۆساد زۆریش بڕوایان نەدەکرد، کەوا بەراستی میسر نیازیەتی مووشەکی بە و جۆرە دوورهاوێژانە بەرهەمبهێنێت، بە ڵام کە زانرا دکتۆر سانجری سە رۆکی ئامۆژگەکە بەراستی بە رنامەی وایە ئامێری سوتەمەنی شلی تایبە ت بە مووشەکی نوێیان بۆ تاقیدەکاتەوە، کە کێشییان لە چوار تۆنە وە تا بیست تۆن دە بێت، ئە وەش شێوە ی ناوە ندەی مووشەکە کۆنە ئەڵمانیەکانی ناسراو بە ڤی 2، یان مووشە کە نوێیە فەرەنسییەکانی جۆری (ڤیروتیک)ە. مۆساد بۆ وە رگرتنی هە موو زانیارییە گرنگەکان شکستی هێنابوو، موخابە راتی میسری توانیبووی کارە کان بە نهێنی بهێڵێتە وەو هیچ جۆرە زانیاری و بە رنامەیەکیان ئاشکرا نەبێت، کەراستەوخۆ لەلایەن سەرۆک جەمال عبدالناسر سەرپەرشتی دەکرا. بۆیە بەو شکستە ئیسرائیلییەکان چۆکیان شکابوو، کە بەرنامەکەش کۆتایی هاتبوو زۆرتر تووشی شۆک هاتبوون، کە بینیان سە رۆک جە مال ئاهە نگی سازکردنی 20 مووشەکی داپۆشراو بە ئاڵا میسری لە

نمانشێکی سەربازی لە ساڵی 1962 نیشاندا سەرسام دەبن، ترسیان لێ دەنیشێت، بۆیە بن گۆربون هاوار دەکاتە سەر سەرپەرشتکارەکانی موخابەرات.!

****

زانیاری ترسناک

لەماوەیەکی کورتدا دەزگای موخابەراتی ئیسرائیلی هەموو لقەکانی خۆی بە گەرمی خستووتەکار، لەبەر رۆشنایی بەڵگەکانی دەستیان، ئەوان کەوتنە کارو پشکنین، بەڵگەنامەکەش نامەیەکی پرۆفیسۆر (بیلز)بوو، ئەوەی پاش دکتۆر (سانجر) ئەرکی پرۆژە میسرییەکان وەرگرتبوو، نامەکە بۆ (کامل عزب)ی بەرێوەبەری کارگەی ژمارە 333 نوسرابوو، کە مێژووی رۆژی 24ی مارسی ساڵی 1962ی لە سەربوو، تێدا پرۆفیسۆرەکە داوا لە بەڕێوەبەرە میسرییەکە دەکات سێ ملیۆن و 700 هەزار فرنگی سویسرییان بۆ دابین بکات بۆ کڕینی کەرەستەی 500 مووشەکی جۆری 2و کەرەستەی 400 مووشەکی جۆری 5.

سەرۆکی مۆساد زوو زانیاری ناو نامە کە دەگەێنێتە سەرۆکی حکومەت بن گۆریون، لێرەدا ناکۆکی دەکەوێتە نێوان (ئایسر هاریل)ی سەرۆکی مۆسادو (مائیر ئامیت)ی سەرۆکی موخابەراتی سەربازی، کە ئەو راپۆرتێک بۆ جێگری وەزیری بەرگری شیمون بیریز بەرزدەکاتەوە، ئەویش هەڵمەتێک بەرووی سەرۆک حکومەت بن گۆریون رادەگەێنێت، بەڵام ناکۆکییەکە وەک هەواڵ و زانیارە کە گەرم نەبوو، یان ئەوان پاش ئەو زانیارییە ترسناکە چ بکەن، چۆن بە گەرمی کاربکەن تا میسرییەکان کارەکانیان تەواو نەکەن، بەتەواوکردنی ئەو پرۆژەیە مووشەکەکانی ئیسرائیلی کە ساڵی پار نمایشیان کردبوو، شکست دەهێنێت، کە بە هاوکاری فەرەنسییەکان سازیان کردبوو، مۆسادو موخابەرات ناکۆکبوون لە سەرئەوەی میسرییەکان هێشتا زۆریان ماوە بەرنامەکە باش سازبێت، مۆساد وایدەزانی مەترسییەکە نزیک بوویتەوە، لەولاشەوە موخابەراتی سەربازیی وایدەزانی میسرییەکان ماوەی چەند ساڵیان ماوە تا ئەو بەرنامەیە سازدەبێت، بۆیە ئیسرائیل کات و بەرنامەی زۆری چارەسەری ئەو دۆسیەیەی لەپێشە، بۆ بنبڕکردنی پرۆژە میسرییەکەو بواری میسری بۆ دەستکەوتنی ئەو چەکەیان لەباردەچێت. لەبەر رۆشنایی مۆساد سەرۆکی حکومەت بن گۆردیون داوای لێکرابوو خۆی و راستەوخۆو زۆریش بە پەلە داوا لە راوێژکاری ئەڵمانی خۆرئاوا (کۆنراد ئادیناور) بکات، بەزووترین کات فەرمان بە کارمەندە ئەڵمانەکانی ناو میسر بدات، لە وڵاتەکە دەربچن، واز لە پرۆژەی مووشەکەکان بهێنن، ئەگەرنا پەیوەندییە دبلۆماسییەکانیان لە گەڵ ئەڵمانیا هەڵدەوەشێتەوە.

پرسیارەکەش لەوەدابوو، ئەگەر ئەڵمانەکان بەو نامەیە لە میسر دەرنەچوون، ئەگەر وازیان لە بەرنامە مووشەکییەکەی میسرییەکانیان نەهێنا، چارە چییە...؟

ئیسرائیلییەکان بیریان لەوە دەکردەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەڵمانیا تێکنەچێت و بەرنامەکەشیان پێراگرن، بۆیە بیریان لەوەکردەوە جۆرێکی تری فشار لە گەڵ ئەڵمانەکان بەکاربهێنن، شیمون پیریز نامە یەکی بۆ (فرانک جوزیف شتراوس) وەزیری بەرگری ئەڵمانی نووسیبوو، تێدا باس لە مەترسییەکانی بوونی زانا ئەڵمانییەکان لە میسری بۆ کردبوو، دەبێ ئەڵمانەکان بزانن کەوا ئیسرائیلییەکان ئاگادارن حکومەتی ئەڵمانی بە کارکردنی زاناکانیان لە میسرو سازکردنی کارگە مووشەکەکان دەزانن، دەزانن کەوا زاناکان یارمەتی یەکێتی سۆڤیەت و میسر دەدەن بۆ رووخانی ئیسرائیل.

****

مۆساد تەنگاودەبێت

مۆساد ترسی گەورەی لە مەسەلەکە هەبوو، کێشەی نێوان سەرۆکی حکومەت و ئەفسەرە گچکەکانی پەروەردەی بندەستی ئەو، وەک (شیمون پیریز)و (موشی دیان)و سەرۆکی موخابەراتی سەربازی هەر گەرم بوو، ئەوان دەیانویست ئیسرائیل بە زووترین کات یارمەتی ئەوروپاییەکان بۆ بە دەستهێنان و پەیداکردنی چەکی ناوەکی دەستەبەربکەن، دەبێ ئیسرائیل لەسەر قەیرانەکەی یارمەتی ئەڵمانەکان بۆ میسر، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەڵمانیا تێکنەدەن و کۆشش بکەن دۆستایەتییەکەیان بەردەوام و گەرم بێت، چونکە دەوڵەتی ئەڵمانیا زۆری لەبارە یارمەتی باش و زۆری ئیسرائیل بدات، لە وەدەمانەش مۆساد سازو ئامادە بوو بۆ پەیداکردنی زانیاری زۆرتر لە سەر بەرنامە مووشەکەکانی میسری. سەرۆکی مۆساد دەیویست بەهەموو شێوەیەک موخابەراتی سەربازی خۆیان تێبگەیێنێت کەوا بەرنامەکەی میسری راستەو دوارۆژی ترسناکە، بۆیە دەبێ ئەو بەرنامەیە راگیرێت، تا مانگی سپتەمبەریساڵی 1962 سەرۆکی مۆساد گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە یەکێک لە بەکرێگیراوانی مۆساد سازبکات کە بتوانێت زانیارییەکەیان لەسەر بەرنامە میسرییەکەیان بۆ پەیدا بکات، بەوەش دەزگاکانی پەیوەندار بەو هەواڵە تووشی هیستیریابوون، بۆیە موخابەراتی ئەمریکی هاتنە ناو بازنەکەو دەستی یارمەتیان بۆ مۆساد درێژکرد بۆ پەیداکردنی زانیاری زۆرتر لەسەر بەرنامە میسرییەکە، ئەوەو لەلایەکی تر بەکرێگیراوانی مۆساد لە ناو میسر کەوتبوونە خۆسازکردن بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری لەسەر بەرنامەکە، ئەمریکاش لەلایەن خۆیەوە فشاری خستبووە سەر دەوڵەتی میسر بۆ ئەوەی پیشەسازییە سەربازییە پێشکەوتووەکانی چاودێری لەسەربێت و پشکنینیان بۆ بکرێت.

کە ئیسرائیلییەکان تێگەیشتن نامەکەیان بۆ راوێژکاری ئەڵمانی بۆ رۆیشتنی زاناکانیان لە میسر سوودی نەبوو، سەرۆکی مۆساد ئایسر هاربل بیری لە چارەسەرییەکی تر کردەوە، بەرنامەیان دانا، هەڕەشە لە زانا ئەڵمانەکان بکرێت و بیانترسێنن، یان هەر رێگایەکی تر هەبێت بیگرنەبەر، بۆیە ئەو وتبووی:

(هاتنی ئه و زانا ئه ڵمانیایانه مانای هاتنیانه بۆ به رەی پێشه وەی به رەکانی جه نگ بەرووی ئێمە، هاتنیانە بۆ سەرهێلی ئاگر).

قسەکانی مۆساد ئه وەی ده گەیاند،کەوا سه رۆکی مۆساد ئامادە یه پلانی کوشنیان دابنێت، بۆیه ش موخابه راتی سه ربازییان ئامادەبوو پلانی وردو به رنامەی چاک بۆ ئه و پلانه دابنێت، ناویان لە چالاکییەکە نا (نەبەردییەکەی دامۆکلیس)، مەبەستیش شەڕکردنی بەرنامەی مووشەکی میسری بوو بۆ شکان و سەرنەکەوتنی پرۆگرامەکەیان. هەموو زانیارییەکانی ناو میسر لەلایەن کەسێکی ئەڵمان بوو، ئەویش (وولف گانگ لۆتز)بوو، ئەو لەساڵی 1960ەوە موخابەرات ئەو پیاوەی بەبیانوی بازرگانی ئه سپی عەرەبی رەوانەی ناو میسری کردبوو، ئه و جۆره کارەش دەبووایە کەسەکە کێڵگەی تایبەتی بۆ ئەسپە عەرەبییەکانی هەبێت، ئەویان لەناو ئەڵمانیاوە بەو کارە راهێنابوو، ماوەیەکی زۆریش لە تەلئەبیب مەشق و راهێنانیان پێکردبوو، ئەو وەک پیاوێکی دەوڵەمەند هەڵسوکەوتی دەکردو پارەی زۆری سەرف دەکرد.

لۆتز پیاوێکی ئه ڵمانی جوولەکەبوو لە ساڵی 1921 لەدایک بووەو لە گەڵ دایکی لە ساڵی 1933 سەفەری ئیسرائیلی کردبوو، لە گەڵ هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهان چوویتە ناو ریزەکانی سوپای بریتانی، ماوە یەکی زۆری خزمە تیە سەربازییەکەی لە میسرو لە باکووری میسرکردبوو، بێجگە لە زمانی عبرییەکەی عەرەبی و ئینگلیزیشی باش زانیبوو، پاشان چوویتە ریزی سوپای ئیسرائیلی، لە شەڕەکانی ساڵی 1956 شەڕی میسری کردووەو پلەی میجوری لە سوپای ئیسرائیل وه رگرتووە، لە ساڵی 1960 بە پاسپۆرتێکی ئۆرجناڵی ئه ڵمانی سه ردانی قاهیرەی کردووەو بوویتە یەکێک لە ئەندامانی تۆڕی مۆساد لەمیسر.

لەناودڵی قاهیره و لە الجزیرة خه ڵکی زۆر لە   ئەسپسواری راهێناوە، ئه ودەمانە لیوا (یوسف علي غراب) سەرۆکی شانازی یانه ی ئه سپسوارییەکەبووە، ئه و ئه فسەرە بەرپرسی یەکەمی هێزی پۆلیسی میسری بووە ، بۆیه ش ده سەڵاتێکی به هێزی بێسنووری هه بوو. پاش شەش مانگ مانه وەی لە میسر موخابه راتی ئیسرائیلی بانگی ده کاتەوەو ناوی (ئەسپ)یش دەبێتە ناوی نهێنی ئه و لەو ده زگایەدا، لە و سه فەرەدا ده گاتە ئەوروپا لە وێ راپۆرتێکی تە واو دەداتە سەرۆکی مۆساد، کە ئەو بەتایبەتی بۆ دیمانە ی ئەو هاتبووە ئەوروپا. مۆساد پارەیەکی زۆری لە لۆتز سەرەفدەکرد، ئەویش هیوای گەورەی ئیسرائیلییەکان بوو بۆ وەرگرتنی زۆرترین زانیاری لەسەر بەرنامەی مووشەکەکانی میسری.

چالاکییەکەی ئه ویان ناونابوو نه بەردییەکەی (داموکلیس)، کە مۆساد بۆ راونانی زانا ئەڵمانییەکان دایڕشتبوو، تا ئه وان بە زووترین کات وڵاتە کە جێبهێڵن، ئەوەشیان تاکە بەرنامەو چارەسەری بوو بۆ پووچەڵکردنی بە رنامە سەربازییەکەیان، بڕیاریش بوو ئه گەر بە کووشتنیش

بێت، بەرنامەکە جێبەجێ دەکەن، دەبووایە لۆتز یان ئەسپەکە راپۆرتی دروست بداتە مۆساد، وەک زاناکان کێن؟ لە کێ نیشتەجێن؟ لەگەڵ کێ تێکەڵ دەبن؟ بەدروستی کارو بەرنامەی رۆژانەیان چییە؟ بەو بەرنامەیە میسرییەکان دەگەنە کێندەرێ؟

****

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی (دیڤید بن گۆریون) راستەوخۆ سۆراخی هەواڵ و چالاکییەکانی (وولف گانگ لۆتز)ی دەکرد، لەبەر ئەوەی پێیراسپێردرابوو، دەکرێ بووترێت ئەو ترسناکترین جاسووسی مۆسادبوو، نەک لە بەرئەوەی سۆراخی بەرنامە مووشەکییەکانی میسری دەکردو بەس، چونکە پارەیەکی زۆریشی لێ سەرفدەکرا، لەبەرئەوەی لەجەرگەی قاهیرەش بوو، بۆیە مەسروفاتی زۆربوو، چونکە کارو بەرنامەکەی وا بوو، دەبووایە پارەیەکی زۆریشی تێدا سەرف بکات.

ئەو لەگەڵ ژنەکەی بەناوی بازرگانی ئەسپ هاتبووە قاهیرە، زوو چەندین کەسی لەیانەی ئەسپسواری میسری لە قاهیرە ناسیبوو، لەمۆسادەوە داواکرابوو ئەو دۆستایەتی لەیانەی (الجزيرة)ی وەرزشی پەیدابکات، لەبەرئەوەی شەوان و لە داوەتەکانیدا پارەی زۆری سەرف دەکرد، بۆیە دەکرا زۆر کەسایەتی ناودار بناسێت، بەوەش هەواڵ و زانیاری زۆریش دەبیسێت، بەوەش سەرەداوی گەڕان بەدوای زانا ئەڵمانەکانی ناو میسری دەستدەکەوێت، کە گەیشتە ئەڵمانەکان دەتوانی نامە هەڕەشەکانیان بگەیێنێت، دەبووایە بە نامەی تایبەتی لەناو میسرەوەو بە پوولی پۆستەی میسرییش نامەکانیان بۆ رەوانە بکات، لەنامەکاندا حاڵییان بکات مانەوەیان لە میسر هەڕەشە لەسەر ژیانتان دروستدەکەن. لەبەرئەوەی لۆتزی ئەڵمانی رۆژانە لەیانە وەرزشییەکە هەر خەریکی کاری بازرگانی و مامەڵەی ئەسپ بوو، بۆیە کەس گومانی ئەوەی لێ نەدەکرد، ئەو پیاوە ئارەزوو و کاری سیاسی لە خەیاڵدا بێت، یان بایەخ بەهیچ مەسەلەیەکی سیاسی بدات.

پاش ئەوەی دەستی بەکارەکانی کرد، توانی 50 نامەی هەڕەشەئامێز ئاراستەی زانا ئەڵمانەکان بکات، وەک چۆن مۆساد بۆی دادەنا، ئەو بەو شێوەیە کاریکردووە. مۆساد نامەکانی هەموو بەیەک شێوازو بەیەک شێوە دارشتن دەنارد، نامەکان دەگەیشتە هەموو ئەڵمانەکان، بۆیە ژیانیان مەترسی گەیشتێ و بەناچاری پاسەوانیان بۆ دانرا، حکومەتی میسری ئەرکی وردی پاسەوانی هەموویانی بەباشی دەکرد، خۆشیان لە ترسان و بۆ خۆپاراستنیان دەمانچەی تاکەکەسیان دەبەستا.

پیاوێکی پارەداری میسری بەناوی (حسان كامل) لە ئەڵمانیاوە کەرەستەکانی دروستکردنی مووشەکەکانی لە سویسراوە دەگەیاندە میسر، رۆژێکیان بەنیازبوو سەفەری ئەڵمانیا بکات، بەنیازبوو بەفڕۆکەی تشارتر سەفەر بکات، کە لەدووورگەی (سیلیت) لە دانیمارک بفڕێت بەرەو دۆسلدۆفی ئەڵمانی، بەڵام لەدوا ساتی سەفەرەکەی بیرەو سەفەرەکەی گۆڕیبوو، لەجیاتی خۆی ژنە ئەڵمانەکەی ناردبووو، ئەو سواری فڕۆکەکەبوو، لە ئاسماناو لە ناکاوا فڕۆکەکە

دەتەقێتەوە، فرۆکە وانەکەو ژنە کە دەکوژرێن، بە وەش یە کەمین کووشتنی ئە ڵمانەکان دەستپێکردو سەرەتا کۆششی مۆساد بۆ پووچکردنەوەی بەرنامە میسرییە ئەڵمانیاییەکە دەستی پێکرد.

****

بەرنامەی کووشتنی کەسە ناودارەکان

لەمانگی سپتە مبەری ساڵی 1962 حکومەتی ئیسرائیلی فە رمانی بە سەرۆکی موخابەرات (ئایسر هاریل)دا بە دەستپیکردن بەکووشتنی ئەڵمانەکان و جێبەجێکردنی دواقۆناخی بەرنامە نهێنیەکەیان، کە بەناوی (داموکلیس) دەناسرا. لەسەعات دەو نیوی بەیانی رۆژی 11ی سپتەمبەری ساڵی 1962 پیاوێکی رە ش لە نووسینگەی (ئەنترا)،کە نووسینگەی سە رەکی بەرنامەی مووشەکە میسرییەکان بوو لە شاری میونشن لە بەرێوەبەرەکە دکتۆر (هێنز کرۆگ) دەچێتە ژوورەوە، پاش ئە وەی پیاوە کە ماوەیەک لە گەڵ بەرێوەبەرەکە دەمینێتەوە، پاش 24 سەعات ژنی بە رێوەبەرەکە پەیوەندی بە پۆلیس دە کات کە وا پیاوە کە نەگەڕاوەتەوەو هیچ شوێنەواریشی دیارنییە، پاش دوو رۆژ ئوتومبێلە کەیان دۆزیوتەوەو پۆلیس لەکەسێکی نەناسەوە تەلەفۆنێکی بۆ دەکرێت، کەوا پیاوەکەیان کووشتوە.

لەبەیانی رۆژی 27ی نۆڤمبەری ساڵی 1962 ژنە سکرتێرەکەی دکتۆر (بیلز) گەورە زانای ئە ڵمانەکان لە کارگەی 333ی جە نگی میسری، نامە یەکی رە وانەکراو لە لایەن پارێزەرێکی گەورەو ناسراوی شاری هامبۆرگی ئە ڵمانی دەکاتەوە، بەکردنەوەی نامە گەورەکە یەکسەر بە رووی ژنە سکرتێرەکە دەتەقێتەوە، لەبەر برینە سەختەکانی رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت. بۆ بەیانی نامەیەکی گەورەی تر لە هامبۆرگەوە ئاراستەی ئیدارەی گشتی کارگەی 333 دەکرێت، کە لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو (کەرەستەی تایبەت)، کە فەرمانبەرە میسرییەکە ئیدارەکە نامەکە دەکاتەوە یەکسەر بەرووی دەتەقێتەوە، لە تەقینەوەکەدا 5 کەس دەکوژرێن، کە پۆلیس لە ئەدرێسەکە دەکۆڵنەوە بۆیان دەردەکەوێت ناوی شوێنەکەو کەسەکە ساختەن. لە رۆژی سێیەم دوونامەی گەورە لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیاوە دەگاتە کارگەی 333، بەڵام دەسەلاتدارانی ئاسایش لە مەسەلەکە گەیشتبوون، بۆیە نامەکان دەکەنەوەو مادە تەقینەوەکە دەردەهێنن و لەکاری دەخەن. لە 23ی مانگی فبرایری ساڵی 1963 ئوتومبێلێک لەبەردەم ماڵی دکتۆر (هانز کلینواتشر)ی پسپۆری ئە لکترۆنیاتی ئەڵمانی دەوەستێت، کە ئەو زانایە لە ئامێرەکانی ئاراستەکردنی تایبەتی مووشەکە میسرییەکان کاری دەکرد، کە ماڵەکەی لە دەڤەری لۆراشی ئەڵمانیای خۆرئاوابوو، سێ کەس لەناو ئوتومبێلەکە دابوون، وەک چۆن هانز لەپێش پۆلیس وتبووی:

(یەکێک لە نەفەرەکانی ناو ئۆتومبێلە کە لەلای من دابە زی و لە کەسێکی ناو (شینکر)ی پرسی، هێشتا من وەلامی ئەوەم نەدایەوە، کەوا لەو دەڤەرەی ئێمە کەسێک بەو ناوە نییە، پیاوە نەناسراوەکە دەمانچەیەکی بێدە نگی دە رهێناو بە رووی سینگی منی تە قاندەوە، خۆشبەختانە گوللەکان تەنیشتی پەنجەرەکەی گرت و کەمێ برینداری کردم).

شەڕە موخابەراتیەکانی نێوان ئیسرائیل و میسر گە یشتە قۆناخێکی خوێناوی، رۆژانە سەرۆک وەزیران بەبۆنەی کووشتنی یەکێکی تر پیرۆزبایی و دەستخۆشی گەرمی دەناردو لەگەڵ پیرۆزباییەکان زۆرتر پیاوە کانی هاندەدان، تا بکارن جە مال عبدالناسر پیشە سازییە مووشەکانی راگرێت، ئە گەرنا میسرییە کان قوربانی زۆردە دەن. بەرنامەی کووشتنی ئە ڵمانەکان پیشەسازییەکەی نە وەستاند، ئەڵمانەکان میسریان جێنە هێشت، زۆریش کوژران، زیانی گیانی زۆر کوشندەیان پێکەوت، بەلام بە رنامەکە نەوەستا، بۆیە سەرۆکی ئیسرائیلی هانی دە زگاکانی خۆی دەدا لەو بەرنامەیە بەردەوام بن، رانەوەستن، چونکە ئەگەر مووشەکەکان تەواو سازبوون کەس ناتوانی لە بەکارهێنان و هاویشتنیان رایانگرن، سەرۆک بە سەرۆکی مۆسادی وتبووی:

هێشتا کارەکانیان سازنەبوو، دەستیان لێ بە وەشێنن. بۆیە وا باشە ئیسرائیل بڕیاری ترو پەیرەوی بەرنامەیەکی تر بکات.

ئایسر هاریل سە رۆکی مۆساد پە یوەندی بە هاوڕێیەکی خۆی لە نەمساکردبوو، هەروەها پە یوەندی بە بەکرێگیراوێکی موساد بە ناوی (ئۆتوگو کلیک)کردبوو بۆ سازکردنی چالاکییەکی تر، کار بکات فشار لە سەر زانا ئە ڵمانەکان زۆرتر بکە ن، لەوانە پروفیسۆر (بۆل گۆرگ)ی گە ورە زاناکانی ئە ڵمان لە کارگەی 333ی جە نگی لە قاهیرە. بەپێ زانیارییە کانی مۆساد ئەو زانا ئە ڵمانە کیژێکی بەناوی (هایدی) هەیە، کیژەکە پارێزەرەو لەشاری فریبیرگی سەرسنووری سویسر ی کاردە کات، رۆژێکیان هایدی لە رێگای گە ڕانەوەی ماڵە وەی بوو، کە کلیکی بەکریگیراوی مۆساد لەو نزیک دەبێتەوە، چەند وشەیەکی هەڕەشەئامێزی بە گوێیەکانی دەچرپێنێت و دەڕوات، قسەکانی خۆی بەخێرایی دەکات، ئەو بەنەرمی بە کیژەکەی وتبوو:

(باوکی تۆ لە بەرنامەی مووشە کسازی میسری کاردە کات، موخابە راتی ئیسرائیلی ئەوانە زۆر چاک دە زانێت و سووریشە لەسەر لەباربردنی ئەو بە رنامەیە، ئامادەشە بەهەموو نرخێک ئە وە بکات، ناوە ستێت تا هە ڕەشەکانی جێبە جێ نە کات، ئامادە شە کارمەندان بە کووشتنیش بێت لە کارەکان راگرێت).

کە کیژەکە ئەو قسە توندە دەبیستێت، زۆر دە ترسێت و شۆک دە یگرێت، بۆ سەلامەتی باوکی گریانی دێت، بەلام پیاوەکەی مۆساد بە کیژەکەی وتبوو، باوکت دەتوانی ژیانی

خۆی بکرێتەوەو بژیت، ئەگەر ئەو فشاری دەست لەکارهەڵگرتن لەگەڵ باوکی بە کاربهێنێت، ئەگەرنا باوکت لە بەرنامەکەی رەشکردنەوەی ئیسرائیل کە سەرۆکی میسری پەیرەوی دەکات بەشداری دەکات، ئەوە خۆی دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی و کۆتاییەکەی ماتەمیندار دەبێت. بۆ جاری دووەم پیاوەکە پەیوەندی بە کیژەکە دەکاتەوەو پاش چەند رۆژێکی تر بە کیژەکە دەڵێتەوە:

(ئەگەر تۆ بەراستی باوکی خۆت خۆشدەوێت، وەرە هوتێلی (سێ پاشاکە) لە بازل لە سویسرا، من لەرۆژی شەممەی داهاتوو لە دووی مانگی مارس و لە سەعات چوار چاوەروانت دەبم، لەوێ ئەو کەسانەت نیشاندەدەم، کە کار بۆ راگرتنی باوکت لەو کارەدەکەن).

باوکی هایدی ژمارەی تەلەفۆنی برادەرێکی خۆی دابووە کیژەکەی، برادەرەکەی کۆنە ئەفسەری سوپای ئەڵمانی بوو، ماوەیەکیش لە بەرژەوەندی سوپای میسری کاریکردووە، ئەویش کە هەواڵی کیژی برادەرەکەی زانیبوو پەیوەندی بە پۆلیس کردبوو، هەردوو تۆڕی پۆلیسی ئەڵمانی و سویسری کەوتنەخۆ بۆ گرتنی ئەو تۆڕە کارکەرەی مۆساد کە بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل کارکەرن. پۆلیس کۆششی زۆری کردبوو، کە بکوژانی کووشتارەکانی ناو ئەڵمانیا بدۆزێتەوە، بەلام هیچی دەستنەدەکەوت، بەلام پاش ئەوەی لە مەسەلەی کیژەکە پۆلیس ئاگادارەدەکرێتەوە، پۆلیسی سەرسنوور توانی ئێتوگو کلیک بناسێت، هاوکاتیش پۆلیس بەوردی لە سنوورەکان چاودێری هەر کەسێکی دەرکرد کە بێنە ناو ولات، لەیەکی مارسی ساڵی 1963 لەناو ئیتالیاوە کەسێکی ئیسرائیل بەناوی نمایندە وەزارەتی خوێندنی باڵای ئیسرائیل گەیشتە ناو ئەڵمانیا، ئەوانیش بەوردی چاودێریان خستبووە سەر، تا میوانەکە کە ناوی (جوزیف بن گال)بوو، گەیشتە هوتێلی ناوبراو.

بۆ بەیانی هایدی لەکاتی دیارکراودا لەگەڵ برایەکی گچکەی و پیاوێکی ترکە بەناوی برادەر گەیشتە هوتێلەکە، لەولاشەوە پۆلیسی سویسریش هەموو کارێکی بۆ وەرگرتنی زانیاری لەو دانیشتنە چاوەروانکراوە کردبوو، لە ژێرمێزی دانیشتنەکەیان ئامێری تۆمارکردنیان چەسپاندبوو، چەندین کەسی نەناسراوی پۆلیسیش لەسەر مێزەکانی نزیک ئەوان دانیشتبوون و چاودێری قسەکانیان دەکرد، لەدەرەوە پیاوانی پۆلیس خۆیان سازکردبوو، پیاوەکەی مۆساد کە بەناوی کارمەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا گەیشتبووە شوێنەکە، ئەو دەست بە جانتاکەی سەفەری دەگاتە شوێنەکەو هەست و گومان بە هیچ ناکات، یەک سەعاتی تەواو لەگەڵ هایدی قسە دەکات، بەروونی بە کیژەکەی وتبوو:

(ئێمە وەک مۆساد بە درەندەترین شێوە مامەلە لەگەڵ زانا ئەڵمانەکانی ناو کارگەی 333ی ناو قاهیرە دەکەین، رەحم بەکەسیان ناکەین).

سەبارەت بە رەوشەکەی ئەو، ئەوان ئامادەن پلیتی بەخۆرایی بۆ ئامادەدەکەن، ئەگەر سەفەری میسر بکات و باوکی رازی بکات بگەڕێتەوەو واز لەو کارە بهێنێت، بەوەش ئەوە خۆی لە زەبرەکەی ئیسرائیل دەپارێزێت.

پیاوەکە رەزامەندی لە کیژەکە وەردەگرێت و وەعد دەدات بەباشی بیر لە مەسەلەکە بکاتەوە، پیاوەکە لەگەڵ یاوەرەکەی شوێنەکە جێدەهێلن، بەڵام پۆلیسی سویسری بە وردی سۆراخیان دەکات، ئەوان سواری ترێن دەبن و بەرەو زیورخ بەرێدەکەون.

پۆلیسی سویسری بڕیاری گرتنی لەسەر ئەو دەرکردبوو، لەنزیک ویستگەی ترێنەکە ئۆتۆگو کلیک گیرا، لە نزیک قونسلیەی ئیسرائیلیش جوزیفیان گرت، دوو هەفتە هەواڵی گرتنی ئەو دووکەسەیان بەنهێنی دەهێلنەوە، بەڵام زوو هەواڵەکەیان بە پۆلیسی ئەڵمانی راگەیاندبوو، ئەوانیش یەکسەر داوای کەسی دووەمیان کردبوو، چونکە ئەو هەڕەشەکەی لەسەر خاکی ئەڵمانیا لە هایدی کردبوو، ئەو دووکەسەش بە تومەتی کۆشش بۆ کووشتنی کلاینواتشر داواکراوبوون. گرتنی ئەو دووکەسە ئیسرائیلییە لە دەرەوەی وڵات بۆ مۆساد زەبرێکی زۆر کوشندەبوو، حکومەتی ئیسرائیلی بڕیاری کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بەستبوو، لەوێ وەزیری دەرەوەیان گۆلدا مائیر داوای کردبوو، ئیسرائیل هەڵمەتێکی نارەزایی لەسەر حکومەتی ئەڵمانی سازبکات، داواکاربوو ئەڵمانیا تەنگاوبکەن، چونکە رێگرە لەوەی ئیسرائیل دەیەوێت زانا ئەڵمانەکان ناچاربکەن واز لە بەرنامەسازییەکەی میسر بهێنن، کە مووشەکی نوێی بۆ میسرییەکان و دژ بە ئیسرائیل سازدەکەن.

داواکاربوون ئەڵمانیا پشتیوانی نازییەکان نەکات، کە بەردەوام بۆ بنبڕکردنی جوولەکە کاردەکەن، ئەوەش بۆ ئەوە بوو ئەڵمانیا لەجیاتی داوای دوو گیراوە بەکرێگیراوەکەی مۆساد لە سویسرا بکاتەوەو دادگایان بکات، خەریکی بەرگری دەبێت لەو تومەتەی دووچاری دەکرێتەوە. ئیسرائیل پێشنیاری کردبوو نوێنەرێکیان رەوانەی لای راوێژکاری ئەڵمانی (کۆنراد ئادیناور) بکەن، تا ئەو رازی بکەن، چیتر ئەڵمانەکان داوای دوو گیراوەکە نەکەنەوە، لەودەمانە سەرۆک بن گۆریون لەکاتی پشوودانی ئاسایی خۆی بوو، بۆیە سەرۆکی مۆساد بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە سەردانی سەرۆکی کردبوو، تا نوێنەرێکیان رەوانەی ئەڵمانیا بکات و لەگەڵ راوێژکارەکە دانوستان بکەن، بەڵام سەرۆک رازی نەبوو، ئەو دەیویست مەسەلەکە لەگەڵ ئەڵمانیا نەگاتە قەیران و ناخۆشیی، ئەگەر وابکەین دەست لەکاری یاسا وەردەدین، ئاشکراشە لەودەمانە ئەڵمانیا یارمەتیمان دەدات و جۆرەها چەکی نوێمان دەداتێ و پارەیەکی زۆر کەمیشمان لێ وەردەگرن، رەنگە ئەڵمانیاش نایەوێ سەرۆکی میسر لە خۆیان بتۆرێنن، بەوەش بەشێکی زۆر وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئەڵمانیا تەنگژەیان بۆ پەیدادەکەن.

بەو وەڵام و بۆچوونانە سەرۆکی ئیسرائیلی وەڵامی مۆساد داوەتەوەو نەیویست لەو کێشەو لەبارەی گرتنی ئەو دوو پیاوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەڵمانیا بشێوێنن. بن گۆریون لە مۆڵەتەکەی گەڕاوەتەوەو گلەیی لە مۆسادکردبوو، کە ویستبووی لەسەر گرتنی دوو پیاوەکەو بڵاوبوونەوەی هەواڵی مووشەکەکان تەنگژەیە لەگەڵ ئەڵمانیا دروست بکات، بۆیە سەرۆکی

مۆساد کە لەلای سەرۆک دەرچووە، یەکسەر دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی سەرۆک کردبوو، بە لام سە رۆک قبوولی نە کردبوو، چونکە ئەگەری ئە وە هەبوو، ئە وەیان کێشە کە ئاڵۆزتردەکات و ئە گەری رووخانی حکومە تەکەی لێ دە کەوتەوە، بەڵام سە رۆکی مۆساد راستی مەسەلەکەی بە میدیای ئیسرائیل راگەیاندبوو.

بن گۆریون بڕیاریدابوو مائیر ئامیت پۆستی هە ردوو موخابە راتەکە وەرگرێت، موخابەراتی سەربازی و مۆساد، لەودەمانەش کاری سەرەکی مۆساد تەنها چاودێریکردنی پرۆژەو بەرنامە مووشەکە میسرییەکان بوو، دەبووایە لەناو میسر جاسووسێک بدۆزنەوە، زانیاریان لەسەر هەموو گۆشەیەکی میسریان بۆ کۆبکاتەوە، وەک بوونی پروپاگەندەو رەوشی ئابووری خەڵکەکەو کێشەکانی حو کمرانی سە رۆک جە مال. لۆتز یان ئە سپەکە بەردەوام بە بێتەڵەکەی راپۆرتی رەوانەدەکرد، ئامێرەکەی لە شوێنێکی لاچەپی شاراوەی گەرماوەکەی دانابوو، کە هەلەی تەمەنی کرد هە موو بە رنامەو کارە کانی تێچوو، پاش 4 ساڵ لە کارە شاراوەکانی، رۆژێکیان لە 22ی مانگی فبرایری ساڵی 1965 لەگەڵ ژنە کەی لە مرسی مطرح دە گەڕایەوە، بینی پیاوانی موخابەرات لە پێش دە روازەی ماڵە کەی چاوە روانی دە کەن، لە ناو شوقە کەی خۆی قۆڵبە ستیان کرد، پاش ئە وەی بە وردی پرۆژە کەی جە مال عبدالناسری گە یاندبووە ئیسرائیل، کە لەبەر رۆشناییەکانی راپۆرتە کانی ئە و، ئیسرائیل لە 5ی یونێوی ساڵی 1967 هەموو پرۆژە کەی خاپوور کرد.

لۆتز لە 27ی یولیۆی ساڵی 1965 درایە دادگاو بە زیندانی هە تاهەتایێ حکومدراو ژنەکەشی بە زیندانی سێ ساڵ حکومدرابوو، کە دیلەکانیش لە نێوان ئە و دوو وڵاتە دەگۆڕدرانەوە، یە کەم کە س ئیسرائیل داوای ئە سپەکەی دە کرد. پاش لێدانە کوشندەکە، ئیسرائیلیەکان گەیشتنە ئەو رایەی کە سەرۆکی حکومەت راستی دەکرد، بەگورزێکی سەربازی پرۆژەکەی میسر لەباردەچیت، پاش لێدانەکە میسر لەزۆر لایەن نیو سەدە گەڕایەوە پاشەوە.

لەرۆژنامەی (الجريدة)ی کویتی رۆژی 04092008 بڵاوکراوەتەوە.

نیلی النحاس.. نێچیرە ئاسانەکە

نبیل النحاس.. نێچیرە ئاسانەکە

ئەو جاسووسە بەوە دەناسرا کەوا ئەو ماوەیەکی زۆر کاریکردووە و چاوانی ئاسایش هەستیان پێنەکردووە، گیرانەکەی ئەو مۆسادی بەتوندی هەژاند، بەگیرانی ئەو چەند تۆڕی تری بەکرێگیراوانی مۆساد لەناو میسر دۆزرانەوەو گیران، ئەو لەوماوەیەی کاریکردووە زانیارییەکانی بە لێشاو دەناردو زۆر نهێنی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی دەگەیاندە ئیسرائیل، نبیل النحاس توانیبووی بەهرەو داهێنانێکی زۆر پەیدابکات، لە کارو بەرنامەکانی جاسووسیەت و کۆکردنەوەی زانیاری و پەیداکردنی کەسانی نوێی لێهاتوو و پسپۆر، کارو پیشەکە لەلای ئەو ببووە وەستایەتی و مامۆستایەتی، لەئەزموونەکەی ئەو کەسانێکی زۆر فێری هونەری خۆشاردنەوەو سەرلێشێواندن بوون، لە و پیاوە هونەری دۆزینەوەو پەیداکردنی زانیاری گەشەیکرد، بۆیە لەدەزگاکانی برواپێکردنەوە بڕوای زۆری بەدەستهێنابوو.

ئەوەی زانراوە هەموو کەسێک خاڵێکی لاواز لەناو کەسایەتی و وجودیدا هەیە، دەتوانرێت لەو خاڵە لاوازەو لەو بۆشاییەوە بەئاسانی بۆی بچیتە ژوورەوەو کەسەکە کۆنترۆل بکەیت، پیاوانی مۆساد زۆر کاریان لەسەر ئەو بنچینەیە کردووە، بە شێوازێکی بەرفراوانیش پراکتیزەیان کردووە بۆ پەیداکردنی کەسانی بەکرێگیراو، ئەوەی شەیدای پارەوسامان بووە، پارەی زۆریان بۆ لە بەردەست داناوە، ئەوەی خەریکی مێبازی و سێکس بووە ، ژنی نازداریان ناردووتە لای، ئەوەی لە وڵاتەکەی هەراسان و بێزاربووە، دەربازیانکردووە، تا بردوویانەتەوە بەر پەتی سێدارەو بە کووشتنیانداوە. هەندێ جاریش کەسە بەکرێگیراوەکە شارەزانەبووەو نەیزانیوە کەوا کاروانەکە سەختەو سەری تێدا دەچێت، کە کەوتووتە ناو تۆڕەکە دەرچوونی زەحمەت بووە، بۆیە ملی شۆڕکردووە و بە ناچاری تاکۆتایی لە گەڵیدا ماوەتەوە، لە چیرۆکی پەیداکردنی جاسووسەکان زۆریان بەیەک دەچن، بەرنامەی پەیداکردنیان هاوشێوەیە، ئەگەر ناوو شوێن و جێگەشیان جیاوازبێت، ئەگەرنا شتەکان لەیەک زۆر نزیکن.

لەو بەشەدا باس لە جاسووسێک دەکەین کە ناوی (نبیل النحاس)بوو، ئەو شەیداو عەبدی ئارەزووەکانی خۆی بوو، تا لەناویاندا خنکا، ئەو بەئاسانی کرا بە جاسووس، ماڵبەتەکەی لە شارۆچکەی حاصبیای خوارووی لوبنانی سەر رووباری حاصبیانی هاتبوونە کفر شیمای ناوچەی الشویفاتی خوارووی بەیروت، لەوێشەوە بەرەو وڵاتی میسر کۆچیان کردووە ، باوکی لە السویس گیرساوەتەوەو لە میسر ژنی هێناوەو لە ساڵی 1936 ئەو کوڕیان بووە.

****

گەشتێک بەرەو وڵاتی مەغریب

نبیل شێوەو ئاکاری دایکە میسرییەکەو باوکە شامییەکەی پێوەبوو، لەمناڵییەوە دیاربوو کەوا کەسێکی زیرەکەو لەناو هاوتەمەنەکانییدا بەوە دەناسرا، هەموولایەک دوارۆژی پرشنگدارو سەرکەوتنی زۆریان بۆ ئە و دانابوو، لە زانکۆی قاهیرە کۆلیژی بازرگانی تە واودەکات، بۆ سەرکەوتن و پێگە یشتنەکانی ئە و زۆر چاوە روان ناکات، زوو دە گاتە مەبەستەکانی، دە گاتە پۆستی سکرتێری رێکخراوی میللە تانی ئە فرۆئەسیویی، کە نووسەر (یوسف السباعي) سەرۆکایەتی دە کرد، ئە و لە سەر تایپە کەی ناواخنی دانیشتن و کۆبوونە وەکانی دە نووسیەوە، لەوشوێنەو بە پێی پێگە کەی خە ڵکی زۆری ناسیووە و پە یوەندییەکانی فراوان بووە ، بە و شێوە یە کەسایەتیەکی مە عقولی بۆ بە رجەستە دەبێت، پاش ماوە یەک مووچە ی مانگانە ی دە گاتە نزیکەی سەد جنیە، کە ئەو مووچەیە لەودەمانە، واتە لەساڵی 1959 پارەیەکی زۆربوو، بۆیەش لەبەر شوێنەکەو پێگەکەشی زۆر پۆشتەبووە، جلی چاک و دەگمەنی لەبەرکردووە.

ئەو لە پەیوەندییەکانی بە رەگەزی مێینە ش دۆستایە تی زۆری هە بووە، تا دە گاتە دۆستایەتیەکی دڵسۆزانە لەگەڵ کیژێکی ئە فریقی بە ناوی (جونایدا رۆنی) لە کوناکری وڵاتی غینیا، ئەو کیژە پەیامنێری زۆر لە رۆژنامە ئەفریقیەکان و جیهانیە کان بوو. ئەوەندەی دیاری زۆری بۆ کیژەکە دەکڕی کەوتە بن قەرزو تووشی قەیرانی ئابووری هات، بۆیە لەبەر قەرزەکانی دەبووایە مۆڵەت لەو رێکخراوە وەرگرێت و لە شوێنێکیترو بەپارەیەکی باشتر کارێک بدۆزێتە وە، بەمووچەیەکی زۆر وەک پەیامنێر لە ئاژانسێکی جیهانی گەورە دادەمەزرێت. یەکەم فەرمان کە پێیرادەسپیرن سەردانی بیابانی مەغریب بکات، داوای لێدەکەن، بەربەرەکانیە نهێنییەکانی نێوان مەملەکەتی مە غریبی و مۆریتانیایان بۆ بگوازێتە وە، کە ناکۆکیان لە سەر ناوچە کانی نێوانیاندا هەیە. ئەو بەو ئەرکە زۆر دڵشادبوو، ئەو کارە نوێیەی زۆر پێ خۆش بوو، لە وێ دەکرێ کیژە دۆستەکەشی جونایدا بدۆزێتەوە، کە ئەو زووترو پێش ئەوەی گەڕاوەتەوە کوناکری، نبیل بەپەلە بەرەو کازابلانکا (دار البیضاء) دەفڕێت، هیوای زۆر بوو لەو گیانبازییەدا خەونی جوان بۆ دوارۆژ ببینێت.

****

نبیل لە یەکێک لە هوتێلەکانی ئە و شارە ، پیاوێکی جوولە کەی مە غریبی دە ناسێت، داوای لێدە کات ئاسانکاری بۆ بکات تا بگ اتە ناو جە رگەی بە ربەرەکانیەکانی ناو بیابانە کەی خوارووی مە غریب، لێیدە پرسێت چۆن دۆڵی (درعة) ببڕێت و بگاتە سەرسنوور، ئە ویش یارمەتی دە دات و پێناسە یەکی باشی دە کات، بە و رێکەوتە جوانە نبیل زۆر سە رفرازدەبێت، زۆرتریش دڵشاددەبێت کە پیاوەکە لە ماڵەوەش خوانێکی باشی بۆ دە رازێنێتەوەو دەعوەتێکی مەردانەی باشی دە کات. لەناو گوڵ و گوڵزاری ماڵە جوولەکەکە، گوڵێکی جوان دە بینێت، کیژە

جوولەکەیەک دە بینێت شێت و شە یدای دە کات، هە ستدەکات ئەو هە رگیز نازداری وای لە ژیانیدا نە دیوە، لە بەر شۆخی ئە و کیژە کارو فە رمانەکەی خۆشی لە بیردەچێت، بە راستی دەکەوێتە ناو تۆڕی ئەو نازدارە، دەبێتە خزمەتکارێکی گوێرایەل، ئەو لەبن دەست و پێی ئە و کیژەی کە دۆستە ئەفریقییەکەی جونایدا لە قاهیرەوە بۆی چاندبوو دەبێتە خاکوخۆڵ، ئەو کە پارەی گیرفانی تە واودەبێت، بە دڵی خە مگینەوە لەو وڵاتە بێگانەیەدا دە سووڕێتەوە، هیوای دەخواست پارە یەکی زۆری هە بووایەو هە مووی لە دۆستەکەی سە رفکردبووایە، نە دەویست (ملیکە)ی دۆستە جوولەکەی جێبهێڵێت، بۆیە ش دۆستە کەی دڵی دەداتەوەو داوای لێدە کات پشووی درێژبێت، هێشتا بواریان لە پێشدا ماوە، رۆژو ساتە خۆشەکان زۆرترن لە دەمە ناخۆش و تەنگەکان.

دۆستە جوولەکەکە داوا لە النحاس دە کات بە یەکەوە سەفەری پاریس بکە ن، لەوێ دەتوانن کاربکەن و دەوڵەمەندیش بن، بهاری کارو پارەپەیداکردن زۆرە، ئەویش بێبیرکردنەوەو بێ دوودڵی رازی دە بێت بچێتە پایتەختی رووناکی و جوانی، بچێتە نەواو هەواری جاسووس و خیانەتەکان، لەوێ توندو بە هێزەوە دەکەوێتە ناو تۆڕەکەو بواری دە ربازبوونی نامینێت، ناکرێ دەستی لەو کیژە بەربیت، کە باش تەسلیمی کیژەکە دەبێت، کە کیژەکەش دەزانی پیاوەکە بێ ئەو ناژیت و بە توندی ئەو بەو گرێدراوە، بەئاشکراو بەرروونی بە نبیل دەڵێت، من جووله کەم، من پابە ندو دڵسۆزی ئیسرائیلم، نبیل لە وەوە تێگەیشت ئەو کیژە جوولەکەیەکی مەغریبییەو زمانەکەی عە رەبی فە رەنسییە، بەڵام وێنەو دیمە نەکە بەشێواویی دە بینی، سە رەرای ئە وانەش ئەو لەگەڵ ئەودا مایەوە، بڕیاریدا بەیەکەوە لە پاریس بژین. ئەو لەوێ خەڵکێکی زۆر دەناسێت، رەنگە کاریش بدۆزێتەوە. کە پێکەوە مانەوە زۆریان قسەکرد، کیژەکە پرسیاری زۆری لە سەر رێکخراوی ئە فرۆئەسیوییەکە هەبوو، لە کەسەکایەتیو ناوە دیارییەکانی ناو رێکخراوە کەی دەپرسی، بەتایبەتی ئەوانەی لەناو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا سەنگیان هەبوو، پرسیاری دەکرد، تۆ پەیوەندییەکانت لەگەڵ گەورە بەرپرسە میسرییەکان چۆنە، چەندیان دەناسی، چۆنیان دە ناسی، ئەو قسانە و هە موو دیمانە کان تۆمارده کران، وێنە یان دە گیرا، وە ک چۆن پاشان لە گەڵ مۆسادیش هەموو هەڵسوکەوتەکانی وێنەی دەگیرا.

ئەفسەرێک بەناوی (باسکینر) لەلایەن مۆسادەوە بۆ دەراسەتی رەوش و کەسایەتی و هەڵسوکەوتی نبیل تە رخانکرابوو، هە موولایەنەکانی ئە وی سۆراخکرد تا ئە ودەمانەی کە کیژەکەی ناسیووە. کیژەکە نبیلی بە پیاوێکی خاوەنکاری دەوڵەمەندی ئوسترالی دەناسێنێت، کە کۆمپانیایەکی گەورەی باری ئاسمانی بۆ هە موو کیشوەرەکان هەبوو، موژدەی کارکردن لەگەڵ ئەو پیاوە زۆر بە خۆشحالییەوە وەردەگرێت، چونکە ئەو دەبێ کارێک بکات و پارە ی زۆریشی دەوێت، ئەو دە یەوێ کاربکات لە گەڵ کێ بێت گرینگ نییە لەگەڵ جوولەکەیەک بێت، یان لەگەڵ هندۆسێکیش بێت، لای ئەو گرینگ نەبوو. ئەفسەرەکە لەوە تێگەیشت کەوا ئەو گەنجە میسرییە پارەو ملیکەی دۆستی مە بەستە، بۆیە بڕیاریدا دۆسیەی ئەو بخاتە ئەستۆی خۆی، تا دەیکاتە بەکرێگیراوێکی شیاوی مۆسادو هە موو مە رجەکانی جاسووسیە ی تێدا بە رجەستە

دەکات. ئەفسەرەکە لە ناسنامەکەی دەکۆڵێتەوە، لە هەڵوێستی ئەو بەرامبەر ئیسرائیل تێدەگات، باسی لەگەڵ دەکات ستراتیژی عەرەب بەرامبەر ئیسرائیل چییە، مۆساد چۆن کاردەکات و ئەو چۆن پێناسەی کارەکانیان دەکات، ئەوان چەند پارە دەدەنە کەسە بەکرێگیراوەکانیان، چۆن دەیانپارێزن، ئەگەر لە ولاتانی عەرەبی کارەکانیان ئاشکرابوو، مۆساد چییان بۆ دەکات، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ تێیدەگەێنێت کەوا ئەوان فیلم و دەنگی تۆماری ئەویان لەلایە، رەنگە ئەوانەش بۆ کەسانی عەرەب لە ولاتەکانیان ببێتە جێگەی هەڕەشەی کوشتن و گیران، دیارە کەوا مەترسی موخابەراتی ولاتە عەرەبییەکان لەسەر هاوولاتیەکانیان چەندە. !

نبیل زوو لە مەرام و قسەکانی باسکینری ئەفسەری مۆساد تێگەیشتبوو، ئەوەندە دەبەنگ نەبوو، تا نەزانێت، ئەو چی دەوێت و مەبەستی چییە. بەکورتی ئەو وتبووی:

(من کەسێکم هاوسۆزییم لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، من مێژووی جوولەکە دەزانم، بۆیە هاوسۆزیان دەکەم).

بە دانیشتن و بەقسەکانی نبیل رێگا دوورەکەی بۆ ئەفسەرەکە کورتکردەوە، یەکەمین هەنگاوی بەرەو خیانەت دەستپیکرد. ئەفسەرەکە کوڕەکە لەگەڵ کیژە جوولەکە دەهێڵێتەوە، دەبووایە لە قۆناخی یەکەمی مەشق و راهێنانەکە ئەو وا بژیت، کیژەکەو پارە زۆرەکەی گیرفانی مەستیکردو عروبە و نەتەوەکەی لەبیر بردەوە، شەوانە کیژەکە خۆشی و مەستی دەدایێ و رۆژانەش باسکینرو هاوڕێیەکانی مەشق و وانەکانی جاسووسیان پێشکەشدەکرد.

یەکەم دەرسیان فێرکرد چۆن بتوانێت بچێتە ناو بابەتە هەستیارەکان، باسکردنی لایەنە قەدەغەکان، نهێنییەکانی دەولەت و سوود وەرگرتن لە کۆبوونەوە گشتیەکان، لەئاهەنگەکان چۆن سوودوەرگرێت، کەی و چۆن ئیستغلالی شوێنە رەسمیەکان بکات، دەکرێ کۆپی کۆنووسەکانی رێکخراوی ئەفروئەسیوییەکان پەیدابکات. فێری ئەوەیانکرد کەوا چۆن نووسراوێکی بەرەواژ بخوێنێتەوە، نووسراوێکی بە ردەستی بە رپرسێک بخوێنێتەوە، چەند وێنەو ئەدرێس و زانیارییەکان زوو وەرگرێت و زووش بەبیری بێتەوەو پاشان بیانووسێتەوەو تۆماریان بکات، لەسەرە رێگاکان هەست بە دامەزراوە سەربازییەکان و پێگەکانی پشکنین بکات، بۆ نمونە لە نێوان رێگاکانی نێوان قاهیرەو السویس و سازکردنی راپۆرتێک لەسەر ئەو دیمەنانە، فێریانکرد ئەو راپۆرتانە چۆن بە حبری نهێنی بنووسێتەوەو رەوانەی ئەدرێسێکی تایبەتی ناو پاریسیان بکات، راپۆرتەکانی پێشهات لە رۆماو قوبرس و بروکسل و ئەسیناو رۆما بگەیێنێتە تەلئەبیب.

****

تەخریب

ئەو لەناوەندی ساڵی 1960 دەستی بەکاری جاسووسی کردبوو، ئەو گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی خۆی لە ڕێکخراوەکە، لە پەنای ڕێکخراوەکەی خۆی چاک دە شاریتەوە، لەوێ کەس گومانی لێ نەدەکرد، لەو شوێنە دەیتوانی راپۆرتی زۆر بگەێنێتە تەلئەبیب، پارەکەشی بەچەندین شێوەو پێناو لە قاهیرە وەردەگرت. پاش دوو ساڵ بۆ کارێکی زۆر بە پەلەو پێویست بانگی پاریسی دە کەن، لە وێ باسکینر چاوە روانی دە کرد، ئە فسەرێکی تایبە ت کۆرسی راهێنان و مەشقێکی چڕی لەسەر دروستکردنی پروپاگەندەو هەڵبەستنی درۆو گەیاندنی هەواڵی نادروست و ئاژاوەنانەوە لەناو میسر بۆ سازکرد، دەرسی ئەوەیان فێرکرد چۆن شەڕی نەفسی و سایکلۆژی دروست بکات، فێریان کرد، چۆن خە ڵک فێر بکات هە موو لە ئیسرائیل بترسێن، بزانن کە وا سوپاکەی بەهێزەو شکاندنی زەحمەتە.!

بە تێپەڕبوونی چەند ساڵێک نبیل بووە یەکێک لە جاسووسە زیندوو و چالاکەکانی ناو میسر، دۆستە مەغرییەکەی هە ر لە بیرنەما، بە پارە زۆرەکەی کە ئەو ڕێگای بۆ دانا دۆستی زۆری گرت، ژنی زۆری ناسی . لەدرێژەی بە رنامەکانی مە شق و راهێنانە کانییدا فێربوو چۆن کاری تە قینەوەکان بکات، چۆن دە ستی بچێتە کووشتنی کە سانی بێتاوان و چۆن نامە ی تەقینەوەکان دابنێتە وە، دە ستی پە یداکرد لە ترساندنی زانا ئە ڵمانەکانی ناو میسر تا وڵاتە کە جێبهێڵن و لە میسر دوورکە ونەوە، هاوشانی ئە سپەکە وولف گانگ لوتز هاوکاری ترساندنی ئەڵمانەکان کاریکردووە، بەگیرانی ئەویش نبیل لەکارەکانی نەوەستا، بووە کەسی یەکەمی پیاوانی مۆساد لەهەموو ناوچە کە، ئە و پێش نسکۆکە ی ساڵی 1967 نهێنی زۆری سە ربازی گەیاندە ئیسرائیل، رۆڵی هەبوو لە شکانی عەرەب لە شەڕەکانی ناوچەکە.

لە ساڵی 1968 میسر لە بەرامبەر ئازادکردنی چە ند دیلی شە رەکان لوتزی ئازاد دەکەن، بەوەش نبیل هە ست بەشکۆو گەورەیی دەکات، کەوا پشتیوانی هە یەو لە کاتی پێویست بەهانای دەگەن.

نبیل بڕوای بەوەکرد ئەگەر بشگیرێت دوارۆژی دابینکراوە، بێگومان ئیسرائیل زوو بە یەکێکی ناو زیندانە کان دەگۆڕنەوەو هە تا لە ژیاندا ماوە لەناو ڤیلایە کی خۆش دە ژیت، پارەی زۆری دەبێت، شاهانە ژین بەڕێدەکات، بۆیەش لە هیچ نەدەگەڕاوەو دەستی دەبردە ناو شوێنە ترسناکەکانیش، ئەو زۆر خەونی بەسەردانی ئیسرائیل دەبینی، ئازادانە لە شارەکانی بسووڕێتەوە هەناسەی پاک هەڵمژێت، بۆیەش بەرنامەیەکی باشی سەردانی ئیسرائیلیان بۆ چەند هەفتەیەک بۆ دانا، ئە و ماوە یەی کە ئەو لە ئەسینا مایە وە، هە موو کارە کانی سە فەرەکەیان بۆ سازکرد، لەناکاو لە ناو هوتێلی بوزایدون دە رچوو، لە فڕۆکەخانە پیاوێکی چاویلکە رەش لە چاو بە پێشی کەوت و بەپاسپۆرتێکی ئیسرائیلییەوە بەناوی (شاوول باریف) سواری کردو بێدەنگ سەرکەوت، بەفڕۆکەیە کی کۆمپانیای العال گە یشتە فڕۆکەخانەی بن گۆریون، لە وێش ئۆتومبێلێکی جۆری لیموزینی رە شی بە پەردە چاوەروانی دە کرد، لە هەوارێکی نازدار چە ند ئە فسەری ئیسرائیل

بەگەرمی پێشوازییانکرد . لەنووسینگەی سە رۆکی مۆساد (زیفی زامیر) کە تازە کارەکەی وەرگرتبوو، لەبەرامبەر خۆی داینا، لەوێ ئەو پێیووت داوا بکە چیت دەوێت، ئەو داوای دیمانەی گۆلدا مئیری کردبوو، ئەویش بەپێشوازی 25 ئەفسەرەوە پێشوازی لە نبیل کردبوو، گۆلدا ئامیر بەگەرمی لە باوەشی دەگرێت و بەخۆشی و بەشانازییەوە پێیووتبوو:

زۆر بەخێر بێت بۆ وڵاتەکەت ئیسرائیل.!

پاش پێشوازییە گەرمەکە، مائیر فەرمان دەدات، هەرچی نبیل دەخوازێت بۆی دابین بکەن، ئە گەر موستحلیشی ویست بۆی ئاسان بکە ن، لە وێ پێیدە ڵێن زۆر سوپاس بۆ ئە و دیارییەی پێشکەشی ئیسرائیلت کردووە، ئەویش وەڵامی دەداتەوە:

(من هەرگیز خەونم بەوە نەدەبینی، لەوەی کە ئێستەمن تێدام، من هە ستدەکەم لەناو کەسوکاری خۆمم، ئەو هەست و شعورمە خاتوونەکەم.!).

بۆیەش سەرۆک وەزیران فەرماندەدات لە نووسینگەکەی خۆیدا 25 هەزار دۆلاری پێببەخشن، بێجگە لەو پارەی مۆساد بۆی داناوە.

کە دەچێتە ڤیلا تایبە تییەکەی کە بۆیان دانابوو، لە وێ ملیکە ی کۆنە دۆستی دەدۆزێتەوە، ئەوەی جاری یە کەم دەستەمۆی کردبوو، لەوێ بەنازەوە پێیدەڵێت زۆر سوپاس بۆ ئەو خزمەتەی بە ئیسرائیلت گەیاند، دەستت خۆش، تەنها بۆ ئەوەش هاتبووم تا سوپاسگوزارت بکەم. کە لە فڕۆکەخانەی ئەسیناش بە ڕێکرابوو، کۆنە ئەفسەرەکەی پاریسیش بۆ هە مان مەبەست ئامادەببوو. نبیل لەو سەفەرەدا 16 رۆژ لە ناو ئیسرائیل و لە جوانیەکانی ئەو وڵاتە ژیا، وە ک میوانێکی قە درگران راگیرا، بە هەزارەها دۆلارەوە گەیشتەوە ئەسینا، بەوەش زۆرتر لەسەر کارە جاسووسیەکەی گەرمتربوو، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییش بەجۆشترو لێهاتووتربوو.

****

کۆتایی

نبیل لەهەموو کەناڵەکان کەوتە کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر پرۆژە چەکسازییەکانی میسر، لیستی ئە و چە کانەی دۆزیە وە، کە میسر لە یەکێتی سۆڤیە تی وە رگرتووە، وڵاتانی ئەوروپای خۆرهە ڵات چە ندیان چە کیان داوە تەوە میسر، هە موو ئە وانەی دە کردە راپۆرت و رەوانەی ئیسرائیلی دە کرد، زۆربە ی ئە و زانیارییانە ی بە کێژە سۆزانیەکان پە یدا دە کرد، کە رەوانەی لای گەورە ئەفسەرانی سوپای میسری دەکردن، ئەوانیش لە حاڵەتە وەنەوەشییەکان و مەستبوونیان بەهەرزانی ئەو زانیاریانە ترسناکانەیان بۆیان هەڵدەڕشت.

پەیوەندی ئەو بەمۆسادەوە بەهۆی بۆکسی پۆستێک بوو لە جنێف، لەوێش دەگەیشتە نووسینگەی مۆساد لە و شارە. ئەو رۆژێکیان نا مەیەکی شوفرە داری لە مۆساد پێگەیشت تێدا

داواکاربوون نبیل النحاس زانیاری زۆرو وردیان لە سەر جوولە و چالاکییە کانی بە نداوی ئەسکەندریە بۆ پەیدا بکەن، یەکسەر دەگاتە ئەو بەنداوەو پەیوەندی بە هاوڕێیەکی دەکات کە لە بواری دەریاوانی کارو چالاکی هە بوو، بۆ کۆکردنە وەی ئە و زانیاریانەی کە مۆساد بە پەلە داوایکردوون، بە وەرگرتنی زانیارییەکان پارەیەکی زۆری داوەتە بە هاوڕێیە ئەسکەندەرانییەکەی، ئەو زۆر پەرۆشی زۆرترین زانیاری بوو، بیانوی داواکەی ئەوەبوو، گوایە ئەو زانیاریانە تایبەتە بە دەزگایەکی راگەیاندن و وەکالەتێکی ئاژانسی هەواڵەکان، بەلام هاوڕێیەکەی ناو بە نداوەکە کە پەرۆشییەکانی ئەو بۆ ئەو زانیاریانە دەبینێت گومانی خیانەت لە هاوڕێیەکەی دەکات، بۆیە زوو موخابەراتی میسری بە وە ئاگاداردەکاتەوە، ئە وانیش لە لایەن خۆیانە وە سۆراخی نبیل دە کەن، بەوردی لە مەسەلە ترسناکەکە دەکۆڵنەوە.

پاش سە رکەوتنی سوپای میسری لە مانگی ئوکتۆبە ر، ئیسرائیل نیگە ران دە بێت، ئەفسەرێکی پلەداری مۆساد لە ڕۆما نبیل دە بینێت، بەتووڕەییەوە گلەیی ئەوەی لێدەکات کەوا ئەو بۆ پەیداکردنی زانیارییەکانی پێش شەڕەکە کەمتەرخەم بووە، ئەویش فاکتەرێکی شکانەکان بووە، بۆیە ئەگەر هە ست بکە ین تۆ لە چالاکییەکانت لاوازو ساردیت ناچارین دە ستبەردارت بین، بەوەیان نبیل زۆر شپرزە دەبێت، بۆیە هەنگاوی لە 14ی نۆڤمبەری ساڵی 1973 بەپەلە دەگەڕێتەوە میسرو بە رنامەشی ئە وەیە بەزۆرترین چالاکی و زانیاری زۆر ترسناک قە رەبووی ڕۆژانەی رابردووی بکاتە وە، بڕیاردە دات کۆششە کانی چڕترو زۆرتربکات، بۆیە شێتانە دەکەویتەخۆ و پرسیاری زۆرتر دەکرد، زۆرتر دەچێتە گۆشە ترسناکان، لەودەمانەش موخابەراتی میسری وەک سێبەرەکەی بەدواوەی بوون، دەیانویست بەبەڵگەوە بیگرن.

لە 24ی نۆڤمبە ری ساڵی 1973 دە ڕۆژ بوو لە سەفەرەکەی گە ڕابووە میسر، موخابەرات میسری هە ڵیانکووتاوەتە سەر شوقەکەی لە قاهیرەو بە هەموو کە رەستەکانی جاسووسیەتەوە دەستگیریان کردبوو، بۆیە نەکرا ئە و هیچ ئینکارێک بکات زوو و یە کسەر تەسلیم دە بێت و دان بە خیانەتەکەی دادە نێت، لە بەردەم لێکۆڵینە وەکاندا دە ست دە کات بە گریان، ژمارەی لاپەرەی دانپێدانە کانی زۆر گەورەدەبێت و سە دان لاپەرەی بۆ رە ش دە کەنەوە، ئەو پاش 13 ساڵ لە کاری جاسووسی وا بە خێرایی و بە ئاسانی دە گیرێت، تاوانبارەکە رادەستی دادگای سەربازی دە کرێت، ئەو لەو دەمانەوە چاوەڕوانی دەکرد لە ناکاو مۆساد بە دیلێکی لای خۆیان بیگۆڕنەوە، بەڵام کاروانەکەی بەرەو پەتی سێدارەی بردو ئیسرائیل ئەو خائینەی بەکەس نەگۆڕییەوە.

لە رۆژنامەی (الجريدة)ی کوێتی رۆژی 11 09 2008 بڵاوکراوەتەوە.

وەرگێڕ لەچەند دێڕێکدا:

له 1955 له شاری دێرینی (هەولێر) لەدایکبووم.
ئامۆژگای تەکنەلۆژیای بەغدام تەواوکردووە.
تا لە وڵات دەرچووم فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووم.
لە ساڵی 1998 ەوە لە وڵاتی سوید دەژیم.

چاپکراوەکانم ...

له یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی (هەولێر)م بەقەبارەی 365 لاپەڕە ئامادەو چاپکرد.
هەر لە شارەوانیدا لەساڵی 1994دا، 12 ژمارەی رۆژنامەی(هەولێر)م دەرکرد.
کەلاوە... 1991 ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەشتەری هەولێر.
دیوەخانی فلێن... رۆژانەو ریپۆرتاژە، له 1999 لەرۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی زەحمەتکێشان لە دە ئەڵقەی دریژ بڵاوکرایەوە.
هەولێر... تا دبلن...... 2000 ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.
بەغدا.... بۆ هەولێر!..... 2000 ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.
مەملەکەتی فارگۆنەکان.....2001 ریپۆرتاژو بیرەوەری، سلێمانی.
کاکە، ئەبو ئیسماعیل... 2001 ، بیرەوەری سلێمانی.
بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو 2001 رۆمانی گابریل مارکیز، لە ژمارە 25ی گۆڤاری (ئایندە)ی دەزگای سەردەم بڵاوکرایەوە، دوایی وەک نامیلکەش بڵاوکرایەوە.
دە رۆژەکەی هەولێرم، (11) وتارو ریپۆرتاژبوو لە گۆڤاری (گوڵان)ی هەولێرو رۆژنامەی (کورد) لە ئوستراليا بڵاوکرایەوە.
رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. هەولێر لەدەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.
سارد یان گەرم، (12) ریپۆرتاژبوو، لە رۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی لە یولیو 200ی ینایری 2002 بڵاوکرایەوەو وەک نامیلکەش لە کەرکووک بڵاوکرایەوە.
فارگۆنەکان، ریپۆرتاژو بیرەوەرییە لەدەزگای بەدرخان لە هەولێر2005 بڵاوکرایەوە.
مەملەکەتی کەلاوە، وتارو پێناسە ی بیناسازی کوردییە وەک نامیلکە لە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.
کۆریا پێناسەو مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە هەولێر 2007 بڵاوکرایەوە.
هولۆکۆست... کتێبێکە لەسەر قڕکردنی جوولەکە لە ئەوروپا، وەرگێڕان، سەنتەری نما هەولێر 2007.
دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ... ئامادەکردن، هەولێر دەزگای ئاراس 2008.
مارتن لۆسەر وەرگێڕان و ئامادە کردن، بەشێکە لەکتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر 2008.
بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراک، روایال، سارکۆزی..وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2008.
سێکس و پۆلیتیک، دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ...وەرگێڕان، دەزگای سەردەم 2008
تەها حوسین، نابینایەکی بینا، وەرگێڕان و ئامادەکردن.. دۆسیەیەک لە گۆڤاری نما 2008
955 دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە دەزگای نما 2008
دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە....وەرگێڕان، دەزگای ئاراس 2008
مەجبوور، بیرەوەری... بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی2008

من رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم! وەرگێڕان... خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2009
ئامادەی چاپە :

هەتان... چەند وتارێکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە ساڵی 1988 ەوە ئامادەیە.
دیدار، چەند دیمانەیەکە لەگەڵ نووسەرانی گەورەی جیهان، ئامادەکردنی سوید 2001_2007
ترێنە خێراکەی خۆرهەڵات، لە ڤییەناوە بۆ ئیستنبۆل ....وەرگێڕان، سوید 2007.
کاکە ئەبو خەلیل ... بیرەوەری .. سوید 2008
دوو شاری شاعیرێک، دوو باسە لەسەر محمود دەروێش وەرگێڕان 2008
بەهەشتی زیندان... وتارو ریپۆرتاژە لە 1996ەوەو بەبەردەوامی دەنووسم، ئێستاش گۆشەی (بریڤ) لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەڕەکانا لەوڵات و دەرەوەی وڵات بڵاودەکەمەوە.